محمدی مەلاکریم

# بەتەمای دەمەتەقێیەکی دۆستانەو دیموکراتی بووم، بووم بە „کاکەحەمەی کورد„!

خستنه سەر نێت:- چالاک
chalakmuhamad@gmail.com

وەڵامی ( وتارێکی بێناونیشان )ی دوکتۆر کەمال مەزهەرە
لـە پێنـــج ژمارەی ( هـــاوکاری )دا بڵاوی کردووەتـەوە

٤/١٢/٢٠١١ مكتبة [illegible]

محمەدی مەلاکەریم

# بەتەمای دەمەتەقێیەکی دۆستانەو دیموکراتی بووم، بووم بە „کاکەحەمەی کورد„!

وەڵامی ( وتارێکی بێناونیشان )ی دوکتۆر کەمال مەزهەرە لە پێنج ژمارەی ( هاوکاری )دا بڵاوی کردووەتەوە

---

چاپخانەی ( الزمان ) لە بەغدا
١٩٩٠

# بەر لـــە چوونە نـــاو بابەتەوە

خوێندەواری ئازیز !

ئەمەی بەردەستت کۆمەڵە وتارێکە لە وەڵامی وتارەکانی دوکتـۆر کەمال مەزهەر ئەحمەدا نووسـیومن کە بە ناوونیشـانی ( وتارێکی بێناونیشان ) لە ( هاوکاری )ی ژمارە ١١٥٥ ، ١٩٩٠/٢/٢٢ و ١١٥٦ ، ١٩٩٠/٢/٢٦ و ١١٥٧ ، ١٩٩٠/٣/١ و ١١٥٩ ، ١٩٩٠/٣/٨ و ١١٦١ ، ١٩٩٠/٣/١٥دا بڵاوی کردنـەوە . ئەویش ، بـەو وتارانەی ، وەڵامی وتارێکی منی دابوەوە کە بە دوو ئەڵقە لە ( هاوکاری )ی ژمارە ١١٣٨ ، ١٩٨٩/١٢/٢٥ و ١١٣٩ ، ١٩٨٩/١٢/٢٨دا بە ناوونیشانی ( بە داوێنی هەندێ لـــە بۆچوونەکانی دوکتۆر کەمال مەزهەرەوە لـــە وتارە سێ ئەڵقەیی‌یەکەیا لەمەڕ عەزیز نەسـین ) بڵاوم کردبوەوە . منیش هەروا لەو دوو وتارەما بیرو ڕای خۆم دەربارەی هەندێ بڕگەی ئەڵقەی سێهەمی وتارێکی ئەو پیشاندابوو کە بە ناوونیشانی ( عەزیز نەسین نووسەری گەورەو مرۆڤی کەمهاوتاو دۆستی نزیکی گەلی کورد ) لە ژمارە ١١٢٠ ، ١٩٨٩/١٠/٢٣ و ١١٢٢ ، ١٩٨٩/١٠/٣٠ و ١١٢٣ ، ١٩٨٩/١١/٢ی دیسانەوە ( هاوکاری )دا بڵاوی‌کردبوەوە . پێم خۆش ئەبوو ئەم وتارانەی منیش هەروا لە ( هاوکاری )دا بڵاوبکـــرابانایەوە ، بەڵام سـکرتێری نووسین قایل نەبوو ، چونکە نەیئەویست بۆخۆی ئەو « بەرپرسی » یـە لەئەستۆ بگرێو ، دەزگای ڕۆشنبیری‌یش لـــەو ڕۆژانەدا بەرپرسێکی تایبەتیی خۆی نەبوو ڕای تیا بدا .

کـــە بەناچاری بڕیارمدا وتارەکانم لەنێـــو دوو بەرگی کتێبێکدا بڵاوبکەمەوە ، تەلـــەفۆنم بۆ دۆســـتی بەڕێزی دێرینم و تەرەفی ئـــەم « دەمەتەقێ » یـــا « دەمەقاڵە » یـــا « شەڕەدەم »ە ـــ کەیفی خـــۆتە ، خوێندەواری ئازیز ، چیی ناو ئەنێیی ناوی بنێ ـــ دوکتۆر کەمال مەزهەر کردو داوام لێ کرد ڕێم بدا وتارەکانی ئەویش لەگەڵ ئەم وتارانەدا بڵاو بکەمەوە ، هەروا ئەمویســـت ســـەرجەمی وتـارەکانی پێشـتری

هەردوكمانیش لەمبارەوە بلاوبكەمەوەو ، بە هەردوكیشمان پێشەكی‌یەكی بۆ بنووسین‌و ، بەمە ، لەلایەكەوە ، لە خوێندەوارانی ئازیزی بگەیەنین كەوا لەگەڵ توندو تیژیی وتارەكانی هەردوولایشمانا بەرانبەر بەیەك ، هەر دۆست‌و برادەری یەكترین‌و هەر وایش ئەبین‌و ، لە لایەكی‌تریشەوە كاری ئاگاداربوونی خوێندەوار لە بیرو بۆچوونی هەردوولامان لەبارەی بابەتی ئەم وتارانەوە ئاسان بكەین . ئەویش ڕەزامەندیی خۆی لەم داوای منە پیشاندا‌و گفتی دا سێ نوسخەی ڕاستكراوەی وتارەكانی خۆیم بۆ بێنێ تا یەكێكیان هەلگرم بۆ چاپ‌و دوانیان لەگەڵ دوو نوسخەی وتارەكانی خۆما پێشكەشی سەلامەی لوغەوی‌و ڕەقابە بكەم ، بەڵام نووسینی پێشەكی‌یەكەی هەر خستە ئەستۆی خۆم . لەگەڵ ئەوەیش كە پاش ئەوجارەیش دوو جاری‌تر تەلەفۆنم بۆ كردو داوای وتارەكانم لێ كردەوەو ئەویش هەر دوو جارەكە گفتەكەی یەكەمجاری دووبارە كردەوە ، گفتەكەی هەر نەهاتەدی . نازانم بۆی ڕێ‌نەكەوت وتارەكانم بۆ بێنێ ، یا پەشیمان بووبوەوەو لەبەرچی . ئیتر منیش بە موناسبم نەزانی جارێكی‌تر تەلەفۆنی بۆ بكەمەوەو ، لەترسی ئەوەی نەبادا كارەكەم زۆرتر دوابكەوێ چاوەڕوانیی زیاترم نەكردو دەسنووسەكەی خۆمم پێشكەشی سەلامەی لوغەوی‌و ڕەقابە كرد .

بە هەرحاڵ ، بەم جۆرەیش بێ لەوە هەر باشترە كە وەڵامەكەم بە هیچ جۆرێ بلاو نەبێتەوەو ، ئومێدەوارم خوێندەوار كەڵكی لێ وەربگرێ‌و ، لەوەیش دڵنیا بێ كە هەرچەند وەڵامەكەی منیش ، وەك وتارەكەی دوكتۆر كەمال ، واناگەیەنێ ، من هەمیشە خۆم هەر بە دۆستێكی دڵسۆزی كاك كەمال ئەزانم‌و ، ئومێدەوارم ئەویش ، وەك خۆی پێی ڕاگەیاندووم هەر وا بێ‌و ، خوێندەوارانیش توندو تیژیی ئەم وتارانەمان ، بەر لە هەرچی ، بە نیشانەی ئازادیی بیرو قەڵەم لەقەلەم بدەن .

**محەمەدی مەلا كەریم**

**١٩٩٠/٨/٢٠**

« دڵ ڕاگرتنی مرۆیێ ، هەر مرۆیێ بێ ، ڕەوا نی‌یـە
لەسـەر حیسابی ڕاسـتی بێ ، تەنانەت ئەگـەر
لەناو چوان دیواری کەڕیشا بێ ! »

**محمود امين العالم**

لە کتێبی ( هوشیاری‌و هوشیاری ساختە
لـە بیری هاوچـەرخی عەرەبدا )دا .

# سـەرەتا

بەڕاستی زۆر لەوە دلگرانم کـە وتارێکی ڕەخنەیی لـە دوو بۆچوونی دۆستی ئازیزی سالەهای سالم ، مامۆستای مێژووی کوردو ، یەکەمی دوو هەلگری شەهادەی بەرزی ( دوکتۆر ناوك ) لەناو کورداو ، خاوەنی گەلێ کتێب‌و وتاری بایەخـداری مێژوویی‌و ، سەرپەرشتی ژمارەیەکی زۆر قوتابیی ماجستێرو دوکتـۆرا دوکتـۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد ، ئەوەندەی بووروژێنێ ، هەر چەند سەر بێنێ‌و سەر بەرێ ناوونیشانێکی لەباری وای بۆ وتارێکی بەرپەرچدانەوەمی پێ پەیدا نەکرێ پڕ بەپێستی ئەو گلەیی‌یەی بێ لێم کـە وەك خۆی ئەلێ لـە قوولاییی دەروونیا پەنگی خـواردووەتەوەو ، لەبەرئەوە بەناچاری ناوونیشـانی « وتارێکی بێ ناونیشان » بـۆ وتارەکەی هەلبـژێرێ . . من ئەگـەر بمزانی‌یایە ئەو نووسینەم ئەوەندە قەلس‌و نارەحەتی ئەکا ، وەك تا ئیستا پێم بە دەیان ڕاسـتیدا ناوەو پێشـێلم کردوون ، وام لەگـەل ئەو ڕاستی‌یانەیش ئەکرد کە لە وتارەکەمدا نووسیومن‌و ، نەمئەهێشت دلی دوکتۆری ئازیزم گەرد بگرێ لێم . بۆیە لە سەرەتاوە بڕیارم دابوو لـەم وتارە بێ‌ناوونیشانە تازەیەی بێ‌دەنگ بم‌و پشت‌گوێی خەم .

بەلام پاشان کە دیم دوکتۆر بابەتەکەی گەیاندە ڕادەیێ زۆر کەسی دلسافی بێ‌ئاگا لە ناو کورۆکی کێشەی نێـوان ئێمە ، بە قسـەی

من نه‌كردووی ئه‌وداوه‌پاڵم‌و ، به‌ ئه‌نجامگیریی له‌خۆوه‌و بێ‌بنه‌مای ئـه‌و ، به‌هه‌ڵه‌ بچن‌و گومانێكیان له‌ئاست جۆری هه‌ڵسه‌نگاندنم بـۆ یه‌كێ لـه‌ پیرۆزترین شان‌و شكۆ نه‌ته‌وه‌یی‌یه‌كانمان ــ كه‌ ڕاپه‌ڕینه‌كـه‌ی ۱۹۲٥ ی كوردی توركیایه‌ ــ له‌ دڵا په‌یدا ببێ‌و ، به‌ڵكو ئه‌یشمبیسته‌وه‌ ئه‌م بابه‌ته‌ بووه‌ به‌ بنێشته‌خۆشـــه‌ی بن‌دانی كۆمه‌ڵێ له‌وانه‌ی به‌ ناخی هیـــچ مه‌سه‌له‌یه‌كدا ڕۆناچن‌و ، هه‌ر سه‌یری پایه‌و پله‌ ئه‌كه‌ن‌و چاویان له‌ دیمه‌ن به‌ولاوه‌ به‌دی‌ناكا ــ كه‌ ئه‌مه‌م هه‌موو دی ، به‌ پێویستم زانی سه‌رله‌نوێ بێمه‌وه‌ مه‌یدان‌و ، له‌به‌ر ڕووناكیی مۆمی ڕاستیدا كه‌ به‌ هه‌موو تاریكاییی جیهان ناكوژێته‌وه‌ ، هه‌ڵوێستی ڕاسته‌قینه‌ی خۆم‌و بیرو بۆچـــوونم له‌ئاست بایه‌خدارترینی ئه‌و مه‌سه‌لانه‌ی دوكتـــۆر هێناونیه‌ته‌ ئاراوه‌و لێكدانه‌وه‌ی منی تیایانا شێواندووه‌ ــ ڕوون‌كه‌مه‌وه‌و ، په‌رده‌یان له‌ ڕوو هه‌ڵماڵمه‌وه‌ . گفتیش به‌ خـــوێنه‌واری ئازیز ئه‌ده‌م تا پێم بكرێ لـــه‌ نووسینه‌كانی دوكتۆر تووڕه‌ نه‌بم‌و جڵه‌وی ڕاسـتی نه‌ بـۆ چه‌پۆكانی ئه‌سپی سۆزو نه‌ بۆ ئێستری تۆڕی خۆپه‌رستی شل‌نه‌كه‌م‌و ، تـا لـه‌ توانما بێ شتێ بڵێم هه‌میشه‌ بتـوانم به‌وپه‌ڕی سه‌ربه‌رزی‌یه‌وه‌ داكۆكیی لێ بكه‌م‌و كه‌س نه‌توانێ مۆری درۆی له‌ به‌رده‌می جه‌ماوه‌ری خوێنه‌وارانا به‌ ناوچاوه‌وه‌ بنێ‌و بیداته‌وه‌ به‌ ڕووما .

★ ★ ★

پێشـه‌كی بـا بۆتانی بگێڕمه‌وه‌ چۆن بوو پڕكێشیم كرد ئه‌و وتـاره‌ دوو ئه‌ڵقه‌یی‌یه‌م به‌ داوێنی وتاره‌كه‌ی دوكتۆر كه‌مالدا دڕوری . ئـه‌و كاره‌م له‌ هۆیه‌ك پتری هه‌بوو . یه‌كه‌م : ئه‌و ڕاستی‌یه‌ كه‌ لام‌وایه‌ ئه‌بێ دوكتۆر كه‌مال گه‌لێ له‌ منی چاكتر بزانێ كـه‌ ئه‌وه‌یه‌ لـه‌ له‌یه‌كدانی ( ڕاستی )و ( سۆز )دا ئه‌بێ ( زانا ) ڕاستی له‌ پێش دانێ كه‌ لام‌وابوو ئه‌مه‌ لـه‌ وتاره‌كه‌ی دوكتۆر كه‌مالدا پشت‌گوێ خراوه‌ . دووه‌م : ئـه‌و ڕاستی‌یه‌ی كـه‌ لـه‌ زانستی مێژوودا به‌ردی بناغه‌یه‌و ، دیسان لام‌وایه‌ ئه‌بێ دوكتۆر كه‌مال گه‌لێ له‌ منی چاكتر بزانێ كه‌ ئه‌وه‌یه‌ بۆ حوكمدان له‌ هه‌ر مه‌سه‌له‌یه‌كا ئه‌بێ به‌ سه‌نگ و ترازووی ئه‌و بارو دۆخه‌ حوكم‌بده‌ین كـه‌ مه‌سه‌له‌كـه‌ی تیا ڕوودا‌وه‌ ، ئه‌گینـا وه‌ك ئه‌وه‌ی لێ دێتـه‌وه‌ كـه‌ قانوون‌زانه‌كان بـه‌ هه‌ڵه‌ی دائه‌نێن‌و ئه‌ڵێن نابێ قانوون كار لـه‌ ماوه‌ی پێش دانانیدا بكات ، واتـه‌ قانوون ته‌ئسیری بـۆ پێش ماوه‌ی دانانی

نی‌یە . سێهەم : ئەو ڕاستی‌یەی‌تر کـە هەرکەسێ تۆزێ ئینسافی بێ ئەیزانێ کە ئەوەتە هەرگیزو بە هیـــچ کلۆجێ دەردو ئازاری کـوردی تورکیاو تورکی بولگاریا لە یەك ئاستدا نەبوونو ، کەواتە عەزیز نەســین تەنها لەبەر نەتەوەپەرستیی خـۆی بووە ڕادەی چەوساندنەوەی تورکی بولگاریای لەناوونیشانی کتێبەکەیا گەیاندووەتە ئاستی چەوســاندنەوەی کوردی ولاتەکەی خۆی .

من حەزم‌کردووەو ئیستایش هەر حەزئەکەم دوکتـــۆر کەمالی مێژوونووسی دیاری ئەمڕۆی کوردو دۆستی ئازیزی لـــە گەلێ شتی بایەخـدارا هاوبیرم ئەوەندەی ســـەرە دەرزی‌یەك لەو ســـنووره دوورنەکەوێتەوە کە ئەو ڕێبازە بۆی دەسنیشان کردووە کە پێی‌ئەڵێـن ( مەوزووعی‌یــەتی عیلمی ) ، واتــە ئەمەوێ ئەگـەر دوکتـۆر کـەمال مەبەستیەتی وەك ( زانا ) بجووڵێتەوە ، ئەبێ دڵســۆزی بـۆ ڕاستی‌و زانستی لـــە سۆزی شاعیرانەی نەتەوەپەرســـتی لا بایەخدارتر بێ‌و ، بەم‌پێ‌یە لە هەر مەنزڵێکی ژیانی نازم حیکمـــەتی ئینسان‌و هونەرمەندو تێکۆشدا بە سەنگ‌و ترازووی ئەو مەنزڵە مامەڵەی لەگەڵ بکاو ، لەئاستی عەزیز نەسینیش تەنها بە ناونیشانی ناڕاست‌و دروستی کتێبێکیا کـــە خـۆی نەیخوێندوەتەوەو نازانێ چیی تیـایەو چیی لەبارەی کـوردەوە تیا نووسراوە ، ئەو پیاوەی لـــە سنووری خۆی لا دەرنەچێ‌و ، لێی نەبێ بە میراتگری هەرچی بەهاو بیرو باوەڕی بەرزی مرۆوایەتی‌یەو ، داوا بکا لە دۆستێ پوختەیەکی نووسینە کۆمەلایەتی‌و سیاسی‌و ئەدەبی‌یەکانی‌تری بۆ یەکالا بکاتەوە ئەنجا لە بەر ڕووناکیی ئەوەدا ئەوەندەی دڵ پێ خۆش‌بکا کە پڕبەپێست‌و شایانیەتی .

# بەشی یەکـــەم

دوکتۆر لـــە سەرەتای وتارەکەیدا نووســـیویە : (( لەبەر ئـەو پێوەندی‌ی برایەتی‌یەی لەنێوانماندایە کاکە حەمە هەر زوو پێی‌گوتم کـە وتارێکی لـەو بابەتەی بەدەستەوەیەو نیازی‌یە بەر لـە بلاوکردنەوەی نیشانی خۆمی بدات . منیش هەر ئەوەندەم پێ گوت کە پێم خۆش‌نی‌یە هیچ جۆرە بێنەو بەرەیەکی لاوەکی بکەوێتە نێوانمانەوە ، چونکە ئەگـەر پێویستی‌کرد ناچار دەبم وەلامی وتارەکەی بدەمەوە ، هەرچەندە بێ‌کاتی وا زۆری بـۆ هێناوم فریانەکەوم دوو شتی بە دڵی خۆم بـۆ ئەو کوردە تینووە بنووسم ، ئەوەی کاکە حەمە لە هەرکەس زیاتر ئاگاداری‌یە .

(( ئەیسا وتارەکەی کاکە حەمە بێ‌ئەوەی ، وەك خۆی گوتبووی ، من ببینـــم لەپڕ بلاو بۆوە . کەچی کاکـــە حەمە وتارەکەی نیشـانی برادەرێکی‌تری خۆی دابوو کە وەك خۆی پێی‌گوتم نارەزاییی بەرامبـەر بەوە نیشان‌دابوو کە کاکە حەمە لـــە ســـەرەتای وتارەکەیدا باسی منی کردبوو . وادیارە ئەو برادەرەی کاکە حەمە لە خۆی بەولاوە کەسێکی‌تر بە شت نازانی [ سەرەتای بەشی یەکەم ] )) .

ئەمە ئەوەیە کە دوکتۆر کەمال نووسیویە .

منیش ، لەگەڵ ئەوەیشدا کە دەمێکە ئەیلێم و ئەیلێمـــەوە بیرم ئەوەندە تیژ نی‌یە بەتەواوی متمانەی پێ بکەم ، پشت بەو چەردە بیرەی کە هەمەو بە یارمەتیی عەقڵو مەنتیقو خۆ بە ڕاستگۆ زانینم ئەتوانم بە دڵنیایی‌یەوە بڵێم مەسەلەکە بەم‌جۆرە نەبوە کە دوکتۆر کەمال بۆئەوەی خۆی وا پیشان‌بدا کە حەزی لـــە شتی لاوەکی نی‌یەو ، لەگەڵ شـێوە ترساندنێکیشما تا زات نەکەم ڕەخنەی لێ بگرمو ، بە عوزرخواستنەوە لە کورد کە دەستی ناگا شتێکی بە ئارەزووی دڵی خۆی بۆ بنووسێ ، بەلام دەستی نووسینی شتی‌تری ئەگا ــ بۆمانی ئەگێڕێتەوە .

ئەوەی من ئاگام لێیە ئەوەیە لـــە دەرگای ژووری میوانی ماڵی خۆمانا بووین . دوکتۆر لە هەڵســـانو ماڵاوایی کردنا بوو . کەسیتر لەنێوانمانا نەبوو کــە پێکەوە قسەمان ئەکرد . ئەگـەر بهاتایەتە دەنگو شایەتیی بدایە هەر ئەو خوایە هەبوو بتوانێ لەمبارەوە قسەیەك بکا . پێموت : وتـاریکم لـەبارەی وتارەکەی لەمـەڕ عەزیز نەسـینتەوە بەدەستەوەیە ، خۆ پێت ناخۆش نابێ . پێش ئەوەی بیدەم بە ڕۆژنامە ئەتدەمێ خۆیشت بیخوێنەرەوە . وتی : پاش بڵاوبوونەوە ئەیخوێنمەوە . باسی شتی لاوەکیو حەزلێکردنو لێنەکردنی نەکرا ، بەڵام ، خوا هەقە ، وتی : ئەگەر بە پێویستم زانی وەڵامت ئەدەمەوە . وتم : قەیدی چییە ؟ من بە ڕەددانەوە نارەحەت نابم . ئەمە ، یا بە جیاوازیی چەند وشەیەکەوە بەڵام هەر بەم مەعنایە ، تەواوی ئەوەیە لەبارەی ئەو وتارەوە لەنێوانماندا ڕوویداوە . هەرچی پیشاندانی وتاریشە بە کەسێکیتر ، ئەوە باوەڕتان بێ یەکەم کەس ئەو وتارەی دیوە کاك موختار فایقی سکرتێری نووسینی ئەو سەردەمەی ( هاوکاری )یە ، ئیتر نازانم کێیتر لـە ڕێگای ئەوەوە دیویەو نەیدیوە . لەوەیش بەولاوە کە بۆ داوای هەندێ مەعلـــوومات لەبارەی نازم حیکمەتەوە لـە مامۆستا مەلا شـوکورو لـە کاك ئەحمـەد موحەممەد ئیسماعیل قسەم لەگەڵیان کردووە ، دوکتۆر کەمال خـۆیی لێ دەرکــەی ، کەسیترم لێ ئاگادار نەکردووە . ئەمە ڕاستییەکـەو بەجەختەوە ئەیڵێم ، لەگەڵ ئەوەیشا کە ئەگەر وایشبێ کە دوکتۆر کەمال نووسیویە هیچ لە گەوهەری مەسەلەکە ناگۆڕێ .

جا ئەگەر مەبەستی دوکتۆر کـەمال لـەو « برادەرێکیتر »مە مامۆستا مەلا شوکور بێ یا هەرکەسیتر بێ ، عەقڵی هیچ عاقڵێ ئـەوە نابڕێ کــە من لەلایەکەوە متمـــانەم هەر بەو برادەرە بێ وتارەکـەمی پیشـــانبدەمو دیارە ئەبێ ئەویش لـەبارەی پێـوەندی دۆســـتانەی منو دوکتۆر کەمالەوە شتێ هەر بزانێ ، کەچی لەگەڵ ئەوەیشا ، لای خـۆما نارەزایی لەوە پیشان بدا کە من باسی دوکتۆرم لە سەرەتای وتارەکـەما کردووەو ، منیش لەو بێزەوقتر بم بچم ئەمە بۆ دوکتۆر کەمال خـۆی بگێڕمەوە . قسەیوا ئەوەندە بێســەروبەرە بە چەسپی دووقولوویش بەیەکەوە نانووسێ ! لەمە هەموو بەدەر ، باوەڕم پێ بکەن لە مەسەلەی هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی نازم حیکمەتا بەرانبەر بە کورد مامۆســـتا مەلا شوکور گەلێ لە دوکتۆر کەمالەوە نزیکترە تا لە من(١) . جا ئەگـەر ـ وەك وتم ـ مەبەستی دوکتـــۆر کەمال لەو « برادەرێکیتر »ەی من

مامۆستا مەلا شوکور بێ ، ئەوە بۆمان دەرئەکەوێ چۆن ئەگەر مرۆ چێو لە تاریکی بوەشێنێ یارو نەیاری خۆی لێ ئەشێوێو تێکەڵی یەکیان ئەکا .

★ ★ ★

لە وتارەکەی دوکتۆر کەمالدا ، لە سەرەتایەوە تا دوایی دێ ، بە هەموو جۆری هەوڵی گوناهبارکردنی نازم حیکمەت دراوە لەسەرئەوە کە شیعری بۆ کورد نەنووسیوە ، وتاری بۆ بڵاو نەکردوەتەوە ، شانۆنامەی بۆ دانەناوە . هەروا بە هەموو جۆرێ منیش لە سەرانسەری ئەو وتارەدا بەدناو کراوم لەسەرئەوە کە هەوڵمداوە بە ئیجتیهادو بۆچوونی خۆم لێکیبدەمەوە ئەم هەڵوێستەی نازم لەبەر چیو چۆن بووە .

من لە وتارەکەما نەمنووسیوە نازم هیچی بۆ کورد نووسیوە . نە شیعرێکی نەوتراوم داوەتە پاڵیو ، نە وتارێکو ، نە شانۆنامە یا چیرۆکێك . پوختەی بیرەکەی من ئەوە بووە : مەسەلەی کوردی تورکیا ، یا کوردی هەر شوێنێکیتر ، مەسەلەیەکی بەداد بووە . نازم حیکمەتیش تێکۆشێکی ڕێگای ئازادیو هاوسانیی گەلانو پاکۆکردنی خوێنمژین بووە . کەواتە ئەبوو لەسەر مەسەلەی گەلی کورد بهاتایاتە دەنگ . نەیشهاتووەتە دەنگ . کەواتە ئەبێ بۆچی نەهاتبێتە دەنگ ؟ من هەوڵمداوە ، لەجیاتیی ئەوەی بکەومە بەدناو کردنو خراپە وتنی ، لە ڕازی ئەم مەسەلەیە بکۆڵمەوەو نهێنییەکەی بدۆزمەوە . ڕێگای بەدناو کردنی نازم ، ڕێگایەکی کورتو ئاسانو بێئەرك بوو ، تەنها ئەرکی دەروون نەبێ بۆ ئەوانەی بەتەنگ ئەرکی دەروونەوە دێن . ئەگەر ئەو ڕێگا سووكو ئاسانەم بگرتایەتەبەر ، لای زۆر لەوانەی خۆشیان لە نازم حیکمەتو وەك ئەوەکان نایێ زۆر خۆشەویست ئەبووم‌و ئافەرینیان ئەکردم . بەڵام من لەدووی خۆشویستنو ئافەرینیوا ناگەڕێم . من وەك یەك ئەڕوانمە بەدناو کردنی نازم حیکمەتو شێخ سەعیدی پیرانو دوکتۆر فوئادو هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی ، چونکە تێکڕا هەموویان بە جەنگاوەری یەك بەرە ئەزانم کە بەرەی ئازادیخوای جیهانە .. من بەرەوڕووی مەسەلەیەکی یەجگار ئاڵۆز بوومەتەوەو ویستوومە لە بەر ڕووناکیی گڕی زانستدا ئەم گرێکوێرەیە بکەمەوە . دوور نییە لە هەوڵەکەمدا سەرنەکەوتبم . لەم حاڵەدا ئەبوو ئەوانەی بەرپەرچم ئەدەنەوە هەڵەکەم ڕاستکەنەوەو وەڵامی ڕاستی مەسەلەکە بدۆزنەوە ، نەك

ئەگەر پێشتر هەر نازمیان دابێتە بەر تیرو توانج ، ئەمجـــارە منیشی بخـەنە پاڵ .

وا جارێکی‌تریش مەسەلەکە دێنمەوە بەرچاو :

من بەوپێ‌یە کـە تائیستا لـە بەڵگەکەی نـاو ئەرشیفەکەی کامەران عالی بەدرخان بەولاوە نیشانەیەکی ڕاستەوخۆی هاتنـــە دەنگی نازم حیکمەتم لەسەر کورد بەرچاو نەکەوتووە ، هەرچەند بێ‌گومانیش نیم لە نەبوونی ، دوو لێکدانەوەم بۆ دەسنیشان کردنی هۆی ئەم بێ‌دەنگ‌بوونەی لەئاست مەسەلەی کورد بەرچاو خستووە :

یەکەم ــ ڕاپەڕینی کـــورد دژی کەمالی‌یەکان بووە . کەمالی‌یەکان لەو قۆناغەی کاریانا نیشتمان‌پەروەرو پێشکەوتخواز بوون ، یا هەر هیچ نەبێ خۆیان وا پیشان‌ئەداو لـە جیهانا بەوجۆرە ناسرابوون . سەرجەمی بەرەی پێشکەوتخوازی جیهان‌و لەپێشی هەموویانەوە سۆڤیەت پشـتـ‌و هاوسەنگەریان بوون . ئیمپریالیـــزم بە هەموو جـــۆرێ دژیان بوو . مەسەلەی مووسڵ کە ناوچەیەکی هاوسنووری ناوچەی ڕاپەڕینەکە بوو بەگەرمی لەنێوان ئینگلیزو تورکیادا لەئارادا بوو . لەناو ڕاپەڕینی کوردا کەسانی‌وا کـەم نەبوون کـە بـا لەداخی بەدڕەفتاریی کەمالی‌یەکانیش بێ لایەنی گێرانەوەی خەلافەتی عوســمانی‌و هەڵوەشاندنەوەی هەمـــوو ڕیفۆرمەکانی ڕژێمی کۆماری بگـــرن‌و لەچاو هەڵوێستی ئەو ڕۆژەی ڕژێمدا باری سەرنجێکی کۆنەپەرستانەیان هەبێ . لە ڕۆژێکی وادا بـــۆ ئەبێ سەیر بێ ئەگەر نازم حیکمەتیش سەرنجێکی لە تێکڕای بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بەرچاو ڕوونتری نەبێ ؟!

[ هەرچەند لە سیاقی قسەداو بەپێی مەنهەجی لێکۆڵینەوە ئێـــرە جێگەی ئەم ئیستیدراکە نی‌یە ، بەڵام ئەزانم ئەگەر نەیڵێم دوکتۆر کەماڵ جارێکی‌تریش دێتـــەوە بەرووماو ئەڵێ ڕاپەڕینی کـــوردی تورکیای بـــە ( کۆنەپەرســـت ) داناوە . بۆیە وا من پڕبەدەم هاوار ئەکەم‌و ئەڵێم کۆنەپەرستیی یـــا پێشکەوتخوازیی بزووتنەوەیێ بەوەدا دەسنیشـــان ناکرێ سەرکردەکەی کێ‌یە یا چجۆرە بیروباوەڕێ لە ڕیزی بزووتنەوەکەدا هەیە . سەنگ‌و ترازووی وردو ڕاست بۆ ئەم دەسنیشان کردنە ئەوەیە شوێنی بزووتنەوەکە لە ڕەوتی بەرەوپێش چوونی جیهانا بۆ نەهێشتنی ئیمپریالیزم‌و چەوساندنەوە ــ لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا ــ کامەیە . ئەگەر لە دوا لێکۆڵینەوەدا لەگەڵ ئەو ڕەوتە بوو ئەوە پێشکەوتخوازە ،

ئەگینا کۆنەپەرستە . ڕاپەڕینی گەلی کوردی تورکیایش لەگەڵ ئەو ڕەوتەدا بووە ، کەواتە پێشکەوتخوازی بووە ، هەرچەند ــ بەداخەوە ــ بزووتنەوەی پێشکەوتخوازی جیهان بەرچاوی بە پەردەی دوگماتیزم گیرابوو ، ئەم ڕاستی‌یەی نەدی‌و بەوە لەلایەکەوە گەلی کوردی تورکیای لە پشتیوانیی هاوپەیمانێکی گەورەی سروشتیی خۆی ، بێ‌بەش کردو ، لە لایەکی‌تریشەوە ، بوو بە مایەی سەرلێ‌شێوانی بزووتنەوەی پێشکەوتخوازی تورکیاو جیهانیش لەئاست هەڵسەنگاندنێکی ڕاستی کەمالیزمدا . ]

دووەمیش ئەوە کە نازم حیکمەت هونەرمەندێ بووە خۆی ئەوەندە لە قەرەی سیاسەت بەمەعنای مومارەسە تاکتیکی‌یە ڕۆژانەکان نەداوە .

ئەمە پوختەی دوو لێکدانەوەکەی من بوو و لام‌وایە لێکدانەوەیەکی خراپ نەبوون‌و ، ئەگەر پەسەند نەکرێن‌و کەسێکیش ڕانەپەڕێ لێکدانەوەیەکی عەقڵ‌گرتووی‌ترمان پیشان‌بدا ، ئەبێ بڵێین مادەم نازم وا گوێی خۆی لەئاست کورد ئاخنیوە ، لە هەموو ئیدیعا ئینسانی‌یەکانی‌تریشیا درۆی کردووەو کابرایەکی تورکی شۆڤێنی بووە ، چونکە ئازادی شتێکە ناکرێ بە چەند بەشەوەو لە هەموو جیهانا هەر یەك شتە .

بەڵام نازم حیکمەت خۆی ، بەپێچەوانەی هەموو هەڵسەنگاندنێکی نەیارانەوە ، لە سەرەتای سەرجەمی شیعرەکانیا کە قازڵ لوقمان سێ بەرگی لێ وەرگێڕاوەتە سەر عەرەبی ، نووسیویە ئەڵێ :

« بنووسی ئەم کتێبە شاعیرێکی عادەتیی تورکە . شانازی بەوەوە ئەکا کە دڵ‌و ئەقڵ‌و قەڵەمەکەی‌و هەموو تەمەنی خۆی داوە بە گەلەکەی . لە لایەکی کەیشەوە ئەم شاعیرە لەڕێگای شیعرەوە بە شان‌وباڵی هەموو خەباتی سەرانسەری گەلانیدا بۆ سەربەخۆیی نەتەوەیی‌و دادی کۆمەڵایەتی‌و ئاشتیی ــ هەڵگوتووە ، ئیتر ناوی ئەو گەلانە هەرچی بێ‌و ، شوێنی جیۆگرافیایی‌یان لە هەر کوێ بێ‌و ، لە هەر نەتەوەو ڕەگەزێ بن . بنووسی ئەم کتێبە ، سەرکەوتنەکانی ئەم گەلانە بە سەرکەوتنی گەلەکەی خۆی ئەزانێ‌و ، شکستیان بە شکستی . خەم‌و خۆشی‌یان بە خەم‌و خۆشیی گەلەکەی خۆی دائەنێ . ئەم خەمانەو ئەم خۆشی‌یانە ، ئەم بەزینانەو ئەم سەرکەوتنانە ، لەم کتێبەدا دەنگیان داوەتەوە(٢) » .

ئەمەیە ئەو نازم حیکمەتەی من نایەم هێرشی بەرمە سەرو بەوە درێژە بە کاری زیندانەوانەکانی وڵاتەکەی بدەم کە ساڵەهای دوورو درێژ لە زیندانی تاریك و نووتەکیان ترنجاندبوو و ناویان لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤار قەدەغەو ، شیعریان لەسەر زمانی خەڵك یاساغ کردبوو . من نایەم بە ئێسك و پرووسك دەرهێنانی نازم حیکمەت لە گۆڕی تەنگ وتار ، ئاو بە ئاشی کۆنەپەرستان و نۆکەرانی ئیمپریالیزمدا بکەم .. من لام وایە هەر ڕۆژێکی تێکۆشانی نازم حیکمەت ، بەپێی قانوونی ژیان ، تێکۆشانە بۆ کوردیش . داکۆکی یە لە کوردیش ، وەك لە تورك ، وەك لە خەڵکی حەبەشەو تەنجانیقاو .. پۆرسەعیدو .. کۆریاو .. کووباو .. هەر لایەکی تری ئەم جیهانە .. من هیچ بە دووری نازانم شتێکی تایبەتیی بۆ کوردیش نووسیبێ ، بەڵام لەبەر سیاچارەیی کورد بەرچاو نەکەوتبێ ، یا هەر بەرچاوی ئێمە نەکەوتبێ .. ئەگەر نووسیبێتی ، دڵم زۆر پێی ئەگەشێتەوە . ئەگەر نەیشینووسیبێ هەر لام وایە بیروباوەڕە بەرزە ئینسانی یەکەی ، خەباتەکەی ، ژینە تاڵەکەی زیندانی ، دەربەدەری یەکەی ، شیعرە وەك پەڕەی گوڵ ناسکەکانی ، لە غەریبی یا بە ئاهی سەردەوە سەرنانەوەکەی .. هەموو ئەمانەی بەشی کوردیشیان تیایە ، وەك بەشی هەر نەتەوەیەکی گەورەو بچووکی ئەم جیهانەیان تیایە ، چونکە ئەمانە موڵکی هەموو مرۆڤایەتین و ، کوردیش بەشێکە لە مرۆڤایەتی ..

نازم حیکمەت ٢٧ ساڵە مردووە . ئیستا ئەگەر مابوایە بەجێ بوو گلەیی لێ بکەین ئەگەر لە داکۆکی لە گەلی کورد تەراکەوتایە ، چونکە ئەمرۆ ئیتر ئەو جیهانە نەماوە کەسێ بیانووی ببێ بە دەردی کەسێ نەزانێ . قوتابی یە کوردەکان کە باش شۆڕشی تەمووز لە مۆسکۆ ئەیانخوێند ، مادەم هیی وایان تیابوو وەك ئەمرۆ لە دنیا ئەگەیشتن و ، وتاری لەوبارەوە بۆ ڕۆژنامەکانی نیشتمان ئەنووسی و ، تەنانەت لەسەر ئەوەیشی ئەخرایە بەر گیروگاز ، ئەبوو بچوونایەتە لای نازم و ، وەك مەلا شوکورو هەڤاڵەکانی لە ١٩٥٥ دا لە وارشۆ بانگیان کرد بۆلای خۆیان و « چۆغەو ڕانك »ێکیان خەڵات کرد ، با ئەمانیش « ڕانك و چۆغە »یەکیان خەڵات کردایەو ، لێ نەگەڕانایە تا لەبەری ئەکاو ڕەسمێکی پێوە ئەگرێ ، وەك بە جەفەنتەو عەگاڵە عەرەبی یەکەوە گرتی .. بەڵکو بەختی کورد بەوە بپژایە !.

دوکتۆر کەمال ئەو لێکدانەوە ئیحتیمالی یەی منی کە وتوومە لەوانەیە نازم بەگوێرەی بۆچوونی سیاسی یەکانی هاوڕێ هەڵوێستێکی ئیجابیی بەرانبەر بە کورد دەرنەبڕیوە ــ وا داناوە کە « **ئەم جــۆرە داڕشتنەی کاکە حەمە مرۆڤ دەکاتە تەختــەیەکی بێ‌گیانو تەنانەت دەوری لــە ژیاندا لــە داشی دامەیەکیش کەمتــر دەکاتەوەو ، خــەڵکی خــاوەن هەستو گیان لــە بیروباوەڕی پێشــکەوتخوازی دەتەکێنێتــەوە** [ ستوونی یەکەمی بەشی یەکەم ] » .

خۆشبەختانە دوکتۆر کەمال ئەم بەرچاو ڕوونی یەی خۆی لــە ڕۆژانێکا ئەخاتە بەرچاو کە لە جیهانی سۆشیالیزمدا شــتێ نەماوە نەخرابێتە بەر مەودای نەشتەری یەکالا کردنەوە . بەڵام ئاخــۆ لەئاست ساڵانی دوورو درێژی سەردەمی ســتالین ئەڵێ چی کــە لەمپەڕ تــا ئەوپەڕی یەکێتیی سۆڤیەتا تەنیا ڕاستۆپچینێ هەبوو [ ئەویش هــەر دوکتۆر کەمال خۆی بۆی باس کردووین ئەگینا بەویشــمان نەئەزانی ] لەئاست مەسەلەی کورد تەختــەی بێ‌گیــانو داشی دامە نەبووبێ . تەنانەت زانا کوردە سۆڤیەتی یەکان خۆیشیان وابوون . هەرکامیــان وا نەبوایە وەك عەرەبێ شەمۆ خۆی لە ئۆردووگاکانی سیبیریادا ئەدی‌یەوە تــا ئەگەر بەرگەی گرتو نەمرد پاش مەرگی ستالین بگەڕێتەوەو پاش کۆنگرەی بیستی پارتیی کۆمۆنیست بە هاونیشتمانی باش بژمێررێتەوە . جا نازانم دوکتۆر کەمال بەڕاستیەتی کە داوا لە نازم حیکمەت ئەکا لەو ڕۆژانەدا بەرچاو ڕوونی یەکەی جەواهیر لال نەهرۆی لەئاست مەسەلەی کورد هەبوایە ؟ یــا هەر مەبەستی بەرپەرچدانەوەی منو داکۆکی کردنە لــە ناهەقی خۆی با هەر بە قسە ڕیزکردنیش بێ . دوکتۆر کەمال خۆی پتر لە دە ساڵ لە یەکێتیی سۆڤیەت ژیاوە کە بەشێکی سەردەمی ئازادی خرۆشۆڤو بۆدواوە گەڕانەوەی برێژنێڤیش ئەگرێتــەوە . وەك نازم حیکمەتیش مولتەزیم نەبوە تا نووسینو وتنی لە سنووری ئیلتیزامەکەی دەرنەچێ . لە عیراقیشا ڕەخنەگرتن لە سۆڤیەت هەرگیز قەدەغە نەبوە تــا دەرفەتی دەربڕینی ڕووە دزێوە بە سۆشیالیزمی ڕاستەقینە دژەکانی ژیانی ئەو وڵاتەی دەسگیر نەبێ . نازانم بۆ تا لەم دوایی‌یەدا گۆرباچۆڤ بە گلاسنۆستو پریسترۆیکاکەیەوە سەری هەڵنەداو ، تا من نەموروووژاند بکەوێتە قسە ؟ دوو وشەی بەیانی ڕاســتیی بێ مەبەستی ڕەخنەیش نەنووسی تــا تێ‌بگەین خاوەن‌بیرانی ســەردەمی ستالینو بیریاو ژدانۆڤ چۆن ئەیانتوانی لە داشی دامە زیاتر بن ! ئای چەند خۆشە کە مرۆ لــە

کەسێك یا ڕووداوێك یا سەردەمێك ئەکۆڵێتەوە ، بارو دۆخی ئەو کەسە ، ئەو ڕووداوە ، ئەو سەردەمە لەیاد نەکاو بێنێتیە بەرچاوی خۆی !

* * *

دوکتۆر کەمال ، خۆی واتەنی ، کە دێتە سەر باسی لایەنی ئایدیۆلۆژیی بابەتەکەمان ئەڵێ : (( **هیچ شارەزایەك لاریی لەوە نییە کە کەس چ لە ڕووی فەلسەفییەوە ، چ لە ڕووی سیاسییەوە بەرادەی لینین بە دوورو درێژیو وەك ئەو بەقووڵی لە مەسەلەی نەتەوەیی نەکۆڵیوەتەوە . بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی کە لە پەنجاو پێنج بەرگی گەورەدا بڵاو کراونەتەوە بۆ ئەو باسە تەرخان کراوە . جا لێرەدا تەنها وەك نموونە چەند قسەیەکی کەمی ئەو پیاوە گەورەیە دێنمەوە کە پێموایە کەمتەرخەمی نازم حیکمەتو ئەوانەی وەك نازم حیکمەتن بەرانبەر بە دەردو ئازاری کورد بەزەقی نیشان دەدەن . ڕەنگبێ لەم ڕووەوە نازم حیکمەت لە هاوبیرەکانی گلەیی زیاتر بێتەسەر ، چونکە ئەو لە ساڵی ۱۹۲۱ەوە بۆ ماوەی چەند ساڵێك ئەو جۆرە باسانەی لە مۆسکۆ بەدەرس خوێندووە . وێڕای ئەوەی لەو ماوەیەدا بە چاوی دەیبینی چۆن لینین بەوردیو ئازایانە لەگەڵ مەسەلەی سەختی نەتەوەیی وڵاتەکەیدا ڕەفتار دەکاتو چۆن پزیشکی خێرو بەرەکەتی ئەو سیاسەتە تارادەیەك کوردیشی گرتبۆوە** [ ستوونی یەکەمی بەشی یەکەم ] )) .

بە داوێنی ئەم برگەیەوە لە نووسینەکەی دوکتۆر کەمال ، پێشەکی ئەڵێم : دوکتۆر ، سەرەڕای داکۆکیکردنی شایانو پیاوانەی لە بیروباوەڕو فەلسەفەو سیاسەتی ئەو گەورە پیاوە ، هەروەك بڵێی ویستبێتی بە دەمو دەستی خۆی پشتی هەندێ لە بۆچوونەکانی من بگرێ کە لە وتارە پێشووەکەمدا دەرم بڕیون ، شەرعی خۆی کردووە . پێشینان ڕاستیان فەرمووە کە فەرموویانە : (( کورد بدوێنە ، شەرعی خۆی ئەکا )) .

ئەنجا ئەڵێم : ئەگەر ئەو هەڵوێستو نووسینانەی ڤ . ئی . لینین کە دوکتۆر کەمال باسیان لێوە ئەکا ، کەمتەرخەمیی نازم حیکمەتو وەك ئەوەکان بگەیەنن ، وەك ئەو ئەڵێو ، بەڵکو لە خەڵکیتر زیاتر گلەیی بێننە سەر نازم ، ئەبێ لە هەمان کاتاو بەر لە نازمو وەك نازمەکان کەمتەرخەمیی ڕابەرانو خاوەن بیرانی سەرانسەری ئەو بزووتنەوە جیهانییەیش بگەیەنن کە نازم حیکمەت نەفەرێکی هونەرمەندی تێکۆش

بووە لەڕیزیا ، چونکە هەڵوێستی کەس لەمانە بەرانبەر بە مەسەلەی کوردی تورکیا لە هیچی نازم ئیجابی‌تر نەبوە کە من نکوولیم لەم ڕاستی‌یە نەبوەو نی‌یە . من تەنها گلەییی ئەوەم لە دوکتۆر کەمال کردبوو کە بۆ لەناو ئەم هەزاران هەزارەدا تەنها ناوی نازم حیکمەت بەدناو بکرێ ، یا بۆ ئەبێ لەناو ئەم هەزاران هەزارەدا تەنها داوا لە نازم حیکمەت بکرێ لە هەموان بەرچاو ڕوونترو لەڕاستی گەیشتووتر بێ ؟! دیارە قایلیش نەبووم‌و نایشبم بەوە کە چ نازم حیکمەت‌و چ ئەم هەزاران هەزار تێکۆشی وەك ئەوە ڕقێکی تایبەتی‌یان لە کورد بووەو دوژمن‌و نەیاری بوون بۆیە لەسەریان نەکردوەتەوە . من هەڵەی ئەوانم گێڕاوەتەوە بۆ ڕەوتێکی دۆگمایی لەناو سەرانسەری بزووتنەوەکەدا ، ئەو ڕەوتەی پاش کۆچی دوایی لێنین‌و لەتەواوی سەردەمی ستالیندا وردە وردە بزووتنەوەکەی گرتەوەو هەموو دەنگێکی دوورئەندێش‌و تاوتووکەرو لێکۆڵەرەوەی لەناویا کپ کرد .

دوکتۆر کەمال لەم بوارەدا لەسەر قسەکانی ئەرواو ئەڵێ :
**« تۆبڵێی نازم حیکمەت ئەو نامەیەی نەخوێندبێتەوە کە یەکەم وەزیری هەندەرانی شوورەوی چیچێرین بە ناوی لێنینەوە ناردبووی بۆ مستەفا کەمال‌و تێیدا گەلێك ستایشی ئەو بڕیارەی (ئەنجومەنی نەتەوەیی گەورە)ی تورکیای کردبوو کە دەڵێ ماوە دەدرێتە دانیشتوانی ( ئەرمینیای تورکیاو کوردستان‌و لازیستان‌و ناوچەی باتووم‌و تراقیای ڕۆژهەلات‌و ئەو ناوچانەی ( وەك ئەسکەندەروونە - ك.م ) دانیشتوانیان تێکەڵن لە تورك‌و عەرەب ) بە ئازادی بیری خۆیان دەربارەی چارەنووسیان دەربڕن . شایانی باسە ئەم بەڵگە مێژوویی‌یە لە ژمارە ۱۲۳ی ڕۆژی نۆی حوزەیرانی ساڵی ۱۹۲۰ی ڕۆژنامەی ( ئیزڤێستیا )دا بلاو کراوەتەوەو وەڵامی ئەو نامەیەیە کە مستەفا کەمال ڕۆژی بیست‌وشەشی نیسانی هەمان ساڵ ناردبووی بۆ لێنین‌و دەبێ ڕۆژنامەکانی تورکیاش بلاویان کردبێتەوە** [ ستوونی یەکەم‌و دووەمی بەشی یەکەم ] » .

خوێندەوارانی ئازیز ! ئێوە بە چاوی خۆتان ئەیبینن‌و بە دەمی خۆتان ئەیخوێننەوە چۆن دوکتۆر کەمال دان بە ڕاستیی هەندێ لە بۆچوونەکانی مندا ئەنێ‌و بە ئێوەی ئازیزی ڕائەگەیەنێ کە حەمەی مەلا کەریم هەڵەی نەنووسیوەو ، من هەر بۆئەوەی بڵێن بەرپەرچم داوەتەوە ، وەڵامم بۆ نووسیوەتەوە ..

تـا دوکتۆر کەمال لـەم وتارەیا بڵاوی نەکردبوەوە کـەوا وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت لە سەردەمی لینیندا نامەیەنی بۆ مسـتەفا کەمال ناردووە پیرۆزبایی ئەوەی تیا لێ کردووە کـە ئەنجومەنی گـەورەی نیشـتمانیی تورکیـا بڕیارێکی دەرکردووە « دانیشتووانی ئەرمینیای تورکیاو کوردستانو لازستانو ناوچەی باتوومو تراکیای ڕۆژهەڵاتو ئەو ناوچانەی [ وەك ئەسکەندەروونە ] دانیشتووانیان تێکەڵن لـە تورکو عەرەب بیری خۆیان دەربارەی چارەنووسیان بە ئازادی دەربڕنو ، ئـەم بەڵگە مێژوویی‌یە لـە ژمارە ١٢٣ی ١٩٢٠/٦/٩ی ( ئیزڤێسـتیا )دا بڵاو کراوەتەوە ــ من پێم نەزانیبوو و هەرگیزیش لام وانەبوە ئیدیعای پێشکەوتخوازیی ڕژێمی کۆماریی تورکیا گەیشتبوە ئەو ڕادەیە ئەوەندە لـە هەڵوێستی شۆڕشی ئۆکتـۆبەر نزیك کەوێتـەوە دان بە مافی چارەنووسی خۆ دیاریکردنی گەلانی تورکیادا بنێو ، هەواڵی دەرکردنی ئەم بڕیارە لە هەموو جیهانا بە کەس نا بە لینینی ڕابەرو پێشـەوای شۆڕشی کرێکارانو جووتیارانی ڕووسیا ڕابگەیەنێ .

من لەبارەی بە پێشکەوتخـواز ناسرانی ڕژێمی تورکیاوە هـەر ئەوەندەم نووسیبوو کـە ڕژێمێـکی کۆماریی تازەبابەت بووەو بۆرژواو وردە بۆرژوای شۆڕشـگێڕ سەرکردەیی‌یان کردووەو ئیمپـریالیزمی ئەورووپا بەرەنگاری بووەتەوە ، دوکتـۆر کەمال لێی پەسـەند نەکردمو بەرپەرچی بە هەڵسەنگاندنێکی ١٩٥٢ی ئوستیونگول دامەوە کە تیا ئەڵێ :

**« کەمالی‌یەکان بریتین لە دەستەیەك سیاسیی هەلپەرستی نوێنـەری بۆرژوای گەورەو موڵکداران کە دەزگای دەوڵەتی ڕۆژگاری سوڵتانەکانیان وەك خـۆی هێشتۆتەوە . ئەو والیو جەنەراڵو حاکمو کاربەدەسـتو پۆلیسو جەندرمانەی ئیمڕۆ لەکاردان هەموویان هەر ئەوانەی ڕۆژگاری سوڵتانن** [ ستوونی چوارەمی بەشی دووەم ] » . سەرنجی ئەوەیش بدەن کە ئەم ڕستەیەی ئوستیونگول بەدەوری تەوەرەی هەندێ لایەنی کاروباری ناوخۆی تورکیادا ئەخولێتەوەو تاقە وشەیەکی لەبارەی پێوەندی ئـەم دەستەیە بە ئیمپریالیزمی جیهانی‌یەوە تیا نی‌یە کە لەو سەردەمەدا بـە بنەمای هەر هەڵسەنگاندنێکی سیاسی دانراوە بۆ دیاریکردنی هەڵوێست لـە هەر ڕژێمێ . کەچی هەر خۆی لەولاوە ئەم بەڵگە نایابو گرانبەهاو بەقیمەتەمان بۆ ئەخاتەڕوو کە هەزار قات لە هەڵسەنگاندنەکەی منی بـۆ کەمالی‌یەکان تێپەڕ کردبووەو ، نەك هـەر ئەو ڕۆژە ، ئەمڕۆیش هـەر ڕژێمێ هەنگوێکی‌وا بنێ هەرچی پێشکەوتخوازی جیهـانە دەستی بـۆ

بەسنگەوە ئەگرن و ، هەرکەس لەرووبا ڕاست بێتەوە بە کۆنەپەرست و بەلکو بە کرێگرتەی ئیمپریالیزمی ئەژمێرن . کـورد ئەلێ : « عەقـڵ هەمیشە میوان نی یە » . ڕابەرانی سیاسی یش زۆریان لـە دیدگای بەرژەوەندی خۆیانەوە ئەڕوانن‌ە کاروباری ئەم جیهـانەو ، زۆریشیان ئاگایان لەو گۆڕانانە نی یە کە ڕۆژبەڕۆژ لـە هەر مەیدانێکا ڕووئەدەن و ، زۆری تریشیان ئەو پیـاوە توێژەرەوە وردانە نین کـە قاقەزی سپی بخوێننەوە . لەبەر ئەم هۆیانە هیچ دوور نی یە نەك هەر نازم حیکمەت ، بەلکو هەزاران کەسی تریش لە تێگەیشـتنی کرۆکی ڕاپەڕینی کـوردی تورکیاو هەڵسەنگاندنێکی وردو زانایانەیا بکەونە هەڵەی کوشـندەوە وەك کەوتن و ، کەسێك هەقی هەیە وا توندو بێ ڕەحمانە بەگـژی نازم حیکمەتا بچێ خۆی لـە ژیانیا نەکەوتبێتە هەڵـەی لەوە زەقترەوەو هەڵسەنگاندنی لەوە چەوتتری بەخۆیەوە نەدیبێ !!

بێ گومان نازم حیکمەت نامەکەی چیچێرینی بۆ مسـتەفا کەمال خوێندوەتەوەو ، بێ گومان لە بڕیارەکەی ئەنجومەنی گەورەی نیشـتمانیی تورکیایش ئاگادار بووەو ، ئەگەر نامەکەی مستەفا کەمالیش بۆ لینین بلاو کرابێتەوە بێ گومان ئەویشی خوێنـدوەتەوەو ، هەموو ئەمانەیش دەورێکی کاریگەریان لەوەدا بووە کە ئەویش ، وەك پێشکەوتخوازانی تری ئەو سەردەمەی تورکیاو جیهان ، بە چاووڕاوی ڕژێمی کۆماریی ئەو وڵاتە هەڵخەڵەتێن و ، لەئەنجامی ئەوەیشەوە بە چاوی بەدگومانی بڕواننـە شۆڕشی کوردی تورکیاو لە ناوکرۆکە دیموکراتەکەی نەگەن .

کەواتە وا لە سەردەمی لینینا ڕژێمی کەمالی مەودای ئەوەی بـە کەس نەدا پەی بە ناوکورۆکی ڕاستەقینەی سیاسـەتی بەرێ و کەسیش ناکۆکی یەکی لەنێوان ئیدیعاو گەوهەری ئەم سیاسەتەدا بەدی نەکردو ، ئەم حاڵە تا پاش کۆچی دوایی لینین درێژەی کێشا . ڕووی ڕاستەقینەی هەڵوێستی سیاسیی تورکیای کۆماری وردە وردە لـە دوا سـاڵەکانی بیست ، واتە لە سەرەتای سەردەمی سـتالینا ئەکەوێتەڕوو . لـە سەردەمی ستالینیشا هەرچی دەنگێکی ناقایل بە سیاسەتی ئەو هەبووبێ هەمووی کپ کراوەو ، چ ڕێکخراوەکانی پارتیی کۆمۆنیستی سۆڤیەت و چ بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی جیهان هەمـوو بەو بیروباوەڕە پەروەردەو گوش کراون کە ستالین ڕەنگی ڕشـتووەو ، هەرکەس دەنگی نارەزاییی دەربڕیبێ یـا سەری پان کراوەتەوە یـا ناچـاری بێ دەنگی کراوە یـا هەڵاتووەو لەدەرەوە گۆشەی تەنیاییی بۆ خـۆی گرتووە یـان کەوتووتە

کۆشی بەرەی ئەولاو سەرەنجام بە نائومێدی سەری ناوەتەوە . ستالینێ کە لەگەڵ گەلانی وڵاتەکەی خۆیاو لەژێر پەردەی سۆشیالیزم‌و ئەنتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاریادا وا جووڵابێتەوە کە لە کۆنگرەی بیستەمی پارتیی کۆمۆنیستی سۆڤیەت‌و بەتایبەتی لەم پێنج ساڵەی دواییدا پەردەی لە روو هەڵدرایەوە ، ئەبێ کێ چاوەڕوانی ئەوەی لێ بکا لەسەر پاشگەزبوونەوەی کەمالی‌یەکان لە بیروبارەڕی جارانیان بێتە دەنگ‌و لەسەر گەلی کورد بکاتەوەو بزووتنەوەکانی بە پێشکەوتخواز دابنێ ؟ لە حاڵی‌وایشا کێ بۆی هەیە چاوەڕێی ئەوەبێ ئەم ڕەشە خەڵکە بەستەزمانە زۆرتر نەخوێندەوارو ، خوێندەوار دەم‌دڕاوە لە ناوکورۆکی ڕاپەڕینی کوردی تورکیا تێ‌بگەن ؟ لەو سەردەمەدا شۆڕشەکانی تەنانەت گەلانی ڕوسیای کۆن لەدژی ڕژێمی قەیسەری بە کۆنەپەرست دائەنران‌و نوو‌سانەنی ناوچەکانی قەوقازو ئاسیای ناوەڕاست بەو ڕژێمەوە بەزۆر ، بە بڕوبیانووی ساختەی بەدیمەن پێشکەوتخواز ئەکران بە نیشانەی بڕایەتیی ئەو گەلانەو گەلی ڕووس‌و ، بۆ پاساودانی ئەم کارانە ، لەلایەن بەناو « تیووریست »ە پینەدۆزەکانی ستالینیزمەوە « بەڵگەی زانستی » سازئەکرا . جا توخوا لە ئاوو هەوای لێخن‌و تۆزاویی‌وادا ئەبێ بەرانبەر بە شۆڕشی گەلێ لەدژی ستالینێکی‌تر چی‌بووترێ ؟ مەگەر تەنها لینین لەناو تابووتی مۆمیایی‌یەکەیدا گیانی بکرایەتەوە بەبەراو ڕاست بوایەتەوەو بە دەوروبەری خۆیدا بڕوانی‌یایەو ببینیایە ستالین لەپاش ئەو ڕێ‌و شوێنەکەی ئەوی بە چ دەردێ بردووەو ، سەرلەنوێ لە ژنێڤەوە تێ‌هەڵچوایەتەوە بۆ ئوکتۆبەرێکی نوێ‌و ، سەرەتای « مافی گەلانی لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیانا » بە خاوێنی‌و بێگەردی بخستایەتەوە بەردەستی مرۆڤایەتی !

دوکتۆر کەمال بە دووری ئەزانێ ڕێی تێ‌بچێ کەسێکی وەك نازم حیکمەت بکەوێتە ژێر تەئسیری ستالینیزم‌و ، ئەم بیرەی خۆی پتر لە جارێ‌و بە چەند تەعبیری جیاجیا لە وتارەکەیا دووباد کردووەتەوە . لەم بارەوە لە سەرەتای ئەم باسەدا چەند دێڕێکم نووسی . ئیستایش ئەمەوێ ئەوەندەی لێ زیاد بکەم کە هەزاران زاناو ئەدیب‌و شاعیرو هونەرمەندی ناسراو لەم جیهانەدا بوون لە ڕیزی ئەو بەرەیەدا ئەژمێران کە ستالین خۆی بەسەریا داسەپاندبوو . بۆنموونە کەسانی وەك گۆرکی ، جۆن شتاینبك ، هاوارد ڤاست ، ئەبیتۆن سەنكلیر ، برتۆلد برێخت ، پیکاسۆ ، جۆرج ئەمادۆ ، ڕەئیف خووری ، جورج بڕناڵ ، لویس ئەراگۆن ،

مەلیکوششوعەرای بەهار ، هنری باربۆس ، جۆرج حەننا ، تیووراکیس ، عەبدوللا گۆران ، ئیلیا ئەهرەنبوورگ ، پۆل ئێلوارو زۆری‌تر ، ئەوانەیان پێش ستالین مردوون تا مردن‌و ، ئەوانەیشـــیان کەوتوونەتە دوای‌و کۆنگرەی بیستی ( پ . ك . ی . س )یان دیوە تا پاش ئەو کۆنگـرەیە ، هەموو گرەویدەی ئەو پیاوە بوون‌و بە مامۆستاو پێشەواو هاورێی هەموو پێشکەوتخوازان‌و بەشخوراوانی جیهـــانیان ئەزانی . لـــە یەکێتیی سۆڤیەتدا بنووسێکی مەزنی وەك ئەلکساندەر ڤادییێڤی خاوەنی رۆمانی ( گاردە نەوجوانەکان ) کە راپۆرتەکەی خرۆشۆڤی لە کۆنگرەی بیستدا لەبارەی ستالینەوە بیست ، خـــۆی پێ رانەگیراو دەمانچەیەکی نا بـــە کەللەسەری خۆیەوە . کەواتە هیچ سەیرو سەمەرە نی‌یە ئەگەر کەسانێکی وەك نازم حیکمەتیش ، کە وەك دوکتۆر کەمال خۆی ئەیگێرێتەوە ، لـــە زیندانێکی تاریك‌و نووتەکا کە نە باڵداری ئەگەیشتێ‌و نە ناڵدار ، لـــە رێگای زیندانی‌یە کوردەکانەوە کتێبی « باسەکانی لینینیزم »و « بنەماکانی لینینیزم »ی ستالینیان دەسگیر ئەبوو زاخاوی بیری مارکسی – لینینیی خۆیانی لە ژەنگی دووری لە ژیانەوە پێ بدەنەوە ، ئەڵێم هیچ ســـەیرو سەمەرە نی‌یە کەسانێکی وەك نازم حیکمەتیش لە ریزی ئەم کاروانەدا بن‌و لە رەت لایان‌نەدابێ .

لێرەدا بە بێ‌جێیی نازانم رووی دەمی پرسیارێکی ســـادە بکەمە دوکتۆرو بڵێم : کەس نا ، ئەو زینـــدانی‌یە کوردانە کـــە دیارە ئەبێ زانیبێتیان ئەو کتێبانە چین بـــۆ هاورێکانی نازمیان ئەهێنان بۆ زیندان ، بشێ لەئاست ئەو مەسەلەیەی خۆیانا کە بۆی هاتبوونە زیندان ، ئەوەندە کەمتەرخەم بووبن گوێیان بەوە نەدابێ ئەم زینـــدانی‌یە تورکانەی ئەوان کتێبی ستالینیان بۆ دێنن ، هەر ئەوانەن دوکتـــۆر لـــە وتاری جاری پێشـــوویا لەبارەیانەوە وتی : « دەردو ئازاری برا کوردەکانیان جارێك نەبزواندووە »و ، ئەم حوکمە نارەوایەی کـــە تەنانەت هەستی ئینسانیی رووتیش پێی قایل نابێ ، چەند جاری‌ترو بە چـــەند جۆری‌تریش لەو وتارەی‌و لە وتارە دوایی‌یە بێ‌ناوونیشانەکەیشیا دووباد کردووەتەوە .. ئەمانە بە چ دڵێکەوە کتێبی ستالینیان بۆ ستالینی‌یەکانی زینـدانەکانی تورکیا ئەهێنا [ ستوونی سێهەمی بەشی دووەم ]و ، لێیان نەئەپرسین : ئەرێ هاورێیان ! ئەوە ئێوە بۆ لەئاست ئێمەو گەلە کڵۆڵەکەمان ئەوەندە دڵرەق‌و بێ‌ویژدان‌و بێ‌بەزەیین ؟!

زۆر پێخۆشحاڵ ئەبم دوکتۆر کەمال کە سبەینان زوو لە سەعات چوارەوە هەڵئەسێ بۆ کاری زانستی [ و ئەمەی کە لە خۆیم بیستووە بە هەموو شانازی‌یەکەوە بۆ ئەگێڕمەوە ئەگەر خراپی لێک‌نەداتەوە ] ، ئا لەو سەباحی ـ کوردواتەنی ـ ساڵحانەدا ، لەو هەوای خاوێن‌و بێگەردی پێش هاتنە دنیای سبەینێ‌یەکی نوێدا ، بیرێ بکاتەوەو ، لە دەروونی خاوێنی خۆیا لێکی‌بداتەوە : ئاخۆ لەگەڵ زانست‌و ویژدانی زیندوو ئەگونجێ‌و ڕەوایە لەئاست ئەو خەباتکارانەی ڕێگای ئازادی‌و دیموکراسی بۆ هەموو گەلانی تورکیا ـ ئەوەندە بێ‌ئینسافانە بێتە کایەوە ؟

من ، دڵسۆزانە ، پێشنیا بۆ دوکتۆر ئەکەم موتاڵایەکی هەندێ لەو سەرچاوە ڕووسی‌یانە بکا کە باسی نازم حیکمەت‌و خەباتی گەلانی تورکیایان تیایە چونکە لەوانەیە لە ڕێگای ئەم موتاڵاوە هەندێ ڕاستیی بۆ دەرکەوێ کە تائێستا پێی نەزانیبن . ژیان هەمیشە دەرفەتی ئەوەی تیایە پیاو زۆرتری تیا بۆ دەرکەوێ‌و زۆرتری تیا بزانێ‌و ، گەڕانەوەیش لە هەڵە ئەگەر بۆ هەرکەس کردەوەیەکی بەرزو پیرۆز بێ ، بۆ زانا سەد ئەوەندە بەرزو پیرۆزە ، چونکە زانا ئەبێ لە هەرکەس زیاتر بەدووی ڕاستیدا بگەڕێ ، لەبەرئەوە کە کەرەستەی هوشیار بوونەوەو بیرڕوونی ئەخاتە بەردەستی جەماوەرو ، دیاریشە زۆر ستەم‌و بەرپرسی‌یە کەرەستەی هەڵەیان بخاتە بەردەست .

* * *

دوکتۆر کەمال منی بەوە تاوانبار کردووە کە « **ئەو بەیت‌و بالۆرەم زیندوو کردووەتەوە کە بە زوڵم دراوەتە پاڵ بزووتنەوەی کوردایەتی بەگشتی** [ من بە تاقە وشەیەك چی‌یە لە وتارەکەما لە بزووتنەوەی کوردایەتی بەگشتی نەدواوم ـ م ] **و بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستانی تورکیا بەتایبەتی** [ ستوونی سێهەمی بەشی یەکەم ] » . بەڵگەی دوکتۆر کەمال بۆ ئەم تاوانبار کردنەم ئەوەیە کە نووسیومە :

« لە سپاچارەیی کوردا ، سەرکردایەتیی بزووتنەوەکەی بە دەستی کەسانێکەوە بوو هەندێکیان ئایدیۆلۆژی‌یەکی ئایینی‌و سۆفیانەی بە کۆنەپەرست دراوە قەڵەمیان هەبوو لە تورکیای نوێی عەلمانیداو ، تەنانەت بە لایەنگری خەلافەتی ڕزیوو کۆنەپەرستی عوسمانی دائەنران ، بەرانبەر بە ڕژێمێکی کۆماریی تازە بابەت‌و ،

زۆر پێ‌خۆشحاڵ ئەبم دوکتۆر کەمال کە سبەینان زوو لە سەعات چوارەوە هەڵئەسێ بۆ کاری زانستی [ و ئەمەی کە لە خۆیم بیستووە بە هەموو شانازی‌یەکەوە بۆ ئەگێرمەوە ئەگەر خراپی لێك‌نەداتەوە ] ، تا لەو سەباحی ـ کوردواتەنی ـ ساڵحانەدا ، لەو هەوای خاوێن‌و بێگەردی پێش هاتنە دنیای سبەینێ‌یەکی نوێدا ، بیرێ بکاتەوەو ، لە دەروونی خاوێنی خۆیا لێکی‌بداتەوە : ئاخۆ لەگەڵ زانست‌و ویژدانی زیندوو ئەگونجێ‌و ڕەوایە لەئاست ئەو خەباتکارانەی ڕێگای ئازادی‌و دیموکراسی بۆ هەموو گەلانی تورکیا ـ ئەوەندە بێ‌ئینسافانە بێتە کایەوە ؟

من ، دڵسۆزانە ، پێشنیا بۆ دوکتۆر ئەکەم موتاڵایەکی هەندێ لەو سەرچاوە ڕووسی‌یانە بکا کە باسی نازم حیکمەت‌و خەباتی گەلانی تورکیایان تیایە چونکە لەوانەیە لە ڕێگای ئەم موتاڵاوە هەندێ ڕاستیی بۆ دەرکەوێ کە تائیستا پێی نەزانیبێ . ژیان هەمیشە دەرفەتی ئەوەی تیایە پیاو زۆرتری تیا بۆ دەرکەوێ‌و زۆرتری تیا بزانێ‌و ، گەڕانەوەیش لە هەڵە ئەگەر بۆ هەرکەس کردەوەیەکی بەرزو پیرۆز بێ ، بۆ زانا سەد ئەوەندە بەرزو پیرۆزە ، چونکە زانا ئەبێ لە هەرکەس زیاتر بەدووی ڕاستیدا بگەڕێ ، لەبەرئەوە کە کەرەستەی هوشیار بوونەوەو بیرڕوونی ئەخاتە بەردەستی جەماوەرو ، دیاریشە زۆر ستەم‌و بەرپرسی‌یە کەرەستەی هەڵەیان بخاتە بەردەست .

★ ★ ★

دوکتۆر کەمال منی بەوە تاوانبار کردووە کە « **ئەو بەیت‌و باڵۆرەم زیندوو کردووەتەوە کە بە زوڵم دراوەتە پاڵ بزووتنەوەی کوردایەتی بەگشتی** [ من بە تاقە وشەیەك چی‌یە لە وتارەکەما لە بزووتنەوەی کوردایەتی بەگشتی نەدواوم ـ م ] **و بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستانی تورکیا بەتایبەتی** [ ستوونی سێهەمی بەشی یەکەم ] » . بەڵگەی دوکتۆر کەمال بۆ ئەم تاوانبار کردنەم ئەوەیە کە نووسیومە :

« لە سپاچارەیی کوردا ، سەرکردایەتیی بزووتنەوەکەی بە دەستی کەسانێکەوە بوو هەندێکیان ئایدیۆلۆژی‌یەکی ئایینی‌و سۆفیانەی بە کۆنەپەرست دراوە قەڵەمیان هەبوو لە تورکیای نوێی عەلمانیداو ، تەنانەت بە لایەنگری خەلافەتی ڕزیوو کۆنەپەرستی عوسمانی دائەنران ، بەرانبەر بە ڕژێمێکی کۆماریی تازە بابەت‌و ،

دوکتۆر کەمال مێژوونووسە . مێژوونووسیش — ئەگەر ڕاستگۆ بێ — ئەوە ئەگێڕێتەوە کــە ڕوویداوەو ، ئەگەر زانایش بێ بە تاووتوو کردنی سەرچاوەو بەراورد کردنیان نهێنیی‌یە شارراوەکان دەرئەخاو درۆ باوەکان ڕسواو ، ئەگەر شارەزاییی ســیاسیو کۆمەڵایەتی‌یشی ببێ ، ئەتوانێ ڕازی ڕووداوەکان لێکداتەوەو بگاتە ئەو ئەنجامە کــە فڵانەشت بۆ وا بوو و ســوودی هەر لایەك لــە چیدا بوو و کێ نوماینــدەی کام مەسلەحەت بوو .

جا ئەگەر لەجیاتیی تاوانبار کردنو بەدناو کردنی من لەسەر خستنە ڕووی تابلـۆی هێزە سیاسی‌یە بەشدارەکانی کێشــەی نێوان کــوردو کەمالی‌یەکانی سالآنی بیستی تورکیاو گێڕانەوەی هەڵسەنگاندنی بەرەی پێشکەوتخوازی جیهان بۆ بەرەی کورد لەو کێشەیەدا ، بهــاتایە بۆی ڕوون کردینایەتەوە ئەو هێزە کۆمەڵایەتیو سیاسی‌یانە کامە بوون لــە بەرەی کوردەوە کە لە کێشــەکەدا بەشدار بوونو چ ئایدیۆلۆژی‌یەکیــان هەبوو و چ دروشمێکیان هەڵگرتبوو و دوژمنەکانیان کێ بوونو چی‌یان ئەویستو چی‌یان ئەوتو ، بۆچی ئەوانەی کــــە ئەبوو بەپێی مەنتیقی لایەنگرتنی مافی گەلان لە دیاری‌کردنی چارەنووسی خۆیانا لایەنی کوردیان بگرتایە نەیانگرتو ، قورساییی خۆیان خستە پاڵ دوژمنەکانی کورد — بەوە خزمەتی زانستو مەوزووعی‌یەتو گــەلی کوردیشی ئەکردو ، ئەگەر منیش کەوتبمە هەڵەیەکەوە بۆی ڕاست ئەکردمەوە . جەماوەری کورد لە هەموو حاڵێکا سوود هەر لە ڕاستیو زانینی ڕاستیو لە پێش چاو دانانی ڕاستی وەرئەگرێو ، قسەی پڕ لە کەفوکوڵی بە ڕووکەش نەتەوەیی‌و پێشــــکەوتخواز کــــە پاش ماوەیەکی کەم ئەنیشــــێتەوەو دائەمرێتەوە ، هەرگیز سوودی نە بـۆ کوردو نە بـۆ غەیری کوردیش نەبووەو هیچ ڕەنگێکی نەداوەتەوە ..

بە هەرحــــاڵ من زۆر لەوە سەرسام کــــە دوکتــۆر کەمالی مێــژوونووس ئـــەیـــەوێ چۆنیـــەتیی پێکهـــاتنی کۆمەڵایەتیو بـیری سەرکردایەتیی ڕاپەڕینی کوردســـــتانی تورکیا بکا بە ژێر لێـــوەوەو ، بەگوێرەی ئارەزووی ئەم سەردەمەی خۆی هەڵیسەنگێنێ ، ئەویش تەنها بە چەند وشەیەکی نەتەوەپەرستانەی تێکراییی . بۆچوونێکیوا زیانێــکی گەلێ قورس بە مێژووی ئێستایشمان ئەگەیەنێو ناهێڵێ بەرپێی خۆمان بەباشی ببینینو ، پەردە بە ڕووی کەم‌وکورتی‌یەکانی نــاو سەرانسەری بزووتنەوەی نەتەوەییی کوردا دێنێو ، لام دوور نی‌یە مەبەست لــەم

جۆره بۆچوونه پاساودانی کەموکورتی‌یەکانی ئەم چەرخەی دوایشمان بێ کە ئەگەر دەستی بخرێتە سەر زۆر کەس ئەگرێتەوە ، تا ئەوەی داکۆکی بێ لە شێخ سەعیدی شەهیدو هاورێکانیو راپەرینەکەیان .

بکەرێینەوە بۆ بابەتی حوکمی نارەوا دانی من بەسەر راپەرینی سالانی بیستی کوردی تورکیادا کە دوکتۆر کەمال بە ناحەق داویەتە پالم . ئەو چەند رستەیەی من نووسیومنو دوکتۆر لە وتارەکەیا بە لووتو گوێ براوی گواستوونیەوە ناو وتارەکەی خۆیو کردوونی بە بەلگەی تاوانبار کردنم ، بە هیچ جۆرێ بیرو رایەکی سەلبی ناگەیەنن لە منەوە لەئاست ئەو راپەرینەو رابەرانی . من کە وەسفی ئایدیۆلۆژیی ئایینیو سۆفی‌یانەی ئەو رابەرانەم وا کرد کە « بە کۆنەپەرست درابوونە قەلەم » ، ئەوە بێ‌پێچوپەنا وا ئەگەیەنێ من نا ، بەلکو لایەنێکیتر بە کۆنەپەرستی داونەتە قەلەم . ئەو لایەنەیش هەر ئەو لایەنەیە کە دوکتۆر شانازی بەوەوە ئەکا کە ئەو لە ١٩٦٣دا ، واتە پاش نزیکەی ٤٠ سال توانیویە هەلەیان دەربخاو بێیانخاتەوە سەر رێی راستو ئەلێ : « **چارەکە سەدەیەك ئەبێ لە سەرانسەری ئەو ولاتەدا مێژوونووسێك نابینی ئەم قسانەی ئێستای کاکە حەمە بکات** [ ستوونی سێهەمی بەشی یەکەم ] » .

یا ئەگەر من لەبارەی ئەم رابەرانەی راپەرینی کوردی تورکیاوە وتبێتم بە لایەنگری خەلافەتی عوسمانی دائەنران ، ئەوە مەعنای وا نی‌یە من وایان دائەنێم . من لەم رستەیەدا هەلسەنگاندنی کەسانیتر ئەگێرمەوەو ، ئەمەیش لای هەرکەسێ چەردەیێ تێگەیشتنی هەبێ ئاشکراو روونەو ، ئەوەی ئەم جۆرە رستانە وا لێکبداتەوە کە واتە من خۆم رام وایە ، ئەوە بە زۆری زۆرداری ئەیەوێ شتێکم بەسەرا بسەپێنێ کە هیچ پێوەندی‌یەکی بە منەوە نی‌یە .

من لەو رستانەما کە دوکتۆر کەمال کردوونی بە بەلگەی بە کۆنەپەرست دانانی راپەرینی کوردی تورکیام ، هاتووم بارو دۆخی زاتیو مەوزووعیی ئەو راپەرینەم لێکداوەتەوەو هۆیەکانی دوورەپەرێز کەوتنی لە هاوسوێنە سروشتی‌یەکانیم یەکالا کردووەتەوەو ، ئەوەی نووسیومە راستو دروستە . من لەو لێکدانەوەمدا دەرمبریوە کە ئەو بارو دۆخە بە هیچ کلۆجێ کرۆکی مەسەلەکەی نەئەگۆری ئەگەر ئەو پێشکەوت خوازانەی جلەوی هەلسەنگاندنی بزووتنەوەکانی گەلانی ولاتانی موستەعمەرەو شوێن کەوتوویان بەدەست بوو ، باری سەرنجێکی لە

مێژوو گەیشتوویان بوایەو بێ‌یانفامی‌یایە لە وڵاتانی پاشکەوتوودا مومکین نی‌یە سەرکردایەتیی شۆڕش بە دەستی کەسانێکەوە بێ لەناو کورۆکی گەلەکەیانەوە هەڵنەقوڵابن‌و لـە جـۆری هەڵسووڕان‌و بیرکردنەوەیەوە دوور بن . لەبەرئەوە واقیعی کۆمەڵایەتیی کوردستانی تورکیا لەوەندە زیاتری لەبارا نەبوو کـە سەرکردایەتی‌یەکی وەك سەرکردایەتیی شێخ سەعیدو هاوڕێکانی بۆ ڕاپەڕینی کورد بێنێتە مەیدانەوە .

زانست‌و مەوزووعی‌یەتی زانستی لای دوکتۆر کەمال لە وتارەکەیدا گەیشتووەتە ڕادەیەك بزووتنەوەی کوردی تورکیا ئەکا بە بزووتنەوەیەك لە جیهانێکا ڕووی‌دابێ ئیمپریالیزمی بۆ خۆیی چێشتیش تیا نەبووبێ ، یـا ئەگەر بوویشبێ بووبێ بە لایەنێکی بێ‌تەماعی دەسـت نەگەیشـتووە ڕۆژهەڵات‌و ، ئەوە لە بیری خۆی ئەباتەوە کە لە دەیان ساڵ بەر لە ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی‌یەوە پیاوانی ئیمپریالیزم لـە هەموو جـۆرە سیماو بەرگێکا ، لە سەرانسـەری کوردسـتان‌و تورکیاو ئێران‌و وڵاتانی عەرەبسـتاندا تەڕاتێنیان کردوەو دراویـان بەشـیوەتەوەو نۆکەریـان گرتووەو ئاژاوەیان بە ئاشکراو بە دزی‌یەوە ناوەتەوەو ، ڕێگا بە خـۆی ئەدا ، بە هەموو دڵپاکی‌یەکەوە ، بنووسێ :

**(( ... کاکە حەمەی کورد دەربارەی ڕاپەڕینی شـێخ سەعیدی پیران کە بۆ کوردو لەپێنـاوی کوردا بوو ، دەڵێ : (( کەم‌و زۆر جـۆرە دەست تێوەردانێکی ئیمپریالیستەکان لـەو بزووتنەوەیەی کوردا لـە بەرچاو بوو )) . ئەوەندەی من بیزانم کاکە حەمەی کورد تاکە کوردە لـە سەرانسەری کوردسـتاندا ڕێگەی بە خـۆی دابێ قسـەی‌وا بە سەرکردایەتیی یەکێك لە ڕاپەڕینە هەرە گەورەکانی کورد بڵێ کە خوێنی لـە چاوو دڵی هەموو کوردێکی دڵسۆزی وەك پیرەمێرد تکاند(٣) . هەر لەبەر ئەوەش زۆر دەترسم خوانەکەردە ڕەگەز پەرسـتانی تورك بەم هەڵسەنگاندنە نارەوا نازانستی‌یانەی کاکە حەمە بزانن چونکە ئەوان تـا ئەمڕۆش بە چرای ڕۆن گەرچەکەوە بەدووی شـتی وادا ئەگـەڕێن**
[ ستوونی چوارەمی بەشی یەکەم ] )) .

نازانم ئێمە خەریکی گفتوگۆی سـیاسی‌و زانستی‌و مێژوویین ، یا خەریکی گاڵتە کردنین بە نیشتمانپەروەریی یەکتر ؟

خەریکی زانستین یا خەریکی شـیعر وتن‌و سـۆزی شاعیرانە دەربڕین ؟

خەریکی ڕاستی وتنین یا خەریکی قسە هەڵبەستنین بەدەم یەکەوە ؟
لێکۆڵینەوەی زانستی‌یانە وا نەبێ ، ئەبێ چۆن بێ ؟!
مەوزووعی‌یەتی عیلمی وا نەبێ ، ئەبێ چۆن بێ ؟!
تێکەڵ کردنی زانستو سۆز وا نەبێ ، ئەبێ چۆن بێ ؟!

بەر لە هەرچی ئەمەوێ ڕووی دەمی پرسیار بکەمە دوکتۆر کەمالو بڵێم : ئەگەر هاتو ڕاست بوو ئیمپریالیزم توانیبووی بەو هەموو سامانی فێڵو فەرەجەی کە خۆی کردووەتەوە دەست تێوەردانێکی ، بە هەر جۆرێ بووە ، لە ڕاپەڕینی کوردی تورکیادا ببێ ، ئەبێ چ ناکۆکی‌یەك لە نێوان ئەوەو ئەو ڕاستی‌یەدا ببێ کە ڕاپەڕینەکە بۆ کوردو لەپێناوی کوردا بووە ؟ ئەمە دنیایەو سیاسەتەو زۆرانبازی‌یە لەسەر مەسلەحەت . کورد بۆ هەقی خۆی ڕاپەڕیوەو لەگەڵ تورکیا لە کێشەدا بووە . هەر لەو کاتەدا ئینگلیزیش کێشەیەکی لەگەڵ تورکیا بووە . کەواتە بۆ هەوڵ نەدا کەڵك لە تێکۆشانی کورد دژی تورکیا وەرگرێ بۆ قازانجی خۆی ؟ یا چیی تیایە ئەگەر کورد بی‌یەوێ کەڵك لەم کێشەی تورکیاو ئینگلیزە وەرگرێ بۆ سوودی خۆی ؟ ئیستاش بەشی زۆری دەوڵەتانی جیهان لەسەر بنەمای ( دوژمنی دوژمنم دۆستمە ) هەڵئەسووڕێن .

ئەنجا من چیم وتووە بە سەرکردایەتیی ڕاپەڕینی کوردی تورکیا ؟ دوکتۆر ئەتوانێ دەسنیشانی بکا چیم وتووە ؟ بێگومان نەء ، چونکە هیچم نەوتووە . ئەی چۆن وەڵامی خۆی ئەداتەوە ؟ خۆی ئەزانێ . ئەگەر ئیمپریالیزمێ جۆرە دەست تێوەردانێکی لە ڕاپەڕینێکا ببێ ، بۆ ئەبێ ئەو جۆرە دەست تێوەردانە ، بەناچاری ، هەر لە ڕێگای سەرکردایەتیی ئەو ڕاپەڕینەوە بووبێ ؟ یا بۆ ئەبێ ئەو دەست تێوەردانە بەمەعنای نۆکەرایەتیی ئەو ڕاپەڕینە یا سەرکردایەتی‌یەکەی بێ ؟ خەڵکینە ! بۆخوا مەنتیق بۆ کوێ باری کردووەو چیی بەسەر هاتووە ؟ دەسم بە دامێنتان !

ئەنجا ئەبێ چ پێوەندێکی زانستی لەنێوان ئەم دوو شتەدا ببێ کە کوردانێکی دڵسۆزی وەك پیرەمێرد خوێن لە چاوو دڵیان بتکێ بۆ ڕاپەڕینێکی وەك ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیرانو ، ئینگلیزیش بی‌یەوێ کەڵك لەم ڕاپەڕینە وەربگرێ بۆ سوودی خۆی ؟ تۆ بڵێی خوێن لە چاوو دڵ تکانی کەسانێکی وەك پیرەمێرد ، وەك ( بسم الله الرحمن الرحیم ) شەیتانی مەلعوونی ئیمپریالیزم لە گیانی ڕاپەڕینی کوردی تورکیا دوورخاتەوە ؟

هەرچی ترسی ئەوەیشـــە کە ڕەگـەز پەرســـتانی تورکیا بەم هەڵسەنگاندنە نارەوا نازانستی‌یەی من بزانن‌و بیقۆزنەوە ، ئەوە لــە توانی فەقێ‌یەکی بە نانەڕەقەی مزگـەوتان پەروەردەبووی قوتابخـــانە نەدیوی وەك منا نی‌یە بزانێ چ مەترسی‌یەکی بۆ دوارۆژی مێژووی کوردو کوردستان بەدەمەوەیە ، باشتر وایە دوکتـــۆر خـــۆی بە ترازووی لێکۆڵینەوەی زانستی‌و مەوزووعی‌یەتی عیلمی سەنگ‌و سووکیی بکا ..

ئەمجا با بگەڕێینەوە بۆسەر ئەسڵی مەتڵەب ..

زۆر خۆش بوو ئەگەر دنیا بەوجۆرە بوایە کـــە دوکتۆر کەمال تەصەوری ئەکاو ئیمپریالیزم هەر لەدوورەوە هەڕەشەو گورەشەی خۆی بکردایەو نەیتوانی‌یایە نزیك بێتەوەو دەست بخاتە کاروباری گەلانو ، ڕاپەڕینی کوردی تورکیای ســـاڵانی بیســـتیش دوور بوایە لە دەســـت تێوەردانێکی کـــەم‌و زۆری . بەڵام دنیا هەرگیز بە خۆزگـــەو ئاوات بەڕێوەنەچووەو ، ئیمپریالیزمیش ئەو شێرە بەفرینەیە نەبوە کلکی لــە هەمووڵا تۆز نەکات . لەو ڕۆژەوە ســـەرمایەداری پێی ناوەتە قۆناغی ئیمپریالیزمەوەو تا ئیستایش‌و ، ئەتوانم بەجەختەوە بڵێم بەتایبـــەتی بەوپەڕی بەربڵاوی‌یەوە ئیستا ، لە هەر کاروبارێکی بایەخداری جیهـــانا جێ‌پەنجەی بەئاشکرا دیارەو ، لەلایێ ئاشی ئەگەڕێ‌و ، لە لایەکی‌تر جووتی ئەگەڕێ . جـــا ئیتر با هەر دوکتۆر کـــەمال لەبەر دڵپاکیی خـــۆی ئەمە نەبینێ ، یا لەبەر سۆزی بەکوڵی نەتەوەیی ڕێگا بە خۆی نەدا بە ڕەوای بزانێ ئیمپریالیزم دەستی گەیشـــتبێتە ناو بزووتنەوەی کـــورد . کام بزووتنەوەی کورد بووە لە سەرەتای ســـەدەی بیستەمەوە دەســـتی ئیمپریالیزمی کەم‌و زۆر پێ نەگەیشتبێ یا ئیمپـــریالیزم بەرهەڵســـتی نەکردبێ ؟ یان ئەبێ ئیستایش ئێمە هەر سەری خـــۆمان بکەین بەژێر خۆڵەوەو خۆمان بکەین بە نووستوو و مەودای بینین لە خۆمان بگـرین‌و ئیتر ئیمپریالیزم چۆن کارمان تێ‌ئەکا گوێی نەدەینێ ، ئارەزووی خۆیەتی ! مایەی بەختەوەری نا ، مایەی نەگبەتی‌یە بۆ کورد ئەگەر کوردێك پێش من تا ئیستا نەیوتبێ ئیمپریالیزم ــ کە لە سوودی خۆی بەولاوە هەرگیز هیچی مەبەســـت نەبوەو نی‌یە ــ کـــەم‌و زۆر دەســـتی وەرنەداوەتە بزووتنەوەکانی کوردی تورکیا ( یا کوردی هەر کوێ‌یەکی‌تر ، یـــا هەر گەلێکی‌تر ) . ئەوە نیشانەی لە دنیا نەگەیشتن‌و دواکەوتنی هوشیاریی سیاسی‌یە . شوورەییش نی‌یە بۆ کەسمان دڵمان لەگەڵ بزووتنەوەیەك بێ ، کـــە وەك بزووتنەوەیەکی بەدادەو بۆ ئازادی‌و سەربەخـــۆیی‌و

دیموکراسی بۆ گەلەکەی تێ ئەکۆشێ ، لـــە هەمان‌کاتا ئیمپریالیزمیش بەگوێرەی سروشتی خۆی هەوڵی‌دابێ جێ‌پێ‌یەکی تێدا بکاتەوە . ئەوە دیالەکتیکی ژیانەو سروشتی کێشەی دژبەیەکانە . وەك بزانم غاندیی پێشەوای هیندە وتوویەتی ئەگەر دوو ماسی لە دەریادا بچـن بەگژی بەکا پەنجەی ئینگلیز [ ئیمپریالیزم ]ی تیایە . دیارە ئەو ئەم قسەیەی بـۆ دەرخستنی ڕادەی کارتێکردنی ئیمپریالیزم لە کاروباری جیهـــانا کردووە ، بەڵام بە هەرحاڵ بنیادەم ئەبێ ئەوەندە دڵساف نەبێ وابزانێ لە جیهانێکا کە هێشتا ئیمپریالیزم دەســـەڵاتێکی زۆر گەورەو بەڵکـــو گەورەترین دەسەڵاتی تیا بەدەستەوەیە ، کارێك لەم جیهـــانەدا ڕووئەدا بە ئابی یا بە نایی ئەو نەبێ بە سەرێکی .. ئەم ڕاستی‌یە هەرگیـــز بەوە ناگۆڕی کـــە دوکتۆر وەك خۆی ئەیگێڕێتەوە [ ستوونی چوارەمی بەشی یەکەم ] دنیا بێنێتە سەیری قوتابی‌یەکی کلۆڵی ماجستێر کە بە حەق یـــا بە ناحەق لە کۆڕی ( لێکۆڵینەوەی زانستی‌و زانکۆیی ! )دا ڕایەکی وەك ئەم ڕایەی منی دەربڕیبێ . کرۆکپ‌بوونی ئەو قوتابی‌یە بەدبەختە ، بێ‌گومان ، ئەنجامی ئیقناع بوونی نی‌یە بەوە کە دوکتـــۆر لەسەر حەقە چونکە توانیبووی ، بێ‌هیچ گوێدانە پێرەوێکی ئازادیی باس‌و لێکۆڵینەوە ، دنیای لە بەرچاوی ئەو هەموو مامۆستاو لیژنەی گفتوگۆ لەگەڵ کردن‌و قوتابی‌یانی خوێندنی باڵاو کەسوکاری نەگبەتیە کە هاتوون بەخێـــریەت بەشداری ئاهەنگی بەڵگەنامەی ماجستێر وەرگرتنی کـــوڕەکـــەیان بن ــ بێنێتە سەرو سەیر .. بەپێچەوانەوە شتی‌وا ئەگەر مەعنایەك بگەیەنێ هەر ئەوەیە کە دوکتۆر چـــەند بەتەنگ ئازادیی بیرو باس‌و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی‌یەوەیەو چۆن هەمیشە ئامادەیە بە چەکی دنیا هێنانە ســـەرو سەیر دەنگی هەر خاوەن ڕاو بیرێ کپ بکاو ، لەلایەنی قوتابی‌یەکەیشەوە ئەوە ئەگەیەنێ کە دڵنەیەشاندنی مامۆستاکانی‌و وەرگرتنی ماجستێرەکەی لە هەزار باس‌و لێکۆڵینەوەو ڕاستیی مێژوویی لا بەبایەخترەو ، با خواوەند خۆی فریارەسی ئازادیی بیرو بۆچوونی ئەکادیمی بێ ! دوکتۆریش ئەگەر ئەیەوێ شانازی بە هەڵوێستی‌واوە بکا ، باشترە لە دەرەوەی حەرەمی جامیعەدا بیکا .. کوردایەتیی‌وا کوردایەتیی ئەم سەردەمە نی‌یە کە تازە ئیتر زۆر زەحمەتە جەماوەر بە هەموو شتێ بخەڵەتێ‌و هەموو ڕاســـت‌و چەوتێکی بەسەرا گوزەر بکا ..

کرۆکی مەسەلەکە ئەوەیە ئاخۆ ئەو بزووتنەوەیەی لەئارادایە ، لـــە جەوهەردا ئازارو ئاواتی گەل دەرئەبڕێ یا نەو ، ئەگەر سـەرکەوێ ئـــەو

گەلە هەنگاوێ لە جیهانێکی پڕ لە هاوسانیو بەختەوەری نزیك ئەخاتەوە یا نەو ، دەوری لە بۆپێشەوە بردنی خەباتی تێکڕای گەلانی مرۆڤایەتیدا بەرەو ئازادیو بەختەوەری چی‌یە . ئیتر ئەوە هیچ بایەخی نی‌یە کێ لە چاكو لە خراپ ئەیەوێ شتێکی پێ بپچڕێ بۆ خۆیو مێخێك بە دیوارەکەیا داکوتێ شتێکی خۆی پیا هەلواسێ ..

لەم مەیدانی هەلسەنگاندنی ڕاپەڕینی کوردی تورکیایەدا پێم‌خۆشە ئەو قسـانەی جەواهیر لال نەهرۆ بگێڕمەوە کـه لـه کتێبی پڕبەهای (چاوگێرانێ بە مێژووی جیهانا )کەیا لەبارەی ئەم ڕاپەڕینەوە نووسیویە ، هەرچەندیش ناتوانم بیکەم بە بەلگە بۆ ڕاستیی بۆچوونەکەی خۆم . نەهرۆ نووسیویە ئەلێ :

« لە سالی ١٩٢٥دا لە ناوچە کوردنشینەکانی تورکیادا شۆڕشێکی گەورە دەستی پێ‌کرد . ئەم شۆڕشە ڕەپوڕاسـت لەو سەردەمەدا ڕووی‌دا کە ناکۆکی لەنێوان ئینگلیزو تورکیادا لەسـەر مووسل دەستی پێ‌کرد . ناوچەی مووسل ناوچەیەکی کوردنشـین بوو ، پێوەندی بـه ناوچە کوردنشینو شۆڕشگێڕەکانی تورکیاوە هەبوو . ئاشکرایە تورکەکان وایان بیر ئەکردەوە کەوا شـۆڕشی کوردەکان بە فیتی ئینگلیزەکانەو ، نۆکەرانی ئینگلیز پیاوە ئایینیو کەللەڕەقەکانی کورد لەدژی ڕیفۆرمەکانی کەمال پاشا هان‌ئەدەن . لـە ڕاستیدا هەرچـەندە دەولەتی ئینگلیز پشتیوانیی لە شۆڕشی کورد کردو لایەنی‌گرت ، ناتوانرێ بووترێ نۆکەرو جاسووسی ئینگلیز دەسیان لەم شۆڕشەدا بووە . گـومانی تیا نی‌یە دەمارگیریی ئایینی لە دەست‌پێ‌کردنو بەدیهێنانی ئەم شۆڕشەدا کاریگەر بووە ، بەلام ئاشـکرایشە ئارەزووی نەتەوەییی کـوردەکانیش کارێکی زۆری تیادا بووەو ، لەوانەیە کارای نەتەوەیی بەهێـزترو کاریگەرتر بووبێ(٤) » .

مەبەستم لە گێڕانەوەی ئەم لێکدانەوەیەی نەهرۆ بەلگە هێنانەوە نی‌یە بۆ ڕاستیی بۆچوونەکەی خۆم ، چونکە ، وەك دیارە ، هەرچـەند بڕگەی‌وایشی تیایە بۆ پشتگیریی بۆچوونەکەم دەس‌بدا ، لـە هەموو ڕوویەکەوە لایەنم ناگرێ . مەبەستم بەراورد کردنیە لەگەل لێکدانەوەی درێژخایەنی کۆڕو کۆمەلە ڕەسمیو زانستی‌یەکانی سۆڤیەتو دەرخستنی ئەوەیە کـە نەهرۆ ، لەگـەل مەودای تەسـکی ئـەو سـەردەمەی دەسگەیشتنیشیا بە سەرچاوە ، وەك تاقە مرۆیەکی زیندانی ، گـەلێ گەلێ لە تێکڕای ئەوان ، بەو هەموو بەربلاوی‌یەی سنووری ئاگاداری‌یان

لە نهێنییەکانی کارو ، بەو وردبینی کاریگەری تیووریەوە کە بەدەستیانەوە بووە ، ئەگەر گیانلەبەرانە بەکاریان بهێنایە ــ ڕاستترو واقیعبینتر بووە .

بەڵام لەگەڵ ئەم ڕاو بۆچوونەی نەهرۆیشا ، هەر لامانوایە بۆمان هەیە ، پشت بە مەنتیق و قانوونی کێشەی کۆمەڵایەتی و داکۆکی کردن لە مەسەلەحەت ، بەجەختەوە بڵێین لەڕاستیدا ، وەك مێژوو بەدرێژایی سالانی کێشەی جووڵانەوەی نیشتمانی لەدژی دەسەلاتی ئیمپریالیزم دەری خستووە ، مەگەر چۆنها جووڵانەوەیەکی نیشتمانی لە وڵاتێکا ڕووی دابێ و ئیمپریالیزم نەیتوانیبێ کەم و زۆر دەستی خۆی بگەیەنێتێ و ، چەند دزدەسەکێکی خۆی تیا دەسنێژ نەکردبێ ئەوەندەی پێیان بکرێ بۆ شێواندن و لەخشتەبردنی و بۆ جێگیر کردنی سوودی ئەو تیایا هەوڵبدەن .

بەش بەحالی تورکیایش لەم کێشەیەدا پشتیوانی کردنی گەرم و گوڕی دەوڵەتی سۆڤیەت لە ڕاپەڕینی مستەفا کەمال بۆ دەرکردنی داگیرکەران لە خاکی نیشتمانەکەی و پێوەندی بەتینی نێوان هەردوو دەوڵەتی سۆڤیەت و تورکیا لە سەردەمی لینینا ئیمپریالیزمی خستبوە ترسی ئەوەوە کە تورکیا ڕێگەکەی سۆڤیەت بگرێتەبەر ، یا هەر هیچ نەبێ سۆڤیەت کارێکی ئایدیۆلۆژی و سیاسی بکاتە سەر ڕێڕەوی کۆماری تورکیا . ئەو تەلگرافەی ئەتاتورك بۆ لینین لەبارەی دانپیانانی مافی چارەنووس بە ئارەزووی خۆ دیاری کردنی گەلانی تورکیاوەو وەڵامەکەی چیچێرینی وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت بۆ ئەتاتورك کە دوکتۆر کەمال خۆی بەدرێژی [ لە ستوونی یەکەم و دووەمی بەشی یەکەمی وتارەکەیا ] بۆی باس کردین ، ڕێتێچوونی هاتنەدیی ئەم مەترسیەی ئیمپریالیستەکانی لە دڵیانا زیاتر بەهێز ئەکرد .

لە لایەکی تریشەوە مەسلەحەتی بەریتانیا لە دەستگرتن بەسەر سەرچاوەکانی نەوتی مووسڵدا کە کەمالیەکانیش ئیددیعای خاوەنێتیی مووسڵیان ئەکرد ، ئاڵۆزیی نێوان تورکیاو بەریتانیای ئەوەندەی تر بەرە پێدابوو .

جا لە حاڵێکی وادا شۆڕشێ لە تورکیا لەدژی ڕژێمی نوێ ڕوویدا ، زۆر بەجێیە ئیمپریالیستەکان بە هەموو جۆرێ بیانەوێ بۆ لاوازکردنی ئەو ڕژێمە کەڵکی لێ وەربگرن و هەوڵبدەن جێپێیەکی بۆ خۆیان تیا

بدۆزنەوە تا توانی ئەو کەلك لێ وەرگرتنە مسۆگەر بکەن و ، ئەمە شتێکی تەبیعی و ئەقڵ گرتووی ئەوتۆیە ، ئەگەر ڕوونەدا مرۆ ئەبێ لەوە بکۆڵێتەوە کە چۆن بوو وا ڕووی نەدا .

بەشبەحاڵی کەسانێکیش لەناو ڕابەرانی ڕاپەڕینی کوردی تورکیادا ، هاوکاری لەگەڵ ئەم دەس تێوەردانەی ئینگلیز وەنەبێ شتێ بێ بەر لەوان کەس نەیکردبێ و نەتوانرێ پاساو بدرێ . ئەوانێ کە بەر لە هەرچی بە بیروباوەڕێکی موسوڵمانانە گۆش کرابن و ، ئەتاتورکی دوژمنی گەلەکەیان و تێکدەری خەلافەتی عوسمانی بە هەموو کردەوە بێ دینییەکانیا بە کافرێکی فەرمەسۆن دابنێن ، ئەبێ لەبەرچی سڵ لە هاوکاری لەگەڵ هەر دوژمنێکی بکەنەوە با ئینگلیزیش بێ ، لەکاتێکا کە کەسێکی وەك شەریفی مەککەی نەوەی پێغەمبەر هاوکاریی لەدژی خەلافەتی عوسمانی و خەلیفەی موسوڵمانان لەگەڵ کردن ؟!

لە سەرانسەری باسی ڕاپەڕینی کوردی تورکیادا بە ڕابەرایەتیی شێخ سەعیدی پیران ، تاقانە ڕەخنەی زانایانەی دوکتۆر کەمال لە من ئەوەبوو لە باسی دەست تێوەردانی ئینگلیز لە ڕاپەڕینەکەدا گرتی کە ئەوەبوو کەمێ پێشتر بە تێگەیشتنی خۆم وەڵامم دایەوە .

بەڵگەیەکی بەر لە هەر بەڵگەیەکی تری دوکتۆر بۆ ئەو ڕەخنەیەی ئەوەیە کە ئەڵێ : « **بەر لە هەر شتێك پێویستە ئەوە بڵێین کە تاوەکو ئێستە کەسێك نەیتوانیوە بەڵگە نامەیەکی نهێنی دەربارەی دەست تێوەردانێکی ئیمپریالیستەکان لەناو بزووتنەوەی کوردا** [ سەرنجی ئەوەیش بدەن دوکتۆر لێرەدا بە ڕاپەڕینی شێخ سەعیدەوە ناوەستێ و هەموو بزووتنەوەی کورد ئەگرێتەوە — م ] **بهێنێتەوە هەرچەندە دەمێك ساڵە دەرگای دۆسییە نهێنییەکانی ئەو ڕۆژگارە کە لە ئەرشیفە تایبەتییەکاندا هەڵگیراون بۆ هەموان خراوەتە سەر گازی پشت . من بۆ خۆم لە ساڵی ١٩٦١ وە کوناوکون** [ لە دوورەوە — م ] **بەدووی بەڵگەیەکی وادا دەگەڕێم . ساڵی ١٩٧٢ کە سکرتێری گشتیی کۆڕی زانیاری کورد بووم بەناوی کۆڕەوە داوام لە بەڕێز نەجدەت فەتحی صەفوەت کرد بەتایبەتی تاقیبی ئەو باسەمان بۆ بکات** [ ستوونی چوارەمی بەشی یەکەم ] . [ ڕەنگە ئەمە زەقترین نموونەی کوناوکون گەڕانەکەی دوکتۆر بێ — م ] » .

من لە هەڵسەنگاندنی بایەخی زانستیی ئەم بەڵگەیەی دوکتۆردا ئەڵێم :

یەکەم ــ مەرج نی‌یە ئیستا هەموو ئەو بەڵگانەی کە پێوەندیان بەم مەسەلەیەوە هەیە خرابنە بەردەستو ، بنیادەم نابێ ئەوەندە خۆش باوەڕ بێ بە هاشەو هووشـــەی ئیدیعای دیموکراسیو ئاشکراکاریی ئیمپریالیزم بخەڵەتێ کـــە گوایە هەموو شـــتێکی ئاشکرایەو هیـــچ ناشارێتەوەو هەمووی ئەخاتە بەردەســـت . ئەوەی من لەم بارەیەوە بیستوومە ئەوەتە ئەرشـــیفەکانی بەریتانیا بەش بەحاڵی مەســـەلەی فەلەستینو مەســـەلەی کورد هێشتا کەمێ لـــە بەڵگەکانیان نەبێ ، نەخستووەتە بەردەست .

دووەم ــ دوکتۆر کەمال خۆی تائیستا نەچوەتە بەریتانیا بەدوای دەکومێنتو بەڵگەدا بگەڕێو باوەڕ ناکەم هەمووکەسێ ئەوەندە دڵسۆزی کوردو دوکتۆر کەمال بێ بڕوا لەجیاتیی ئەو بە ئەرشیفەکانی بەریتانیادا بگەڕێو بەڵگەی بۆ بهێنێتەوە . ئەوەی بەڵگەیەکی دۆزی‌یەوە ، بۆ خۆی کەڵکی لێ وەرئەگرێو نایدا بە یەکێکی‌کە . من خۆم داوای هەندێ بەڵگەم لە دوکتۆر کەمال خۆی کرد بۆ برادەرێکی هەردوکمان کە لە لەندەن ئەژیو بە نووسینی کتێبێکەوە خەریکە لەسەر شێخ مەحموودی نەمر ، نەیتوانی بەدەنگمەوە بێ . ئیتر چۆن ئەبێ چاوەڕوانی ئەوە بێ یەکێ لە بەغـداوە بڕوا بۆ لەندەنو لەوێ کاتی خۆی بە بەڵگە دۆزینەوەوە دەربارەی کوردی کڵۆل بۆ ئەو بەرێتەسەر .

سێهەم ــ ئەرشـیف هـەر لـە بەریتانیا نی‌یـە . بـۆ ئـەم کارە ئەرشیفەکانی تورکیا خۆی لە هەموو ئەرشیفێ بەبایەخترن . باوەڕیش ناکەم تائیستایش ڕێگای پشکنینی ئەرشیفەکانی تورکیا بدرێ بۆ پەردە هەڵماڵین لەڕووی ڕازو نهێنی‌یەکانی بزووتنەوەی کورد لەو وڵاتەدا .

چوارەم ــ ئەبێ بزانین وەنەبێ هۆیەکانی ڕاگەیاندنی سـۆڤیـەت ئەوەندە نەفامو سادەلەوح بووبن هەروا بە قسەی سەردەمدارانی ڕژێمی تورکیا هەڵخـەڵەتابنو ناوکورۆکی دیمـوکراتو پێشـکەوتخوازی بزووتنەوەی کوردیان پشت‌گوێ خستبێ . دوور نی‌یە بەڵگەی‌وایان لـە بەردەستا بووبێ ڕێی بۆ سەرلێشێواندنیان تەخت کردبێ . شایانی وتنە دوکتۆر کەماڵ خۆی لـە پێنج ئەڵقەی وتارەکەیا بیری لەوە نەکردوەتەوە تەفسیرێکی بەعەقڵاچوو بۆ هەڵوێستی سۆڤیەت لەئاست بزووتنەوەی کوردی تورکیا بدۆزێتەوە کە پرسیارێکی بەجێ‌یەو پێویستی بە وەڵامێکە خۆی لەبەر ڕاستی‌یەکانی ژیانا ڕابگرێ .

پێنجـەم ـ زۆر کاریوا هەیە هەر بە دەم ڕائەپەڕێنریێو بەڵگەی نووسراوی تیا بەکارناهێنـرێ ، یـا ئەگەر بەکاریش هێنرا مەرج نی‌یـە بکەوێتە دەستی هیچ ئەرشیفێ تـا مێژوونووسـان پێی‌بزانن‌و کەڵکی لێ وەربگرن . بۆیە لە زۆر حاڵەتدا دەور تەنیا دەوری لێکۆڵینـەوەی سیاسی‌و لێ‌حاڵی‌بوونی قانوونەکانی کێشەی کۆمەڵایەتی‌یە .

شەشەم ـ نەك هەر مەسەلەی مووسڵ ، لەناو تورکیا خۆیشـیا گەلێ مەسەلەی‌تریوا هەبوە هانی ئیمپریالیزمی ئینگلیز بدا بۆ دەسـت وەردانە بزووتنەوەی کورد ، نەك بە مەبەستی یارمەتی‌دانی گەلی کورد ، بەڵکو بەنیازی تەوژم خستنە سەر کەمالی‌یەکان بۆ ئەوەی ملی بۆ نەوی بکەن‌و بچنە ژێر ڕکێفی ، وەك سەرەنجام هەر وایش‌بوو .

پوختەی قسە لەم مەیدانەدا ئەوەیە ئیمپریالیزم ئەوەندەی دەستی ڕۆیشتبێ‌و بۆی لوابێ لە هیچ لایێ سڵی لەوە نەکردووەتەوە کە دەست بخـاتە ناو بزووتنەوەی هەر گەلێ‌و ، مەرجیش نی‌یە ئەم دەسـت تێ‌خستنەی هەمیشە ئاشکراو لەبەرچاو بێ‌و ، زۆر سـادەلەوحی‌یەو نیشانەی باوەڕکردنە بە درۆو دەلەسەی ئیمپریالیزم لەبارەی ئاشکراکاری‌و شـتی‌واوە مرۆ وابزانێ ڕازو نهێنیی هەموو ڕووداوێ لـە دۆلابی ئەرشیفەکانا وەگیر ئەکەوێ . ئەوەتا ئیسـتا وردە وردە دەرئەکـەوێ زایۆنیزم‌و ماسۆنیزم بە چەندین جۆر دەوریان لە پێکهێنانی حیـزبی ئیتتیحادو تەرەققیی سەردەمی عوسـمانی‌و ڕەنگ‌ڕشتنی سیاسەتی‌و پاشـان لـە پێگەیاندنی ئەتاتورك‌و بەناو عەلمانی کردنی تورکیاو پێوەند بڕینی ئەو وڵاتەدا بە کولتووری ئیسلامی‌یەوە بووەو ، هەموو لـە پێش چاومانە چۆن بزووتنەوەی کەمالی ، پاش هاتنە سەر حوکم‌و جێگـیر کردنی خۆی‌و پێویست نەمانی بە پشتگیریی جووڵانەوەی پێشکەوتخوازی جیهان ، پشتی لە هەموو ئیدیعا پێشکەوتخوازەکانی خۆی هەڵکـردو ، لەگەڵ کەفوکوڵی هاشەو هووشەی نیشـتمان‌پەروەری‌یشدا دەستی لەگەڵ ئەڵمانیای نازی‌و پاشان لەگەڵ ئەمپریالیزمی ئەمریکا تێکەڵ کردو بوو بە یەکێ لە بەردەستە چالاکەکانی لە ناوچەکەداو وڵاتەکەی خـۆی کرد بە یەکێ لە سەنگەرە لەپێشەکانی .. کەچی نە پێشەوایەکی زیرەکی دووربینی وەك لینین‌و نە پارتی‌یەکەی‌و نە پارتیی کۆمۆنیستی تورکیـا خۆی‌و نە هیچ پارتی‌یەکی کۆمۆنیست‌و کرێکاران‌و پێشکەوتخـوازی جیهان ؛ تـا ماوەیەکی درەنگیش ، نەیانتـوانی پێشبینیی ئەوە بکەن پاشەڕۆژی ئەو بزووتنەیە بە چ بارێکا ئەشکێتەوە . تەنانەت ، نەك لـە

داپڵۆسینی ڕاپەڕینی کوردا ، بەڵکو لەو هەموو زەبرو زەنگەیشا بەرانبەر بە جەماوەری ڕەشوڕووتو ڕۆشنبیرانی کورد ، نیشانەی کۆنەپەرستیی ڕژێمی ئەو وڵاتەیان بەدی نەکرد . بۆیە ئەوی هەمیشە مەترسیی ئیمپریالیزمو زایۆنیزم بۆ سەر جووڵانەوە نیشتمانیی‌یەکانو ترسی دەست تێوەردانیان لەو جووڵانەوانەدا بۆ سوودی خۆیان ڕەچاو نەکا سیاسی‌یەکی کارامە نی‌یەو ، زۆری پێ ناچێ ، ئەگەر لەڕاستیدا مەسڵەحەتی گەلو وڵاتەکەیی لە بەرچاو بێ ، پەنجەی پەشیمانی ئەگەزێو گرێی دەست ئەخاتە ددان .

بەڵگەیەکی‌تری دوکتۆر کەمال بۆ بەدرۆخستنەوەی ڕێ‌تێچوونی دەست تێوەردانی ئیمپریالیزم لە ڕاپەڕینی کوردی تورکیادا ئەوەیە کە ئەڵێ : « **پێویستە ئەوەیش بڵێین کە ئەگەر بهاتایەو ئیمپریالی‌یەکان دەستیان لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٢٥دا هەبوایە هەڵبەت کەمالی‌یەکان نەیانەتوانی وا بەئاسانیو خێرایی دایبمرکێننەوە** [ ستوونی چوارەمی بەشی یەکەم ] » .

وادیارە دوکتۆر کەمال زۆری مەبەستە بە زۆری زۆرداری قسەم لەسەر بکا بە ماڵ ، با بەوەیش بێ کە شتی‌وام بەدەمەوە بگێڕێتەوە بە هیچ کلۆجێ بەدەمما نەهاتبێ . ئەگینا بابەتی لێکدانەوەکە لای من لە « دەست تێوەردانێکی کەم یا زۆری ئیمپریالیزم » زیاتر نەبوو ، کەچی ئەو کردی بە « دەست‌بوونی ئیمپریالیزم لە ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٢٥دا » ، واتە : ئیمپریالیزم ڕاپەڕینەکەی خوڵقاندووە ، لەکاتێکا کە من ڕاپەڕینەکەم بە ڕاپەڕینێکی گەلی کورد داناوە کە ئیمپریالیزم بە عادەتەکەی خۆی ویستوویەتی پاش بەرپابوونی دەستێکی تێوەرداو هەوڵ بدا سوودێکی بۆ خۆی لێ دەسگیر ببێ . ئەم دوو شتە زۆر جیان لەیەك . بەگوێرەی پیشاندانەکەی دوکتۆر کەمال ئەبێ ڕاپەڕینەکە ڕاپەڕینێکی کۆنەپەرستانە بووبێ چونکە ئیمپریالیزم دەستی تیا بووە ، واتە دەستی لە دروستکردنیا بووەو ، مومکینیش نی‌یە ئیمپریالیزم شتی چاك بۆ سوودی گەلان بکا مەگەر بە زۆر بەسەریا بسەپێترێ ، ئەگینا ئیمپریالیزم نەئەبوو ، لەکاتێکا کە بەگوێرەی پیشاندانەکەی من ڕاپەڕینەکە لە واقیعی گەلو بۆ قازانجی گەل بەرپا بووەو وا ڕێکەوتووە ئەو لایەی کە ڕاپەڕینەکە دژی بووە ناکۆکی‌یەکی لەگەڵ ئیمپریالیزمیش بووەو ئیمپریالیزمیش لێرەوە ویستوویە دەستێ بخاتە ناو ڕاپەڕینەکەوە تا جێ‌پێ‌یەکی بۆ خۆی تیا پەیدا بکاو بتوانێ خۆی تیا بکا بە خاوەن‌بەش

تـا کەلکێکی بۆ خۆی ، لەناو کـوردا بێ ، یا لە مامەڵەیا بێ لەگـەڵ کەمالی یەکان ، لێ دەستبخا .

ئەم کارەی دوکتۆر بە ناوی منەوە ، بە هیـچ جۆرێ ، لەگـەڵ ڕێوشوێنی ئەمانەتی زانستی ناکەوێتەیەکو ، دوکتـۆر ئەیەوێ بـە نووسینی شتیوا بەدەممەوە ، کە پاشانیش ناوی ئەنێ « پەتپەتی کردن بـە شێخ سەعیدو ڕاپەڕینەکەی » ، لە بەردەمی خوێندەواری کـوردی بەوەفا بۆ گەلەکەی و بۆ شکۆ مێژوویی یەکانی گەلەکەی دا بەدناوم بکاو ، ئەمەیش لەڕاستیدا ئەرکی سـەرشانی دوکتـۆر نی یەو نازانم بـۆ مەسڵەحەتو سوودی کێ ئەیگرێتە ئەستۆی خۆی و ، بـە هەرحـاڵ ئەگەر ئازادیی ڕەخنەی زانستی یش بخەینە لاوە ، ئەو تەنها هەقی وەڵام دانەوەی دوو سێ ڕەخنەی زۆر ناسکی هەیەو ، ئەمەی ئەیکا لە هەموو سنوورێکی لەم چەشنە تەجاوەزو بەدەرە ..

جا با بێینە سەر ئەسڵی مەتڵەب :

مەسـەلەی بەئاسـانی و خێـرایی بڕانەوەو نەبڕانەوەی هـەر بزووتنەوەیەك لەسەر دەسـت تێوەردان و تێوەرنەدانی ئیمپریالیـزم نەوەستاوە ، پێوەندی بە هاوسەنگیی هێزەکانی هەردوولای بزووتنەوەکەوە هەیە لە هەموو مەیدانە جۆربەجۆرەکانی کێشەکەداو ، بەو بارو دۆخـە زاتی و مەوزووعی یانەوە کە هەرلایەکیان هەیەتی و ، بەوەوە کە ترازووی دەسەڵات بە لای کام لایانا سەرئەکا . وەنەبێ هەموو جارێکیش دەست تێوەردانی ئیمپریالیزم بریتی بێ لە ناردنی چەكو پارە تا سەنگی لا چەكو پارە بۆ نێرراوەکەی پێ قورس ببێ و بتوانێ خۆی لە بەرانبەری دوژمنەکەیا ڕابگرێ . ئەگەر هەموو جارێکیش ئەو لایەنەی کە ئیمپریالیزم یارمەتیی ئەدا بە دەست تێوەردانەکەی ئیمپریالیزم ئەوەندە بەهێز ببوایە زوو نەبەزی یایە ، ئەبوو دەست تێوەردانی چواردە دەوڵـەتی ئیمپریالی بـۆ لایەنگرتنی ڕووسە سپی یەکانی پاشـماوەی قەیسەری لەپاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر ، بووایە بە هۆی خۆڕاگرتنی هەر هیچ نەبێ دە ـ پازدە ساڵێکیان ئەگەر بەتەواوی یش سـەریان نەخاتەوە .. ئەبوو هێرشی سێ قۆڵیی ئینگلیزو فەرەنسەو ئیسرائیل ، کە هەر خۆیان ئیمپریالیزمەکـە بوونو ڕاستەوخۆیش هاتنە مەیدانەوە ، هەرگیز لە بەرانبەری میسرێکی لەچاو ئەوانا پێدەسـەڵاتا نەبەزی یایە .. ئەبوو گـەلی ڤیتنام نەیتوانی یایە لـە بەردەمی هێزی ئیمپـریالیزمی فەرەنسەو پاشانیش ئیمپـریالیزمی

ئەمەریکادا خۆی بگرێو بەڵکو بەسەریشیانا زاڵ ببێ ، کەچی هیچیشی وا نەبوو .

ئەم شێوەی کە دوکتۆر کەمال ئەم مەسەلەی پێ ئەخاتە ڕوو بۆ لێکۆڵینەوەی ، لە ناوکورۆکا لەسەر بنەمای ئەوە دامەزراوە کە هێزی ئیمپریالیزم هێزێ بێ لە بەزین نەیەت . ئەمەیش خۆی لەخۆیا ئەکێشێتەوە بۆ بێهوودەیی خەبات لەدژی ئیمپریالیزم ، بەڵام من لەوباوەڕەدا نیم دوکتۆر لای وابێو ، تەنها ورد نەبوونەوەیەتی لە نووسینەکەی خۆی گەیاندوویەتە ئەم ئەنجامە نادروستە .

من کە ئیحتیمالێکی دەست تێوەردانی ئیمپریالیزمم لە ڕاپەڕینی کوردی تورکیادا هێنایە ئاراوە ، نە باسی پارەو پوولی ئیمپریالیزمم کرد بۆ کوردو ، نە وتم چەکو جبەخانە هاتووەو ، نە وتیشم سوپای ئینگلیز شان بەشانی شەڕکەرەکانی شێخی پیران لەدژی کەمالی‌یەکان جەنگاون . من لە ئیحتیمالی دەست تێوەردانێکی سیاسیو پێشکەش کردنی هەندێ « ئامۆژگاری » زیاترو ، ئەوپەڕەکەی ئەندازەیێ پارە بەولاوەم بەبیرا نەهاتووە ، کەچی وا دوکتۆر بە جۆرێکی مەعنا لێدایەوە کە بەشێکی زۆری چەکو جبەخانەو سەروەتو سامانی ئینگلیز هێنرابێتە مەیدانی جەنگ بۆ لایەنگریی کوردو لەدژی کەمالی‌یەکان .

دوکتۆر کەمال لە سەرانسەری وتارە پێنج ئەڵقەیی‌یەکەیا مەسەلەی بەدناو کردنی منی بەوە کە گوایە ڕاپەڕینی کوردی تورکیام بە کۆنەپەرست داناوە کردووە بە ( سەربەند )ی بەستەو ، بێئەوەی لێی ماندوو ببێ ، هەموو جارێ ئەگەڕێتەوە سەریو ئەیڵێتەوە . بەمچەشنە ، نازانم بۆ جاری چەندەم ، هەر لە ئەڵقەی یەکەمی وتارەکەیا دێتەوە ئەم مەیدانەو ڕستەی لووتو گوێ کراوی « لایەنگری خەلافەتی ڕزیوو کۆنەپەرستی عوسمانی » ئەخاتە نێوان دوو جووتە کەوانۆلکەوەو ، لە لایەنی خۆیەوە بە وشەیەکی « نەبوو » ئەیبڕێتەوە ، تا لە خوێندەواری بێئاگا بگەیەنێ کە من نووسیومە : ڕاپەڕینی کوردی تورکیا لایەنگری خەلافەتی ڕزیوو کۆنەپەرستی عوسمانی بوو . بەڵام من تەحەددای هەرکەسێ ئەکەم ئیددیعایەکیوا بکا بتوانێ ڕستەیەکیوا لە سەرانسەری دێڕەکانی وتارەکەی منا بدۆزێتەوە . من ، وەك پێشتریش گێڕامەوەو ، وەك لە وتارەکەما بڵاو کراوەتەوە ، نووسیومە : « تەنانەت بە لایەنگری خەلافەتی ڕزیوو کۆنەپەرستی عوسمانی دائەنران » . بۆ کەسێ نەیەوێ

بەدەسەنقەست قســەی خەڵك خراپ مەعنا لێبداتەوە جیاوازییەكی زۆر لەنێوان ئەمەو ئەوەدا هەیە كە بنیادەم بڵێ : لایەنگـری خەلافەتی ڕزیوو كۆنەپەرستی عوسمانی بوون .

بەڵام خـۆشبەختانە دوكتۆر لێرەیشا خـۆی بەرپەرچی خۆی ئەداتەوەو ئەنووسێ : (( **بەپێی ترازووی مادی دیالەكتیكی** )) [ نازانم چی باسی مـاددیی دیالەكتیكیی لێـرەدا هێنـاوەتە نـاو ناوانەوە ــ م ] **ســەركردایەتیی بزووتنـەوەی كـورد ( لایەنگیری خەلافـەتی ڕزیوو كۆنەپەرستی عوسمانی ) نەبوو ، وەك كاكە حەمە دەڵێ ، بەڵكو سەرجەمی كورد ئەوساكە عەودالی گەڕانەوەی ئەو ڕۆژگارە بوون كە زۆر بەداخەوە لـە گەلی ڕووەوە باری سەرشانیان تێیدا لـەو بارە سووكتر بوو كـە كەمالییەكان بە زۆری شیرو تیر بەسەریاندا داسەپاندن** )) . دوایی ئەم بڕگەیەیشی بەمجۆرە دێنێ كە ئەڵێ : (( **ئەو ڕابەرە نەمرانەی كاكە حەمە بەوجۆرە باسیان دەكات ( ؟! ــ م ) ، كە چوونە سەر پای قەنارە پڕبەدەم هاواریان بۆ كوردستانو مافی ڕەوای كورد كرد نەك بۆ خەلافەتی ڕزیوو كۆنەپەرستی عوسمانی** [ ستوونی چوارەمی بەشی یەكەم ] )) .

مەبەستم لە وەڵامدانەوەی ئەم بڕگە (( مێژوویی ))یە هیچ نییە ئەوە نەبێ پەردەی ئاڵۆزی لە ڕووی نووسینەكەی دوكتۆر كەمال لادەم ، بۆیە ئەڵێم :

یەكەم ــ ئاخۆ دوكتۆر بەڕاستیەتی كە ئەڵێ هەموو میللەتی كورد ، بەڵێ هەموو میللەتی كورد تەنانەت بە ڕابەرەكانی ڕاپەڕینەكانیشیەوە ، عەودالی گەڕانەوەی ئـەو ڕۆژگارە بوون ؟ میللەتێ عەودالی گەڕانەوەی ڕۆژگاری عەبدولحەمیدو سەفەربەرلگو تێكدانی هەموو میرنشینییەكانی كوردستانو چوارسەد ساڵ زەبرو زەنگی جەندرمەی عوســمانی بێ ، لەدووی دیلیو كلۆڵیو كۆنەپەرستی ئەگەڕێ ، یـا لەدووی ئازادیو بەختەوەریو پێشكەوتن ؟ ئەمەوێ دوكتۆر خۆی شەرعی خـۆی بكا . من هیچ ناڵێم .

ئەنجا ئاخۆ میللەتی كورد هەر بە ئاوات عەودالی دوای ئەو ڕۆژە ڕەشانە بووە ، یـا بۆیشی تێكۆشاوە ؟ ئەگەر هەر بـە ئاوات عەودالی بووە ، ئـەی تێكۆشانەكـەی بۆچی بووە ؟ تۆبڵێی دڵی بـۆ خـەلافەت لێیدابێو ، تێكۆشانیشی لەپێناوی مافە نەتەوەییەكانیدا بووبێ ؟ ئەگەر وابووە ، ئەمە چۆن ئەگونجێ ؟ خۆ ئەگـەر وەك بە ئاواتی گەڕانەوەی

ڕۆژانی ڕەشی خەلافەتەوە بووە ، بۆئەوەیش تێکۆشاوە ، ئەی سەدهەزار کەرەت سیاچارە خۆی ! چوارسەد ساڵ لەژێر پۆستاڵی جەندرمەی خەلافەتا بوو ، کە دەربازیش بوو لێی ، دەرکەوت هێشتا تێری لە خێروبێری نەخواردووەو کەوتە پەلەقاژە بۆ هێنانەوەی ! خۆ ئەگەر لەتاو زەبرو زەنگی کفن‌دزی نوێ‌یەتی خۆزگە بە کفن‌دزی بەروو ئەخوا ، مادەم ئەو هەر هاتووەتە مەیدان‌و قوربانی ئەدا ، بۆ بۆ شتێکی لە هەردوو باشتر تێناکۆشێ ؟ بۆ بیر لەوە ناکاتەوە لەژێر ئەم ئاسمانە شینەدا شوێن‌پێ‌یەکی ئازاد بۆ خۆی بپچڕێ لەمەولا تیا بحەوێتەوە ؟

دیسانەوە ، ئەگەر میللەتی کورد عەوداڵی دوای گەڕانەوەی ڕۆژانی خەلافەت بووە ، بۆ پێشەواکانی لەسەر سێدارە هاواریان بۆ کوردو کوردستان کردووە نەك بۆ خەلافەت ؟ تۆبڵێی ئەمە وابگەیەنێ ڕابەرەکانی جەماوەر لە ئاشێکیان کردووەو ، جەماوەر خۆیشی لە ئاشێکی‌تر ؟

ئەمانە پرسیارێکن لە قسەکەی دوکتۆرەوە دێنە ئاراوە کە ئەڵێ : « سەرجەمی کورد ئەوساکە عەوداڵی گەڕانەوەی ئەو ڕۆژەگارە بوون » . ئەی بەدبەخت میللەتێ کە لە ناوەڕاستی چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەما ئەمە ئاواتی بێ‌و ، ئەی ناشی‌و ناشایستە ڕابەرایەتی‌یێ کە میللەتەکەی بەم ڕێگا « پڕ شان‌و شکۆ »یەدا بداتە بەرو ڕێنموونی بکا !!

ئای چەند خۆشیشە مرۆ ئاگای لە سەرو بنی قسەی خۆی بێ‌و ، لە حیرسا بەرچاوی ڕەش دانەگەڕێ بەجۆرێ نەزانێ چی ئەڵێ‌و چی ئەنووسێ !!

★ ★ ★

وادیارە دوکتۆر زۆری دڵ بەوەدا چووە لە هیچە شت لەسەر خەڵکی بکا بە ماڵ‌و ئەوجا بکەوێتە بەرپەرچدانەوەی‌و بەڵگە هێنانەوەی « تیووری » بۆ ئیسپات کردنی ڕاستیی خۆی‌و هەڵەیی ئەوەی ئەیداتە پاڵ بەرانبەرەکەی . دوا نموونەی ئەمەی دوکتۆر لە ئەڵقەی یەکەمی وتارەکەیا ئەوەیە کە ئەڵێ : « **هیچ مەرج نی‌یە ئەو بزووتنەوەیەی بەشێك لە سەرکردەکانی ئایدیۆلۆژی‌یەکی ئایینی سۆفیانەی بە کۆنەپەرست دراوە قەڵەمیان هەبووبێ ( بەشی یەکەمی وتارەکەی کاکە حەمە ) کۆنەپەرست بێ . لێبنێن بۆخۆی گەلێك ستایشی ئەو بزوتنەوانەی ئەندەنووسیای کردووە کە لەژێر ئاڵای ئیسلامەتیدا کاتی خۆی بەرپا بوون** » . پاشان ئەڵێ : « **وادیارە نەدەبوو ڕابەرانی ڕاپەڕینی ساڵی**

١٩٢٥ کەڵك لەو نارەزاییە [ نارەزایی موسوڵمانانی تورکیا لە سیاسەتی دژ بە ئایینی کەمالییەکان — م ] وەربگرن لەپێناوی مافە رەواکانی کوردا ، نەبا بە هەڵگری (( ئایدیۆلۆژیایەکی ئایینی سۆفیانەی بە کۆنەپەرست دراوە قەڵەم ))یان دابنێن و ، لەسەرئەوە مۆری کۆنەپەرستی بنرێ بەسەر هەموو بزووتنەوەی رزگاریخوای شۆرشگێرانەی نەتەوەکەیاندا لەو قۆناغەدا [ ستوونی چوارەمی بەشی یەکەم ] )) .

رەنگ بێ دوکتۆر بییەوێ بەم چەشنە بە خوێندەوارانیا رابگەیەنێ کە سیاسەت و فەلسەفەو ئابووری و تیووری و مێژوو هەمووی دەسەمۆی دەستی خۆی و لەژێر رکێفی خۆیایەتی و ، بەرانبەرەکەی نەخوێندەوارێکی ناشییە تەنها چەرخی چەپگەرد دەرفەتی ئەوەی لە ناهەق داوەتێ لە رووی کەسێکی وەك ئەوا بێتە دەنگ .

منیش دیسانەوە جارێکیتر داوا لە خوێندەواری خۆشەویست ئەکەم سەرنجی ئەوە بدا کە تەعبیری ( بە کۆنەپەرست دراوە قەڵەم ) بەئاشکرا واتە من خۆم بە کۆنەپەرستی نازانم .. کەواتە ئیتر دوکتۆر بەرپەرچی چیم ئەداتەوە کە ئەڵێ : (( مەرج نییە .. کۆنەپەرست بێ )) ؟ ئەمە کەی ئوسووڵی موناقشەیە ؟ ئەوەی چەردەیەك شارەزایی لە داب و نەریتی موناقەشە بێ ئەزانێ موناقەشە لەسەر شتێك ئەکرێ لاکانی موناقەشەکە رایان تیا جیاواز بێ . منیش ، وەك دوکتۆر ، ئەزانم مەرج نییە بزووتنەوەیەك هەندێ لە رابەرانی — بەڵکو هەموو رابەرانیشی — ئایدیۆلۆژییەکی بە کۆنەپەرست دراوە قەڵەم — بەڵکو ئایدیۆلۆژییەکی لەراستیدا کۆنەپەرستیش — یان هەبێ ، مەرج نییە بزووتنەوەکەیان کۆنەپەرست بێ و ، منیش ، لە وتارەکەما ، پێچەوانەی ئەمەم نەوتووە . کۆنەپەرستیی هەر بزووتنەوەیەك یا پێشکەوتنخوازیی ئەو بزووتنەوەیە ، بە کۆنەپەرستیی یا پێشکەوتنخوازیی ئامانجەکانیا لە چوارچێوەی رەوتی مێژوودا — دەسنیشان ئەکرێ .

ئەنجا ، بەرلەوەی بێمە سەر لێدوانی وەسفکردنی رووداوێ بە پێشکەوتنخواز یا بە کۆنەپەرست ، با ئەوە بڵێم کە دوکتۆر لە نموونە هێنانەوەکەیا بۆ قسەکەی بە ستایشی لێنین لە بزووتنەوەی موسوڵمانانی ئەندەنووسیا ، کەوتووەتە ( خراپ لێحاڵی بوون )ێکی زەقەوە . لێنین لە مامەڵە کردنیا لەگەڵ بزووتنەوەی گەلانی موستەعمەرەو شوێنکەوتوو

ڕێگایەکی تری گرتووەتەبەر جیا لەوەی لە مامەڵەیا لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکارانی وڵاتانی مەترۆپۆڵ گرتوویەتیەبەر . ئەو لە بزووتنەوەی گەلانی وڵاتانی موستەعمەرەو شوێن کەوتوودا ئەوە ڕەچاو ناکا کە گەلانی ڕاپەڕیوو بەربەرەکانێ‌کەر کە بۆ سەندنەوەی ئازادیی خۆیان تێ‌ئەکۆشن چ ئایدیۆلۆژی‌یەکیان هەیە ، چونکە ئەزانێ تێکڕا ئایدیۆلۆژیی هەموو چینەکانی گەلانی ئەم وڵاتانە لە چوارچێوەی قۆناغی دەرەبەگی‌و سەرمایەداریی تازە چەکەرەکردوودا ئەخولێتەوە . لەبەرئەوە لەو وڵاتانەدا فەلسەفەی باو فەلسەفەیەکی میسالی‌یە کە ڕێبازێکی کۆنەپەرستی هەیە . ئەو تەنها ئەوە ڕەچاو ئەکا کە ئەم گەلانە بۆ ڕزگاربوون لە کۆت‌و زنجیری ئەمپریالیزم‌و دەرپەڕاندنە دەرەوەی لە وڵاتەکەیان خەبات ئەکەن . لەبەرئەوە مەبەستی نی‌یە بیروباوەڕی کام ئایینیان کردووە بە ڕابەری ڕێگای خۆیان . ئەمان هەرچەند بە فەلسەفەیش شوێن کۆنەپەرستی کەوتبن ، لەبەرئەوەی ئەو کارەی دەستیان داوەتێ کارێکە پسانی یەکجاریی کۆت‌و زنجیری ئەمپریالیزم نزیك ئەکاتەوە ، هەنگاوێکی نەك هەر نیشتمانپەروەر ، بەڵکو هەنگاوێکیشە بەرەو سۆشیالیزم ، چونکە یارمەتی چینی کرێکاری ئەو وڵاتە مەترۆپۆڵەئەدا کە وڵاتی گەلە ڕاپەڕیوەکەی داگیر کردوەو ، لە ڕووخاندنی سەرمایەداریی وڵاتەکەی خۆیی نزیك ئەخاتەوە .

بەڵام لە مامەڵەیا لەگەڵ چینی کرێکاری وڵاتانی سەرمایەداری ( وڵاتانی مەتروپۆڵ ) ئەوە ڕەچاو ئەکا کە بزووتنەوەی چینی کرێکار چەند لەگەڵ ئایدیۆلۆژیی پێشکەوتخوازی چینەکەی خۆی جووتەو چەند دوورە لە دەماری هەلپەرستی‌یەوە کە دزدەسەکی سەرمایەداری‌یە لەناو بزووتنەوەی چینی کرێکارا . لەبەرئەوە هیچ لای قورس‌و گران نی‌یە تێکڕای جووڵانەوەی کرێکارانی وڵاتێکی سەرمایەدار بە کۆنەپەرست دابنێ چونکە لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتەدا هەڵئەسووڕێ کە خزمەتی « نیشتمان پەروەری »ی سەرمایەدارە ئیمپریالیستەکان ئەکاو لایەنی ئەوان ئەگرێ لە هەڵخەتاندنی چینی کرێکاری وڵاتەکەیاو لە داگیرکردنی وڵاتی گەلانی پاشکەوتووی ئاسیاو ئەفەریقاو ئەمەریکادا .

لینین ، ڕابەرانی بزووتنەوەی موسوڵمانانی ئەندەنووسیای موستەعمەرەی بە پێشکەوتخواز داناوە ، لەکاتێکا کە بەڕێوەبەرانی بزووتنەوەی کرێکارانی سەر بە ئەنتەرناسیۆنالیزمی دووەم‌و سۆسیال

دیموکراتەکانی لایەنگری ئیمپریالیزمی هوڵەندەی مەترۆپۆڵی ، نەك هەر بە کۆنەپەرست ، بەڵکو بە نۆکەری ئیمپریالیزمیش داناوە .

بۆیە ، ئا بەمجۆرەی لێکمان‌دایەوە دەرکەوت میسالەکەی دوکتۆر کەمال لەجێی خۆیا نەبوو .

با بگەڕێینەوە سەر مەسەلەی کۆنەپەرستی .. مەرج نی‌یە کەسێ یا کۆمەڵێ لەرووێکەوە کۆنەپەرست بێ ، لە هەموو ڕوویەکەوە کۆنەپەرست بێ . هەروا پێشکەوتخوازیش . ئەگەر وابوایە ئەبوو هیچ ڕاپەڕینێکی پێشکەوتخواز لە کۆمەڵگای چینایەتیدا ڕووی‌نەدایە ، چونکە ئەو ڕاپەڕینە پێشکەوتخوازەیش ، مادەم لە چوارچێوەی ڕژێمی چینایەتیدا ڕووئەدا هەموو پێوەندێکی خۆی بە کۆنەپەرستی‌و ڕژێمی کۆمەڵایەتیی پێشووەوە نابڕێ ، بەڵکو وەك ئێستا لەو ئاڵوگۆڕانەوە دەرئەکەوێ کە لە وڵاتە جاران بەناو سۆشیالیستەکانا ڕوویان داوەو ڕووئەدەن ، سۆشیالیزمیش نەیتوانیوە هەموو پێوەندێکی خۆی بە کۆنەوە ببڕێ‌و ، کۆن سەرلەنوێ لە نوێدا گەرای خۆی داناوەتەوە .

کۆمەڵگایەکی بەندەیی کە لەدژی ڕژێمی بەندەیی شۆڕشی کردووە ، لەوەندە زیاتر کە ویستوویە کۆت‌و زنجیری خاوەن بەندەکان لە گەردنی خۆی داماڵێ‌و ببێ بە خاوەنی خۆی ، چیی‌تری کردووە بۆئەوەی بنەچەو بنەمای ڕژێمی کۆن لە زەمینەی کۆمەڵایەتیدا بنبڕ بکا ؟ بەڵام مادەم ویستوویە ڕژێمی کۆنەپەرستی پاشکەوتووی ئابووریی کۆمەڵایەتی بگۆڕێ ، با بە ڕژێمی دەرەبەگی‌یش بێ‌و ، چەوساندنەوە هەر بمێنێتەوەو ، با ئەو سەرخانە فەلسەفی‌یەی کە بەندەیی لەسەر دامەزراوە ، تێکڕا لە دەرەبەگی‌یشا بمێنێتەوە ، فەلسەفە ئەو شۆڕشە بە قۆناغی یەکەمی ڕێگای کۆمەڵگایەکی نوێ‌تر ، کۆمەڵگایەکی ئازادتر دائەنێ کە قۆناغی دەرەبەگی‌یە .

هەر بەم جۆرە کە جووتیاریش ژیانی لە ڕژێمی دەرەبەگیدا لا تاڵ ئەبێ‌و گیانی ئەگاتە کونەلووتی‌و ڕائەپەڕێ کۆت‌و زنجیری دەرەبەگی لە گەردنی خۆی داماڵێ‌و سەرمایەداری بێنێتە جێی ، لەگەڵ ئەوەیشا کە سەرمایەداری خەستوخۆڵتر لە دەرەبەگی جووتیار ئەچەوسێنێتەوەو ، سەرخانە ئایدیایی‌یەکەیشیان لە گەوهەردا هەر یەك شتە ، مادەم ئەو ویستنی دەرەبەگی ڕماندنەی ڕێگا بەرەو قۆناغێکی لەپێشتر ئەکاتەوە کە قۆناغی سەرمایەداری‌یەو کۆت‌و زنجیری ڕژێمی چەوساندنەوە بەرەو پسان

ئەبا چونکە توانی پەیدابوون‌و پێگەیشتنی چینی کرێکار دەستەبەر ئەکا ، کە ئەوەیش هەنگاوی یەکەمە بەرەو دامەزراندنی سۆشیالیزم‌و لاوازتر بوونی ئایدیۆلۆژیی کۆنەپەرستی ئایدیالیزم‌و ، هەر بەم جۆرە ... ئەم ڕاپەڕینی چینی جووتیــارو ڕمانی دەرەبەگی‌و بەرپابوونی ســـەرمایەداری‌یە هەنگاوێکی‌تری پێشکەوتخوازی مرۆڤایەتی‌یە ، هەرچەند کۆنەپەرستی لە ڕژێمی نوێیشا هەر هەیەو بەردەوامەو بەڵکو بەهێزیشە . مەبەستم لەم درێژە پێدانە ئەوەبوو بڵێم لە قۆناغەکانی ژیانی ئادەمیزادا شوورەیەکی چینی لەنێوان کۆنەپەرستی‌و پێشکەوتخـوازی‌دا نی‌یەو ئەم دوانە هەردوکیان هەمیشە شان‌بەشانی یەك ئەڕۆن ، تەنها ئەوەندەیە جـۆرو دیمەنیان ئەگۆڕێ . کۆنەپەرستی‌یەك پشتی ئەشکێ‌و جێی خـۆی بـۆ پێشکەوتنێکی نوێ چۆڵ ئەکا ، بەڵام پاشماوەی ئەمێنێ‌و سـەردەمێکی ئەوێ تا تەواو لەناوئەچێ . لەگەڵ پەیدابوونی ئەم پێشکەوتنە نوێ‌یـەو ڕمانی کۆنەپەرستی‌یە پێشووەکەدا وردە وردە لە منالدانی ئەم پێشکەوتنە نوێ‌یەیشا کۆنەپەرستی لە شێوەیەکی نوێدا سەرهەڵئـەداو وردە وردە لەگەڵ گەشەکردنی ئەما پاشماوەکانی شـێوە کۆنەکەی کۆنەپەرستی لەناوئەچن‌و کار بەم جۆرە ئەڕوا تـا پێشکەوتنە نوێ حـوکم فەرماکە وردە وردە ئەبێ بە کۆسپ لەڕێی پێشکەوتنی کۆمەڵەداو ئەبێ بە شتێکی کۆنەپەرست‌و لەم ماوەیەدا پێشکەوتنێکی نوێ‌تر لە منالدانیا وردە وردە پەیدا بووەو کەوتووەتە گەشەکردن‌و هەر بە وێنەی ئەوی پێشوو دێتە ڕووی کارو ئەمیش خولی خۆی ئەباتەسەر .

کەواتە دیالەکتیکی ژیان خۆی وا پێویست ئەکا لەگەڵ هەر مەنزڵێکی ژیانی ئادەمیزادا‌و ، لەناو هەر دیاردەیەکا کۆنەپەرستی‌و پێشـکەوتن لەگەڵ یەك کۆببنەوەو ، تەنهـا ئەوە بایەخی هەیە بزانین کـە لـە هەر سەردەمێکی تایبەتیدا کام لەم دوانە بە فەرمانڕەواو هێزی سـەرەکی دائەنرێ‌و ، دیارە ئەمە لە ڕووداوێکی وەك ڕاپەڕینی شیخی پیرانیشـدا هەر بووەو بە شـیکردنەوەی بیروباوەڕەکانی نـاو ڕاپەڕینەکەو هێـزە جیاجیاکانی‌و هەڵوێستە جۆربەجۆرەکانی بەشدارانی ئەتوانرێ هەرلایێ دەسنیشان بکرێ‌و بتوانرێ لەم ڕێگایەوە بووترێ ئاخـۆ سیمای گشتیی ڕاپەڕینەکە پێشکەوتخواز بووە یا کۆنەپەرست ، کە منیش ، وەك دوکتۆر کەمال‌و بەتایبەتی لەوکاتەوە کە زنجیرە وتارە عەرەبی‌یەکەی لەبارەی ئەم ڕاپەڕینەوە لە ١٩٧٣دا بڵاوکردەوە ، لەوە گەیشتووم کـە ڕاپەڕینێکی پێشکەوتخوازانەی گەلێکی ستەمدیدەی ماف پێشـێل کراو بووەو ،

تەنانەت ئەگەر لەسەر بنەمای ئایین‌و سۆفیگەرییش دامەزرابێ‌و لایەنی خەلافەتیشی گرتبێ ، مادەم ئامانجە سەرەکی‌یەکەی ئازادکردنی گەلێک‌و گەیاندنی بە مافی چارەنووسی خۆی بووە ، لەڕاستیدا ویستوویەتی بڕبڕەی پشتی ئەو ڕژێمە بشکێنێ کە لەسەر سەرکوت کردنی هەموو گەل‌و چینە بەشخوراوەکانی دامەزراوە ، چ تورک‌و چ کوردو چ گەلان‌و کەمایەتی‌یەکانی تری تورکیاو ، دیارە ئەمەیش ئامانجێکی پێشکەوت خوازانەیەو هەندێ دیمەنی کۆنەپەرستانە کە ڕێی ڕەوتەکەیان پێ ناگۆڕێ ، ناتوانن ڕووی خاوێن‌و گەشی دزێوو ناشیرین بکەن .. هەروا هەر تەقەلایەکی ئیمپریالیزمیش بۆ کردنی بە چەکێکی دەستی لە کێشەی مەسلەحەتیا لەگەڵ ڕژێم ، توانی ئەوەی نەبوە ڕێڕەوی بگۆڕێ چونکە لەسەر بنەمایەکی ئاشکراو ڕۆشنی خاوێن بەرپا بووە ..

خۆزگە دوکتۆر لەم تەقەلا قورس‌و ماندووکەرەیا بۆ بەدناو کردنم بەوە کە ڕاپەڕینی کوردی تورکیام بە کۆنەپەرست داناوەو ئاوم بە ئاشی دوژمنانی کوردا کردووە ، ئەگەر خوانەخواستە لە نووسینەکەیشما شتێ بێ بۆنی ئەوەی لێ بێ ، ئەوەیشی لە بەرچاو بوایە کە وەک خۆی ئەمناسێ ، ئەوە نیم ئەو خۆی بە خاوەن هەقی ئەوە بزانێ ناوو ناتۆرەی‌وام لێ بنێ کە من لە ڕیزی ( اسقاط جنسیە )یا دائەنێم .. بەڵام ئەڵێی چی کە خۆرەی لەخۆڕازی‌بوون لە مێشکی کەسێکا هێلانە بکا ..

★ ★ ★

هەر لە مەیدانی قسەکردنا لەبارەی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیرانەوە ، دوکتۆر هەلەکەی لەبار زانیوە بۆئەوەی بێتە سەر باسی نامەی دوکتۆراکەی خۆی‌و فەزڵی دۆزینەوەو پێزانینی ڕاستیی پێشکەوتخوازیی ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران بداتە پاڵ ئەو دوکتۆرانامەیەی خۆی کە ئەوە چارەکە سەدەیەک ئەبێ لەسایەی ئەوەوە لە وڵاتی سۆڤیەتدا « **مێژوونووسێک نابینی ئەم قسانەی ئێستەی کاکە حەمە بکات** [ ستوونی سێهەمی بەشی یەکەم ] » و ، لە ڕیزی قسەکانیا لەم‌بارەوە نووسیویەتی :

« **.. کاتی خۆی لە نامەی دوکتۆراکەمدا ، زۆر بەتوندی ، بە پاڵپشتی لێکدانەوەی زانستی‌و بەڵگەی مێژوویی‌یەوە ، بەرپەرچی ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەی شووروەیم دایەوە کە وەک کاکە حەمە حوکمی ناڕەوایان دابوو بەسەر ڕاپەڕینە گەورەکەی شێخ سەعیدی پیراندا** ... تاد [ ستوونی سێهەمی بەشی یەکەم ] » .

دوکتۆر کەمال لەم بەشەی وتارەکـــەیا چەند برگـــەیەکی بریارە بڕبایەخەکەی « ئینستیتووتی ڕۆژهەلاتناسی‌ی کۆڕی زانیاری شوورەوی [ نەینووسیوە لە کام شار – م ] » ئەگێڕێتەوە کە هەلوێستی خـــۆیانی لەبارەی بزووتنەوەکانی کوردەوە پێ ڕاست کراوەتەوە . ئەوەی من لێرەدا لـــە هەر برگەیەکی‌تری ئەو بریارە مەبەستم بێ‌و پێوەندی بەم موناقەشەی ئێمەوە بێ ، ئەوەیە کە ئەلێ : « **ئەو ڕایەی بەر لە ئیستا لەناو ئێمـــەدا دەربارەی سروشتی سەر بە ئینگلیزی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید لـــە تورکیا** ( **سالی ۱۹۲۵** [ لە ڕۆژنامەکەدا بەهەلە نووسراوە : ۱۹۳۵ – م ] ) **باوبوو ، لەکاتی بەراورد کردنیدا لەگەل ئەو بەلگانەی نووسەری ئـــەم نامەیە هێناونی‌یەوە بەلای کەمەوە پێویســـتی بە ڕاســـتکردنەوەیەکی ئێجگار قوولە** [ ستوونی سێهەم‌و چوارەمی بەشی یەکەم ] » .

با بەرلەوەی بێینە سەر باسی نامەی دوکتۆراکەی دوکتۆر کەمال ، ئەو ڕستەیەی دوکتۆر بێنینەوە یاد کـــە وتی : « **ئەوەندەی من پێ‌بزانم کاکە حەمەی کورد تاکە کوردە لە سەرانسەری کوردستاندا ڕێگەی بـــە خـــۆی دابێ قسەی‌وا بـــە سەرکردایەتیی یەکێك لـــە ڕاپەڕینە هەرە گەورەکانی کورد بلێ** ... [ستوونی چوارەمی بەشی یەکەم] » . مەبەستی دوکتۆر لەم ( قسەی وا )یە ئەوەیە کە وتبووم : « لە سیاچارەیی کوردا سەرکردایەتیی بزووتنەوەکە بە دەستی کەســـانێکەوە بوو هەندێکیان ئایدیۆلۆژی‌یەکی ئایینی‌و سۆفیانەی بە کۆنەپەرست دراوە قەلەمیـــان هەبوو .. تاد » . جا ئەگەر من تاکە کوردا بم قسەی‌وام کردبێ‌و ئـــەم ( قسەی وا )یشە لە سۆڤیەتدا تا ڕۆژی داکۆکی کردنی دوکتۆر کەمال لـــە نامەی دوکتۆراکەی لـــە سۆڤیەتدا باو بووبێ ، ئەبێ زانا کـــوردە سۆڤیەتی‌یەکان‌و بەتایبەتی مێژوونووســـەکانیشیان تێکـــرا ئەو باری سەرنجی خراپەیان بەرانبەر بە ڕاپەڕینەکەی شێخ ســـەعید بووبێ .. جا لـــە حالی‌وادا توخوا چ ڕەوای حەقە لەکاتێکا کە مێژوونووسە کوردە سۆڤیەتی‌یەکان کە هەم مێژوونووسن‌و هەم کوردن‌و هەم دیارە ئەگـــەر زیاتریش نەبن لای کەمی پێشکەوتخوازن ، ڕایان بەرانبەر بـــە ڕاپەڕینی شێخ سەعید ئەوە بووبێ کە لە ســـۆڤیەت باو بووە‌و دوکتۆر کەمال ئیسپاتی کردووە هەلەیە ، ئەبێ بە چ‌هەقێ نازم حیکمـــەتێکی تورکی مولتەزیم بە ڕای پێشەنگی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی‌یەوە گوناهبار بکەین ، نەك لەبەرئەوە کـــە ئەو بیروڕا چەوتەی بووە ، چونکە دیار نی‌یە ئاخۆ ڕای‌وای بووە یا نە ، بەلکو لەبەرئەوە کە دیار نی‌یە شیعرێکی بۆ کـــورد

نووسیبێ . خۆ ئەگەر دوکتۆر مێژوونووسان و زاناپانی کوردی سۆڤیەت لەو حوکمە بخاتەلاوە ، ئەوا دەرئەکەوێ کە پێش ئەویش کەسانی‌تر ئەو ڕاستی‌یەیان لا ئیسپات بووە ، بەڵام بەختیان نەیهێناو بە ناوی دوکتۆر کەمالەوە لە بەڵگەنامەکانی ئەکادیمیای سۆڤیەتیدا خرایە سەر قاقەز .

ئەنجا با بێینەوە بۆ سەر نامەی دوکتۆراکەی دوکتۆر کەمال .

هەرکەس سروشتی ڕژێمە دیکتاتۆری‌یەکان بزانێ ، ئەزانێ لەسای ئەو جۆرە ڕژێمانەدا بیرو زانست و ئەدەب و کشتوکاڵ و پیشەسازی و ڕەوشت و هەموو ڕوویەکی ژیان بە ئارەزووی دیکتاتۆرو بەپێی ئەو ڕەنگە ئەبێ کە دیکتاتۆر ڕشتوویەتی .

لە کۆنگرەی بیستی پارتیی کۆمونیستی یەکێتیی سۆڤیەتدا بە دەست‌پێشخەریی نیکیتا خرۆشۆڤ و ، بەتایبەتی لە ماوەی ئەم پێنج ساڵەی دوایی گلاسنۆست و پریسترۆیکای میخائیل گۆرباچۆڤدا ، پەردە لە زۆر ڕووی ژیانی سۆڤیەتی جارانی سەردەمی ستالین هەڵماڵراوەو ، یەکێ لەو شتانەی لەم دوو ماوەیەدا بەباشی دەرکەوتوون ئەوەیە تەنانەت زانایش لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی زانستیی خۆیدا ماوەی دەربڕینی ڕایەکی زانایانەی ئەوتۆی خۆیی نەبوە کە لەگەڵ بیرو بۆچوونی ڕەسمیی دەوڵەت لەیەکبدەن و ، ئەبوو هەموو بیرو ڕایەك لە چوارچێوەی ئەوەدا بوایە کە دیکتاتۆرو ڕژێمی دیکتاتۆر ئەیانەوێ . هەڵوێستی ڕژێمیش بەرانبەر ڕاپەرینی کوردی تورکیا ئەوە بووە کە شۆڕش نی‌یەو یاخیگەری‌یەکی کۆنەپەرستانەیە بە فیتی ئینگلیزەکان و بۆ سوودی ئەوان بەرپا کراوە . لەبەرئەوە ئەبوو باس و لێکۆڵینەوەو وتارەکانی زاناکان و نامەی ماجستێرو کاندیدات و دوکتۆر ناوکی قوتابی‌یانیش لەم مەیدانەدا ، ئەرکی سەرشانیان هەر بریتی بێ لە دووبارە کردنەوەی ڕا ڕەسمی‌یەکەو بەڵگەی تازە بۆ هێنانەوەی . ئەگەر کەسێکیش داکۆکیی لە بۆچوونێکی پێچەوانەی ئەمەی خۆی بکردایە ، مەگەر چۆنها ، ئەگینا ئەگەر دووریش نەخرایەتەوە لە ئەکادیمی ، ڕەوا نەبوو بۆی دەنگی لە هیچ کۆڕێکا دەنگ‌بداتەوە .

بۆیە کە شان و شکۆی « دۆزینەوە »ی ئەو ڕاستی‌یە بەر کەمال مەزهەری قوتابی کەوت ، لام‌وابێ لەبەرئەوە نەبووبێ کەس پێش ئەو بەو ڕاستی‌یەی نەزانیوە . بێ‌گومان ئەبێ زانای سۆڤیەتیی زۆری وا بووبن

پێشتر بەوباسەوە خەریك بووبن و ئەو ڕاستی یەیان بۆ دەرکەوتبێ کە پاشان لەسەر دەستی دوکتۆر کەمالدا خرایەڕوو ، بەڵام تا ئەو سەردەمە ڕێ یان نەدراوە ڕای خۆیان دەرببڕن . جا کە لەو سەردەمەی خرۆشۆشدا بایەخدان بە بزووتنەوە نەتەوەیی و نیشتمانی یەکانی جیهان گەیشتە ئاستێکی باڵای وا هەرگیز لەوە پێش نەبینرابێ و ، دەوڵەتی سۆڤیەت ئەیویست دۆست و پشت و پەنای زیاتر لەناو گەلانی جیهانا بۆ خۆی پەیدا بکا ، ئەوەیان بە هەل زانی کە قوتابی یەکی کورد خەریکی لێکۆڵینەوەی بابەتی شۆڕشی کوردی تورکیایەو دیارە ئەیشبێ ڕای بەلای داکۆکی کردن لە ڕەوایی ئەو شۆڕشەدا بڕواو ، سوودی سۆڤیەتیش لەوەدا بوو ئەم کارە لەلایەن قوتابی یەکی کوردەوە بکرێ نەك لەلایەن قوتابی یەکی سۆڤیەتی یەوە ، چەردەیەکیش ئازادیی بیروباوەڕ بەرەڵلا کرابوو بۆ تۆژینەوەو لێکۆڵینەوە ، لە ئەکادێمیی سۆڤیەتی ڕاگەیێنرا کە لایەنی بۆچوونەکانی قوتابی کەمال مەزهەر بگیرێ و نامەی دوکتۆراکەی بۆ مۆر کەن و ، بەوە دەرفەتی ڕاستکردنەوەی هەڵەی ساڵەهای ساڵی خۆیان فەراهەم بکەن . بەوەیش کە ئەم هەڵەیە لەلایەن ئەکادێمی یەوە ساغ ئەکرێتەوە بە هەموو جیهانیان ڕاگەیاند کە لێکۆڵینەوەی زانستی لە سۆڤیەتدا چ پایەیەکی بەرزو باڵای هەیەو ، بەوەیش کە کارەکە بە قوتابی یەکی بێگانە کراو هەڵەی هەموو زانستی سۆڤیەت بە تۆژینەوەی قوتابی یەکی بێگانە ڕاستکرایەوە کە هەڵەکە بەرانبەر نەتەوەکەی خۆی کراوە ، ئەوەندەی تر پایەی سۆڤیەت لە بەرچاوی گەلان و قوتابی یانی گەلانی جیهانی سێهەمدا بەرزکرایەوە . ئەگەر وانەبوایە هەروا بەئاسانی بۆ قوتابی یەکی بێگانە نەئەلوا « زۆر بەتوندی » بەرپەرچی بۆچوونێك بداتەوە کە هەڵوێستی نزیکەی چل ساڵی دەوڵەتی سۆڤیەتی و هەموو دام و دەزگا زانستی یەکانی هەڵوەشێنێتەوەو ، چەند دەوڵەتی ناوچەکە لە سۆڤیەت بووزووژێنێ و ، قۆناغێکی تازە بەرانبەر بە مەسەلەی کورد بکاتەوە . ئەگەر ئەم مەسەلەیە پێش وەخت ڕێك نەخرابوایە لەوانەیە بڵێم سەرەنجامی کەمال مەزهەری قوتابی یش لە هیی سوعاد حەسەنەکەی قوتابیی بەردەمی دوکتۆر کەمال خۆی باشتر نەئەبوو کە لە کۆڕی لێدوانی نامەی ماجستێرەکەیا شتێکی وای وتبوو بە دڵی دوکتۆر نەبوو ، دوکتۆر بە ئیعتیرافی خۆی « دنیای هێنابوە سەری » و قوربەسەرە نەیتوانی بڵێ « لەل » چونکە کۆڕەکە کۆڕی لێکۆڵینەوەی زانستی یانە بوو و پێویست بوو ڕێزی بیرو ڕای تیا بگیرێ ! و قوتابی یەکەیش لەولاوە لەگەڵ

کەس‌وکارو دۆســتانی چاوەڕوانی وەرگرتنی ماجستێرەکــەی بوو ، لەبەرئەوە مەبەستی نەبوو هەزار پەت‌پەتیی لەوە خراپتریشی پێ بکرێ .

ئەگەر ئەم بۆچوونەی من هەڵەیە ، ئەی خۆ مەســەلەی کوردی ئێران‌و کۆماری مەهاباد مەسەلەیەك نەبوو بەڵگەو دەکۆمێنتەکانی لــە بەردەستی زانایانی سۆڤیەت خۆیاندا نەبێ . شتەکە هەر سۆڤیەت خۆیان دروستیان کردو هەر خۆیشیان ئاگایان لــە هەمــوو ســەروبنی هەڵوەشاندنەوەی بوو . بۆ ئائیستایش کە ئەوە دوو ســاڵە ملیۆنەها دەکۆمێنتی ڕووسی‌و سۆڤیەتی خراوەتە بەردەستی زانایان بۆ تۆژینەوەو لێکۆڵینەوە ، کەسێ هەڵنەستا شتێ لەسەر ئەو مەسەلەیە بلاو بکاتەوە ڕاستیی تەواوی تیا دەربخاو تێمان بگەیەنێ کۆماری مەهاباد چۆن دەستی پێ‌کردو چۆن برایەوە ؟

---

**پەراوێز :**

(۱) چەند ســاڵێ لەمەوبەر کە ئەو ژمارەیەی گۆڤاری ( هیوا )ی پاریسیمان بەردەس‌کەوت کە وتارەکەی کەنداڵ‌و فۆتۆی نامەکەی نــازم حیکمەتی بۆ کامەران عالی بەدرخان تیا بلاوکراوەتەوە ، مامۆستا شوکور بە دەس هەڵبەستی داناو وتی : مەگەر دەس‌خەتی نازم خــۆی ببینم‌و بزانم دەق وەك ئەم دەس‌خەتە وایە ، ئەوجا باوەڕ بکەم ئەمە ڕاستەو نازم خۆی نووسیویە .

(۲) ناظم حکمت ، الاعمال الشعریة الکاملة ، ترجمة فاضل لقمان ، الجـزء الاول ۱۹۱٦ــ۱۹۲۷ ، الطبعة الاولی ، دار الفـارابی ، بیروت ، ۱۹۷۹ ، ص ٥ .

(۳) لەم شوێنەدا ، کە دوکتۆر کەمال پیرەمێرد ئەکا بە بەڵگە بــۆ بەرپەرچدانەوەی من ، بە جــوانی ئەزانم ئەم برگەیە لــە نووسراوێکی پیرەمێردەوە ڕاگوێزمە ئەم پەراوێزە . لەوانەیە هەڵوێستی ڕاستەقینەی پیرەمێردمان لەئاست بزووتنەوەی شێخی پیران بۆ ڕوون بکاتەوە ، بەڵام ئومێدەوارم خوێندەوار لای وا نەبێ مەبەســتم ئەوەیە بڵێم بەناچاری لایەنگری بۆچوونەکەی پیرەمێردم .

پیرەمێرد ئەڵێ : « لە ئەستەمبووڵ جەمعیەتی کورد کۆبوونەوەو هەژدە هەزار مەئموورو کاسبو پاشا حازر بوون . هاتنە سەر ئەوەی

یەکێ بکەن بە ڕەئیس . بوون بە حەوت فیرقە . دەستەیەك شێخ قادری شێخ عەبدوڵلاو دەستەیەك شەریف پاشای سەفیری پاریس . ئەو حەوت لەشکرە گەورەیە لە مزگەوتی ( ئەیاســۆفیە )دا یەکتــریان دایە بەر خەنجەر !! کەس گەورەیی کەسی قوبووڵ نەکرد . خالید بەگی ڕەئیسی سەورەی ئەرزڕۆم قەراری دابوو لــە حوکوومەتی عوسمانی جــوێ نەبێتەوە ، شەهزادەیەك والیی عوموومی کوردستان بێ . ئەوە باش‌بوو ، **بەڵام قیامی شێخ سەعید هەموو ڕەنجێکی بەباداین** . هەموو نامدارەکان لە قەنارە دران . خوڵاسە ، تــا خۆمان نەبین بە پیاوو یەك‌نەکەوین کەس نامانکا بە پیــاو » . [ بڕوانەوە : ڕۆژنامەی ( ئاســۆ ) ، ژمارە ٤٨ ، ١٩٩٠/٦/٢٣ « لــە بیرەوەریی چل ســاڵەی کۆچی پیرەمێــرددا ، یادداشتەکانی پیرەمێرد ١٨٦٧ ــ ١٩٥٠ » ، ئامادەکردنی ئومێــد ئاشنا ، لاپەڕە ٣ ] .

(٤) نگاهی به تأریخ جهان ، جواهر لعل نهرو ، ترجمهء محمــود تفضلی ، بخش ٣ ، صفحه ١٣٦٦ ، تهران ١٣٦٦ ، مؤسسهء انتشارات امیر کبیر ( به فارسی ) .

# بەشی دووەم

من زۆر پێ‌خۆشحاڵم بەوە کــە بێ‌ئەوەی ئەوەم مەبەست بووبێ ، نووسینەکەم لەمەڕ وتارەکەی دوکتۆر کەمال وا شکایەوە لەم قاتوقڕی‌یە درێژەکێشاوەدا ، لـەم ڕۆژەدا کـەوا کۆنەپەرستیی جیهانی‌و ناوچـــە هەموو دەمیـــان ژەندووەتـــە بەدناوکـردنی سۆشـــیالیزم‌و ڕابەرانی ڕاستەقینەی بیری سۆشیالیستی‌و ، هەرکەس لە لای خۆیەوە تـاوان‌و هەڵەی هەندێ لە ڕابەرانی وڵاتانی سۆشیالیست‌و سەرکردەکانی پارتی‌یە کۆمۆنیست‌و کرێکاری‌یەکان‌و بارو دۆخی لەبەر گەلێ هۆ نابارو ناخۆشی وڵاتانی سۆشیالیستی کردووە بە دەسەسڕی سەرچۆپی‌کێشان‌و لـــە گەڕی شادمانیی کۆنەپەرستاندا ، چوارناڵە ، خەریکی ســـەماکردن‌و هەلهـەلە کێشانەو گۆرانی بـە بالای ســـەرمایەداریی خوێنمژو گـەلان چەوسێنەوەو وڵاتان داگیرکـــەردا ئەڵێ‌و نمـــوونەی ژیانی ئەمەریکاو بەریتانیامان بۆ ئەکا بەو نموونەیەی تا ئەمرین بۆی تێبکۆشین ، بەڵێ ئا لە ڕۆژێکی‌وادا دوکتۆر کەمال ، بـا تەنهـا بـە مەبەستی داکۆکی‌کردن لـە خۆیشی بێ بەرانبەر بە دوو ڕەخنەی ڕاست یا چەوتی دۆستانەی من ، دێتە مەیدانێکەوەکە تـا ئیسـتا پڕکێشیی نەکردووە خۆی بدا لە قەرەی ، هەرچەند زۆر زۆریش پێویست بوو زۆر لەمێژتر بهاتایەتە ئەم مەیدانەوە کـە بەتایبەتی بۆ ئەوکەسانەی مەبەستیانە هەمیشە لەپێشـــەوە بن ، زۆر لەبارە ، چونکە کەسی‌تر زاتی ئەوەی نەداوەتە بەر خۆی ڕچەی تیـا بشکێنێ .. بەڵێ دوکتۆر کەمال لەم ڕۆژو بارو دۆخەدا دێتە مەیدانەوەو ، کۆمەڵێ بڕگەی پڕبەها لە نووسینەکانی ڤلادیمیر ئیلیچمان بۆ وەرئەگێڕێتە ســـەر زمانە ئازیزەکـــەمان‌و بۆمان ئەخاتە ســـەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی ( هاوکاری ) . سەد بریا دوکتۆر کەمال‌و ڕووسی‌زانە پێشکەوتخـوازە کوردەکانی‌تریش هەر لەو ڕۆژەوە کـــە پێ‌یان ناوەتەوە خاکی نیشتمان بەشێکی ئەم ئەرکە پیرۆزەیان لەئەستۆ بگرتابە ، تا ئەگەر کەسانێکی وەك من ڕووی ڕاستی بۆچوون‌و بیروباوەڕی ئەم پیاوە مەزنە نەزانن ، وریاو

ئاگادار ببنەوەو چێو لە تاریکی نەوەشێنن . ڕاستتان ئەوێ گەلێ لـەو بڕگانەی دوکتـــۆر کردوونی بە کوردی ، من لـــەو تالوتەرا کتێبـــە عەرەبی‌یانەیشا نەمدیون کە تا ساڵێ یارای ڕاگرتنیانم لای خۆم بووە دە ساڵ کوناوکون شاردوومنەتەوەو ، زۆر جاریش وەك پارچەیەك لە جگەرم ببرژێنم کردوومن بە سووتەمەنیی تەنوور . سەد سوپاس بۆ دوکتـــۆر کەمال بەرانبەر بەم دەست‌پێشـــخەری‌یە لەخەیاڵا نەبوەی‌و ، خـوا یار بێ لەمەولا پێویستی بەوە نابێ لە وەڵامدانەوەی کەسـێکی وەك مندا لێ‌یان بکا بـە کوردی ، دلە پڕ لــە سۆزەکەی - بەڕاســـتمە - بەرانبەر بە نەتەوەکەی وای‌لێ‌ئەکا هەر چەند مانگ جارێ وتارێکی جوانی بەو بابەتە ئاودراومان بۆ ئەنووسێ‌و ، لەم دووری‌یانەی ژیاندا ڕێی ڕێکردنی بەرەو دوارۆژمان بۆ دەسنیشان ئەکاو بۆمان ڕوون‌ئەکاتەوە .

★ ★ ★

ئەنجا ئەگەڕێینەوە سەر وتارەکەی دوکتۆر کەمال‌و بەشـێکی‌تری دێنینە بەردەست :

دوکتۆر کەمال لـە سەرەتای بەشی دووەمی وتارەکـــەیا ئەڵێ :

**« گریمان قسەکانی کاکە حەمە دەربارەی سەرکردایەتی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٢٥ی کوردستانی تورکیا هەموویان ڕاست‌و دروستن . بەڵام ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا وەدەنگ‌نەهاتنی نازم حیکمەت‌و هاوبیرانی لەسەر خودی بزووتنەوەکەو جەماوەری زۆر لێکراوی کورد بە پێودانی لینین کارێکە هەموو ڕەخنەیەکی توندو تیژ هەڵدەگرێ . لینین چەند جارێك ڕاست‌و ڕەوان ئەوەی گوتووە کە هەموو بزووتنەوەیەکی نەتەوەی زۆرلێکـــراو هەرچۆن بێ لـــە ناوەرۆکدا بـــە سروشـــت دیموکراسی‌یەو پێویستە بەگەرمی پشـــتی بگیرێ . تەنانەت جارێکیشیان خەتی بەژێر وشەی ( هەموو )دا هێناوە ، کـــە دیارە مەبەستی‌یە بڵێ ســـەرجەمی ئـەو بزووتنەوانە بێ هیچ جۆرە جیاوازی‌یەك بە ناوەرۆك دیموکراسین‌و ئەوی خۆی بـــە پێشـــکەوتخواز دەزانێ دەبێ بـــە گـوتن‌و بـــە کردار لایەنی بگـــرێ .. تـــاد [ ستوونی یەکەمی بەشی دووەم ] » .**

بەدوای ئەم قسانەی دوکتۆر کەمالدا ئەڵێم : ئەم ئێستەرەم کردنەی دوکتۆر کەمال لەسەر پێویستیی هاتنەدەنگی نازم حیکمـــەت ، وەك کەس ، لەسەر چ‌بنەمایەك دامەزراوە ؟ ئەو نازم حیکمەتی وەك هونەرمەند

مەبەستە ، یا وەك سیاسی‌یەکی سەر بە پارتی‌یەکی تایبەتی ؟ ئەگەر وەك هونەرمەند مەبەستیەتی ، ئەم جیهانە پان‌و بەرینە سەدان هونەرمەندو ئەدیب‌و زانای پێشکەوتخوازی تیا بووەو تیایە ، تائیستایش ، وەك کەس ، چ لەسەر کوردو چ لەسەر گەلێ گەلی‌تر ، ورتەیان لـە دەم دەرنەچووەو وشەیەکیان نەخستووەتە سەر قاقەز . دوکتۆر کەمال خـۆی ـ وەك نموونەیەکی حازربەدەست‌و لـە بەرچاو ـ چیی لەدژی ئەپارتهـاید نووسیوە ؟ چیی بۆ شیلی نووسیوە ؟ چیی بۆ گەلی ئیرلەندە نووسیوە ؟ چیی بۆ تیو ملیۆن قوربانیی ئەندەنووسیایی نووسیوە کە سەدانیان پاش بیست ساڵ زیندانی لە جزیرە دوورەکانی وڵاتەکەیاناو داهاتنی سەردەمی ئازادکردنیان ، کران بەدارا ؟ چیی بۆ گەلی چل سـاڵ دەربەدەری لـە خانەو لانەی خۆی دوورخراوەی فەلەستین نووسیوە ؟ مەبەستی من لەم نموونە هێنانەوەیە تاوانبار کردنی دوکتۆر کەمال نی‌یە ، چونکە من وەك کەسێکی ڕیالیسـت ئەزانم بێگـومان دوکتـۆر کـەمال ، وەك پێشکەوتخوازێك ، لە دڵ‌و دەروونیا لەگەڵ هەموو ئەم بابەتە بەدادانەیە . وەك مرۆیەکیش ، وەك زانایەکیش ، هەر کارێکی دژی ئیمپریالیـزم‌و پێشکەوتخوازانەی ، لە گەوهەرەکەیا بۆ سوودی هەموو ئەم گەلانەیشە . من ئەمەندەم لە هەرکەسێکی تێگەیشتوو ئەوێ . چیی لەمە زیاتری کرد ئەوە زیادە هوشیاری‌و زیادە مرۆیەتی‌و زیادە هەست بـە لێپرسینەوە کردنی خۆیەتی .

خۆ ئەگەر دوکتۆر کەمال نازم حیکمەتی وەك سیاسی‌یەکی سەر بە پارتی‌یەکی تایبەتی مەبەستەو وەبەر نەشتەری ڕەخنـەو لە ڕەخنـە زیاتریشی داوە ، ئەوە بۆ لەم جیهانە گوشادو بەربڵاوەدا تەنهـا نازم حیکمەت ؟ بۆ ڕووی ڕەخنە بەر لە هەرکەس ناکاتـە پارتیی کۆمۆنیستی تورکیا ئەگەر لەوە دڵنیایە کە هەڵوێستی بەرانبەر مەسـەلەی کوردی وڵاتەکەی وانەبوە کە ئەو بیروباوەڕە داوای لێ ئەکا کـە ئەڵێ ڕێنموونی ڕێگای خەباتمە ؟ خۆ ئەگەر هەڵوێستی ئەو پارتی‌یەیش باش‌و بەگوێرەی بیروباوەڕەکەی بووە ، ئەوە هەڵوێستی نازم حیکمەتیشەو تێکۆشانی نازم حیکمەت لـە ڕیزی ئەو پارتی‌یەداو سیازدە سـاڵ بەندی دواجاری سەرومری‌و تێکڕای چالاکی‌و هەڵسـووڕانی لە مەیدانی سـیاسەتدا ، پشتگیری‌یە لە هەڵوێستە باش‌و بەگوێرەی بیروباوەڕەکەی پارتی‌یەکـەی لەئاست میللەتی کورد .

بۆ دوکتۆر کەمال ڕەخنە لە پارتی‌یەکی گەورەو گرانی وەك پارتیی یەکێتیی سۆڤیەت ناگرێ کە ئەو هەموو قسە جوان‌و ئینسانی‌و ئەنتەرناسیۆنالی‌یانەی لینینی پێشەوای خۆی ، لە سەردەمی ستالین‌و پاش ستالیندا پێچایەوەو خستنیە ئەرشیفەوەو پشتگوێی خستن‌و تائیستایش لە ڕوانگەی مەسڵەحەتی دەوڵەتەوە سەیری ئەم مەسەلەیەو چەند مەسەلەی‌تری وای جیهانی ئەکا ؟

بۆ تەنها نازم حیکمەت‌و لەو بەولاوە کەسی‌تر نا ؟

گریمان ئەوا نازم حیکمەت شیعرێ ، وتارێ ، شانۆنامەیەکیشی بۆ کورد نووسی ، یا هەڵوێستێکی‌تری بۆ قازانجی کورد بەتایبەتی‌و بە دەست‌نیشان کردنەوە پیشاندا ، کە من ئیستایش لەو باوەڕەدا نیم لەڕاستیدا شتی‌وا نەبێ ، چی بەوە لە ژیانی کوردا ئەگۆڕێ ؟ ئەڵێی : خۆشە ، دڵ پێی خۆش ئەبێ ، بەڵێ ڕاستە ، خۆشەو دڵ پێی خۆش ئەبێ ، بەڵام ئەگەر نەبوو ، نازمی پێ ئەبێ بە کۆنەپەرست ، بە شۆڤێنی ، بە دوژمنی کورد ؟ بەلای منەوە نا . من لام وانی‌یە . گۆرانی خۆمان ، گۆرانی خاوەنی « کوردستان جێگامی .. جێی هەزار ساڵەم » و « دەمی ڕاپەڕینە .. دەمی ڕاپەڕین » و « بەرێگاوە .. بەرەو کۆنفرانس » ، شیعری بۆ شێخ مەحموود نەنووسیوە ، بۆ مەهابادی نەنووسیوە ، بۆ هیچ ڕاپەڕینێکی کوردی نەنووسیوە .. بۆ دەست‌درێژی‌یە سێ‌قۆڵی‌یەکەی سەر میسریشی نەنووسیوە ، بۆ جەزائیرو جەمیلەیشی نەنووسیوە .. بۆ دەیان بابەتی هاتووە کوڵی نەنووسیوە . بینووسیایە ، بێ‌گومان خۆش‌بوو ، بەڵام کە نەینووسی بیروباوەڕەکەی لە دڵ‌و دەروون دائەماڵرێ ؟ بێ‌گومان نەء . نازم حیکمەت هونەرمەند بوو . گۆرانیش هونەرمەند بوو . هەردووکیشیان لەو هونەرمەندانە بوون خۆیان هەستیان نەبزووتبێ ، بە زۆری کەس‌و بە تەوژمی هیچ نەبزووتووە . من بە تاقیکردنەوەی خۆم لەگەڵ گۆرانی نەمر گەیشتوومەتە ئەوە کە هەرچەند ئەگەر داوایان لێ بکردایە ، وا لە سەربەخۆیی فکری نەگەیشتبوو ئەگەر بە دڵی نەبێ بڵێ : نەء ، ئەینووسی‌و ، دوو سێ موناسەبەتی وایش لە ژیانیا شك‌ئەبەم ، بەڵام لە خودی خۆیا زۆر لەوە بێزار بوو مەسەلەی شیعروتن بەجێ‌نەهێلرێ بۆ زەوقی خۆی .

جارێکیان لە سەرەتای شۆڕشی تەمووزا ، لە بەغدا پێکەوە چووبووینە سینەما . سەرەتای فلیمێکیان پیشان‌ئەدا . سەرەك وەزیران پێشوازیی لە سەرۆکی ئەڵمانیی دیموکرات ئەکرد . قسەیەکی لەبارەی

بێ تەکلیفی و سادەیی ئەو ڕۆژانەی سەرەك وەزیرانەوە کرد . وتم : دە بۆ شیعرێکی بۆ نانووسی ؟ بە پێ ناخۆشبوونەوە وەڵامی ئەو پێشنیایەی دامەوە . کە لەپاش بریندارکرانەکەیشی هەستی بۆ بزواو پارچە شیعرێکی بۆ نووسی ، پاشان لێم بیستووە پەشیمان بوو لێیو خۆزگەی ئەوەی ئەخواست بڵاو نەکرابوایەتەوە . عالەمی شاعیر عالەمێکی سەیرە . هەموو سەرێکی بە پرسیارو وەڵامی مەنتیقی لێك نادرێتەوە . بەڵام ئەڵێی چی !

**چونکە شاعیر زۆر بووە لەم عەسرەدا**

**بۆتە حەشری نێرەکەر لەم حوجرەدا**

لەم عەسرەی ئێمەیشدا ، گەلێ لە عەسری شێخ ڕەزای ڕەحمەتی خراپتر ، شیعر بووە بە ڕادان ، شاعیر بوون بە عەرزوحاڵنووس ، ئەتوانی هەزار شاعیر پەیدا بکەی ، بەیانی تا ئێوارە ، بەپێی ڕادانو داواو ئارەزووی خۆت ، چەند پارچە شیعری دژبەیەکیان پێ بنووسی هەریەکە لە ئاشێ لێ بکاو ، لەئەنجامی ئەوەدا مافی سەربەستیی هەست نە شاعیر زەوت بکرێو ، کەسانێکی لە شیعر بێخەبەر چەند فۆرمە نووسین تەرخان بکەن بۆ بەدناوکردنو پێستگوروونو بەدارکردنی هەستێکی ناسکی وەك نازم حیکمەت !

توخوا لەجیاتیی ئەم لە گۆڕ دەرهێنانەی نازم حیکمەت زۆر زۆر جوانترو زانستییانەترو ، بۆ کوردیش بەکەڵکتر نەبوو ، دوکتۆر کەمال ، پشت بەو شارەزاییەی لە زمانی ڕووسیو لە کەلەپووری سۆشیالیزمی زانستییانە ، لێکۆڵینەوەیەکی وردی لەوبارەوە بۆ بنووسینایە کە بۆچی مەسەلەی نەتەوەیی لە تێکڕای ڕۆژهەڵاتی نزیكو ناوەڕاستا ، بەپێچەوانەی ڕێنموونییەکانی لینینی مەزنەوە ، کەوتە ئەو تەنگەبەرەی کە لای پارتییە کۆمۆنیستەکان تێی کەوت ، کە هەرکامیان بگری ، کەمو زۆر لەئاست شیکردنەوەو چارەی ڕاست بۆ دەستنیشان کردنیا ، کەموکورتییان هەبوو کە تائێستایش نیشانەی بە گەلێ مەسەلەی وەك مەسەلەی فەلەستینو ، یەکێتیی عەرەبو ، چارەنووسی گەلی کوردو ، هەڵوێستی ڕاست لەئاست جۆری پێوەندی لەگەڵ پارتیو دەوڵەتە سۆشیالیستەکانو ، گیروگرفتی وڵاتە فرەنەتەوەکانو ، پێوەندی ناوخۆی حیزبو چینە نیشتمانپەروەرەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیكو ناوەڕاستەوە ، دیارە .

★ ★ ★

پێشتر لـە بۆچوونی نەهرۆ لەبارەی مەسەلەی کـوردی تورکیاوە دواین و بەدوای دوکتـۆر کەمالا قسـەکانی نەهرۆمان گێڕایەوە . کـە لـە زیندانەوە بـۆ ئەندیرای کچی نووسـیوەو ئـەم مەسـەلەیەی پێ هەڵسەنگاندووە . دوکتـۆر جارێکیتریش ئەگەڕێتەوە سـەر ئەم مەسەلەیەو ئەیکا بە بەڵگەی خۆی بۆ نەنگین کردنی نازم حیکمەت و ئەڵێ : «زۆر زۆر سەیرە ، بەڵکو نەنگی‌یە بۆ نازم حیکمەت و هاوبیرانی ، جەواهیر لال نەهرۆی هیندستان لـە دووری هەزاران کیلۆمەترەوە ، لـەناو بەندیخانەو دەسبەسەریدا ، سەرەتای سی‌یەکان ، بەڵێ سـەرەتای سی‌یەکان ، هەست بە ڕەوایی ڕابەڕینی شـێخ سەعیدی پیران بکات و لەسـەر کـورد هەڵبداتێ و ، ئەوانی خـاوەن‌ماڵ و هاوچـارەنووس بێ‌دەنگ بن .. تـاد [ ستوونی دووەمی بەشی دووەم ] » .

بەڵێ دوکتۆر کەمال پێی سەیرە نەهرۆ چاکتر لە نازم حیکمەت و هاوبیرانی لە مەسەلەی کورد گەیشتبێ . دیارە دوکتۆر گەڕی هەر لـە نازم حیکمەت ئاڵاندووە ، نازانم لەبەرچی ؟ ڕەنگە هەر لەبەرئەوە کـە پێش ئەویش کەسانێکیتر لەژێر پەردەی نەتەوەپەرستیدا ئەم بابەتەیان هێناوەتە ئاراوەو ، بەجێ‌یە ئەگەر ئەمیش شوێن‌پێی ئەوان هەڵبگرێ .. ئەگینا ئەی ئەڵێ چی ، ئەگەر ــ وەك پێشتریش وتم ــ نەهرۆ لە ملیۆنەها کورد خۆیشیان لە مەسـەلەی کوردی تورکیـا باشتر گەیشتبێ ؟ هەڵوێستی لەم مەیدانەدا لە سەرجەمی پارتی‌یە کۆمۆنیستەکان باشتر بووبێ و ڕاستتر مەسەلەکەی هەڵسەنگاندبێ ؟ چ‌پێویستی‌یەکی مێژوویی لەوەدا هەیە کە نازم حیکمەت لە هەرکەسێ زیاتر لە مەسەلەی کـوردی تورکیا بگا ؟ چی ئەبێ ئەگەر دوکتۆر کەمالی دوکتۆر ناوکو بیست ساڵ مامۆستای زانکۆ لە چەند مەسەلەی ئەم جیهـانە نەگاو تیا بەهەڵە بچێ ؟ ئەگەر لە مەسەلەیەك نەگەیشت کەعبە کەچ نابێ . هیـچ پێویست بـە تاوانبار کردن و نەنگین کردنیش نی‌یە . کەواتە با ئەوی ، وەك ئەڵێن ، ماڵی لـە شووشەیە ماڵی خەڵك نەداتە بەر بەرد ! نازم حیکمەت نـە ستالین بووەو نە ترومان و ئایزەنهاوەر .. نە خرۆشۆڤ بووەو نە جۆن کەنەدی تـا کاروباری دنیـا لەسەر لێ‌تێگەیشـتنی ئەو بوەسـتێ و ، نـە ڕاستکردنەوەی باری دنیایش لەسەر هونەرمەندان وەستاوە . کـورد نـە پەندی پێشینانیا وتوویە : « مردوو لەوێ کەوتووە ، بۆڕەبۆڕیان بە زیندوو خستووە » . لەم جیهانە پان و بەرینەدا دەیان مەسـەلە هەیەو دەیان کەس و لا هەن ئەتوانن بە هەڵوێسـتیان کاربکەنە سـەر باری

جیهان . ئێمەمانان ڕووی دەم بکەینە ئەو جـۆرە کەس‌ولایانەو ئەگـەر هەڵوێستیان بەگوێرەی پێویست نەبوو گلەیی‌یان لێ‌بکەین‌و ڕەخنـەیان لێ‌بگرین ، چاترە ، یـا ئەوەندە لەسەر لـە گۆڕی تـارو تەنگ دەرهێنانی ئێسك‌و پرووسکی نازم حیکمەتێ سوور بین کە لە نووسینی شیعرێ ، وتارێ ، شانۆنامەیێ بەولاوە هیچی لە دەسـەڵاتا نەبوەو ، خۆ ئەگـەر چاکەیشی بۆ کورد نەبووبێ ، هەر هیچ نەبێ خراپەی بۆ نەبوە .

★ ★ ★

دوکتۆر کەمالی مێژوونووس ، بەپێچەوانەی ڕاستیی مێژوویی‌یەوە کـە ئەوەتە لە تورکیادا وەك خەباتی سەختی گەلی کـورد بووە ، هەروا خەباتی گـەلان‌و کەمایەتی‌یە نەتەوەیی‌یەکانی‌تریش‌و ، خەباتی هێـزە کۆمەڵایەتی‌یە پێشکەوتخوازەکان‌و هێزە دیموکراتەکانیش بووەو ، هـەر پاشەکشـەیەکی ڕژێم لەئەنجامی خەباتی ئەم گشـتـە هێزانەدا بووە ، ئەیەوێ وا پیشان بدا بەر عافوات کەوتنی نازم حیکمەت لـە ئەساسدا ئەنجامی خەباتی تەنیا کورد بووەو ، بەم جـۆرەی لێـك‌ئەداتەوەو ، ئەیداتەوە بە ناوچاوانیاو ، ئەیکا بە نیشانەی سپڵەیی‌و بێ‌نەمەکیی ئـەو بەرانبەر بە کورد : **« ئەو عافواتەی لەئەساسدا ئەنجامی خەباتی کوردو بـۆ کورد بوو کـە خێری بۆ ئەویش دایەوە** [ ستوونی یەکـەمی بەشی دووەم ] » . ئەم قسەیەی دوکتـۆر کەمال یـا قسەکانی پێشـووی‌و لەمەوپاشی هەڵئەوەشێنێتەوە کە ئەوەیە نازم حیکمەت هیچی بۆ کورد نەکردووە ، یـا خۆی هەڵئەوەشێنێتەوە کە ئەڵێ ئەو عافواتەی ڕژێم « ئەنجامی خەباتی کوردو بۆ کورد بووە » ، چونکە ئەگەر ڕاسـت بێ عافواتەکە تەنهـا بـۆ کورد بووبێ‌و نازمیشی بەرکەوتبێ ، ئەبێ لەبەرئەوە بەری‌کەوتبێ کە لە مەسەلەی کوردا بەشدار بووە ، ئەگینا چۆن عافوات بـۆ کـورد بووەو نازم حیکمـەتی هـەم تورك‌و هـەم کۆمۆنیستیشی بەرکەوتووە ؟ خۆ ناشێ دوکتۆر بڵێ نازم بە فرۆفێڵ لە زیندانا خـۆی کردووە بە کورد تا بەر عافوات کەوێ . خۆ ئەگەر عافواتەکە بۆ هەموو زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان بووبێ ، ئەوا دیارە قسەکەی دوکتۆر تەواو نی‌یە کـە ئەڵێ هەر بـۆ کورد بووەو ، قسـەکەی من ڕاستە کـە ئەڵێم پاشەکشەی ڕژێم لەئەنجامی خەباتی هەموو نەتەوەو کەمایەتی‌و هێـزە دیموکرات‌و پێشکەوتخوازەکاناو ، عافوات دەکردنی بۆ هەموو زینـدانی‌یە سیاسی‌یەکان بووەو ، نازمیش یەکێك بووە لەوانەو لە پێشەنگی ئەوانەوە .

بـه هەرحاڵ ئەتوانرێ لـــه ڕێگای گەڕانەوەوە بـۆ ســـەر ڕۆژنامەو قانوونەکانی ئەو سەردەمەی تورکیا ئەوە ساغ بکرێتەوە کە ئەم عافواتە چۆن دەرچووەو بـۆ سوودی کێ دەرچووەو ، هەروا لە گەڕانەوە بـۆ ســـەر بیۆگرافیی نازم حیکمەت خۆیشیەوە ئەتوانرێ ئەوە بزانرێ ئەو حوکمەی لەسەرچی بەسەرا دراوە .

بەمجۆرە دوکتۆر کەمال بە هەموو چەشنێو لـــە هەموو کـــونو کەلەبەرێکەوە دەستەویەخەی نازم حیکمەت وەستاوە ، وەك بڵێی کورد دوژمنێکی باوكکوشتەی لە نازم حیکمەت خوێنخۆرتری نەبێو ، لەسەر ئەمە هەنگاو بە هەنگاو لـــە ڕشتنی داخی دڵی خۆیا بەرانبەر بـەو پیاوە بەردەوامە . بۆنموونە لـــە ڕستەیەکیتری وتارەکەیا ئەڵێ : « **گـەر نـازم حیکمەت هەروا بەئاسانی وەك ڕابۆت ، واتــە ئینسانی ئالی ، بڕوای بەو تۆمەتانە کردبێ کە دوژمنانی ئەوو کورد داویاننەتە پاڵ بزووتنـــەوەی ڕزگاریخوازی کورد ، دەبێ هەر بەوجۆرە دان بەو تۆمەتە زۆرانەشـــدا بنێ کـــە هەر ئەوان دەیاننایە پاڵ خۆیو ئەو بەرەی ئەو لەگـەڵی بوو . ئەو تۆمەتە ناشیرینو نارەوایانەی دەگەیشـــتنە ئاستی ئەوەی بڵێن ئەوکەسانەی وەك نازم حیکمەتن بێپەروا سواری دایكو خوشـــکی خۆیان دەبن** [ ستوونی سێهەمی بەشی دووەم ] » .

نازانم دوکتۆر پشت بە چبەڵگەو پێویستییەکی زانستی ئیمـکانی ئیفتیرازی ئەوە دێنێتە ئاراوە کە نازم حیکمەت باوەڕی بەو تۆمەتانـە کردبێ کە دوژمنانی ئەوو کورد داویاننەتە پاڵ کـــورد ؟ ئاخۆ نەهاتنە دەنگ لەئاست ستەمی لە کورد کراو ــ ئەگەر ڕاســـت بێ لەئاستیا نەهاتبێتە دەنگ ــ ئەبێ بـــە بەڵگە بۆ ئەوە کـــە باوەڕی بەو تۆمەتانە کردووە ؟ من هیـــچ پێوەندێکی مەوزووعی لـــە نێـــوان ئەم دوو بابەتەدا بەدی‌ناکەم . ئەنجا بۆ لـــە باوەڕ بەو تۆمەتانەوە کە دوژمنانی کـــوردو نازم حیکمەت داویاننەتە پاڵ بزووتنەوەی کورد ، پێویست ئەبێ لەســـەر نازم حیکمەت باوەڕ بەو تۆمەتە ناشیرینو نارەوایانەیش بکا کـــە هەر ئەو دوژمنانە ئەیاندانە پاڵ ئەوو تاقمەکەی ؟ چپێوەندێ لەنێـــوان ئەم دوو بابەتەدا هەیە ؟ پاشان ئەوا گریمان ئەو پێوەندەیش بوو و ئەو باوەڕە پێویست بوو ، ئەمە قسەیەکە دوکتۆر کەمال لەم وتارەیا لێی بدوێ ؟ قســـەی‌وا جاران لێرەیش ئەدرایە پـــاڵ منیشو دوکتـــۆر کەمالیشو ســـەدانیتری وەك ئێمەیش . قســـەی‌وا تەنها لـــە مەیدانی باسی

بێ‌ئابڕوویی کۆنەپەرستان‌و دوژمنانی ئازادیی گەل‌و نیشتمانا نەبێ مەیدانی گێڕانەوەی نی‌یە ، نازانم چی هێناویەتەوە یادی دوکتۆر کەمال‌و ، ئاخۆ ئەمە شێوەیەکی لەبارە بۆ بەرپەرچدانەوەی بەرانبەر ؟

کە مرۆ ئەم هەموو ئیسرارەی دوکتۆر کەمال لەسەر نمەك‌سوێری‌و ، سپڵەیی‌و ، بێ‌وەفایی‌و ، دڵڕەقی‌و ، بەزەیی بە کوردا نەهاتنەوەو ، کورد بە کەمتر لە گەلانی‌تر دانان‌و ، خوێنی کاڵتر لە خوێنی گەلانی‌تر پۆل‌بەندی کردنی نازم حیکمەت ئەخوێنێتەوەو ، چەند جۆرە تانەو تەشەری‌تری لە نازم ئەبینێ‌و ، ئەبینێ بەدرێژایی هەر پێنج بەشەکەی وتارەکەی وەك پێشکەوتخوازێ ئەدوێ‌و ، بەراوردی نازم‌و موعین بەسیسۆی هاوبیری بە یەك ئەکاو هەڵوێستی لەگەڵ هەڵوێستی نەهرۆی هیند ئەخاتە دوو تای ترازووی‌وا بۆ نازم سووکی بێنێ‌و بۆ ئەوان قورس‌و ، کە سەرنج ئەدا چۆن « پاکانە »کانی من بۆ نازم ، یەك لەدوای یەك ، بە بەڵگەی نەدراوە دواوەی « زانستی »یانە هەڵئەوەشێنێتەوەو بە پووچ‌و بۆشیان دەرئەکا ، بەڵێ مرۆ کە هەموو ئەمە بە دوو چاوی خۆی بەدی‌ئەکا ، هیچی بۆ نامێنێتەوە ئەوە نەبێ ئەو ئەنجامە بێنێتە بەرچاوی خۆی کە دوکتۆر ، لەبەر ڕۆشنایی زانست‌و فەلسەفەو تیووری‌و مێژوودا ، هەردوو سەری ( مقدمە )کانی سازکردو ( نەتیجە )کەی دایە دەستی وریایی‌و وشیاریی خوێندەوار خۆی ، کە ئەویش ئەوەتە ئەم هەموو ( مرۆڤایەتیی پێشکەوتخواز )ە بەهەڵەچوون‌و ڕێیان لێ هەڵە بووە ، ئەگینا نازم حیکمەتی شاعیری تورك کابرایەکە پان‌تورانی ، دوژمنی کورد ، شۆڤێنی ، کەمالی . ئەمە ئەو ئەنجامەیە کە مرۆ بەناچاری لە لێکدانەوەی پێنج بەشەکەی وتارەکەی دوکتۆر کەمالەوە ئەیگاتێ‌و لەمە زیاتریش .. ئەگینا ئەی نازم حیکمەتێ کە کارەساتی ساڵەهای ساڵ بەردەوامی قەلاچۆکاری‌و کوشتوبڕو زیندان‌و ماڵ‌وێرانی‌و دەربەدەریی کوردی عەنەدۆڵ ئەوەندەی سووتانی ماڵێ برادەرێکی ، ئەوەندەی دیمەنی پشیلەیەکی تۆپیو کاری لە دەروونی نەکردبێ ، ئەوەندەی قەحبەکانی مەدرید – بە قسەی دوکتۆر کەمال – ، ئەوەندەی نازانم چی‌و چی بایەخی بە کورد نەدابێ ، ئەبێ بە چیی‌تری وەسف‌بکەین ! دوکتۆر کەمال زۆر لەگەڵی بەڕەحم بووە ، ئەگینا نازم شایانی ناوو ناتۆرەی گەلێ لەمە زیاتریشە ، بەڵام بەش‌بەحاڵی دوکتۆر کەمال‌و سەنگ‌و ترازووی دوکتۆر کەمال . هەرکەسێکی‌تریش لەبەر ڕووناکیی ئەو فاکت‌و دەکۆمێنتانەی دوکتۆر کەمالا ، چۆنی لێك‌ئەداتەوە

بـا لێکی بداتەوە . هەرچی منی کوردی نـاو دوو کەوانوولکەی دوکتـۆر کەمالیشم کە ئەوو هاوبیرەکانی بە شایانی شەرەفی هاونەتەوەییی ئـەم میللەتەی خۆمم نازانن و ( کوردایەتی )م لێ قەدەغە ئەکەن ، خوا دەستیان نەدا ، بێگومان وەك کوردێکی شـانازی بە خۆو بە کوردایەتیی خـۆوە کردوو ، زۆرم پێ خۆشە کارەساتەکانی ژیانی گەلەکەم و باری وڵاتەکەم ، لای یەکێ لەم ملیۆنەها ئادەمیزادە زیاتر دەنگ و ڕەنگ بداتەوەو ، مایەی گەشەکردنمە ، نەخوازەڵا لـە دڵ و دەروونی زانایەك ، شـاعیرێك ، هونەرمەندێك ، هەرکەسێکا کە دەنگی لەم ڕەشـە خەڵکە زیاتر بگاتـە گوێی دڵ و دەروونی جەماوەری ئادەمزادی ئەم سـەرزەمینە . بەڵام ئەگەر ، لەبەر هەر هۆیەك بووە ، بەشبەحاڵی کەسێك کە ئەبوو ئەمەی لێـوە بێتەدی ، نەهـاتەدی ، نایکەم بەم هەراو بەزمەو بەو ڕۆژەی قەرەوەیسی تیا کوژرا ، وەك بڵێی ئەوکەسە لە هەرچی کـوێرەوەری و دەسخەڕۆ کردن و دەسبرین و ماف پێشێل کردن و بەدبەختیی بەدرێژاییی مێژووی کورد هەیە بەرپرسـە ، وەك هەندێ کەس ئەفەرموون و گۆشتی خۆیانی لای نەیارانی پێشکەوتنخوازانی جیهان پێ شیرین ئەکەن .

ئـەم کـوردە بەدرێژاییی چەرخی هاتوچۆ کردنی ڕۆژهەڵاتناسـانی ئەورووپا بۆ ڕۆژهەڵات ، لەدژی نووسراوەو بوختـانی بۆ کراوەو بە دزو درۆزن و جەردەو پیاوکوژو کێوی و درندەو شتیوا دراوەتە قەڵـەم و پێشتریش بە ( کورت )و بە وەچەی ( جنۆکە )کانی حەزرەتی سولەیمان و نازانم بە چیی‌تر بە خوێندەوارانی وڵاتانی ئیسلام ناسێنراوە .. توخوا ، لەجیاتیی کاری ئاسانی ، ( شـەهادەی حوسنی سـولووك ) بەخشی ، هەڵشـاخان بە ڕووی شاعیرێکی ئینسانی ، نۆزدە ساڵی ڕەبەق لەپێناوی ئینسانیەت و ئازادیی بیرا لە زیندانا بردووە سەری ، وەك نازم حیکمەتا ، هەر لەبەرئەوە کە ئەڵێن شیعری بۆ کورد نەنووسیوە ، ئەگەر ئەمەیش ڕاست بێ و وا بێ ، پێویستتر نییە ئەو جۆرە کەسانەی ئەم ئەرکـە ناپیرۆزە لەئەستۆ ئەگرن ، بێن قەڵـەم بـۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو ناحەزو بەدنیازو درۆزنانەی پێش‌قەرەوڵی ئیمپریالیزم بخەنەکار ؟ دوکتـۆر کەمالیش کـە تەنها بـۆ بەڵگە هێنانەوە بۆ تاوانبـارکردن و بێئابڕوو کردنی کەسێکی وەك نازم حیکمەت پاش بیسـت ساڵ دەسـت بـۆ ( سەرجەمی دانراوەکانی ف . ئی . لێنین ) درێژئەکاو ، لەو کارتۆنانەیان دەرئەهێنێ کە لە پێش گەڕانەوەیا لە سۆڤیەتەوە ، بۆ بەرێگای دەریادا ناردنەوەیان سەفتەی کردوون تیایانا ، باشتر نەبوو دەمێ لەپێشتر ئەو

کتێبانەی بکەوتایەتەوە یادو ، ئەو بڕگە بایەخدارانەی لێ بکردنایە بە کوردی کە ئەمڕۆ بۆ مەبەستی جەختکردن لەسەر مافی نەتەوەیی کورد نا ، بۆ بە پاشگەزبووەوە دەرکردنی نازم حیکمەت وەریانئەگێڕێ ! بە هەرحاڵ من گەلێ گەلێ سوپاسگوزاری دوکتۆر کەمالم کە ، با بۆ ئەم مەبەستەیش بێ ، ئەو سەرچاوە بایەخدارانەی هاتەوە یادو ئەو چەند بڕگەی بۆ لێ کردین بە کوردی ، کە من خۆم لەیادم نی‌یە لە سەرچاوەیەکی‌ترا بەرچاوم کەوتبن .

★ ★ ★

لە سایەی خواو سەری ( تووڕە کردن )ی منەوە ، دوکتۆر کەمال دەرگابێنی تووڕەکەی زانستی‌یە ، بەنرخە ، لای خۆمان کەس پێ نەزانیوەکانیمان ، بۆ ئەکاتەوەو ، باسی زانایەکی بەویژدانی (ڕاستۆپچین) ناوی سۆڤیەتیمان بۆ ئەکا کە لە ١٩٣٢ ، واتە لە یەکێ لە گەرمە ساڵەکانی زەبروزەنگی ستالیندا ، داکۆکیی لە کوردی تورکیا کردووەو ، ڕەخنەی لە هەڵوێستی هەڤالە زاناکانی خۆی گرتووە [ ستوونی دووەمی بەشی دووەم ] . ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی ئەوەندە تووش بووە زانایەکی سۆڤیەتی ، لەمەڕ مەسەلەیەکی گەرم‌گوڕی دراوسێی سۆڤیەتی وەك مەسەلەی کوردی تورکیاوە ، گەیوەتە ئەنجام‌گیری‌یەکی پڕبایەخی نوێ ، بەڵام چونکە دیکتاتۆری باڵی بەسەر هەموو ڕوویەکی ژیانا کێشابوو ، دەنگی لە گوێی کەسا نەزرنگایەوەو ، بۆچوونەکەی لە لاپەڕەی ئەو پەخشنامەیە تێپەڕی نەکرد کە تیا بڵاوکرایەوە . بەڵام قانوونی هەمیشە بەرەو پێشەوەچوونی مێژوو و پاشەکشەی سیستێمی سەرکوتاندنەوە کارێکی کرد قوتابی‌یەکی کوردی بێگانە سەرلەنوێ لە ١٩٦٣دا ئاڵاکەی ئەو زانایە لە هۆڵەکانی ئەکادێمیای زانستی سۆڤیەتدا بەدەستەوە بگرێتەوەو شەرەفی ڕاستکردنەوەی هەڵەی هەڵوێستی ڕەسمیی نزیکەی چل ساڵی زانایانی سۆڤیەت بەو ببڕێ . لێرەدا زۆر لە جێی خۆیایەتی بە دوکتۆر کەمال بڵێم توخوا لەجێ‌تر نەبوو لەگەڵ ئەم بارو دۆخە دژوارە دژ بە زانستو بە گەوهەری بیری مارکسی‌یەدا کە لەو وڵاتەدا هەبوو کە ئەبوو بیرو بۆچوونەکانی مارکس‌و ئەنگلزو لینینمان بە ئەمانەتەوە بۆ بگوێزنەوە بۆ مەیدانی پراکتیك ، ئەویش ڕووی دەمی ڕەخنەو ، ناڵێم نەنگێن‌و شەرمەزار کردن ، بکاتە بەرپرسانی سیاسەت‌و ئایدیۆلۆژیی سۆڤیەت‌و هاوڕێکانی ڕاستۆپچینی زانای بەویژدان ، لەجیاتیی ئەوەی کە نازم

حیکمەتی پێ تاوانبار بکردایە ؟ لەگەڵ ئەوەیشا کە ئەمە وایە ، من وەك ئەوەی نازم حیکمەتی بەهەڵەو بێجێ ئەزانم ، ئیستەرەمی لەسەر ئەمەیش لێ ناکەم ، چونکە ئەزانم هەرچییەك بگـری لەم ژیانەدا بەستەیە بە قۆناغێکی تایبەتییەوە . ئەگەر ئەو سەردەمە بۆ ئەوە بشیایە داوی دیکتاتۆریی بەربڵاوی ستالینی لە گەردنی خەڵك تیا داماڵرایە ، یـا هەر ستالینیزمی تیا نەئەهاتە ڕووی کار ، یـا وەك ئایدیۆلۆژییەك مێشکی عالەمێکی فرەو فراوانی نەئەگرتەوە. ئەو گشتە شتە سەیرو سەمەرانەی جـاران بە ناوی مارکسیزم‌و لینینیـزمەوە باوەڕمان پێیان بوو و ئیسـتا بەئاگا هاتووین کـە فریـان بەسـەر گەوهەری مارکسیزم‌و لینینیزمەوە نییەو ، گلەیی لە خۆمان ئەکەین کە بۆ تا چەند ساڵێ پێشتر هەرکەس شتێکی لەبارەوە بووتنایە بە نۆکەری زەرخریدی ئیمپریالیزممان ئەزانی ، لـەو گـەرمەی باوەڕی ڕۆمانتیکییانەو ڕێبـازی وشـکە دەروێشیی‌و دۆگماتیزمەدا تەنها لـە مێشکی کاڵ‌و کرچی ئێمەدا بنجیان دانەکوتابوو ، دەردێ بوو جیهانی ، لـە سەرانسەری بەرەی عالەمگیری سۆشیالیزمدا تەنها چەند کەسانێکی وردو زیرەك‌و بیرتیژی لێ دەرباز بووبوو . دوکتۆر کەمالیش کەوا ئیسـتا لـەم دەیان هەزار ئەدیب‌و هونەرمەندو زاناو تیووریستانەدا کەسی لە نازم حیکمەت بێدەسەڵاتتر نەدۆزیوەتەوە بیداتە بەر سووژنی ڕەخنە کە ٦٠ـ٧٠ ساڵ پێش ئەمڕۆ وەك ساڵی لـە دنیا دەرچوونی بیری نەکردووەتەوە ، ئەتوانم بەجەختـەوە بڵێم ئیسـتایش خۆی ، لە زۆر ڕووەوە ، لەو سەردەمەوە نزیکترە تا لە ڕۆژی ئەمڕۆ !

★ ★ ★

دوکتۆر کەمال پاش ئەوەی بـە داوێنی دوانەوە لـە ڕاستۆپچین نزیکەی ستوونێ ڕەش‌ئەکاتەوەو تووڕەیی لەئاست کوفری دوو ڕەخنەی دۆستانەی من تیا ئەگاتە ڕادەیەك لاموایە ئەگەر لـە بەردەستیا بوومایە سەرو گوێلاکی هەموو تێك ئەشکاندم ، بەم‌لاو لای خۆیا ئەڕوانێ‌و ، کـە بەدیم ناکا ، پەلاماری قەڵەم‌و قاقەزە بەسەزمانەکەی بەردەستی ئەداتەوەو لەسەری ئەڕواو ئەنووسێ : (( **کاکە حەمەی خۆشەویسـت دەبێ لێم ببووری گەر بڵێم هێشتا زۆرم پێ ماوە . بەرەکەتدا شتێك لەو خەرمانە زۆرەی بە ئارەقی ناوچەوان ساڵەهای سـاڵە کۆم‌کردوونەوەو ئیستە بەهۆی وتارەکەی تۆوە دەرفەتی خستنە سەر قاقەزیان بۆ هاتۆتە پێش ، یادداشتی یەکێـك لـە شاگردو هـاوبیرو هـاوزمان‌و هـاوزیندان‌و هاوچارەنووس‌و هاوەڵـەکانی نازم حیکمـەت خۆیەتی کـە نـاوی**

**( ئوستیونگول )ەو ، وەك ئەوو لەگەڵ ئەو ساڵەهای ساڵ بە ڕەهایی لە کۆڕی خەباتو بـە دەسبەسەری لـە زینـدانەکانی وڵاتدا بووەو دوای بەربوونی دیسان وەك ئـەو پەنای بردۆتە بەر وڵاتی شووڕەوی ٠٠ لـە یادداشتەکانی ئوستیونگول کـە بە ناوی ( لـە زینداناو ٠٠ بە ئازادی ٠ یادداشتی کۆمۆنیستێکی تورك )ەوە بڵاوی کردۆتەوە چەند دەستەواژەو بڕگەیەك دێنمەوەو ، بەدەمیانەوە چەند پرسیارێك دەخـەمە بەردەستی کاکە حەمەی بەڕێز ٠٠ [ ستوونی سێهەمی بەشی دووەم ] » ٠**

توخوا دوکتۆر گیان لێرەدا تۆزێ هێمن ببەرەوەو گوێم بۆ شل‌کە ٠ تۆ لە ١٩٧٠ەوە لـە سۆڤیەتەوە گەڕاویتەوە عێراقو ، تـا ئیستا ئەوەندەت دەرفەت نەبوو باراشێکمان لەو خەرمانە بۆ بهاڕیو بیکەی بە نان کە بە ڕەنجی شانو ئارەقی ناوچاوان کوت‌کردووەتەوە ، تا ئیستا بەهۆی هاتنی ( میوانی ) ناوەختو چاوەڕوانی نەکراوی وەك ڕەخنەکەی منەوە مستێکت لێ هەڵگرتو لە پەلەپەلا کردت بە ( دەستار )ا ٠٠ خۆت ئەمە چۆن مەعنا لێ ئەدەیتەوە : دڵسۆزی بـۆ کوردی ناولێ‌ئەنێی ، یـا کەم‌تەحەمولی لەئاست ڕەخنەو بزووتنەوەی دەماری یا ماری خۆپەرستی ؟ ئەی سەد کەڕەت لە دەوری ئەو دەس‌و پەنجەو قەڵەمە ڕاستگۆیەت گەڕێم کـە لـە تاوێکی لەبەر تووڕەیی ئاگا لەخۆنەبووندا ئەو ڕاستی‌یەت بۆ خستینەڕوو و بۆت دەرخستین ڕادەی ئەو کوردایەتی‌یەت تا کوێ بڕئەکاو ، داکـۆکی لەخۆتت بەرانبەر بە دوو ڕەخنـە ، ئەویش دوو ڕەخنەی بەجێی بـە هەزار مەدحو سەناوە پێچراو ، گەلێ گەلێ لە ڕۆشنبیر کردنی گەلەکەت لا مەتلەبترە ٠

دوکتۆر کەمال کە ڕووداوی بیست سـاڵی ڕەبەقی پاش گەڕانەوەی لـە سـۆڤیەتەوە تائیسـتا ، ئەوەندەی دوو ڕەخنـەی من نەیبزواندبێ چەردەیەکمان لـە باسی ئەو کارەساتە تاڵو سوێرانە بۆ بگێڕێتەوە کـە گەلی کورد لـە تورکیا چەشتوویەتی‌و ئەو بەهۆی سەرچاوە سۆڤیەتی‌یەکانەوە ئاگای لێ‌یانە ، ئیستا وا دەسـت ئەداتە قەڵەمو چەند بڕگەیەك لـە یادداشتەکانی « یەکێك لە شاگردو هاوبیرو هاوزمانو هاوزینـدانو هاوچارەنووسو هاوەڵەکانی نازم حیکمەت »مان کە ناوی ئوستیونگوڵە ، بـۆ ئەگێڕێتـەوە ٠ بەڕاستی ئەمە کارێکی مەردانەیەو ، ئوستیونگـول ، وەك مرۆیەکی ئینسان دۆستو بەڕاستی خاوەن باوەڕ بە برایەتیی گەلان ، ئەو ڕووداوە پڕئازارو سزایانەی یادداشت کردووە ٠ هیـوام وایە دوای

دامردنەوەی کەفوکوڵی ئەم ڕەدو بەدەڵەمان ، دوکتـــۆر کەمالی بەڕێزو خۆشەویست ئەو یادداشتانە بۆ بیست ساڵیتر نەخاتەوە سەر ڕەفەو ، هەر چەند ئەڵێن وەرگێڕان کاری ڕەسەن نییەو ڕەوا نییە زانا خۆی پێوە خەریك بکا ، دەس بە وەرگێڕانیان بکاو لـــە کتێبێکی قەشـــەنگ‌و جوانا پێشکەشی خوێندەوارانی نەتەوەکەیی بکا .

بەرابەر بــە نووســینەوەی ئـەو چەند بڕگە لـــە یادداشتەکانی ئوســـتیونگول کە من پێش ئیستا ناویم تەنانەت لـــە دوکتۆر کەمالیش نەبیستووە ، لە پیا هەڵدان‌و ئافەرین لێ‌کردنی دوکتۆر بەولاوە هیچ شك نابەم بیلێم ، ئەوە نەبێ کە بپرسم :

أ ــ ئەگەر ئوستیونگول ، وەك دوکتـــۆر نووسیویە ، « شـاگردو هاوبیرو هاوزمان‌و هاوزیندان‌و هاوچارەنووس‌و هاوەڵی نازم حیکمەت خۆی » بێ ، ئەبێ نازمیش لای دوکتۆر کەمال ، وەك ئوستیونگول پیاوی چاك‌و کورددۆست بێ ، یـا ئوستیونگول ، وەك نازم ، شـایانی گلەیی‌و ڕەخنەو نەنگ‌و شەرم بێ ، کەچی ، وەك ئەبینین ، دوکتۆر خراپەی نازم‌و چاکەی ئوستیونگول ئەڵێ . من ئەم هاوتایی‌کردن ( معادله )ەم بۆ ڕاســت ناکرێتەوە .

ب ــ ئەم یادداشت نووسینەوە باشـانەی ئوستیونگول ، چەندی بەچەندە لەگەڵ ئەوە کە دوکتـــۆر لە بڕگەیەکی پێشـــووی وتارەکەیا نووسیی : « **ئێمە هەمیشە گلەیی ئەوە لە نازم حیکمـــەت‌و نووســـەرە پێشکەوتنخوازەکانی تورکیا دەکەین کـــە دەردو ئازاری برا کوردەکانیان جارێك نەیبزواندوون** .. تاد [ بڕگەی ٧ ، ستوونی ١ ، ژمارە ١١٣٢ ، هاوکاری ] » ؟ خۆ ئەگەر لە وەڵاما ئەڵێ : ئوستیونگول تاقە نەفەرێکە ، ئەوا منیش ئەڵێم : ئەی تۆ لەکوێ هەموو ئەدەبیاتی پێشکەوتخـــوازی تورکیات تاوتوو کردووەو ، چـــۆن دڵنیا بوویی لەنـــاو هەموو بنووسە پێشکەوتخوازەکانی تورکیادا کەسێ نەبوو بەرانبەر بە کارەساتی کوردەکانی تورکیا جووڵەیەك بکەوێتە دەروونی مردووی ؟

دوکتۆر کەمال ، وەك بێ‌بەوێ بەو هەموو کتێب‌و گۆڤارو زانست‌و بەڵگەو دەکوومێنتانەم بتۆقێنێ کە لاینی ، ئەنووسێ : « **من ئـــەم هەمـــوو شـــتانەو گەلێکیتری وەك ئەمانەم لایە** [ ستوونی چـــوارەم ، بەشی دووەم ] » . منیش ئەڵێم : سەد شـــوکرو ســـوپاس بۆ بارەگای بەرزی یەزدان کە ئەو هەموو شـــتەت لا کەڵەکە بووە ، بەڵام بەچی‌ئەچێ تۆ ئـــەو

هەموو مەعلوومانەت دەربارەی چەوساندنەوەی نەتەوەکەت لە هەندەران لا بێ‌و بیر لەوە نەکەیتەوە بیخەیتە بەرچاوی‌و ، خۆت بە زۆر شتی‌تری واوە خەریك بکەی کە بە خوێی چێشتیش نەگا بە قازانجی ، تا ئەوڕۆژەی دۆستێکی تائیستایش بەڕاستی دڵسۆزت ، بەر لە هەرچی بۆ قازانجی خۆت‌و بۆئەوەی پێت هەڵنەکەوێ ، دوو ڕەخنەی ناسکت لێ ئەگرێ ، کەچی ئەوەندە بەوە تووڕە‌و قەڵس ببی بەشی شەش حەوت فۆرمە لە وەڵامیا بنووسی‌و بنووسی‌یەوە ؟ ئیستا کێ ئەبێ بتوانێ بڵێ دوکتۆر باسی ئەم یادداشتە پڕبایەخانەی ئوستیونگولی بۆ ڕازی‌کردنی ئارەزووی نەفسی خۆی نا ، بۆ هوشیار کردنەوەی گەلەکەی نووسیوەتەوە ؟ مەگەر لەمەولا هەر بەدوای دۆزینەوەی بیانوویەکا بگەڕێین بۆ ورووژاندنت ، ئەوجا شتێکی نایابی کەس پێ‌نەزانیوت لێ هەڵئەوەرێ بۆ سوودی ئێمەی تینووی زانینی زیاتر لەبارەی خۆمان‌و دەوروبەرمانەوە ، ئەگینا با لە ئەرشیفەکەتا هەزاران دەکوومێنت ڕیز کرابێ ، کە دەستی خەڵکی نەگاتێ بەچی‌ئەچێ ؟

دوکتۆر کەمال لای‌وایە من کەوتوومەتە هەڵەیەکی زەقەوە ئەگەر بڵێم لەوانەیە نازم حیکمەت لە بەدادیی مەسەلەی کورد نەگەیشتبێ‌و لەبەرئەوە لەسەری نەهاتبێتە دەنگ [ ستوونی چوارەمی بەشی دووەم ] . بەلای منەوە نە ئەمە سەیرە‌و نە ئەوەیش ، کە کەسانی نیشتمان‌پەروەرو پێشکەوتخواز بە چاوی خۆیان ، نەك هەر دەس‌تێوەردانی ئیمپریالیزم‌و نۆکەرانی ئیمپریالیزم لە کاروباری نیشتمان پەروەران ، بەڵکو دەس تێکەڵ کردنی نیشتمان پەروەرانیش لەگەڵ ئیمپریالیزم‌و نۆکەرانی ئیمپریالیزم بە چاوی خۆیان ببینن‌و ، نەك هەر لێیان دوورنەکەونەوە‌و پاکانەیان لێ‌نەکەن ، بەڵکو ئەو هەڵوێستە چەوتەیشیان بۆ پاساو بدەن‌و « تەبریر »ی بەناو « مارکسی »یشیان بۆ بدۆزنەوە !

کاکی برای ! مەسەلەی سیاسەت لە زۆر حاڵەتا ئەوەندە ئاڵۆزە مرۆ بەئاسانی سەری لێ دەرناکا . مستەفا کەمالێ کە توانیبێتی ڕووی ڕاستەقینەی خۆی لە بەردەمی لێنینیشا بشارێتەوە‌و وای تێگەیاندبێ کە باوەڕی بە مافی گەلان لە دیاری‌کردنی چارەنووسی خۆیانا بە دەستی خۆیان هەیەو نیازی وایە ئەمە لە تورکیادا بێنێتەدی ، وەك دوکتۆر کەماڵ خۆی پێشتر بۆی گێڕاینەوە ، بۆ عەجایبە ئەگەر شاعیرێکی وەك نازم حیکمەت تا درەنگ وەختێ لێی حاڵی نەبووبێ ؟ نازم حیکمەتێکی

ئەریستوکراتزادەی ، هونەرمەندی ، لە ڕۆمانسی یەتا ژیاوی ، هەر لەو ڕێگایەیشەوە ڕێکەوتووە سەر ڕێی شۆڕشگێڕی و ، خۆ لە ڕووداوی سیاسیی ڕۆژانەوە نەتلاندوو ...

لە زیندانەکانی ستالینا کۆمۆنیستی سۆڤیەتی یان ئازار ئەداو داوایان لێ ئەکرد دان بە تاوانی نەکراوی پیلان گێڕان و دەست لەگەڵ دوژمن تێکەڵ کردنا بنێ و ، تێ یان ئەگەیاند کەوا بەم دان نانەی بەو تاوانە دراوە پاڵانەیا خزمەتی سۆشیالیزم و شۆڕش ئەکاو ، ئەویش لە دڵپاکی و دڵسۆزیی خۆیەوە بە ڕەزای دڵ دانی پیائەنان و تەنانەت لەسەر داری سێدارەیش هووڕای « بژی ستالین ! »ی ئەکێشاو ، مەرگی خۆی بەئەنجامی پیلانی دوژمنانی شۆڕش ئەزانی کە گەیشتوونەتە پایەی بەرپرسی و ستالین « پێ یان نازانێ ! » . لام وایە دوکتۆر کەمال دیاردەی وا سەرسامکەر هەروا سووک و ئاسان بە ( ڕابۆتی یەت ) دابنێ ، بەڵام مەسەلەکە لەڕاستیدا گەلێ لەمە قووڵترەو ، هیچ ڕەوای هەق نی یە هەر بە قاڵەی دەم و بە بازرگانی کردنی زەق بە هەستی خاوێنی دڵسۆزیی نەتەوەیی ئەم خەڵکە بێ گوناهەوە ناژم حیکمەتی ئینسان بە دوژمنی کورد بەم گەلە بناسێنرێ و ، قسەی وایش بە دەمی منەوە هەڵبەسترێ کە بە دەمما نەهاتبێ ، منێ کە زۆرتری ئەوانەی ئەمناسن وام ئەناسن کە هەم و ، بویسترێ مێشکی ئەم خەڵکە بەوە بئاخنرێ کە گوایە من شۆڕشەکانی کوردی تورکیام بە کۆنەپەرست داوەتە قەڵەم ! زۆر مایەی شوورەیی یە بۆ کەسێ خۆی بە خوێندەوارو پێشکەوتخوازو ڕاستگۆ دابنێ ، قسە دیارو ئاشکراکانی من هەڵگێڕێتەوەو ئەوەی بە زمانی خەڵکی ترەوە گێڕاومەتەوە بە بیرو بۆچوونی خۆمی لە قەڵەم بدا ! من بە هیچ کلۆجێ ئەو قسە نارەوایانەم نەکردووە کە لە هەر ئەڵقەیێ لە پێنج ئەڵقەکەی وتارەکەی دوکتۆر کەمالا چەند جار بە ناوی منەوە وتراونەتەوە . ئەوەی بە زمانی خۆم وتوومەو نکوولیی لێ ناکەم و لێی ناکرێ ئەوەیە کە کەم و زۆر دەستێوەردانێکی ئیمپریالیزم لەو بزووتنەوەیەدا لە بەرچاو بووە . ئەگەر دوکتۆر کەمال نەیەوێ خاسیەتێکی وا بدا بە گەلی کورد لە هیچ کام لە گەلانی وڵاتانی موستەعمەرەو شوێنکەوتوودا نەبووبێ ، دان بەم ڕاستی یەدا ئەنێ و ، ئەمەیش بە هیچ جۆرێ واناگەیەنێ کە بزووتنەوەی کوردی تورکیا ناخیگەری یەکی کۆنەپەرست بووە بە فیتی ئیمپریالیزم بەرپا بووە . مەنتیقی کاروبار خۆی شایەتی ڕاستیی ئەم قسەیەی منە ، با دوکتۆر کەمالیش لەبەر سۆزی بێ بنەمای نەتەوەیی و

شوێنی خەیاڵو خۆزگە کەوتنی خـــۆی هەر ئینکاری بکا .. هەموومان دوێنێو پێرێی خۆمانمان لەیادە کـــە شای ئێـــرانو ئەمەریکایی‌یەکانی ئاغای ، بۆ سوودی خۆیانو تەنهـــا بۆ سوودی خـــۆیان یاری‌یان بـــە چارەنووسی گەلێك ئەکردو ، ســـەدان نیشتمانپەروەری ساویلکەی لـــە جیهان نەگەیشتوویش دڵی خۆیانیان بەوە خۆش ئەکرد کە گوایە ئێمـــە یاری بەوان ئەکەین !!

هەر لە مەیدانی بەهەڵەچوونی منا لەوەدا کـــە وتوومە سیاسەتی کەمالی‌یەکان لە قۆناغی یەکەمیا سیاسەتێکی پێشکەوتخـــواز بووەو ، سیاسەتێ کـــە لێنین دەرکی بـــە ساختەچی‌یەتی‌یەکەی نەکردبێ ، هیـــچ سەیر نی‌یە نازم حیکمەتی پێ‌هەڵخەڵەتێو نەتوانێ ڕاست هەڵیسەنگێنێ ـ دوکتـــۆر کەمال کە خۆی بەهێزترین بەڵگەی بۆ ئەم بۆچوونەی من هێنایەوە کە تەلگرافەکەی مســـتەفا کەمال بوو بۆ لێنین لەبارەی نیازی دان‌نانی تورکیاوە بە مافی چارەنووس دیاری کردنی گـــەلەکانیـــاو دانی مافە ڕۆشـــنبیریو نەتەوەیی‌یەکان بـــە کەمایەتی‌یەکانیو ، وەڵامەکـــەی چیچێرینی وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت بوو بۆ مستەفا کەمال ، کە پێشتر بەدرێژی لێی‌دواین ـ بەڵێ دوکتۆر کەمال هەر خۆی بەرپەرچی خـــۆی ئەداتەوەو پارچەیەك لـــە یادداشتەکانی ئۆستیونگولی کۆمۆنیستی تورکو هاوڕێی نازم حیکمەت ئەگێڕێتەوە کە کەمالی‌یەکانی بە تاقمێکی نوێنەری بۆرژوای گەورەو موڵکداران داناوە تیایاو ، ئەڵێ ، « **کەمالی‌یەکان برێتین لە دەستەیەك سیاسی‌ی هەلپەرســـتی نوێنەری بۆرژوای گـــەورەو موڵکداران کە دەزگای دەوڵـــەتی ڕۆژگاری سوڵتانەکانیان وەك خـــۆی هێشتۆتەوە** .. تاد [ ستوونی چوارەمی بەشی دووەم ] » .

من لێرەدا لەوە نادوێم کە ئەم بەڵگە هێنانەوەی دوکتـــۆر کەمالە دژی قسەکانی‌تریەتی لەبارەی مستەفا کەمالەوە کە ئێستا ئیشارەتم بـــۆ کردنو پێشتریش بەدرێژی گێڕامنەوەو لێیان دوام . بەڵام خـــۆ بۆم هەیە بپرسم : ئۆستیونگول کـــەی پەیی بەو ڕاستی‌یە بردووە لەبارەی ڕژێمی وڵاتەکەیەوەو ، ئاخـــۆ مرۆ بۆی هەیە قســـەیێ لـــە سەردەمێکا کرابێ بیبرێ بەسەر هەموو سەردەمێکا ؟ ئەگەر وابێ ئەبێ مستەفا کەمال تـــا دوارۆژی ژیانی پڕبەدڵی لێنینو چیچێرینی وەزیری دەرەوەی بووبێ .

ئەم ڕاستی‌یەی کە ئۆستیونگول لـــە ١٩٥٢دا خستوویەتیەڕوو ، ئەنجامی ئازارو ژانێکی دوورو درێژە کـــە پێشـــکەوتخوازەکانی تورکیـــا

بەتایبەتی‌و گەلانی تورکیا تێکڕا چێشتوویانەو ساڵەهایەکی دوورو درێژ بەرلەوەی پیشکەوتخوازانی تورکیا بگەنە ئەوەی وەك ڕاستی‌یەك بیخەنە سەر قاقەز ، گرفتاری دەمەتەقێی بێزەنتی‌یانە بوون لەبارەیەوە بۆ چاری ناکۆکیی نێوان ئەو قسە بە دیمەن پێشکەوتخوازانەی لە کاربەدەستانی ڕژێمیان ئەبیستن‌و ئەو کردارە بە هەموو ڕەنگ دڕندانانەی لێ‌یان ئەبینین .. وەك زۆر گەلی‌تریش بەم قۆناغەدا گوزەی کردووە . جا بۆیە بەرپەرچدانەوەکەی دوکتۆر کەمال‌و بەڵگە هێنانەوەکەی لە شوێنی خۆیانا نین . لەگەڵ ئەوەیشا دەرکەوتنی ئەم ڕاستی‌یەی ئۆستیونگول ئە...
نەبوو بە هۆی ئەوەی سیاسەتی ڕەسمی‌و زانستیی سۆڤیەت لەمەڕ هەڵوێستی گەلی کوردی تورکیا بەرانبەر بە ڕژێمی وڵاتەکەی بگۆڕێ‌و ، تا دوەنگێکیش لەوەپاش هەر وەك خۆی مایەوەو ، بەڵکو ئیستایش لەئاستی ڕەسمیدا گۆڕانێکی‌وای تیا بەدی‌ناکرێ هیوایەکی خێری بۆ کوردی تورکیا بەدەمەوە بێ .

خستنه سەر نێت:- چالاک

chalakmuhamad@gmail.com

# بەشی سـێهەم

دوکتۆر کەمال لە بەشی چوارەمی وتارەکەیا کـە تەرخانی کردووە بـۆ بەناو بەرپەرچدانەوەی ئەو رەخنـــەیەی لەمەڕ هەڵســـەنگاندنی هەڵوێستی عەزیز نەسینەوە دەربارەی کورد ، لێم [ واتە لـــە دوکتۆر کەمالم ] گرتووە ، نووسیویە ئەڵێ : (( **یەکێك لە لایەنە هەرە سەیرەکانی وتارەکەی کاکە حەمە ئەوەیە کە بە هەموو توانایەوە هەوڵیداوە چـەند دەتوانێ هێند لە پایەو مەقامی عەزیز نەسین‌و هەڵوەستە پیاوانەکـــەی بەرامبەر بە کوردی تورکیا کەمبکاتەوە ، ئەویش نەك لەبەر کورد ، بەڵکو تەنها لەبەر گەورە کردنی نازم حیکمەت کە پێویستی بە گەورەکردن نی‌یە** [ ستوونی یەکەمی بەشی چوارەم ] )) .

بەداخەوە خۆم بە ناچار ئەزانم بڵێم : وانی‌یە . من بە هیچ کلۆجێ نەمویستووەو کاری منیش نی‌یە پایەی عەزیز نەسینی بنووسی ئازادبیرو دیموکرات‌و مرۆ کەمبکەمەوە . بەڵێ من جڵەوم بۆ سۆزی دەروون شۆڕ نەکردووەو ئەوەندەی دوکتۆر کەمال بە شـــان‌وباڵی عەزیز نەسینمدا هەڵنەداوە تەنهـــا لەبەرئەوەی ناوونیشانی کتێبێکیم بـۆ وەرگێڕراوەتە سەر کوردی‌و زۆرم بەدڵ بووە ، بەڵام بە شان‌وباڵا هەڵنــــەدانی زۆری لەخۆوە ، بە هیچ مەنتیقێ بە پایە کەمکردنەوە دانانرێ . دیارە دوکتـــۆر لای‌وایە هەڵسەنگاندنی ڕاستی کەسێك ئەوەیە جڵەو بۆ سۆزی دڵی خۆی بەرەڵلا بکاو چی بە دەمیا دێ بیڵێ‌و چی بەســـەر نووکی قەڵەمیا ئەڕوا بینووسێ‌و ، ئیتر هیچ گوێ بە ( ڕاستی )و ( وردی )و ( مەوزووعی‌یەت )و شـــتی‌وا نەدا ، چونکە دوکتـــۆر واتەنی لــــە (( دەروونی مرۆڤێـــکی دڵ برینـــدار ))ەوە دەرئەچێ (( لـــە وتارێکی ئەدەبی نـــەك زانســـتیدا )) ، هەرچەند بابەتەکە لەڕاستیدا ئەدەبی نەبێ‌و ، هەرچەند زیادەڕەوی‌و لـــە ڕاستی لادان لە ئەدەبیشـدا هەر ڕەوا نەبێ ..

من لـــە وتارەکـــەی خۆما سوپاسی زۆری عەزیز نەســـینم کردووە بەرانبەر بە هاتنە دەنگی لەسەر کوردو لام‌وایە هەقی تەواوی خـــۆیم داوەتێ‌و ، ئەوەیش بلێین کـــە دوکتۆر کەمال لە وتاری یەکەمیا [ ئەوەی

من لەسەرم نووسی ] تەنها پیاوەتی‌یەکی عەزیز نەسینی باس‌کردبوو کە نووسینی کتێبەکەیەتی ( تورکی بولگاریا ، کوردی تورکیا )و ، منیش بە هیچ کلۆجێ ئاگام لەو پیاوەتی‌یانەی‌تری نەبوە کە دوکتۆر لە بەشی چوارەمی وتاری دووەمیا بۆ بەرپەرچدانەوەی من ڕیزی کردوون . ئەگینا ، بێ‌گومان ، قەدر زانینی خۆم لەو کارانەی‌تریشی دەرئەبڕی .
من لەو وتارەما ڕەخنەم لە جلەو بۆ سۆز بەردانی دوکتۆر کەمال‌و زیادەڕەوی‌یەکانی گرتووە کە ئەگەر ئیستایش لێ‌یان بدوێینەوە هەر دووبارەی ئەکەمەوەو بە ڕاستیان نازانم . ڕەخنەی ئەوەیشم لە عەزیز نەسین گرتووە کە چ دەرهەق گەلی کوردی تورکیاو چ دەرهەق دەولەتی بولگاریا ناهەقیی کردووە کە لە ناوونیشانی کتێبەکەیا لەملاوە دەردو ئازاری پتر لە سەد سالی کوردی تورکیای ئەوەندە کەم کردووەتەوە گەیاندوویەتیە ئاستی پێشێل کردنی هەندێ لە مافە ئایینی‌و نەتەوەیی‌یەکانی تورکی بولگاریاو ، لەولایشەوە دەردو ئازاری تورکی بولگاریای ئەوەندە بە زیادەڕەوی‌یەوە پیشان‌داوە گەیاندوویەتیە ئاستی دەردو ئازاری لە هەموو سەرێکەوەی کوردی تورکیا . من وەك مرۆیەکی دیموکرات بە هەموو هێزی خۆم هەلوێستی خۆم دژی هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەکی مرۆ دەربڕیوە بە پێشێل کردنی مافەکانی کەمایەتی‌یە تورکەکەی بولگاریایشەوە . بەلام هیچ بە ڕەوای نازانم بۆ دەربڕینی نارەزایی لە چەوساندنەوەی کوردی تورکیاو تورکی بولگاریا هەردوو چەوساندنەوەکە لە یەك ئاستدا دانێم . ئەمە سەروبەری ڕەخنەی منە لە عەزیز نەسین کە دوکتۆر کەمال ئەم هەموو هەرایەی بە ناوی ( کوردایەتی )یەوە لەسەر بەرپا کردووەو ، لە ڕاستییشا هەلوێستەکەی من داکۆکی‌یە لە کورد نەك هینەکەی دوکتۆر کەمال کە وائەگەیەنێ لای ئەویش ، وەك بەپێی ناوونیشانی کتێبەکەی عەزیز نەسین ، ئاستی دەردو ئازاری سەد سال‌و پتری گەلی کوردی تورکیا لەئاستی دەردو ئازاری دوو سێ سالی کەمایەتیی تورکایە لە بولگاریا .

سەرەڕای ئەمەیش من بە هیچ کلۆجێ نەهاتووم بۆ خاتری نازم حیکمەت پایەو پلەی عەزیز نەسین کەم‌کەمەوە . نازم حیکمەتی ئینسانی گەورە ، وەك دوکتۆر کەمال خۆی ئەلێ ، پێویستی بەوە نی‌یە بەدرۆ گەورە بکرێ چونکە ئامانجە ئینسانی‌یەکانی‌و ڕێگا ئینسانی‌یەکەی بەڕاستی گەورەیان کردووەو ، هەموو مرۆڤایەتیی پێشکەوتخوازیش ڕۆژ لەدوای ڕۆژو ، تا هونەرو خەبات بۆ ئامانجی پیرۆز لە ژیانی مرۆڤایەتیدا

جێگیرتر ببێ ، پلەی زیاتر بەرز ئەکاتەوەو ، لەولایشەوە نـازم حیکمەت خـۆی بەوە قایل نابێ پلەی بنووسـەیکی دیموکراتی ئینسان دۆسـتی وەك عەزیز نەسین ، بەناو ، بۆ بەرزکردنەوەی ئەو بهێنرێتە خوارەوە . من لام وانی‌یە هیچ پێوەندێ لەنێـوان داگرتنی پایەی عەزیز نەسـین‌و بەرزکردنەوەی پلەی نازم حیکمەتا ببێ‌و ، بەڵکو داگرتنی پایەی هەرکامیان لەڕاستیدا داگرتنی پایەی ئەویشیانەو ، مەسەلەکە هەر ئەوەندەیە مرۆ نەیەوێ بە ناهەق پایەی یەکێکیان دابگرێ یا زیاد لە ئەندازەی شـایانی خۆی هەڵیبرێ . من خـۆم ئەم دوانە هەردوکیانم ، هەریەکە لـە ڕوویەکەوە ، بەلاوە پایە بڵندەو ، وایش نازانم ئەگەر کەسێکی بەنـاو پایە بڵند شایانی پایە داگرتن بێ ، ڕەوایە لەبەر خاتری ڕاستی بەولاوە ، لەبەر خاتری هیچی‌تر ، تەنانەت کوردیش ، پایەی بەرز بکرێتەوە . من ، ئەوەندەی دەرکی پێ بکەم ، لە کەلێنی ڕاستی‌یەوە بۆ هەموو شتێ ئەڕوانم ، هەر لە خۆمەوە بیگرە تا کوردو کوردستان‌و بیروباوەڕو هەرچی لـەم جیهانەدا هەیە . من لەو باوەڕەدا نیم تەنانەت کوردایەتی‌یش ، وەك هەر شتێکی‌تر ، ڕێی ئەوەم ئەدا ڕاستی بۆ بکەم بە درۆو درۆی بۆ بکەم بـە ڕاسـت ، هەر بەمەرجێ لە مەسـەلەکە حاڵی بووبم . خـۆ ئەگەر بەڕاستی‌یش لە مەسەلەیەك نەگەیشـتبم‌و حوکمی ناڕەوام لەبارەوە دابێ ، ئەوە هەرکاتێ ڕاسـتی‌یەکەم بـۆ دەرکەوت لـە هیچ هێزێك سڵ‌ناکەمەوەو شەرمم بە خۆم نایێ دان بەو ڕاستی‌یە بۆم دەرکەوتووەدا ئەنێم‌و ، لام‌وایە وتارەکەم لە هەڵسەنگاندنی بۆچوونەکانی دوکتۆر کەمالا ، بۆ هەرکەس بەباشی خوێندبێتیەوە ، شایەتیی ئەمەم بـۆ ئەدا ، وەك تێکڕای هەڵوێستی ڕۆژانەم لای ئەوانەی لەنزیکەوە ئەمناسن‌و ڕۆژانـە مامەڵەم لەگەڵ ئەکەن .

هەر لەم مەیدانەدا دوکتۆر کەمال نووسیویە : « **بەڕاستی هەرچەند دەکەم لەوە تێ‌ناگەم قەڵەمی کوردێکی دڵسـۆزی وەك کاکـە حەمە هەوڵ‌بدات لە قەدرو گەورەیی پیاوێکی وەك عەزیز نەسـین کەم‌بکاتەوە** [ ستوونی یەکەمی بەشی چوارەم ] » . منیش ئەڵێم : ئەگەر هۆیەك بۆ ئەم‌تێنەگەیشتنەی دوکتۆر هەبێ تەنها ئەوەیە هەوڵی‌وام بە هیچ جۆرێ نەداوەو ، دوکتۆر لـە دڵو دەروون‌و مێشـکی خـۆیا بەناومەوە ڕێکی‌خستووە . دیارە شتێکیش کە ( وجودی خارجی )ی نەبێ ، بنیادەم ناتوانێ تێی‌بگا مەگەر بە تێگەیشتنێکی خەیاڵی‌و بێ‌بنەما کـە ئەوەیش هیچ سوودێ نابەخشێ . لێرەدا حەزئەکەم ڕووی دەمی پرسیارێ بکەمە

دوکتۆرو بڵێم چۆن بوو کەوتە ئەو ناکۆکی‌یە زەقەوە کە « کاکە حەمەی کورد »ی بە « کوردێکی دڵسۆز » دایە قەڵەمو ، ئەبێ کامیان ڕاست بێ : « کاکە حەمەی کورد »ەکە کــە واتە ( زۆڵە کــورد ) یا « کوردێکی دڵسۆز »ەکە ؟!

دوکتۆر کەمال پاش گێڕانەوەی ڕێزی خۆی لە کردارو هەڵوێستە پیاوانەکانی عەزیز نەسین‌و بەرپەرچ پێدانەوەی ئەو ڕستەیەی کــە من نووسیومە : « ( نموونەی نووسەری مرۆپەروەری خەباتگێڕ ) گەلێــك بە گەورەتر ئەزانم لەوەی بە بەری ( عەزیز نەسین ) بکا [ دوکتۆر کەمال تێکستی قسەکەی منی وەك خۆی نەگێڕاوەتەوە ] » ، نووسیویە ئەڵێ : « بەڕاستی گەلێــك سەیرە هەموو ئەمانە لــە ترازووی خەباتگێڕی‌ی کاکە حەمەدا جێ‌یان نەبێتەوە .. [ ستوونی سێهەمی بەشی چوارەم ] » .

منیش ئەڵێم : لەوەیش سەیرتر ئەوەیە کە دوکتۆر کەمال خــۆی دائەنێ بە من‌و بێ‌پەروا بە ناوی منەوە قسە ئەکاو حوکم ئەداو موویێ لــە دەروونیا نابزوێ !

خەڵکینە ! ئێوەو خواتان .. ڕاســتە ئەو کارە چاکانەی عەزیز نەسین لە ترازووی خەباتگێڕیی مندا جێ‌یان نابێتەوە ؟ من چیم وتووە ئەم حوکمە ناڕەواو ستەمکارانەیە بگەیەنێ کە دوکتۆر کەمال لەخۆیەوە ئەیداتە پاڵ من ؟ ئەگــەر من عەزیز نەســینم بە « نموونەی بنــووسی مرۆپەروەری خەباتگێڕ » دانەنا چونکە ( نموونە ) مەعنــایەکی زۆر زلی هەیە ئەبێ لە ترازووی خەباتدا هیچ سەنگێکی نەبێ ؟ پێوەندی ئــەم دوو حوکمە لەچیدایەو ، دوکتۆر کەمال لە چ مەنتیقێکی شکلی یا دیالەکتیکیی وەرگرتووە ؟ مرۆ ئەبێ یــا نموونەی خەباتگێڕی بێ ، یــا عەرەب واتەنی ( صفر علی الیسار ) بێ ؟ ئەنجا دوکتۆر کەمال خۆی ، بەپێی ئەم سەنگ‌و ترازووەی خــۆی ، چی‌یە ، هیــچ نی‌یە ، یا نموونەی مێژوونووسی مرۆپەروەری خەباتگێڕە ؟ ئەو مادەم لەو باوەڕەدا بێ شــت یــا هەموو شتێکە یــا هیچە ، ئەبێ هەر بەوپێ‌یە خۆیشی هەڵسەنگێنێ . هەرچی منم بەوجۆرەی هەڵئەسەنگێنم کە عەزیز نەسینم هەڵسەنگاند . نە هەموو شتێکە لام ، نە هیچیشە . شتێکە لەو نێوانەدا ، وەك عەزیز نەسینیش شتێکە لەو نێوانەدا .. وەك خۆیشم شتێکم لەو نێوانەدا . ئەنجا لەمەیش هەموو بەولاوە ، من چیم بتوانم حوکمی‌وا نابەجێ بەســەر کەسێکی وەك عەزیز نەسینا بدەم ؟. بۆ خەباتگێڕی‌یش دەرزی قوتابخانەیە تا من نمرەی دیاری کردنی پلەی ڕاستی‌و چەوتیی وەڵامی تیا بدەم بە قوتابی ؟!

هەر لە مەیدانی باسکردنی کارە باشەکانی عەزیز نەسینا دوکتۆر کەمال نووسیویە : **« بەهۆی خەباتی بێوچانی ئەوەوە میری ناچار بوو لە سەرەتای حەفتاکانەوە ڕێگەی بلاوبوونەوەی بەرهەمەکانی نازم حیکمەت بدات** [ ستوونی دووەمی بەشی چوارەم ] » .

ئەمەیش یەکێکی‌ترە لە حوکمە نامەوزووعی‌و نازانستی‌یەکانی دوکتۆر کەمال کە بەزۆری ئەزانێ دانیان پیا بنێ . بەپێی ئەم قسەیەی دوکتۆر کەمال بێ ئەبێ سەرانسەری تورکیا نە هێزێك‌و نە کەسێکی خەباتگێڕی لە عەزیز نەسین بەولاوە تیا نەبووبێ‌و ، عەزیز نەسین ( ڕۆستەمی زاڵ ) یا بە واتەی ئەم سەردەمە ( تەڕەزان ) بێ‌و ، بەتەنیا خۆی هەموو دام‌و دەزگا سەرخانی‌و ژێرخانی‌یەکانی کۆنەپەرستیی تورکیای خستبێتە زەلالەت‌و ناچاری کردبێ سەر بۆ خواستی دیموکراسی نەوی بکەن‌و ڕێگای بلاو کردنەوەی بەرهەمەکانی نازم حیکمەت بدەن !

هەرچی منم ، ئەگەر بێتو لە بارەی ڕێگادانی بلاوکردنەوەی بەرهەمەکانی نازم یا هەر بنووسێ یا شاعیرێکی پێشکەوتخوازی‌تری تورکیاوە بدووم ، ئەڵێم : لە سایەی خەباتی بێوچان‌و پەیگیری هەموو هێزو گەورە پیاوە نیشتمان پەروەرو دیموکرات‌و پێشکەوتخوازەکانی تورکیاو تەوژمی جۆربەجۆری ڕای گشتیی جیهانەوە بۆ ناچارکردنی حوکمڕانانی تورکیا کە مل بۆ دان پیانانی مافە دیموکراسی‌یەکانی گەلانی تورکیا کەچ‌بکەن ، توانرا مافی ئازادیی بلاوکردنەوەی بەشێکی ئەدەبی پێشکەوتخواز کە بەرهەمەکانی نازم حیکمەتیش ئەگرێتەوە ، لە فلانە مێژووەوە وەربگیرێ . ئەمەیە هەڵسەنگاندنی ڕاستی ئەم مەسەلەیەو ، ئەو قسە بە سۆزانەی دوکتۆر کەمال کە لەسەر بنەمای زانست بینا نەنراون نە سەری دوکتۆر خۆیان پێ بەرز ئەبێ‌و نە پایەیەکی ڕاستەقینەیش بە عەزیز نەسین ئەدەن . شان‌و شکۆی ڕاستەقینەی عەزیز نەسین لەوەدایە لە ڕیزی تێکۆشەرانی گەلەکەی‌و لەپێشیانەوە بێ ، نەك بکرێ بە قارەمانێکی ئەفسانەیی‌و بە تەنها خۆی لە دەرەوەی هەموو قانوونەکانی کۆمەڵایەتی‌یەوە بە ڕاست‌و چەپا لە ملی ملهوڕەکانی وڵاتەکەی بداو سەریان بپەڕێنێ‌و ئازادیی بلاوکردنەوەی بەرهەمەکانی نازم حیکمەتیان بە هێزی سەرپەنجە لە چنگ هەڵپرووقێنێ !

هەر لەم بابەتەوە دوکتۆر کەمال لەسەری ڕۆیشتووەو نووسیویە :
**« دوور نی‌یە لە تەرازووی ئەدەبدا نازم حیکمەت پارسەنگی لە عەزیز نەسین زۆرتر بێ ، بەلام عەزیز نەسین بۆ کورد نزیکترەو دەبێ لای کورد**

**خۆشەویستتر بێ ، چونکە ئەویان ڕاستەوخۆ لەسەر کورد وەدەنگ‌هاتووەو لەسەر ئەو وەدەنگ هاتنەشی تووشی دەردو ئازارو گیرەو کێشە بووە** [ ستوونی سێهەمی بەشی چوارەم ] » .

منیش ئەڵێم وانی‌یەو بەپێی فەلسەفەی زانستی نەك هەر نازم حیکمەت ، کەسانی لەسەر ڕێوشوێنی ئەو ڕۆیشتووی زۆر لەویش ئایەختر هەن لە عەزیز نەسین لە کوردەوە نزیکترن ، چونکە تەوژمی خەباتی نازم‌و ئەم جۆرە کەسانە ڕووی کردووەتە سەرچاوەی هەموو جەورو ستەمێکی چینایەتی‌و نەتەوەیی‌و ئایینی کە ڕژێمی خوێن‌مژینی ئادەمیزادە لەلایەن ئادەمیزادی برایەوە ، لەکاتێکا کە عەزیز نەسین لە چوارچێوەی ڕژێمی کاپیتالیستیدا ، کە خۆیشی دەولەمەندێکی قەبەیە ، واتە بەپێی زانست ( زێدەبایی ) ئەخوا ، پیاوێکی ڕیفۆرمیستی خێرخوازە ، ئەدیبێکی پێشکەوتخوازە ، دەسگرۆیی بۆ هەزاران‌و لێقەوماوان زۆرە . هەر لەم باری سەرنجە زانستی ( نەك ئەدەبی ) یەیشەوە ئەگەر جەماوەری ڕەشوڕووتی کورد سوودو قازانجی ڕاستەقینەی خۆیان بفامن ، ئەبێ بەپێچەوانەی بۆچوونەکەی دوکتۆر کەمالەوە ، نازم حیکمەت زیاتر بە داکۆکی‌کەر لە مەسلەحەتی خۆیان بزانن تاوەکو کەسانێکی وەك عەزیز نەسین ، با نازم هیچیشی بەتایبەتی لەسەر کورد نەنووسیبێ‌و عەزیز نەسین بەتایبەتی لەسەری نووسیبن ، چونکە عەزیز نەسین ئەوپەڕەکەی ئەوەی ئەوێ کە کورد دیموکراسی‌یەکی بۆرژوای لە چوارچێوەی تورکیادا دەسگیر بێ ، لەکاتێکا کە نازم جاڕی جەنگی لەدژی هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەك لە جیهاندا داوە ، کەواتە کامیان لە کوردەوە نزیکترن ؟ با دوکتۆر کەمال بفەرموێت بەگوێرەی ئەو سەرچاوە زانستی‌یانەی پارچەی زۆری بۆ بەرپەچدانەوەی من لێوە وەرگرتن بۆ وتارەکەی ، وەڵامی ئەم پرسیارەمان بداتەوە ؟

ئەبوو دوکتۆر کەمال ، بەرلەوەی تەنها پشت بە بەرگی کتێبێ ، بە عەزیز نەسین بڵێ : « **پیاوی وەك عەزیز نەسین نموونەی ڕاستەقینەی گەلی تورکە** [ ستوونی سێهەمی بەشی چوارەم ] » ، مەعلووماتێکی وردی لەبارەی ژیان‌و شوێنی کۆمەڵایەتی‌و بەرهەم‌و هەڵوێستی ئیستاو ڕابوردوویەوە بزانی‌یایەو ، بیزانی‌یایە ئاخۆ لە هیچ‌کام لە بەرهەمەکانیا هیچ جۆرە ڕەنگدانەوەیەکی شۆڤینی‌یەتی تورکچی‌یەتی هەیە یا نە . من بیستوومەو یاخوا ئەوەی کەوا بیستوومە درۆ بێ‌و ، دوکتۆر کەمالیش ئەم گێڕانەوەیەی ئەوەی بیستوومەم لێ نەکا بە ( نامەنهجی‌یەت ) ،

بیستوومە ئەڵێن لە دە چیرۆکیا گاڵتەی بە کورد کردووە . شتی‌تریشم بیستووە نایگێڕمەوە چونکە حەزناکەم ئاگری ناخۆشیی نێوانی کوردو تورك خۆش بکەم وەك هەندێ فەریکە نەتەوەییی کوردو تورك حەزیان لێیە .. دوکتۆر ئەبوو چەند لاپەڕەیەکی لەو کتێبەی عەزیز نەسین بۆ وەرگێڕاینایە کە کوردو تورکی تورکیاو بولگاریای تیا لە یەك ئاستا داناوە لە چەوساوەییدا ، تا بزانین یەك‌ئاستی‌یەکەیان چۆنە .. جا ئەگەر پاش ئەمانە دەرکەوت عەزیز نەسین بەڕاستی نموونەی گەلی تورکە ، بەدڵنیایی‌یەوە بیوتایە . بەش‌بەحاڵی تێگەیشتنی کەم‌وکورتی من ، نموونەی ڕاستەقینەی گەلی تورك ئەو تورکەیە بە یەك چاو بڕوانێتە هەموو گەلانی تورکیا بە گەورەو بچووکیانەوە ، دژی هەموو شۆڤێنی‌یەتی‌یەکی برا گەورە بێ لەگەڵ برا بچووك ، هەرچەند لەناو گەلانی برادا نابێ برا گەورەو برا بچووك بێ‌و ئەبێ هەموو ( جمکانە ) بن .. دژی هەموو چەوساندنەوەیەکی تاك‌و کۆمەڵ بێ لە وڵاتاو ، بە گفتارو بە کردارو وەك ئەڵێن تا سەر تەختەکە داکۆکی لەو بیروباوەڕو بۆچوونانەی خۆی بکا ، ئەگینا تەنها نیشتمان پەروەرێ یا تێکۆشێکی تورك ئەبێ نەك نموونەی گەلی تورك . جا نازانم دوکتۆر کەمال بەم هەڵسەنگاندنەی من قایل ئەبێ یا خێر ؟.

لە لایەکی‌تری هەر ئەم بەشەی وتارەکەیا دوکتۆر کەمال دوای ڕوون‌کردنەوەی هەڵوێستی ئینسانی دۆستانەی خۆی لەئاست برایەتیی گەلان‌و بەتایبەتی گەلی کوردو گەلە دراوسێکانی ، نووسیویە ئەڵێ : **« کەچی کاکە حەمە دوای ٣١ ساڵ پێوەندی‌ی پڕ لە تاقیکردنەوە لەسەر سووکە گلەیی‌یەکی ڕەوا لە نازم حیکمەت دەمخاتە ڕیزی ئەوانەی بەلای خۆمەوە کۆنەپەرستن ، یا هیچ نەبێ بە دروستی لە بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆیان نەگەیشتوون‌و کەوتوونەتە ژێر تەئسیری هەست‌و سۆزەوە** [ ستوونی چوارەمی بەشی چوارەم ] » .

خۆشبەختانە دوکتۆر کەمال هیچ ڕستەیەکی وتارەکەمی لەم‌بارەوە نەکردووە بە بەڵگە بۆ قسەکانی خۆی . دیارە ئەوەیش بۆیە چونکە بەڵگەیەکی لە وتارەکەما بۆ ئەو ئیددیعایەی خۆی نەدیوەتەوە . من تەنها لەوە دواوم کە دوکتۆر کەوتووەتە ژێر تەئسیری هەست‌و سۆزەوە ، ئەویش لە مەیدانی زیادەڕەوی لە هەڵسەنگاندنی پیاوەتی‌و لەسەر کورد کردنەوەی عەزیز نەسینداو ، ئیتر ئاو بێنەو دەس بشۆ . لەوانەیە دوکتۆر کەمال ئەم قسەیەی خۆیی لەوەوە لا گەلاڵە بووبێ کە من لە تێکڕای

وتارەکەما داکۆکیم لە برایەتیی گەلان کردووەو مەترسیی دژایەتیی نەتەوەییم بۆ دوارۆژیان خستووەتەڕوو ، ئەویش لەمەوە ئینتیباعێکی وای لا دروست بووبێ کە گوایە مەبەستی من ئەوەیە ئەو بۆ خوڵقاندنی گیانی ئەو دژایەتییە هەوڵ ئەدا . بەڵام من لێرەدا بێموجامەلە ئەیڵێم دوکتۆر کەمالم وەك زانایەکی کوردی پێشکەوتخوازو دڵسۆزی گەلەکەی و دۆستی گەلان ناسیوەو بەردەوامیی پێوەندیشمان هەر لەسەر ئەم بنەمایە بووەو ئەبێ . بەڵام لەگەڵ ئەوەیشا لە مەسەلەیەکی ناسك و هەستیاری وەك ئەم مەسەلەیەدا مرۆ ئەگەر ئاگای لە خۆی نەبێ لەوانەیە پێی هەڵخلیسکێ و هەڵوێستێکی نادروستی لێ بوەشێتەوە . بەناشوکرییش نەبێ لەم سەردەمەدا ، وەك دوکتۆر ئەڵێ ، « هەڵوەستی کورتبینانەو نالەباری فەرمانڕەوایانی وەك کەمالییەکان » دەرفەتی لەباری زۆری وا ئەخوڵقێنێ کە « کار بکاتە سەر پێوەندی برایانەی نێوان کوردو گەلانیتر »و ، دوور نییە لە ردالفعلی ئەم جۆرە هەڵوێستانەدا هەرکام لە ئێمە بکەوینە هەڵەوەو لە ڕوویەکیکەوە هەڵوێستێکی لە سەرچاوەدا لەگەڵ هەڵوێستەکانی ئەوان یەك ـ بنوێنین . گۆرانی هونەرمەندو خەباتگێڕی دووربین لە مەیدانێکی لەم جۆرەداو بە ڕەچاوگرتنی ئەو ئاسۆ تاریکەی لە دوا مانگەکانی ساڵی ١٩٦١دا لە ڕووی پێوەندی خەباتی پێکەوەی کوردو عەرەبی عێراقا دەرئەکەوت ، لە پارچە شیعری ( چیرۆکێکی برایەتی )دا ئەڵێ :

**ئێستا هەردوو برای ئازاد ،**
**ڕاستە بە سەربەستین دڵشاد ،**
**بەڵام ئاسۆی ڕێمان لێڵە .**
**ڕێگای ئاسۆی لێڵیش وێڵە .**
**وێڵ بین ( بەد ) لە کەمینایە .**
**( بەد ) ڕێگری بێ ڕێگایە .**

لاموایە ئێستا ، پاش نزیکەی سێ ساڵ ، ئەو پێشبینییەی ئەو ڕۆژانەی گۆران لای هەموو کوردێکی عێراق و لای هەموو عەرەبێکی نیشتمان پەروەری بەرچاو ڕوونی واقیعبینی عێراقی ئاشکرایە . بەڵام لەو ڕۆژەدا سۆزی نادووربین و ناواقیعبینی زۆر لە نەتەوەپەرستانی کوردی ئەم وڵاتە ڕێی ئەوەی نەئەدان سەنگ و سووکییەکی وردی وەزعەکە بکەن و بتوانن پێشبینیی ئەوە بکەن چ دوارۆژێکی ڕەش بەرێوەیە .

کێ تا ئیستا کەڵکی بەڕاستیی لە هەموو ئەو ڕووداوانە وەرگرتووە ؟ بەلای منەوە ، وەك بە لای هەزارانەوە ، ئاشکرایە بە هیچ حاڵێ ئەو کەڵك وەرگرتوە نە گەلی کورد بووەو نە گەلی عەرەبی بە هەموو حاڵێ برای ..

ڕووداوە « نەتەوەیی »یەکانی نێوان کۆماری ئازربایجان و ئەرمینیا ، نێوان ئۆزبەکی‌یەکان و میسکیتی‌یەکان کە ستالین لـە خانەو لانەی خۆیانی دوورخستبوونەوەو ناردبوونیە بیابانەکانی ئۆزبەکستان ، هەڵوێستی کورت‌بینانەی گرووزی‌یەکان لەئاست گەڕانەوەی میسکیتی‌یەکان بۆ سەر ماڵ و زەویوزاری سەدان ساڵی باووباپیریان ، پاش هەفتا ساڵ بەناو سۆشیالیزم و ، ئەو هەموو کوشتارو دەربەدەری و ماڵوێرانی و خەڵك ناچاری کۆچ کردن لەملاوە بۆ ئەولاو زیان لێ کەوتنی ملیارەها ڕووبڵی ئابووریی نیشتمانی و شێوانی پێوەندی برایانەو دۆستانەی ژیانی پێکەوەی دەیان ساڵی لەمەوپێشی ئەم گەل و کەمایەتی‌یانەو ، گەلێ ڕووداوی‌تری ئەم دوو سێ ساڵەی دوایی وڵاتی سۆڤیەت ، هەموو نموونەی زەقی‌تری ئەوەن کە ئەگەر ڕێگا لە بەدکاران نەگیرێ هەستی لـە بنەڕەتا خاوێن و بەجێی نەتەوایەتیی خەڵك بـە ڕێگای چەوتا بەکێش نەکەن ، چەمەترسی‌یەك دوارۆژی هەموان ئەگرێتەبەر . بێ‌گومان من مەبەستم لەم قسانە ئەوە نی‌یە گوایە دوکتۆر کەمال خوانەخواستە ڕێ‌یەکی وای گرتووەتەبەر . تەنها ئەوەندەم ئەوێ بە خوێندەواری ئازیزی کورد بڵێم دەس‌بردن بۆ مەسەلەی نەتەوەیی و مامەلە لەگەڵ کردنی بـە پێوەندەوە لەگەڵ نەتەوەی‌تر ، ئەبێ بەوپەڕی وریایی‌یەوە بێ ، چـونکە ئیستاو تـا سەردەمێکی دوورو درێژی دادێ‌یش پێوەندی هەردوو گەلێکی دراوسێ و گەل و کەمایەتی‌یەکی پێکەوە ژیاوی ئەم جیهانە وەك بۆمبایەکی ئامادە بـۆ تەقینەوە وایەو ، کەمترین خـۆ لێوە تلاندنی نادروستی لەوانەیە لەپڕ زرمەی لێ هەستێنێ .

★ ★ ★

هەر لە مەیدانی بەرپەرچـدانەوەی من‌دا لەبارەی بەهەڵە دانانی ناوونیشانی کتێبەکەی عەزیز نەسینەوە ، دوکتۆر کەمال لەسـەری ئەڕواو ئەڵێ : « **ڕەخنەی دووەمم کـە کاکە حەمەی نیگەران کردووە لەسەر بەلغارستانە . لەسەر ئەوەیە کە نووسیومە کاربەدەسـتانی بەلغارستان شۆڤێنی‌یانە ڕەفتاری تورکی وڵاتەکەیان ئەکەن و بۆ مەبەستی تایبەتیی خۆیان پاش پتر لە شەست ساڵ لەپڕ شـێخ سەعیدی پیرانی**

ئیمەیان بیرکەوتۆتەوەو لەسەری هاتوونەتە دەنگ [ ستوونی چوارەمی بەشی چوارەم ] » .

ڕەنگ بێ دوکتۆر کەمال کە وا بێترس ئەمە ئەنووسێ لای وابێ خەڵك وتارەکەی منیان نەخوێندوەتەوە ، یا ئەوەندە زەین کوێرن هیچی لێ حاڵی نەبوون ، یا ئەوەندە خۆش باوەڕن ئەو هەرچیی نووسی بە قورئانی مونەززەلی دائەنێن‌و لایان‌وایە کەس بۆی نی‌یە موناقەشەی لەسەر بکا . ئەگینا من هەر ئەو کاتە کە وتارەکەم نووسی پێشبینیم کردبوو کە کەسانێك هەن ڕەخنەگرتنم لە لە یەك ئاستا دانانی تورکی بولگاریاو کوردی تورکیا لە چەوساوەییدا بە داکۆکی لە ڕژێمی بولگاریا دائەنێن . لەبەرئەوە نووسیبووم : « بەر لە هەرچی ئەزانم ئیستا هەندێ کەسیءوا هەن ئەڵێن : من ئەم قسانەم تەنها بۆ داکۆکی‌یە لە ڕژێمی بولگاریاو هیچی‌تر . بەڵام با سوور بیخەمە مشتی ئەوانەوەو بڵێم من لەگەڵ ئەوەیشا کە لە ڕووی ڕاستی گیروگرفتی نێوان تورکەکانی بولگاریاو دەوڵەتی بولگاریا شارەزا نیم ، بە هەموو هێزمەوە نارەزاییی خۆم لە هەر زۆر بۆهێنانێکی ئایینی نا نەتەوەیی یا بیروباوەڕی یا چینایەتی دەرئەبڕم کە دەوڵەتێک دژی کەسێك یا کۆمەڵە خەڵکێکی بەکاربێنێ ، بەوەی بولگاریایشەوەو ، بەڵکو لەوانەیە بڵێم ئەمەم لە وڵاتێکی سۆشیالیستدا کە ئیدیعای باوەڕ بە هاوسانیی گەلانی گەورەو بچووك ئەکا گەلێ پێ ناخۆشترە تا لە وڵاتێکی دەرەبەگی یا سەرمایەداریدا کە ئەگەر شتی‌وایش بکا لە سروشتی خۆی نەچوەتە دەرەوە » .

کەواتە دوکتۆر کەمال بۆچی هەروا سووك‌و ئاسان خەتێکی ڕاست‌و چەپ بەسەر ئەم چەند دێڕانەدا دێنێ وەك بڵێی وەڵامی هەڵەی قوتابی‌یەکی‌یەتی بە ئارەزووی خۆی ( چز )ی ئەکا . ئەمە نیشانەی هەڵوێستی ڕاست‌و دروستە لەئاستێ هەر ناهەقی‌یەك ، یا نیشانەی نیگەرانی‌یە لە ڕەخنەگرتن لە هەڵوێستی کاربەدەستانی بولگاریا ؟

من ، وەك پێشتریش وتم ، لەڕاستیدا زیاتر لە دوکتۆر کەمال داکۆکیم لە کوردی تورکیا کردووە بەوە کە ڕازی نەبووم عەزیز نەسین مەسەلەکەیان بێنێتە ئاستی مەسەلەی چەوساندنەوەی تورکی بولگاریاو قایل نەبووم بەوە کە بازرگانیی پێوە بکرێ بۆ زلتر کردنی مەسەلەی تورکی بولگاریا لەو قەوارە ڕاستی‌یەی کە هەیەتی . درۆ هەر درۆیە چ بە کەم‌کردنەوەی شتێ بێ لەو ئەندازەی کە هەیەتی ، یا بە زیاد کردنی بێ .

جا ئەگەر دوکتۆر ئەیەوێ بڵێ کوردی تورکیا ئەوەندەی تورکی بولگاریا چەوسێنراونەتەوە ، با بفەرموێ ڕاست نەبوو کــە باسی بەداراکردنی پێشەوایانی ڕاپەڕینی کوردی تورکیای کرد ، چونکە ئاشکرایە تائێستا تورکێکی بولگاریا لەسەر داواکردنی مافــە نەتەوەیی‌و ئایینی‌یەکانیان نەکراوە بەدارا ، یان با لیســتەیەکی ئازارەکانی تورکی بولگاریامان بۆ بڵاو بکاتەوەو لەگەڵیشیا ڕوونی بکاتەوە کــە کوردی تورکیایش بەدرێژایی سەد ســاڵ هەر ئەوەیان لەگەڵ کراوە ، کەچی کەسیشیان لەســەر نەهاتووەتە دەنگ ، وەك تورکی بولگاریا کە سەرەڕای دەوڵەتی تورکیـــا هەرچی جیهانی سەرمایەداری‌یە لە ئەمەریکای « ئازادی‌خواو داواکــەری مافی ئادەمیزاد »و داگیرکەری گریناداو پەناماو پشــتیوانی « ئیسرائیل »و ڕەگەزپەرستیی باشووری ئەفەریقاوە بیگرە ، تا ئەگاتە کۆنگرەی ئیسلامی دنیایان لەسەر کرد بە چەمی چۆلەکە .. من ئەمە بۆ ئەوە ناڵێم کە مافی تورکی بولگاریا ڕەوا نەبوەو شایانی ئەوە نەبوە کەسی لەسەر بێتە دەنگ ، تەنها هەر ئەوەندەیە ویستم سەرپێ‌یی لایەك بەلای « ئازادی‌خوازی »ی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانیا بکەمەوە .

لێرەدا حەزئەکەم چەند بڕگەیەکی وتارێکی گۆڤاری ( انباء موسكو )ی سۆڤیەتی بڵاوبکەمەوە کــە لەبارەی بارو دۆخی ژیانی تورکی بولگاریاو سیاســەتی دەوڵەتی پێشــووی بولگاریاوە نووســیویەو منیش پاش بڵاوکردنەوەی وتارەکەم لەمەڕ وتارەکەی دوکتۆر کەمال کەوتە دەستم . لەم وتارەدا بەکــورتی گیروگرفتی تورکی بولگاریای ســەردەمی ڕژێمی تیۆدوۆ ژیفکۆڤ خراوەتەڕوو :

« لــە ســالی ١٩٨٥دا نزیکەی ملیۆنێ لــە دانیشتووانی بولگاریا ( ١١٪ی دانیشتووان ) ناچار کران کە ناوی خۆیان‌و فامیلیان بگــۆڕن‌و نازناوی ( بولگاریایی ) بۆخۆیان دیاری بکەن‌و بە تورکی دوانیان لێ قەدەغە کراو داب‌و نەریتی کۆنی موسولمانانەی چەشنی خەتەنە کردنیان لێ یاساغ کرا ، تەنانەت ڕێی ئەوەیشیان لێ گیرا کە ئافرەتیان شــەرواڵە درێژە ڕۆژهەڵاتی‌یەکانی خۆیان لەپێ بکەن .

« ئەمانە تورك بن یابولگاریایی بن ، موسولمان بن یا قزلباش یا تاتار یـا چەرکەس یا هەرچی بن ، تـا ئەم ســاڵانەی دوایی کە سەودای تاقە نەتەوەیی بولگاریا کــەوتە کــەللە ، بــە هاونیشــتمانی هاوســانی هاونیشتمانانی‌تر دائەنران . بەڵام لەوکاتەوە ئیتر دەس‌کرا بە بەکارهێنانی

زەبرو زەنگ لەدژیانو ، لە هەڕەشەو لێدانەوە بیگـــرە تا بەندیخـــانەو ڕەشبگیریان لەگەڵ خســـتنەکار . خەڵکەکە ناوی خۆیانیان گـــۆڕی . ناکۆکیو ترسو دوودڵی لە یەکتر کەوتە نێو ئەو خەڵکەوە. بەڵام لە هەمووی خراپتر ئەوەبوو لە ئایارو حەزیرانی پاردا [ مەبەستی ساڵی ١٩٨٩یەـم ] ڕوویدا . بە هاندانی ڕژێم خەڵکێکی زۆر کەوتنە کۆچ کردن . لە چەند مانگێـــکا نزیکەی ٣٥٠ هەزار کـەس کۆچیـــان کـرد بـۆ تورکیـــا ( لـەم دواترەدا نزیکەی ١٠٠ هەزار کەسێکیان گەڕانەوە بـۆ بولگاریا ) . لەمەیش ناپەسەندتر ئەوەبوو کـــە دەوڵەت بڕیاری دابەش کردنی ئـەم موسوڵمانانەی بەسەر هەموولایەکی وڵاتا دەرکردو مەبەستی گـــۆڕینی نەخشەی دیموگرافیی بولگاریا بوو . بەڵام ئەوەی بۆ نەچووەسەرو لـــە ١٠ی تشرینی دووەمی ڕابووردوودا ژیفکـــۆفی دیکتاتۆر لەســەر تەختی سەرکۆماری هێنرایە خوارەوەو گەلێ هەنگاوی ڕادیکاڵانە نرا بۆ ڕاســـت کردنەوەی ئەو چەوتو چەوێلییانەی لە سیاســـەتی نەتەوەییی وڵاتدا هەبوونو دەوڵـــەتی نوێ هەموو ئەو هەنگاوانەی هەڵوەشاندەوە کـــە جیاوازییان ئەخستە نێوان گەلەوە(١) » .

ئەمە پوختەیەکی وتارەکـــەی ( انباء موســـکو ) بوو . بێ گـــومان سیاسەتێکی وەك ئەم سیاسەتەی ڕژێمی ژیفکـــۆف نەك فڕی بەســـەر مرۆڤایەتیی سۆشیالیزمەوە نییە ، بەڵکو لە ڕەسەنی سیاسەتی فاشیزمە . من لە وتارەکەیشمدا کە دوکتۆر کەمال بەرپەرچی داوەتەوە ، بەئاشکرا نارەزاییی خۆم لەم جۆرە سیاســـەتە دەربڕیوەو ئێســـتایش دووبادی ئەکەمەوەو لەئاستی ئەم هەڵوێستەمدا قسەکەی دوکتۆر کەمال بە هەموو تواناییەکەوە ڕەتئەکەمەوە کە ئەڵێ : من لەوە نیگەرانم کە ئەو [ واتـە : دوکتۆر کەمال ] وا باسی کاربەدەستانی ئەو سەردەمەی بولگاریای کردووە کـە شـۆڤێنییانە لەگـەڵ تورکی وڵاتەکـەیان ڕەفتار ئەکـەن . ئەمە بوختانێکی ڕوو هەڵماڵراوەو فڕی بەسەر ڕاستییەوە نییەو نابێ بە گوێی دڵو دەروونی هیچ مرۆیەکی خاوەن ویژدانا بچێو ، ئەوەی لەگـــەڵ هەر قسەیەکیا دەستی لەسەر دڵی دانێ نەوەك شـــتێکی ناڕاستی بەدەما بێ قسەیوا ناخاتە سەر کاغەز ..

دوکتۆر کەمال بەرانبەر بەو ڕەخنەیەیش کە لە ناوی کتێبەکەی عەزیز نەسینم گرتووە نووسیویە : **« من لەم جۆری داڕشتنی کاکە حەمەدا لـە**

بێوەفایی بەولاوە نابینم [ ســــتوونی چوارەمی بەشی چوارەم ] » . من هەڵوێستی خــۆم بەرانبەر بــە عەزیز نەسین بەوجۆرە پیشانداوە کــە قەدرزانینی خۆم لە هەر چاکەیەکی کە پێم زانیبێ دەربڕیوەو ڕەخنــــەم تەنها لــە سنووری لەئاستی یەك داتانی چەوســاندنەوەی کوردی تورکیاو بولگاریادا لێ گرتووەو ، ئەمەیش لەڕاســـتیدا نەك هەر وەفایە بەرانبــەر بە ڕاستیو بە گەلی کورد ، بەڵکو بەرانبەر بە عەزیز نەسین خۆیشی چونکە وەفاداریی ڕاستەقینە بەرانبەر بە هەرکەس ئەوەیە ڕاستی لەگەڵ بڵێی . جا ئەگەر دوکتۆر کەمال لای وابێ وەفا ئەوەیە بەرانبەر بە چاکەیەك لــە کەسێکەوە هەموو ناتەواوی یەکانی بخەیتە پشـــتگوێ ، ئەوە بۆچوونی تایبەتیی خۆیەتیو بەلای منەوە ڕاست نی یە .

---

پەراوێز :

(١) فینتسیل رایتشیف : بلغاریا ، القضية القومية ، أنباء موسكو ، العدد ٤ ( ١٠٨١ ) ، الاحد ٢٨ كانون الثاني ١٩٩٠ .

# بەشی چــوارەم

دوکتۆر کەمال ، لە بەشی پێنجــەمی وتارەکەیا ، ڕەخنەی لــەوەم گرتووە کە سەرەتای شــیعرەکەی کاك هەژارم ، ئەوەی بــۆ میهرەجانی وارشۆی نووسیوە ، بە هەڵەوە نووسیوەتەوە . لەمبوارەدا ، ســەرەڕای «هەندێ چەپکەگوڵی بۆنخۆش» کە بەرانبەر بەهاودەنگیی نازم لەگەڵ خەباتی گەلی جــەزائیرو گەلی لوبنانو گەلی پۆرســەعید پێشــکەشی کردووەو ، « هەندێ سەرنجی تایبەتیو گشتی »یشی بەرانبەر بــەو سەرگوزەشتەیە پیشانداوە کە من بە زمانی مامۆســـتا شوکورەوە گێڕاومەتەوە لەبارەی ئەوەوە کــە کوردەکانی وەفدی عێراق لــە میهــرەجانی لاوان‌و قوتابییانی وارشۆی ١٩٥٥ ، چۆن لەگەڵ نازم کۆبوونەوە ـ سەرەڕای هەموو ئەمانــە نووسیویشیەتی : **« وادیارە پەلــەی بووە ڕۆژێک زووتر زیادەڕەوییــە گەورەکەی کەمال مەزهەری دۆستی دێرین‌و گیانی بەگیانیی ڕیسوا بکات** [ ستوونی یەکەمی بەشی پێنجەم ] » .

من لێــرەدا قسە خۆشــەکانی دوکتــۆر کەمالم لەبارەی نازمەوە نەگێڕایەوە کە نەك تەنها نیشانەی قینێکی خەستن لەو شاعیرە ناســکە ، بەڵکو جــۆرە نارەزایییەکیشیان تیــا دەرئەکەوێ لەوەی کــە نازم ئەو هاودەنگییەی لەگەڵ ئەو گەلانە دەربڕیوە ، لەبەرئەوە کە هاودەنگییەکیوای لەگەڵ گەلی ئێمەیش دەرنەبڕیوە ، نەمگێڕایەوە چونکە بە ڕەوای نازانم بــۆ خۆم ، خۆم لە مەســـەلەیەکەوە بئاڵێنم بەر خۆشکردنی ئاگری ناکــۆکیی نێوان گەلان بکەوێ ، بەڵام ئەبێ ئەوەیش بڵێم دوکتۆر کەمال لە ڕێیەکی ڕاستەوە بۆ ئەم مەسەلەیە نەڕۆیشتووە . ئەگەر ڕەخنەگرتن لــە نازم ڕەوا بێ کە بۆ لەسەر کورد نەهاتووەتە دەنگ ، ئەوە هەرگیز ڕەوا نییــە شتێک بڵێین مرۆ وای لێ تێبگا ئەی بــۆ لەسەر فلان گەل‌و فیسار گــەل هاتووەتە دەنگ ؟ چونکە هەڵەی نەکردنی چاکەیەك بە نەکردنی چاکەیەکی کراو ڕاســت ناکرێتــەوە ، ئەوە هەڵەکــە دووقــات ئەکاتــەوە . ڕاستکردنەوەکە بەوە ئەکرێ کە چاکە نەکراوەکەیش بکرێ‌و بخرێتە پاڵ چاکەکراوەکە .

بگەڕێینەوە سەر ئەسلی مەتلەب کە ئیددیعای پەلەی ڕسواکردنی دوکتۆر کەمالو لەبەرئەوە نەگەڕانەوەم بۆ سەرچاوەی شیعرەکەو بە هەڵە نووسینەوەیەتی . دیارە دوکتۆر کەمال بە گیانی ڕسواکردنی منەوە خۆی لە نووسینی وتارە دوورو درێژە پێنج بەشی‌یەکەیا ماندوو کردووە ، بۆیە وایش بیر لە من ئەکاتەوە . من خۆم بە درۆزن نەدیوەو نەزانیوەو ئەو هەموو پیاهەڵدانو مەتحو سەنایەم بۆ دوکتۆر کەمال بە نیازی ڕووپامایی‌و ماستاو کردن نەنووسیوەو لام وابووە لەگەڵ ئەویشو خۆیشمو لەپێش هەردوکمانا لەگەڵ جەماوەری خوێندەواران ڕاست ئەڵێم ، لەبەرئەوە نیازی ڕسواکردن لە کوولەکەی تەرِیشا نەهاتووە بە بیرما . مەسەلەکە خۆیشی نە مایەی ڕسوایی‌یەو نە دەرفەتی ڕسواکردنی تیایە ، ئیتر دوکتۆر کەمال بۆ تەنها بە چاویلکەی ڕەشەوە ئەڕوانێتە شتو ، بۆ ئەوەندە لە خۆی ڕازی‌یە ئەگەر کەسێ ڕەخنەیەکی زانستیی لێ گرت لای‌وایە بەنیازی ڕسوا کردنیەتی ؟ گریمان ڕەخنەکەیش هەمووی هەڵە بوو ! ئەوە دێنێ بەو گیانە تەسکەوە بەرەو ڕووی ببێتەوە ؟ ئەمە لە چیدا لەگەڵ خۆ بە کەم زانینی زانایان یەك‌ئەگرێتەوە ؟ چەند بە دڵ حەزئەکەم دوکتۆر چاوێکی ڕەخنەگرانە بە خۆیا بگێڕێتەوەو لە میحرابی زانستا تاوێ سەر کز کاو تۆبەو ئیستیغفارێکی بە حەق بکاو ، بیرێ لە پیاوێکی مەزنی ١٢٠٠ ساڵ لەمەوبەری وەك ئیمامی شافیعی بکاتەوە کە فەرموویەتی :

**كلما ادبني الدهر أراني نقص عقلي**
**واذا ما ازددت علما ، زادني علما بجهلي**

بە دووری نازانم ڕەخنەکەی دوکتۆر ڕاست بێ‌و تێکستی شیعرەکە لای من گۆڕانێکی بەسەرا هاتبێ . من بیست بیست‌وپێنج ساڵە ئەم شیعرەم بیستووەو هاتووەتەبەرمو هیچ سەیر نی‌یە ئەگەر لەم ماوەیەدا برگەیەکیم لەیاد چووبێتەوەو خۆم لە مێشکی خۆما بۆم دارِشتبێتەوە . سەرچاوەیەکیشم لە بەردەستا نەبوو بگەڕێمەوە سەری تا دڵنیا ببم باشم لەبەرە یا نە . هەرچۆنیش بێ خۆشبەختانە دیارە گۆڕانێکی‌وام بەسەرا نەهێناوە مەعناکەی بگۆڕێ‌و وای لێ‌بکا بۆ مەبەستەکەی من دەس‌بداو ، لە بنەڕەتا بە جۆرێکی‌تر بووبێ ، ئەگینا دوکتۆر کەمال لە وەڵامەکەیا بەدرۆی ئەخستمەوە . مامۆستا شوکوریش کە لە کاتی گێڕانەوەی سەرگوزەشتەکەدا ئیشارەتی بۆ کرد هەستم بە جیاوازی‌یەك نەکرد لەنێوان ئەوەی خۆم لەبەرمەو ئەوەدا ئەو بۆی گێڕامەوە .

بەلام ئەگــەر دوکتــۆر کــەمال ئەوەندە بەتەنگ ( ئەمانەتی ئەدەبی )یەوەیە ، بۆ لەوەدا ڕەچاوی نەکرد کە تائیســتا چەند جار لــە وتارەکــەیا بــە زمانی منــەوە شــۆڕشی شــێخ ســـەعیدی پیرانی بە بزووتنەوەیەکی کۆنەپەرســت دانا کــە من نە شتیوام وتووەو نە ئەیلێمو نە باوەڕم پێیەتیو ، تەنانەت کــە لــە دەزگای ڕۆشــنبیری ڕێکەوتی بەکترمان کردو گلەییی ئــەم دەســتەهەلبەستە ناڕەوایەم لێ کرد ، ئــەم وەلامە سەیرو سەمەرەی دامەوە : ئەی تۆ بۆ بە من ئەلێیی نامەوزووعیو نازانستیو شوێن سۆز کەوتوو ؟ منیش ناچار وتم : جا توخــوا ئەمە ڕەوای حەقە ئەگەر من شتێکیوام بە تۆ وت کە هیچ کەعبەی پێ کەچ نابێ لــە مەسەلەیەکی تایبەتیدا تۆ شوێن سۆز بکەویو هەلوێســتێکی نازانستیو نامەوزووعییانەت ببێ ، تــۆ بێی لــە وەلامی ئەوەدا مێژووی نەتەوەییو نیشتمانیی چل سالی من لەکەدار بکەیو بە دوژمنی بزووتنەوەی گەلەکەی خۆمم لە قەلەم بدەیو وام پێشکەشی خوێندەوارانی کــورد بکەی ؟ یا بۆ ئەو ئەمانەتی ئەدەبییەی لەوەدا لەبیرچووەوە کــە بە زمانی منەوە نووسیی گوایە من ئەوم خستووەتە ڕیزی کۆنەپەرستانەوە ، کــە وەك پێشتریش بەرپەرچم دایەوە ، نە ئەســلی هەیەو نە ئەساسو لــە سنووری مێشکی خۆی بەولاوەدا نییە ؟! خۆ بانێــك نییەو دوو هەواو ، بۆ ئەوەی بۆ خۆی حەلالە بۆ من حەرامە ، هەرچەند نایشمەوێ بۆ منیش حەلال بێ !

* * *

دوکتۆر کەمال لە بڕگەیەکیتری بەشی پێنجەمی وتارەکەیا ئەمەیشی نووسیوە : (( کاکــە حەمە لە سەرەتای وتارەکەیدا نووسیوویە دەلێ کەمال (( وتارێکی بە ناوونیشانی نەورۆزی سالی ١٩٥٩ لــە بەغدا هێنا بۆ ( هیوا )و بۆم بلاوکردەوە )) . لێرەدا هەســت بە جۆرە منەتێــك ئەکەم ، بۆیەکا بە پێویستی ئەزانم ئەوەی وەبیر بخەمەوە کــە من ئەو وتارەم لەسەر داوای لایەنێك نووسی ، بێجگە لەوەی بۆ سالی ١٩٥٩ کە هێشتا قوتابیی زانکــۆ بووم ، ئەو وتارەم هێنــدەی بەدەمەوە بوو بلاویکرێتەوە . بەر لەو وتارەی کاکــە حەمە (( بۆی بلاوکردمەوە [ لــە مەعنای ئەم جووتە کەوانۆلکانە ورد ببنــەوە — م ] )) ( الاهالی ) کــە بەناوبانگترین ڕۆژنامەی ئەو ڕۆژگارە بوو وتارێکی شــەش ئالقەیی بــۆ بلاو کردبوومەوە . بەر لەویش ڕۆژنامەی ( البلاد )ی دیسان بەناوبانگ وتارێکی بە ناوونیشانی ( ڕەشــەبا ) بۆ بلاو کردبوومەوە . جگە لــەو

وتـارانەی ( ژین )و ( بلێســـــە )ی خــۆمان بۆیـان بلاو ئەکردمەوە [ ستوونی دووەمی بەشی پێنجەم ] » .

ڕاستەکەی دوکتــۆر کەمال ئەم بڕگەیەی بۆئەوە نەنووسیوە کـە هەست بە « جۆرە منەتێك » ئەکا کـــە من بەسەریما کردبێ‌و ئیستـا بی‌یەوێ قوبووڵی نەکاو بیداتەوە بەڕوما . سەرەڕای ئەوە کـە من بـە هیچ جۆرێ ئاگام لەوە نی‌یە هیـــچ لایەك داوای لێ کردبێ ئـەو وتارە بنووسێ تا ئیستا بیهێنێتەوە یادم . ڕاستەکەی ئەوەیە ئیستا دوکتــۆر کەمال شەرمی لێ دێ کەسێ وابزانێ سی ســاڵ لەمەوبەر ئاستی توانی نووسینی هەر ئەوەندە بووە وتارێکی هەواڵ ئاسایی لەبارەی نەورۆزی ساڵی ١٩٥٩وە بنووسێ‌و بە ڕۆژنامەنووسێکی ناچیزی وەك منی بدا لـە گۆڤارێکی وەك ( هیوا )دا بۆی بلاو بکەمەوە !! لەبەرئەوە لێــرەدا دێ جـۆرە ( پاکانــە )یەکی لێ ئەکاو ، خـۆی لە ئۆباڵی نووسینی وتارێکی ( بێبایەخ )ی وا دەرئەکاو ئەیخاتە ئەسـتۆی ( لایەنێك ) ، واتــە ئـەو لایەنە سیاسی‌یە ناچاری کردبوو شـــتی‌وا بنووسێ ، ئەگینـا تەنانەت ئەوکاتەیش کە هێشتا قوتابیی زانکۆ بوو ئاستی گەلێ لــەوە بالاتر بوو خۆی بە شتی‌وا هیچ‌وپووچەوە خەریك بکا . ئەوێ کە پێش ئەوەی ئەو وتارە بلاو بکاتەوە ، وتاری شەش ئەڵقەیی لە ( بەناوبانگترین ) ڕۆژنامەی ئەو سەردەمەی عێراقدا بلاو بکاتەوە کـــە ڕۆژنامەی ( الاهالی )ی زمانی حیزبی نیشتمان پەروەری دیموکراتی عێراق بوو ، یا ڕۆژنامەی بەناوبانگی ( البلاد ) سنگی لاپەڕەکانی بۆ بلاو کردنەوەی وتاری ئەو والا کردبێتەوەو ، یا ڕۆژنامە دێرینەکەی (ژین)ی خۆیشمان‌و (بلێسە)ی گۆڤاری نەقابەی مامۆستایانیش لەولاوە بوەستن ـ کەی خۆی دێنێتە ئەو ئاستە ، ئەگــەر ( لایەنێك ) داوای لێ نەکا ، وتارێکی خەبەری بنووسێ لەبارەی ئاهەنگێکی نەورۆزەوەو ، لە گۆڤارێکی وەکوو ( هیــوا )دا ، بلاوی بکاتەوە کـــە کــە ڕۆژنامە نووسێکی وەك من بیبا بەڕێوە ، کــە ئەو ئیستایش لــە سیاچارەیی خۆیی ئەزانێ هاتوومەتە مەیدانی ڕەخنە لێ‌گرتن‌و گفتــوگۆ لەگەڵ کردنی ! ئەمەیە گەوهەری مەسەلەکەو ، مەسەلەی منەت‌و شتی‌وا بە هیچ کلۆجێ لەئارادا نی‌یە . منەتی چی ؟ منێ کــە ئەو سەردەمەیش بەدوای پارووێ نانا ڕەهەندەی بەغدا بووبووم‌و بۆ مانگانەیەکی دە ـ پازدە دیناری خەریکی گۆڤاری هیوا ئەبووم ، ئەبێ منەتی چی بەسەر کەسێکا بکەم وتارێ بۆ گۆڤارەکە بێنێ‌و ، خۆ ئەگەر بە ڕاسپێریی ( لایەنێك )یش بووبێ ، هەرچۆن بووە ئەوەی پێ ڕاگەیاندووم‌و ، ئەوکاتە مەیدانی هیــچ

منەت‌و منەتکاری‌یەک لە لایەنی منەوە نەماوە ، چونکە ئەبێ من لەو زیاتر گوێ لەمستی لایەنەکە بووبم ؟! من ئەبێ منەتی چیم بەسەر دوکتۆر کەمالا کردبێ لە بڵاوکردنەوەی وتارێکا کە بە هەرحاڵ من ئەگەر خاوەن دەنگیش بووبم لە بڵاوکردنەوەو نەکردنەوەیا ، دەنگم لە دەنگە هەرە کزو کپەکانی ناو خاوەن دەنگەکان بووە ؟! خۆ ئەگەر ئەیشڵێ ئیستا پاش سێ ساڵ منەتی ئەوەی بەسەرا ئەکەم کە پتر لە چارەکە سەدەیەك لەمەوبەر «پیاوەتی»ی‌وام لەگەڵ کردووە ، ئەوە ئەگەر من بم لە جێی ئەو ، لەجیاتیی ئەم ڕەدو بەدەڵ‌و کای کۆن بە با کردنە ئەڵێم : منەتت بە دوو پووڵی قەڵب ! بەڵام ئەڵێی چی ئەگەر دوکتۆر ئەوەندە عاشقی خۆی بێ لای‌وابێ پێویستە ئەم خەڵکە ، کاتێکیش کە قوتابیی زانکۆ بووە ، هەر بە دوکتۆر ناوکی بزانن !

★ ★ ★

هەر لەم بەشەی وتارەکەیا دوکتۆر کەمال پرسیارێکی بەجێی لێ کردووم کە « **تێناگەم گاگە حەمە بۆچ بە هەمان دەستوور وەڵامی ئەو نووسەرانە ناداتەوە کە بیردژی ئەون‌و نووسینەکانیان هەموو جارێ دەیبەن بەئاسمانا ؟** [ ستوونی دووەمی بەشی پێنجەم ] » .

لە وەڵاما ئەڵێم : بەر لە هەرچی حەزم ئەکرد دوکتۆر ئەو بنووسە بیردژانەی دەسنیشان بکردایە ، تا بمزانی‌یایە ئاخۆ تەنها دژی بیری منن یا دژی بیری ئەویشن ؟

هەرچی وەڵامی پرسیارەکەیشە‌یەتی ئەوە بەشێکی لای خۆمەو بەشێکیشی لای دەزگاکانی ڕاگەیاندنە کە کاروباری بڵاوکردنەوەی کوردی‌یان پێ سپێرراوە . ئەو بەشەی لای خۆمە ئەوەیە من خۆم دەسمایەیەکی ئەوتۆم لە فەلسەفەدا بەدەستەوە نی‌یەو بەشێکی زۆری ئەو بابەتانەی بیردژی منن بابەتی فەلسەفین‌و ، بۆیە بە ڕەوای نازانم بۆ خۆم بێمە مەیدانی نووسینی فەلسەوە بێ‌ئەوەی دەسەڵاتێکی باشم تیا بێ ، هەرچەند ئەوانیش لەم مەیدانەدا لە من کەمتر پێ‌پەتی نین ، بەڵام من قەدری زانستم لایەو لەخۆڕایی خۆم ناکەم بە بار بەکۆڵیەوە . ئەو بەشەکەیشی کە لای دەزگاکانی ڕاگەیاندنە ئەوەتە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردی‌یەکان تا بابەتێکم بۆ بڵاو ئەکەنەوە تۆزێ بۆنی سیاسەتی لێوە بێ ، نەخوازەڵا ئەگەر بەرپەرچدانەوەی بیرێکی کۆنەپەرستانە بێ یا ڕەخنەیەکی سیاسیی تیابێ ، گیانم ئەگەیەننە کونەلووتم‌و قیرم بێ سپی ئەکەن .

ئەبێ دە کەس ئەو بابەتە بخوێنێتەوەو ، هەر کەسێ بیرو مێشکی خۆی تیا بخاتە کارو مەقەستێکی پیا بگێڕێ‌و لووت‌و گوێ‌یەکی بکا . چەند جار وتارم ئیمزا کراوە بۆ بڵاوکردنەوەو براوە بۆ چاپخانەو لێ‌دراوە ، کەچی هێنراوەتەوەو دەستکاری کراوەتەوەو وابووە ئەمجاریش بڵاو نەکراوەتەوە . ئەم هەموو ناوی مارکس‌و لینینە کە خۆشبەختانە لە وتارەکەی دوکتۆر کەمالدا بەر مەقەستی سانسۆر نەکەوتوون ، هێزم نەوێ بۆ منیان تێپەڕێنێ . هەر بۆیەیش لەم کتێبەما بە دەگمەن‌و بە ناچاری نەبێ ناویان بەرچاو ناکەوێ . دەزگاکانی بڵاوکردنەوەی کوردی ، بەش‌بەحاڵی من‌و بەش‌بەحاڵی کەسانی‌تر ، بە دوو چاوی جیا ئەڕواننە ناوی مارکس‌و لینین ، مارکس‌و لینینەکەی من بە دوو کەسی جیا لە هیی خەڵکی‌تر دائەنێن . کار گەیوەتە ڕادەیەك من وتارم نووسیوە هێرشم تیا بردووەتە سەر هەڵوێستی هەندێ لە ڕژێمە نوێکانی هەندێ وڵاتی جاران بەناو سۆشیالیست کە بەرپرسەکانیان گۆرانی‌یان بە باڵای ڕژێمی زایۆنیزما وتووە ، بۆم بڵاو نەکراوەتەوە ، کەچی کەسانی‌تر مەتح‌و سەنای ( مرۆدۆستی )ی ئەو جۆرە بەرپرسانە ئەنووسن‌و وتاری دوورو درێژیان بۆ ڕێك‌ئەخەن‌و بە هەموو قەدرو حورمەتێکەوە بۆیان بڵاو ئەکرێتەوە . هیی‌وا هەیە بابەتی ناڕاست‌و نادروست بڵاو ئەکاتەوە هێرشی تیا ئەباتە سەر دەزگاکانی بڵاوکردنەوەی کوردی ، کەس نی‌یە بڵێ کەی ئەمە ڕاستە ؟ کەچی من داکۆکی لە باشتریی کەرتی ( سۆشیالیستی ) لە کەرتی تایبەتی‌و باسی چاوچنۆکیی کەرتی تایبەتی نەکەم ڕێگام نادرێ . ڕەنگێ بێ دوکتۆر کەمال ئەمە نەزانێ . ئەو چونکە ( دوکتۆر ناوك )ە کەس تەگەرە ناهێنێتە ڕێی ، منیش چونکە هەر ئەوەم کە بووم ، بە چەند هاتوچوو دەسەودامێن بوون‌و دەس بە پشتێنا کردن ، ئەوجا پاش لووت‌وگوێ بڕین وتارێکم بۆ بڵاو ئەکرێتەوە ، مەگەر بە خوێی چێشتیش فڕی بەسەر سیاسەتەوە نەبێ .

ئەنجا دوکتۆر کەمال خۆی ، وەك بۆ وەڵامدانەوەی من ئەوەندە حازربەدەست بوو سەفەری ئەمەریکای بۆ لە کیس خۆی داو کەرەسەی نووسینی لە سەفەری هەولێرا لەگەڵ خۆی برد بۆ هەولێر تا شەو لە ئوتێل خەریکی وەڵام نووسینەوە بێ [ بە منیش ئەڵێ ئەوەندە پەلەم بووە بۆ وەڵامدانەوە شیعرەکەی هەژارم بە هەڵە نووسیوەتەوەو بۆم ڕاست نەکراوەتەوە ] ، بۆ بۆ ئەو جۆرە بنووسانە قەڵەمی لەنێوان پەنجەدا ناگەڕێ‌و زمانی لە دەما ناچەرخێ ؟ خۆ هەر من لەم دنیایەدا

پێشکەوتخـواز نیم ! دوکتۆر ئەگەر خـۆی لە من بە پێشکەوتخـوازتر نەزانێ ، بە کەمتر نازانێ . سەرەڕای ئەوەی ئەو ، ئەو گشـتە بەڵگەو سەرچاوەو دەکۆمێنتانەی لایە کە لە وتارەکانیا سوودی لێ وەرگرتوون‌و من گەلێکیـانم نەك هەر نەدیوە ، تـا ئەو ناوی نەهێنـابوون ناویشم نەبیستبوون ! یان دوکتۆر بە هیچ کلۆجێ بەرپەرچدانەوەی کۆنەپەرستی‌و بەرپەرچدانەوەی ڕەخنەی دۆستانە لە خۆی لـە یەك ئاستا دانانێ‌و ، هەزار ڕەخنەی کۆنەپەرستان لە بابەتێکی پێشکەوتخواز لای ئەو بایەخی تاقە دێڕێ ڕەخنەی زانستی لە خۆیی نی‌یە ..

هەرچی مەسەلەی بەئاسمانا چوونیشـــمە لەتاو هەندێ نووسراوی دژ بە بیروباوەڕم ، وەك دوکتۆر کـەمال ئەڵێ ، ئەوە تەنها بەوەندە وەڵامی ئەدەمەوە کە بڵێم ئەوەندەم باوەڕ بـە ئازادیی بیروباوەڕ هەیە لـە قسەو نووسینی هیچ کۆنەپەرستێ دنیام لێ نەیەتەیەك‌و وەزعم لێ تێك‌نەچێ . ئەوەی من هەمیشە ویستوومە هەر ئەوە بووە نیوەی ئەوەی ، چارەکی ئەوەی ، دەیەکی ئەوەی ڕێگە بـۆ ئەوان بەرەڵلایـە چی ئەنووسن بـە مەسرەفی دەوڵەت بۆیان بڵاو بکرێتـــەوە ، بۆ ئێمەمانانیش بەرەڵلا بێ چی ئەنووسین بە پارووی دەمی خۆمان بڵاوی بکەینەوە .

★ ★ ★

دوکتۆر کەمال هەر لە ڕیزی ئەم وردە ڕەخنانەیا ئەڵێ : « **وادیارە خەباتگێڕی بەلای کاکە حەمەوە بە ژمارەی ساڵی گرتن دەپێورێ .. بـا ئەوەیشی بۆ ڕاست بکەمەوە کە نازم حیکمەت سێزدە ساڵ زینـدانی نەبوە وەك لـە بەشی دووەمی وتارەکـەیدا دەڵێ ، بەڵکـو هەمووی بەسەریەکەوە دەوروبەری حەڤـدە ساڵی لـە بەندیخانەکانی تورکیـادا بردۆتەسـەرو هەمیشـە بەشی زۆری هاوزینـدانەکانی کورد بوون** [ ستوونی دووەمی بەشی پێنجەم ] » .

بە چیدا دیارە ؟ بەوەدا کە وتوومە نازم حیکمەت ئەوەندە ساڵی لە زیندانا بەسەربردووە ؟ ئەی چۆنم بوتایە تا وا دیار نەبوایە ؟ بە نەزانراوی بمهێشتایەتەوەو بموتایە « چەند ساڵێکی لە زیندانا بەسـەربردووە » ؟ ئەی بە چیدا بزانین ئەوکاتەیش نەیئەوت : وادیارە لای کاکە حەمە وایە مرۆ تا نەچێتە زیندان نابێ بە خەباتگێـر ؟ دە توخوا ئەمە قسـەی مەنتیقی‌یە ، یا بڕوبیانوو گرتن‌و ڕەخنە داتاشینە ؟

بەڵام نەخـــەیر ! من هیـــچ لام وانی‌یەو لەو باوەڕەدام کەوتنـە بەندیخانە بەڵایەکە لەئەنجامی خەباتەوە دێتە ڕێی خەباتگێڕو ، لەخەباتی هەرە سوودبەخشی دوورئەخاتەوە . لەگـــەڵ قەدرو حورمەت گرتنی بێ‌پایانیشما لـە خەباتی هەر خەباتگێڕێ کـــە تەنانەت تاقـە ڕۆژێکیش لەپێناوی ئامانجـــە پیرۆزەکانی گەلو نیشـــتمانو مرۆڤایەتیـدا ئازاری بەندیخانەی چەشـــتبێ ، هەزاران تێکۆش هەن ســـێبەری زیندانیان نەکەوتووەتە سەرو لەگەڵ ئەوەیشا جێ‌پەنجەیان بە خەباتەوە بۆ ئامانجە نەتەوەیی‌و نیشتمانی‌یەکانی گەلەکەیانو بـۆ ئامانجەکانی مرۆڤایەتی لـە هەزاران لەوانە دیاری‌ترە کە ساڵەهای دوورو درێژیان لە زبندانە ڕەش‌و تاریك‌و تەنگ‌و شێدارەکانی خوونکارانی وڵاتەکەیانا بە کۆت‌و زنجـیری قورسەوە بردووەتەسەر . دوکتۆر کەمالیش کــە لەخۆیەوە لەجیاتیی من پێوەندی نێوان خەبات‌و زینـــدان هەڵئەســـەنگێنێ ، باشتر بوو ئەوەی بە ناوی خۆیەوە بکردایە .. خۆ ئەگـــەر مەبەستیشی ئەوەیە لـەم ڕێگایەوە تەشەر لە خۆم بدا کە چەند ساڵێکم لە سای چـوار دیواری زیندانا بەسەربردووەو ، گـــوایە لەوەوە خـــۆم بە خەباتگێڕ ئەزانم‌و وادائەنێم ، وەك نازم حیکمەت ، سووکە دەسمایەیەکم لە بازاڕی خەباتا بەدەستەوەیە ، ئەوە سەد حەیف‌و سەد مخابن ، چونکە من هەرگیز لام وانەبووەو لام وانی‌یە کەمترین هەقی ئەو گەل‌و نیشتمانەم داوەتەوە کە لە کۆشی خۆیانا پەروەردەیان کردووم‌و شـــەرەفی خۆدانەباڵیانم لەناو ئـەم خەڵکی خوایەدا هەیە .

ڕاســـتکردنەوەی هەڵەکەیشــــمی ــ هەرچەند هەڵـــەیش نـــەبوە لەبەرئەوە کە من باسی جارێکی زیندانی نازمم کردووە نەك سەرانسەری چوونە زیندانەکانی ــ قسەکەی پێشووی خۆی هەڵئەوەشـــێنێتەوە ، چونکە ئەگەر من لە هەڵسەنگاندنی خەباتگێڕا پشتم بە ساڵانی زینـدانی ببەستایە ، هەموو ساڵەکانی زیندانیم بەووردی کۆئەکردەوە تا زۆرتر بن‌و نازم حیکمەتیش تێکۆشێکی تەواوو تۆکمەی لێ دەرچێ !!

* * *

لە گۆشەیەکی‌تری وتارەکەیا دوکتۆر کەمال ئەم تەعلیقەی لێ‌داوم :

**(( تـۆ بڵێی کاکە حەمە نازم حیکمەتی لــە کورد زیاتر مەبەست بێت .. بڕوا ناکەم هیچ کەسێك ڕێگە بە خۆی بدات بەوجۆرەی ئەو لە سەنگ‌و کێشی نووسەرێك کەم‌بکاتەوە کە لەسەر کورد هەڵیداوەتێ‌و بەو جـۆرە پاکانە بۆ یەکێك بکات کە ســـووکە گلەیی‌یەکی لێ‌کراوە چونکە ئەویش**

**دەیتوانیو لەسەر کورد هەڵینەداوەتێ ٠٠ [ ستوونی دووەمی بەشی پێنجەم ] » .**

کەواتە بەپێی ئەم قسانەی دوکتۆر کەمال بێ ، ئەو ئەرکەی من خۆمم بۆ تەرخان کردووە بەربەرەکانێی هەرشتێکە سوودێکی کوردی تیابێ ، بەڵام تۆبڵێی لەم بارو دۆخی توورەیی‌یەدا نەبێ کە دوکتۆر کەمال ئەیەوێ بە هەرجۆر بووە ، بە هەق‌و بە ناهەق ، داشی خۆی سوار بکاو قسەی خۆی سەربخا ، تۆبڵێی لەم بارو دۆخەدا نەبێ باوەڕی بە ڕاستیی ئەم قسانەی خۆی ببێ‌و ، ئاخۆ ئەم ( ئیکتیشاف )ەی هەر لە کەلێنی وتارەکەی منەوە بۆ دەرکەوتووە کە یەك دوو سووکە ڕەخنەم لێ تیا گرت ، یا لەمێژە ئەمە ئەزانێ‌و بە پێویستی نازانێ دەریبخا ، چونکە سوودی خۆیی تیا نەبوە ؟ من باوەڕ ناکەم ئەگەر دوکتۆر کەمال ڕاست بکا من ئەوەندە کوردنەویست بم بەدرێژاییی پتر لەبیست ساڵ گۆشەیەکی هەر بۆ دەرنەکەوتبێ لێی ، کەواتە بە پێویستی نەزانیوە هەڵوێستی ڕاستەقینەی من بەرانبەر بە نەتەوەکەم دەرخا . جا ئەگەر وابوو ، ئاخۆ کوردایەتیی دوکتۆر خۆی چەندی بەڕاستی ئەمێنێتەوە ؟

بە هەرحاڵ ، بە بۆچوونی من ، ئەم قسەیەی دوکتۆر کەمال لەو سەرچاوە ئاو ئەخواتەوە کە کۆنەپەرستە بەدرۆ لەڕادەبەدەر ( نیشتمان پەروەر )ەکان کەسانی وەك من‌و دوکتۆر کەمال بە ( بێ‌نیشتمان )و ( کۆزمۆپۆلیت )و شتی‌وا لەقەڵەم‌ئەدەن . وا ئەو لێرەدا بە بەرەوڕوو کردنەوەی ئەم بوختانە بۆ من کارێك ئەکا خۆی لەو تانووت لێدانانە ڕزگار بکات‌و دەسە چەورەکە هەمووی بەسەر منا بسووێ ..

★ ★ ★

ئەمەیش یەکێکی‌تر لە تەعلیقەکانی دوکتۆر کەمال : « **لە هەموو ئەو سەرچاوانەی وڵاتی شوورەویدا کە لەسەر عەزیز نەسینیان نووسیوەو من دیومن ، هەڵسەنگاندنێکی لەو بابەتەی کاکە حەمەم دەربارەی ئەو نووسەرە گەورەیە بەرچاو نەکەوتووە** [ ستوونی دووەمی بەشی پێنجەم ] » .

ئەمە وشکە دەروێشی نەبێ چی‌یە ؟ بۆ ئەبێ هەرچی شتی ڕاستە هەر لە سۆڤیەتەوە بێ ؟ گلاسنۆست بە ڕوونی دەریخستووە کەوا لەناو بنووسان‌و زانایانی سۆڤیەتیشا کۆنەپەرست‌و نەتەوە پەرستی دان بە مافی نەتەوەی‌ترا نەنەرو زایۆنیست‌و کەڕەنای ڕۆژاوا تەنانەت

فاشستیش هەن . خۆ مەرایی‌کەرو هەلپەرستو درۆزنو خۆفرۆشو لەگەڵ هەر بایەکا شەنکەرو گەلێ جۆرە پیاو خراپی‌تر ، ئەوە گەلێ زیاترن لەوەی ئێمەمانان چاوەڕوانیمان کردووە . ئەمەیش گشتی شان‌بەشانی پیاوانی ڕاستگۆو دڵسۆزی گەلو ئەنتەرناسیۆنالیستو سۆشیالیستی ڕاستەقینەو هەر جۆرە پیاو چاکێکی‌تر .

ئەنجا من عەزیز نەسینم چۆن هەڵسەنگاندووە تا دوکتۆر بڵێ خراپم هەڵسەنگاندووەو سۆڤیەتی‌یەکان وای هەڵناسەنگێننو ، با بڵێین من وا توانیم لایەنێکی خراپم لە چالاکیو بەرهەمی عەزیز نەسینا دۆزی‌یەوە ، بۆ ئەبێ دانی پیا نەنرێ تا لە سۆڤیەتەوە ( بەڵێ )م بۆ نەکرێو دۆزینەوەکەم پەسەند نەکرێ ؟ زیاد لە هەموو ئەمە دوکتۆر توانای لێ‌بەئاگابوونی چەند لە سەدی بەرهەمی ڕۆژانەی سۆڤیەتی هەیە تا مافی ئەوەی ببێ ئاگاداریی خۆی بکا بە سەنگو ترازوو ؟

لە داوێنی ئەم بڕگەوە ڕووی دەم بە پرسیارێکەوە ئەکەمە دوکتۆر کەمالو ئەڵێم : قسەم لەم سەردەمە نی‌یە کە ئەتوانرێ لە یەکێتیی سۆڤیەتا لەسەر گەورەترینو پیرۆزترین کەس بنووسرێ ، بەڵام ئاخۆ تا چوار پێنجساڵ لەمەوبەر شتێکیوای دیوە لەسەر نازم حیکمەت نووسرابێو بگاتە قولەپێی ئەوەی ئەو لەسەری نووسیوە ؟

★ ★ ★

دوکتۆر کەمال لە شوێنێکی‌تری ئەم دوابەشەی وتارەکەیا هەندێ لەو قسە جوانو ئینسانی‌یانەی عەزیز نەسینی گێڕاوەتەوە کە لە ١٩٧٩دا لە سۆفیای پێتەختی بولگاریا لە بەردەم کۆنگرەیەکی جیهانیی ئەدیبانا کردوونی [ ستوونی دووەمی بەشی پێنجەم ] . ئەم کارەی دوکتۆر بەڵگە هێنانەوەیە بۆ بەرپەرچدانەوەی قسەیەکی لەلایەن منەوە نەکراو . من عەزیز نەسینم بە پیاو خراپ دانەناوە . نەموتووە کۆنەپەرستە . نەموتووە هەستی بە لێپرسراویی خۆی نەکردووە . لە گوڵ کاڵتـرم پێ نەوتووە . من تەنها ڕەخنەم لە ناوونیشانی کتێبەکەی گرتووەو ، ئێستایش نازانم ناواخنی کتێبەکەی بەڕاستی چی‌یە . دوکتۆر کەمال خۆیشی کە ئەو ناوونیشانە ئەوەندە گڕی بەرداوەتە ئاگری سۆزی کوردایەتی لە دڵیا ڕێگای بە خۆی داوە ئەو گشتە قسە تاڵو سوێرانە لەخۆڕایی بە نازم بڵێ ، ئاگای لە ناواخنی ئەو کتێبە نی‌یە ئەگینا باسێکی بۆ لێ ئەکردین . ئیتر ئەم بەڵگە هێنانەوەی بێ‌مەوقیعە لەپای چی ؟ هەر بۆئەوە بە زۆری

زۆرداره‌کی‌و به ئیرهابی فکری وام له خه‌ڵك بگه‌یه‌نێ که دژی عه‌زیز نه‌سینم چونکه – گوایه – دژی کوردم ..

★ ★ ★

له لایه‌کی‌تری ئه‌م به‌شه‌دا دوکتۆر نووسیویه : (( ئه‌و ڕاپه‌ڕینه‌ی شێخ سه‌عیدی پیران که به‌لای کاکه حه‌مه‌وه بزووتنه‌وه‌یه‌که (( که‌م‌و زۆر جۆره ده‌ست تێوه‌ردانێکی ئیمپریالیسته‌کانی )) تێدا (( له به‌رچاوه )) ، به‌لای که‌سانی‌تره‌وه بزووتنه‌وه‌یه‌که گوایه به فیتی ولاتی شووره‌وی به‌رپا بووه [ ستوونی دووه‌م‌و سێیه‌می به‌شی پێنجه‌م ] )) و ، نموونه‌ی بۆ ئه‌م جۆره ئیدیعایه گێڕاوه‌ته‌وه .

من پێشتر موناقه‌شه‌ی ئه‌م مه‌سه‌له‌ی ده‌ست‌تێوه‌ردان‌و تێوه‌رنه‌دانه‌م کردووه‌و ئیستا نامه‌وێ بگه‌ڕێمه‌وه سه‌ری . لێره‌دا ئه‌وه‌ی ئه‌مه‌وێ بیڵێم ئه‌وه‌یه تاوانبار کردنی ڕاپه‌ڕینی شێخ سه‌عیدی پیران له‌لایه‌ن ڕۆژنامه‌یه‌کی کۆنه‌په‌رستی ئیرانی‌یه‌وه به‌وه که به فیتی سۆڤیه‌ت به‌رپا بووه ، نابێ به به‌ڵگه‌ی ئه‌وه که ئینگلیز په‌نجه‌یه‌کیان تێ نه‌ژه‌ندووه‌و ، ئه‌گه‌ر ئیمه له چوارچێوه‌ی ئیحتیمالاتا قسه بکه‌ین ئه‌توانین بڵێین دوور نی‌یه ئه‌و وتاره‌ی ڕۆژنامه ئیرانی‌یه‌که که ئه‌م قسه‌یه‌ی تیا نووسراوه ، به فیتی ئینگلیزه‌کان خۆیان بووبێ بۆ دوورخستنه‌وه‌ی تۆمه‌تی ده‌ست تێوه‌ردان له خۆیان [ لێره‌دا ئه‌بێ دووبادی بکه‌مه‌وه که مه‌به‌ستم له‌م قسه‌و باسانه جه‌خت‌کردن له‌سه‌ر ئه‌وه نی‌یه که ئینگلیز ده‌سیان له‌و ڕاپه‌ڕینه‌دا بووه یا نه‌بوه . لای خۆیشمان حاڵه‌تی‌وا ڕووی‌داوه یه‌ك جووڵانه‌وه له یه‌ك‌کاتا دو تۆمه‌تی دژبه‌یه‌کی ای دراوه . دیسان بێ‌ئه‌وه‌ی مه‌به‌ستم بێ حوکم له‌وه‌یشا بده‌م که کاملا له بۆچوونه‌که‌یا ڕاست بووه ] .
له ڕووی تیووری‌و به‌ڵکو پراکتیکی‌یشه‌وه وائه‌بێ دوو لای دژبه‌یه‌ك هه‌ریه‌ك بۆ سوودی تایبه‌تیی خۆی ، ده‌سیان ئه‌خه‌نه بزووتنه‌وه‌یه‌که‌وه‌و ، بزووتنه‌وه‌که خۆیشی له‌ولاوه ئامانجی تایبه‌تیی خۆی هه‌یه ، یا چه‌ند قۆڵی تیایه هه‌ریه‌که‌یان ئامانجێکی خۆی هه‌یه . که‌واته بۆ هه‌ڵسه‌نگاندنی هه‌ر بزووتنه‌وه‌یه‌ك ، به‌ر له هه‌رچی ، ته‌ماشای ئه‌و هه‌ڵسه‌نگاندنه‌ی ناکرێ که لایه‌نه ده‌ره‌کی‌یه‌کان ئه‌و بزووتنه‌وه‌یه‌ی پێ هه‌ڵئه‌سه‌نگێنن ، چونکه له‌وانه‌یه هه‌ریه‌کێکیان مه‌به‌ستی تایبه‌تیی خۆی له جۆری هه‌ڵسه‌نگاندنه‌که‌ی ببێ یا له سروشتی بزووتنه‌وه‌که نه‌گه‌یشتبێ .
سه‌نگ‌و ترازووی ڕاسته‌قینه‌ی هه‌ر بزووتنه‌وه‌یه‌ك له خودی خۆیایه‌تی ،

له ئامانجەکانیایەتی ، لەو چین‌و توێژاڵە کۆمەڵایەتی‌یەدایە کـــە دەستی داوەتێ ، لە سروشتی ئەو دوژمنەدایە لەڕوویا ڕاپەڕیوە .

دوکتۆر کەمال لەم بەشــەی وتارەکەیا جارێکی‌تر ئەکەوێتـــەوە زیادەڕەویی نازانستی‌و نامەوزووعی‌و ئیفتیرازاتی بێ‌بنەماو حوکم لەسەر بینا کردنیان‌و ئەڵێ : (( گریمان هەڵســـەنگاندنی یەکەمیان ڕاستـــەو ، ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیران لەپێناوی مافە ڕەواکانی کوردا نەبوو ، بەڵکـــو یاغی‌گەری‌یەکی دەرەبەگی‌ی کۆنەپەرستی ســـەر بە دەوڵـــەتە ئیمپـــریالی‌یەکان بوو ، بۆیەکا نازم حیکمـــەت‌و هاوبیرانی لەســـەری نەهاتوونەتە دەنگ ... تاد [ ستوونی سێ‌یەمی بەشی پێنجەم ] )) .

لێرەدا ئەبێ وا وەڵامی دوکتۆر کەمال بدەمەوە کە بڵێم من لـــە وتارەکەما ئەمەندەم نووسیبوو : (( بەهۆی بەرەوڕووبوونەوەی تورکیای نوێوە لەلایەن ئیمپریالیـــزمی ئەورووپاوە ، کەم‌و زۆر جۆرە دەســـت تێوەردانێکی ئیمپریالیستەکان لەو بزووتنەوەیەی کوردا لە بەرچاو بوو )) . ئیتر ئەمە چ‌ویژدانێکی مەوزووعی‌و زانست‌پەروەرانەیە ئەم قسەیەی من وا مەعنا لێ بدرێتەوە ئەم ئەنجامەی لێ وەربگیرێ کە (( ڕاپەڕینەکەی شێخ ســـەعیدی پیران لەپێناوی مافە ڕەواکانی کـــوردا نەبوو ، بەڵکـــو یاخی‌گەری‌یەکی دەرەبەگی‌ی کۆنەپەرستی ئیمپریالی‌یەکان بوو ، بۆیەکا نازم حیکمەت‌و هاوبیرانی لەسەری نەهاتوونەتە دەنگ )) ؟

ئەمە چ‌ئەنجام‌گیری‌یەکـــە ؟ ئەمە چ‌زانســـت پەروەری‌یەکـــە ؟ ئەمە چ‌ڕاستگۆیی‌یەکـــە ؟ ئەمە چ‌ئەمانەتێکی عیلمی‌یە ؟ مرۆ چەندی ئەوێ پێ بە دەروونی خۆیا بنێ تابتوانێ لەوەوە کە من وتوومە ئیمپریالیزم لە داخی سیاسەتی ئەوڕۆژەی تورکیا کەم‌و زۆر دەســـتی وەرداوەتە ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی تورکیاوە ، ئیددیعا بکا کە گوایە من وتوومە : ئەو ڕاپەڕینە لەپێناوی مافە ڕەواکانی کـــوردا نەبوو ، یاخی‌گەری‌یەکی کۆنەپەرستی دەرەبەگی‌یانەی سەر بە دەوڵەتانی ئیمپریالی بوو ! من پاش ئەم بوختانە زەقە بەدەممەوە ، ئەبێ ئیتـــر هەقی چ‌متمانەکردنێکم بە زانست‌و بـــە مەوزووعی‌یەت‌و بە ئەمانەتی عیلمیی دوکتۆر کەمال بمێنێ ؟ ئەبێ قوتابیی کورد چ‌دڵێکی بەوە خۆش بێ کـــە مامۆستای فێری ئەمانەتی عیلمیی بکا ؟ خوێندەواری کورد ئەبێ بە چ‌هەقێ شانازی بەوەوە بکا کە مێژوونووسێکی وەک دوکتۆری هەیە مێژووی خـــەباتی بۆ ئەنووسێتەوەو ، دۆســـت‌و دوژمنی هەزاران ســـاڵی ژیانی خـــۆیی پێ ئەناسێنێ ؟! چـــۆن ؟ نازانم چۆن ؟!

ئەنجا ئەبێ ویژدانی مرۆ بۆکوێ یاری کردبێ بتوانێ بلێ ناظم حیکمەتو هاوبیرەکانی لەسەر ڕەشوڕووتو لادێیو ژنو منالی کوردی تورکیا هیچ نەهاتوونەتە دەنگ ؟ هاتنە دەنگ هەر شیعر بۆ وتنە ، یان دوکتۆر کەمال ئەیەوێ کەلك لەوە وەربگرێ کە من ئەرشیفی دەکومێنتەکانی بزووتنەوەی دیموکراتیو پێشکەوتخوازی گەلانی تورکیام لەژێر دەستا نییەو ناتوانم نموونە پیشانی ئەو بدەم ؟ ئەو خۆیشی کە دەکومێنتی زۆری بە ڕووسی لا هەیە مەبەستی نییە لەم ڕاستییە بخاتەڕوو ئەوەندە نەبێ کە قسەی خۆیی پێ سەربخا وەك ئەو بڕگانەی یادداشتەکانی ئوستیونگولی تورکی کۆمۆنیستو هاوڕێی ساڵەهای زیندانی ناظم حیکمەت کە لە بەشی سێیەمی وتارەکەیا گێڕانیەوە . تۆبڵێی ڕاست بێ هەموو مێژووی تێکۆشانی هێزە دیموکراتو پێشکەوتخوازەکانی تورکیا ئەوەندە چرووكو نەزۆك بێ تاقە بەڵگەیەکی لەسەر ئەم هاتنەدەنگە تیا نەبێ ؟ تۆبڵێی ڕاست بێ سەرانسەری گەلی تورکیا شوێنی شۆڤێنیەتو فاشیزم کەوتبێو دەنگێکی پێشکەوتخواز ، دەنگێکی هاونیشتمانانە ، دەنگێکی موسوڵمانانە ، دەنگێکی ئینسانانەی بۆ لەسەرکردنەوەی کوردی ستەمدیدەی تورکیا لێ بەرز نەبووبێتەوە ؟ من قەت یارای ئەوەم نییە باوەڕ بە ئیدیعایەوا بکەم کە دوکتۆر کەمال بێترسی لێپرسینەوەی مێژوو ئەیخاتە دووتوێی وتارە مێژوویییەکانیەوەو ، ئاوی پێ ئەکا بە ئاشی ئەوانەدا کە کارو پیشەیان هەر ئەوەیە خۆراکی ناکۆکیی نەتەوەیی ئەکەن بە دەمی خەڵکاو ئەم ئاگرە شوومو بێئامانەمان بۆ خۆش ئەکەن .

با من نموونەیەك لە پێشکەوتخوازانی ئەم سەردەمەی تورکیا پیشانی دوکتۆر کەمال بدەم .

نازانم دوکتۆر ناوی بنووسی مەزنی هاوچەرخی تورك ئیسماعیل بیشکچیی بەرگوێ کەوتووە کە لە ساڵەکانی شەستا نامەی دوکتۆرای لە زانکۆی ئەرزڕۆم بە ناوونیشانی « گەورەترین هۆزی کورد ( ئالیخانی ) . لێکۆڵینەوەیەکی ئابووری - کۆمەلایەتی - ڕەسەنی » نووسیوەو ، لە کەلێنی کۆلێنەوە لەو هۆزەوە ، لە دیدگایەکی مارکسییەوە ، لە هەموو گەلی کوردی کۆلیوەتەوە ؟ ئەم دوکتۆرانامەیەی بیشکچی تائیستا دوو جار ، جارێکیان بە ناتەواوی ، پاش داکۆکی لێکردنو پەسەندکردنیو ، جارێکیشیان بەتەواوی لەم ساڵانەی دواییدا ، بلاوکراوەتەوە . ئەمپیاوە ، لەبەر لەسەرکردنەوەی کورد ، تائیستا زیاتر لە ٢٤ ساڵ زیندانی دراوە

بەکۆڵاو ، ساڵەهایەکی دوورو درێژی لە بەندیخانەدا بردووەتەسەرو ، سازمانی لێبووردنی نێودەوڵەتانی ماوەیەکی زۆر لەپێناوی ئازادکردنیا تێکۆشاوە ، تا لەم ساڵانەی دواییــدا لەژێر تەوژمی داوای ڕای گشتیی دەرەوەو ناوەوەدا دەروازەی زیندانی لـــە ڕوودا خرایە سەر پشـتو بەرەڵلا کرا ، بەڵام سەرلەنوێ لەمدواییەدا خرایەوە ژوورەوە .

بێگومان ، وەك قانوونێ لـە قانوونەکانی ژیان ، ئەبێ تورکیایش ، وەك هەر وڵاتێکی‌تر ، هێزو کۆڕو گەورە پیاوی زۆری‌وای تیابێ ڕازی نەبن بە ستەمی کۆمەڵایەتی‌و چینـــایەتی‌و نەتەوەیی‌و ئایینی‌و هەر جـۆرە ستەمێکی‌ترو ، لەپێناوی مافی هەمـــوو چین‌و نەتەوەو ئایین‌و کـۆڕە کۆمەڵایەتی‌یە چەوسێنراوەکانی تورکیادا ، کە کوردی تورکیا لـــە ڕیزی پێشەوەیانان ، تێبکۆشن‌و ، ئەوە زۆر مەتڵەب نی‌یە کە ئێمـــە ئاگاداری ئەم تێکۆشانە نین ، یا ئاگادارینی‌و خۆمانی لێ بێ‌ئاگا ئەکەین .

* * *

ئەمەیش بڕگەیەکی‌تری ئەم بەشەی وتارەکەی دوکتـــۆر کەمال :
« گەلێکمان جارەهای جار ئەوەمان بیستووە کە کوردی تورکیا گلـەیی‌یان لە نازم حیکمەت زۆرەو ، تەنانەت ئەوانەیان کە لە ئەورووپان بە دڵ لەوە نیگەرانن کە لای خۆمان ئەو بایەخە زۆرەی پێ‌ئەدرێ کــە هەرچۆن بێ ، وەك هونەرمەندێکی گەورە ، سەرباری ئەو گلەیی‌یەی هەمانە لێی ، شایانی بایەخ پێدانی لەوەیش زیاترە [ ستوونی سێ‌یەمی بەشی پێنجەم ] » .

ئەم بڕگەیە ، لـــە هەموو بڕگەکانی‌تری وتارەکەی دوکتۆر زیـاتر ، ئەو مەبەستەمان بۆ ئەخاتەڕوو کە ئەو ــ بە داخەوە ــ کردوویە بە یەکێ لە سێ ئەرکی سەرەکیی سەرشانی وتارەکەی ، کــە ئەوەیش شتنەوەی مێشکی هەموو ڕۆشنبیرانی کوردە لـــە هەر ئەندازە خۆشەویستی‌یەك بەرانبەر نازم حیکمەت‌و ورووژاندنی جەماوەری کوردە لەدژی لەبەرئەوە کە گوایە هیچی بۆ کورد نەنووســـیوە . من لام‌وایە باشتر بوو دوکتـۆر خوێندەواران‌و جەماوەری کوردی فێری ئەوە بکردایە کە هەرکەس خراپی لەدژی میللەتەکەمان نەنووسیبێ بە دۆستی خۆمانی بزانین ، نەخـوازەڵا ئەوانەی بۆ تێکرای مرۆڤایەتی تێکۆشاون‌و بەشێکی تێکۆشانەکەیان ، بـە هەرحاڵ بە سوودی ئێمـە ئەگەڕێتەوە ، چونکە لـە سیاسەتا پێرەوێکی ڕاستی باو هەیە ئەڵێ : ئەوی دژم ڕانەوەستێ لەگەڵمایە ، بەرانبەر بـە پێرەوێکی چەوتی سەرەڕۆیانەو ماڵ وێرانکەر کە ئەڵێ : ئەوی لەگـەڵم

نەبێ دژمنمەو ، ئەو ڕێگایەی دوکتۆر کەمال گرتوویەتیە بەر ئەچێتەوە سەر ئەم پێڕەوەی دوایی‌یان ..

ئەنجا دوکتۆر کەمال لەم بڕگەی وتارەکەیا گەوتووەتە ناکۆکی‌یەکی گەلێ بێ‌سەروبەرەوە . ئەو ، لەکاتێکا کە ئەیەوێ کوردی عێراقیش ، وەك کوردی تورکیا ــ بە ئیدیعای دوکتۆر ــ ، خۆشیان لە نازم حیکمەت نەبێ ، ئەگەڕێتەوەو ئەڵێ : نازم شایانی بایەخ پێدانی زیاترە . ئێمە لەم دوو بڕگە ناکۆکەوە سەرسام ئەبین‌و نازانین چی‌بکەین : بایەخ بە نازم نەدەین وەك کوردی تورکیا ــ بەقسەی دوکتۆر ــ داوامان لێ ئەکەن ، یا بایەخی زۆرتری بدەینێ ، چونکە هونەرمەندێکی گەورەیە ، وەك دوکتۆر ئەڵێ ، یا لە یەك‌کاتا خۆشیشمان نەوێ‌و بایەخیشی بدەینێ‌و ، نازانم ئەمەیان چۆن ئەبێ ؟! بەڵکو دوکتۆر خۆی بۆمان ڕوون بکاتەوە . پاش ئەمەیش ، کێ ئەڵێ ڕاستە کوردی تورکیا گلەیی ئەوەمان لێ ئەکەن کە بایەخی زۆرمان بە نازم حیکمەت داوە ؟ من لام‌وایە بلاو کردنەوەی نامەکەی نازم حیکمەت بۆ کامەران عالی بەدرخان کە لە ژمارە ( ١ )ی گۆڤاری ( هیوا )ی ساڵی ( ١٩٨٣ )دا لەلایەن کوردێکی ناوداری تورکیاوە کە ( کەندال )ی ناوە ، پێچەوانەی ئەم ئیدیعایەی دوکتۆر کەمال ئەگەیەنێ .

★ ★ ★

دوکتۆر کەمال ، بۆ دەسخستنی باوەڕی خوێندەواران بە ڕاستیی دانەپاڵ منی ئەو قسانەی بەدەممەوە کردوونی ، لە ڕێگای چەند بارە کردنەوەیانەوە ، وەك بڵێی چەند بارە کردنەوەی قسەیەك ببێ بە بەڵگە لەسەر ڕاستیی ئەو قسەیە ، جارێکی‌تریش ئەگەڕێتەوە سەر ئەو باسەو ، بەوەیشەوە ناوەستێ ئەم‌جارە تاوانەکە لە یەك تاوانەوە ئەکا بە کۆمەڵێك‌و ئەڵێ : « تاوەکو ئیستە چەند جارێك مێژوونووسانی ئاسیای ناوەندی وڵاتی شوورەوی هەوڵیان‌داوە پاکانە بۆ خوێنڕێژە هەرە بەناوبانگەکانی جیهانی وەك تەیمووری لەنگ‌و جەنگیزخان‌و هولاکۆی کاولکار بکەن تا بە زۆر بی‌یانکەنە پاڵەوانی نەتەوەیی . کەچی کاکە حەمەی ئێمەش تازە بە خێرێ لەخۆڕا ، ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ ، کۆمەڵێك تاوانی ناڕەوا دەداتە پاڵ دەستەیەك لە نیشتمانپەروەرە خەباتگێڕە ئازاو دڵسۆزەکانی نەتەوەی کورد کە لە هەموو ڕوویەکەوە نموونەی مرۆڤی ڕەوشت‌بەرزو فیداکارو پایە بڵندو خواپەرست بوون‌و لەبێناوی کوردا یا گیانیان بەخت

کرد یا دەربەدەر بوون . من بۆ خۆم ساڵی ١٩٧٢ لە دیمەشق بە دیدەنیی ژمارەیەکیان شادو سەربەرز بووم . چارەنووسی و چرچولۆچی دەموچاوی هەر یەکێکیان داستانێکی هەڵدەڕشت . نەمر مەمدووح سەلیمیان بە کولەمەرگی لەکەلاوەیەکدا لەناو کتێبی فەرەنسیو تورکیو عەرەبیدا دەژیاو هەر لەو خەڵوەتەشدا بە تەنیاییو بە غەریبی کۆچی دوایی کرد [ ستوونی سێیەمی بەشی پێنجەم ] » .

بەرانبەر بەم بڕگەیە لە نووسینەکانی دوکتۆر کەمال ئەڵێم : من پێوەندێك لەنێوان ئەوەدا نابینم کە بنووسانی ئاسیای سۆڤیەتی داکۆکی لە چەنگیزو هۆلاکۆو تەیموور بکەنو من بڵێم لەوانەیە ئینگلیز بۆرە دەستێکیان لە ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیرانا بووبێ ، مەگەر بڵێین دوکتۆر ئەیەوێ بڵێ والەوێ لە ئاسیای ناوەڕاست بە شانوباڵی چەنگیزو هۆلاکۆو تەیموورردا هەڵئەڵێن ، تۆ بۆ ئەبێ ڕەخنە لەوە بگری ئیمپریالیزم پەنجە وەربداتە ڕاپەڕینێکی ئێمەوە . ئەوان بۆ بەوە گوناهبار نابن ، ئێمە بۆ بەمە لەکەدار ئەبین ؟ ئەگەر مەبەستی دوکتۆر ئەمەبێ من وەڵامێکم نییە ، کەسێك خۆی قایل بێ بە ڕەوایی دەس تێکەڵ کردن لەگەڵ ئیمپریالیزم ، من ئەبێ چ دەسەڵاتێکم بەسەریا ببێ ؟ ( ئەوەیش بڵێین کە من وەك چەند جار لەم کتێبەمدا وتوومە ، ئەو ئیحتیمالی دەسوەردانە ڕاپەڕینەم بە هیچ کلۆجێ نەکردووە بە سەنگو ترازووی هەڵسەنگاندنی ڕاپەڕینەکە ) .

ئەنجا دوکتۆر کەمال بۆ ئەیەوێ لەجیاتیی بەڵگەی زانستی بۆ بێ سەلماندنی قسەکانی خۆی ، لە ڕێگای سۆزەوە کار بکاتە سەر دڵو دەروونی خوێندەوارانی ؟ ئەوەتە ، وەك بڵێی لەم دنیادا بەڵگە بڕابێ بۆ ئیسپاتی نیشتمانپەروەریی ڕاپەڕینی شێخی پیران ، دێ پیریو لاوازیو کەنەفتیو چرچولۆچی دەموچاوی پاشماوەکانی ئەو ڕاپەڕینە کە لە شام دیونی — ئەکا بە نیشانەی دڵسۆزیو فیداکارییان . پیری دیاردەیەکی سروشتییە دێتە ڕێی هەموو کەس ، هەر بەمەرجێ پێش پیربوون نەمرێو ، هیچ پێوەندی بە نیشتمان پەروەریو نۆکەرایەتیو شتیواوە نییەو ، ڕاپەڕینی کوردی تورکیا سەد جاریش ئیمپریالیزم بۆ سوودی خۆی پەنجەی تێوەردابێو نەدابێو ، هەندێ لە پێشەواکانی گفتوگۆیان لەگەڵ پیاوانی ئیمپریالیزم کردبێ یا نەکردبێ ، ڕاپەڕینێکی نیشتمان پەروەرانە بووەو ، بەڵگە بۆ ئەمە لەوە بەهێزتر نابێ کە ڕەوتی مێژووی ئەو گەلە لەو قۆناغەدا کە ڕاپەڕینەکەی تیا بەرپا بووە پاکانە بۆ ئامانجەکانی

ئەکا . لینین بە شەمەندەفەری ئەلمانەکان گەڕایەوە بۆ ڕووسیا بۆ بەشداربوون لە شۆڕشدا .. تیتۆ لەگەڵ هاوپەیمانەکان هاوکاریی ئەکرد بۆ ڕزگاریی وڵاتەکەی .. ماوتسی تۆنگیش لەگەڵ کۆمینتانگی کۆنەپەرست دەستی لەدژی ژاپۆنییەکان تێکەڵ کرد .

* * *

دوکتۆر کەمال کە بە چرای ڕۆن گەرچەکەوە کەوتووەتە گەڕان بەدوای هەرچییەکدا کە بە خەیاڵی خۆی بۆ ئەوە بشێ بە هەڵەی دابنێ و بیکا بە ماڵ بەسەر منەوە ، لەبارەی دوو سێ زانیارییەوە لەمەڕ نازم حیکمەت کە لە مامۆستا شوکورم وەرگرتوون ، نووسیویە ئەڵێ : « **سەرچاوەی سەرەکیی زانیارییەکانی ناو وتارەکەی کاکە حەمە قسەی خەڵکین** » ... « **بە پێوەندیی زانستی هەرگیز ناشێ لە زمان خەڵکەوە باسی بەرهەمی شاعیرێك یا هەرکەسێك بکرێ ، لەکاتێکدا بەشی زۆری بەرهەمەکانی ئەوکەسە بە زمانێك لە بەردەستدا بێ کە ئەو نووسەرە بیزانێ** » ... « **لەکاتێکدا بەشێکی زۆر لە بەرهەمەکانی نازم حیکمەت کرابن بە عەرەبیو ژمارەیەك لێکۆڵینەوەیان دیسان بە عەرەبی لەسەر هەبێ ، هەرگیز ناشێ کاکە حەمە پێمان بڵێ : لەبارەی کوردو نازم حیکمەتەوە مامۆستا شوکور ئەڵێ** » ... « **پێویست بوو بەر لەوە ، کاکە حەمە بگەڕێتەوە بۆ دیوانو شیعرە چاپکراوەکانی نازم حیکمەت بە عەرەبی ، ئەگەرچی ناتەواویش بن . شایانی باسە لە ١٩٧٩وە فازل لوقمان کەوتە بڵاوکردنەوەی سەرجەمی بەرهەمە شیعرییەکانی نازم حیکمەت کە لە تورکییەوە کردوونی بە عەرەبی . بەمەی کاکە حەمە دەگوترێ لادان لە ڕێبازی زانستیو مەرجە سەرەتایییەکان ، نەك بەوەی کە من بەسۆزەوە لە وتارێکی ئەدەبیدا باسی هەڵوەستە گەورەکەی عەزیز نەسینم بەرامبەر بە کوردی تورکیا کردووە** [ ستوونی سێیەمی بەشی پێنجەم ] » .

لە وەڵامی ئەم تێبینییانەی دوکتۆردا ئەم سەرنجانە پیشان ئەدەم :

یەکەم ، لە دوو سێ زانیاری بەولاوە لەبارەی نازم حیکمەتەوە کە لە مامۆستا شوکورو مامۆستا ئەحمەد موحەممەد ئیسماعیلم وەرگرتوون ، هیچم لە وتارەکەما لە زمانی کەس وەرنەگرتووە . کەواتە ڕاست نییە « سەرچاوەی سەرەکیی زانیارییەکانی ناو وتارەکەی کاکە حەمە قسەی خەڵکین »و دوکتۆر ئەم قسەیەی لەخۆیەوە هێناوە .

دووەم ، بەشی زۆری بەرهەمی نازم حیکمەت بە کـــوردی یا بە عەرەبی یا بە فارسی بڵاو نەکراونەتەوە ، کە من تەنها ئەم زمانانە ئەزانم . کەواتە وا ئەم رەخنەیەیش لە رەخنەکانی دوکتـــۆر کەمال ، بە هیـــچ دەرچوو .

سێیەم ، راستە بەشێکی زۆر لە بەرهەمی نازم حیکمەت کراوە بە عەرەبی ، بەڵام جیاوازی‌یەکی گەورە لەنێوان ( بەشێکی زۆر )و ( بەشی زۆری )دا هەیە . بەشی زۆری بەرهـــەمی نازم حیکمـــەت نەکراوە بە عەرەبی . کەواتە بۆم هەیە زانیاری لەبارەی شیعری نازم حیکمەتەوە لە مامۆستا شوکور یا هەرکەسی‌تر وەرگـــرم . وا ئەم رەخنەیەیش لـــە رەخنەکانی دوکتۆر هەر بە هیچ دەرچوو .

چوارەم ، هەرچەند فازل اوقمان کەوتبێتە بڵاوکردنەوەی سەرجەمی بەرهەمی شیعری نازم حیکمەت ، بەڵام من پێ‌بزانم لە سێ بەرگ زیاتری لێ بڵاو نەکردوەتەوە ، کە بەلێکدانەوەی من ئەوەندەی دوو بەرگی تێکستە تورکی‌یەکەی نابن . کەواتە ، بەپێچەوانەی قسەی دوکتـــۆر کەمالەوە ، بۆم هەیە داوا لە مامۆستا شـــوکور بکەم راســـتەوخۆ زانستیم لـــە تێکستە تورکی‌یەکەی نازم حیکمەتەوە بداتێ . سەرەرای ئەوە لە هەموو حالێکا رێی‌تێ‌ئەچێ لـــە وەرگێرانی تێکســـتە تورکی‌یەکەدا هەڵەیەك روویدابێ یـــا وەرگێرانی پارچەیەك پەرێنرابێ ، هەروەك لە دیوانەکـــەی مەحموود دەروێشا رووی‌داوە کـــە ئەو شیعرەیان لابردووە کـــە بۆ کوردستانی نووسیوە .

لـــە هەموو ئەمەیش بەولاوە من لام‌وایە ئـــەم ســـەنگ‌و ترازووەی ئەورووپایی بۆ ( رێبازی زانستی )یان داناوە ، بۆخۆیان زیاتر ئەشێ تا بۆ ئێمە . ئەم هەموو ســـەرچاوانەی ئەوان داوای گەرانەوە ســـەریان ئەکەن ، هەمیشە لە بەردەستی رۆشنبیری رۆژهەڵاتیدا نین‌و ، گەوهەری مەسەلە دەرخستنی راستی‌یە زیاتر لەوەی گەرانەوە بـــۆ سەرچاوەیەکی تایبەتی بێ .

جا ئیستا با خوێندەواران بریار بدەن من لە مەرجە سەرەتایی‌یەکانی رێبازی زانستی لام‌داوە کـــە هەندێ زانیاریم لەبارەی نازم حیکمەتەوە لـــە مامۆستا شـــوکورو مامۆستا ئەحمـــەد موحەممەد ئیســـماعیل وەرگرتووە ، یـــا دوکتۆر کە ئەڵێ « سەرچاوەی سەرەکی‌ی زانیاری‌یەکانی ناو وتارەکەی کاکە حەمە قسەی خەڵکین ؟ »

* * *

دوکتۆر کەمال لە بڕگەی پێش دوابڕگەی وتارەکەیا نووسیویە :

**« تا ئیستا بەدەست هیچ وتارێکەوە هێند ماندوو نەبووم و هێندم لە هیچ وتارێك نەگۆڕیوەو هێنـدم لێ دانەڕشتۆتەوە وەك ئەم وتارەم** [ ستوونی سێهەمی بەشی پێنجەم ] » .

منیش ئەڵێم : چ پێویستی یەك هەبوو دوکتۆر خۆی ئەوەندە لە یەك دوو ڕەخنەی من نارەحەت بکا ناچاری ئەو ماندوویەتی یە زۆرە ببێ .. تەنانەت کە چووبوویش بۆ هەولێر بۆ پرسە ، سەرچاوەو قاقەزو قەڵەم لەگەڵ خۆی هەڵگرێ شەو لـە ئوتێل لەجیاتیی حەسانەوە خـۆی بە نووسینەوەی وەڵامەوە خەریك بکا ؟! گریمان وتارەکەی من هەمـووی درۆی ڕووت بوو ، تەوازوعی زانا لەوەدا دەرئەکەوت خـۆی تێکنەداو پشت گوێی بخا ، نەك خـۆی بڕەتێنێ تا هەندێ قسەی تاڵ و سـوێر بەرانبەر بە نازم حیکمەتێکی ئینسان کۆبکاتەوە کە ساڵەهای دوورو درێژ جێگەی ڕق و کینـەی کۆنەپەرستیی وڵاتەکـەی و نموونەی تێکۆشی کۆڵنەدەر بوو لە بەرچاوی هەموو پێشکەوتخوازانی جیهانا .. تا هەندێ بوختانی بێ سەروپێیی وا بەدەم منیشەوە بهۆنێتەوە شـەرەفی نەتەوەیی و نیشتمانیمی لە بەرچاوی ڕۆڵەکانی گەلەکەم پێ لەکەدار بکا .. توخوا بۆ کوردو بۆ پێشکەوتخوازی و بۆ دوکتۆر کەمال خۆی و بۆ هەموومان باشتر نەبوو ئەگەر لەجیاتیی بەدناو کردنی نازم حیکمەت و پێشـکەوتخوازانی تورکیا یادداشتەکانی ئوستیونگولی بۆ بکردینانە بە کوردی کە بەرلەوەی ئەو ناوی بێنێ زۆرتری خوێندەوارانی کوردی عیراق نەیانزانیوە پیاوێکی بەم ناوەو بەم مێژووەو بەم یادداشتانەوە لە جیهانا بووە ؟ باشتر نەبوو ، ئەگەر تورکی یش نەزانێ تا کتێبەکەی عەزیز نەسینمان بۆ بکا بە کوردی ، بەدوای دوو سێ سـەرچاوەی ڕووسی یا بگەڕێ لەبارەی ژیانی تورکی بولگاریاوە ، کـە دیارە لەمدوایی یەداو بەتایبەتی پاش ڕووخانی ڕژێمی ژیفکۆف زۆری بە ڕووسی لەسەر بڵاوکراوەتەوە ؟

زۆر شتی لـەوە باشتر هەبوو کە دوکتۆر خـۆی پێیەوە ماندوو کردووە ، ئەگەر بەدوای کاری بەکـەڵکا بگەڕایە . بەڵام ماڵی ڕەزامەندی لە خۆ کاول بێ دوکتۆری ڕاکیشایە ئەم مەیدانەوە کـە لاموایە ئیستا پەشیمانە لێی ، وەك من ئیستا پەشیمانم لـە نووسینی وتاری یەکەمم . ئیستا ئیتر پەشـیمانی سوودی نی یەو ئەوەی هەردوو ئەبوو بە ناچاری بیکەین ، کردمان . هیوام وایە بۆ لەمەولامان هەردوکمان و کەسانی تریش ئاگاداری خـۆمان بین ڕانەکێشرێینە مەیدانی واوە بە هەرحاڵ مەیدانی سوود بەخشتر گەلێ زۆرتر بێ .

* * *

دوا بڕگە کە دوکتۆر کەمال وتارەکەی پێ دوایی هێناوە ئەوەیە کە نووسیویە ئەڵێ : (( **لەکۆتاییشدا حەزئەکەم بڵێم کاکە حەمە هەزار ئەوەندەی تر بنووسێ و هەزار ئەوەندەی تر بکەوێتە هەڵەو تەناقوزەوە جارێکی تر وەڵامی نادەمەوە . جا ئارەزووی خۆیەتی ئەوەم چۆن بۆ لێك دەداتەوە ، یا لێکی بداتەوە** [ ستوونی سێیەمی بەشی پێنجەم ] )) .

لە وەڵامی ئەم دوا بڕگەیەی دوکتۆردا ئەڵێم ئەگەر خەنجەری دەبانی دوکتۆر خۆی لە کالانا بگرێ و ، بتوانێ لەسەر ئەم وتارەیشم نەیەتە دەنگ و کۆمەڵە دەس هەڵبەستێکی ترم بە زمانەوە ڕیز نەکا ، خۆم زۆر بە بەختەوەر ئەزانم ، نەك لەبەرئەوە لە نووسینی ئەترسم . من لە ڕاستی بەولاوە کە یەخەی خۆم بگرێتەوە ، شتێك نی‌یە لەم جیهانەدا لێی بترسم . خۆم بۆیە بە بەختەوەر ئەزانم ، چونکە توانیومە کارێك بکەم چەردەیەك ڕێ و شوێنی دان بەخۆداگرتن و سەبرو هەڵنەچوونی پیشان بدەم . شووره‌یی‌یش نی‌یە ئەمجارەیان ئەم دەوری مامۆستایەتی‌یە بە من بسپێرڕێ ، بە هەرحاڵ هەموومان لە قوتابخانەی ژیانا هەم مامۆستاو هەم قوتابی‌ین .

هەرچی مەسەلەی کەوتنە هەڵەیشە ، ئەوە هەرگیز بەدوورم نەزانیوە لە زۆر شتا بکەومە هەڵەوە ، چونکە ئەوەی ناکەوێتە هەڵەوە ئەوەیە کار ناکا . جا نازانم دوکتۆر کە کەس گومانی لەوەدا نی‌یە کارایەکی چالاکە ، چۆن بەلای کەوتنە هەڵەوەی خۆیا ناچێ ؟ بەڵام ، بەش بەحاڵی تەناقوز ، یا ناکۆکی لەنێوان ئەو بیرو بۆچوونانەدا کە خستوومنەتە ڕوو ، ئەوە دڵنیام نەکەوتوومەتە هیچ ناکۆکی‌یەکەوەو ، بەپێچەوانەوە پەردەم لە ڕووی گەلێ لەو ناکۆکی‌یانە هەڵماڵیوە کە دوکتۆر تێ‌یان کەوتووە ..

بە هەر ڕەنگ من بەوە شادمانم کە بێ‌ئەوەی مەبەستم بووبێ توانیومە کارێك بکەم گەلێ زانستی بێ‌نەزانراوی‌وا بە دوکتۆر کەمال دەرببڕم کەوا ساڵەهای ساڵە لای خۆیی ڕاگرتوون و بیری لەوە نەکردووەتەوە پێشکەشی خوێندەوارانی گەلەکەیان بکاو ، ئەمجارە دەرکەوت کە خەڵکەکە زۆر تامەزرۆی ئەو زانیاری‌یانە بوون ، کەچی لەجیاتیی خۆخەریك کردن بەو زانیاری‌یانەوە سەرقاڵی شتی‌وا بووە مەگەر بە حیلەو حەواڵە تاڵە دەزوویەکمان دەسگیر ببێ لەگەڵ سوودی ئەمڕۆی خوێندەوارانی گەلەکەیا بەیەکەوەیان ببەستێ .

# بەشی پێنجەم(١)

دوکتۆر کەمال لە دوابەشی وتارەکەیا ، لە پەراوێزی بیستویەکەما ، سەبارەت بەوەی من لە باسی بە دیاری پێشکەش کردنی قاتێ چۆغەو رانکی کوردیدا لەلایەن نوماینـدەکانی لاوان‌و قوتابی‌یانی کوردەوە لە ڤستیڤالی لاوان‌و قوتابی‌یانی جیهانی سالی ١٩٥٥دا لە وارشۆ ، بە نازم حیکمەت ، نووسیومە : «چۆغەو رانك»و نەمنووسیوە : «رانك‌و چۆغە» رەخنەی لێ گرتووم‌و نووسیویە : « **پێم‌وایە کورد دەڵێن ( رانك‌و چۆغە ) نەك ( چۆغەو رانك ) . زۆر سەیرە شتێ‌وا بەسەر کاکە حەمەی شارەزاو سەرچاوەدا تێپەڕێ** [ بەشی پێنجەم ، ستوونی سێهەم ، پەراوێزی ژمارە ٢١ ] » .

بەر لە هەرچی‌و ، پاش سوپاسی ئەو ستایش‌و پیاهەڵدان‌و بە شارەزاو سەرچاوە ناوبردنمە ، کە من خۆم بە هەرحاڵ بە شایانی ئەوە نازانم‌و ، نازانم دوکتۆریش هەر بە شایانیم نازانێ‌و لەبەر مەبەستێکی تایبەتی وام ناوئەبا ، یا چۆن ، ئەمەوێ بڵێم : ئەگەر دوکتۆر « پێی وایە » واتە دڵنیا نی‌یە لە راستیی بۆچوونەکەی ، چۆن رەوایە پاشان بڵێ : « زۆر سەیرە شتێ‌وا [ واتە هەڵـەی‌وا زەق‌و ئاشکرا ] بەسەر کاکە حەمەی شارەزاو سەرچاوەدا تێپەڕێ [ کە نابێ شتێ‌وا بە هیچ کلۆجێ رووبدا ] » ؟ ئەمەی دوکتۆر کەمال نووسیویە ، لەگەڵ رستەی « پێم‌وایە »کەیدا بە هیچ جۆرێ ناکەونەیەك .

ئەنجا کێ ئەڵێ کورد هەر ئەڵێن « رانك‌و چۆغە »و نایشڵێن « چۆغەو رانك » ؟. من لەو هەورامانە لەدایك‌بووم‌و بیست ساڵ عومرم لەوێ بەسەربردووەو ، ئەو سەردەمە بەشی زۆری پیاوانی ئەو ناوە هەر « چۆخەو رانك » یان لەبەر ئەکردو ، هەر « چۆخەو رانك »یش فێر بووم‌و ، لە خەڵکی تریشم هەروا بیستووە . کەواتە خەڵك بە هەردوو جۆرەکەی ئەڵێن ، وەك ئەڵێن : کراس‌و کەواو ، کەواو کراس .

ئەمە بە هەرحاڵ .

بەڵام مادەم دوکتۆر سەرێکی کێشـەکەی نێوانمانی گواستەوە بـۆ مەیدانی زمانەوانی‌یش ، منیش پێم‌خۆشە لەگەڵی برۆم‌و کورتە گەشتێکی لەم بابەتە بە سەرانسـەری وتارەکـەیا بکەم‌و چەند نموونەیەکی هەڵـەی زمانی‌و هەڵەی شێوەی نووسینی تیا دەسنیشان بکەم‌و بی‌یانخەمە ڕوو . ئومێـدەوارم ئـەم کارەم بـۆ دوکتـۆریش‌و بـۆ خوێنـدەوارانیش سوودبەخش بێ .

## لـە بەشی یەکـەمدا

**(١) (( لـەبەر ئەو پێـوەندی‌ی برایەتی‌یەی لەنێوانمـاندا هـەیە [ سـەرەتا ] )) .**

ڕاستەکەی ( پێوەندی )یە بە یەك ( ی ) کە پێکهاتووە لە دوو وشەی ( پێوەند )و ( ی )ی ئیزافە . (( پێوەن [ ئاسانکراوی ( پێوەند ) ــ م ] .. ئیلاقە [ عەلاقە ــ م ] ، ئاشـنایەتی )) . ( فەرهەنگی هەنبانە بۆرینـە ، بەرگی ئە تا س ، ل ١٣٦ ) .

**(٢) ((هەر زوو پێی‌گوتم کە وتارێکی لەو بابەتەی بەدەسـتەوەیەو نیازی‌یە بەر لە بلاوکردنەوەی نیشانی خۆمی بدات [ سەرەتا ] )) .**

ئەم پارچە سێ هەڵەی تیایە :

یەکەم : ( کە )ی ( کە وتارێکی .. ) زیادەیە .

دووەم : ( لەوبابەتەی ) . دیار نی‌یە کام بابەت مەبەسـتە . ئەبوو بینووسیایە : (( لەبارەی ئەو وتارەمەوە .. ))

سێهەم : ( نیازی‌یە ) . ( ی ) تەنهاکە زیادەیە . کـورد ئەڵێ : (( نیازمە ، نیازتە ، نیازیە ، نیازیانە ، نیازتانە ، نیازمانە .. )) .

**(٣) (( ئەوەی کاکە حەمە لە هەرکەس زیاتر ئاگاداری‌یە [سەرەتا] )) .**

ئـەو ( ی ) تەنهـایەی ( ئاگاداری‌یە ) زیادەیـە . ڕاسـتەکەی ( ئاگاداریە )یـە . کـورد ئـەڵێ : ئاگاداریـە ، ئاگاداریانە ، ئاگادارتە ، ئاگادارتانە ، ئاگادارمە ، ئاگادارمانە . وشـەکە ( ئاگادار )ەو ( ی )کـە ضەمیری غائیبە ئەگەڕێتەوە بۆ مەرجەعی ئیسمی ئیشـارەی ( ئەوە )ی پێشـەوەو ، ( ە )کەیش ضەمیرێکی غائیبی‌ترە ئەگەڕێتەوە بۆ ( کاکـە حەمە ) ..

**(٤) « نەیسا وتارەکەی کاکە حەمە بێئەوەی ، وەك خۆی گوتبووی ، من ببیبینم لەپڕ بلاوبۆوە . کەچی کاکە حەمە وتارەکەی نیشانی برادەرێکی‌تری خۆی‌دابوو .. [ سەرەتا ] » .**

ئەم پارچە دوو هەڵەی تیایە .

یەکەم : وشەی ( کەچی ) کە لێرەدا شوێنی نابێتەوە . ئەگەر لەم شوێنەدا من زووتر گفتم بە دوکتۆر کەمال دابوایە وتارەکەم پیشانی ئەو بدەم‌و پیشانی کەسی‌تری نەدەم‌و ، بەپێچەوانەی ئەو گفتەوە پیشانی ئەوم نەدابێ‌و پیشانی کەسی‌ترم دابێ ، ڕاست‌بوو لێرەدا وشەی ( کەچی ) بەکاربهێنێ . بەڵام ئەو تەنانەت خۆیشی ئیددیعای ئەوەی نەکردووە کە گفتم دابێ پیشانی کەسی‌تری نەدەم .

دووەم : وشەی ( وتارەکەی )ی دووەم لێرەدا زیادە ، چونکە ضەمیرێکی شاراوە لەم شوێنەدا هەیە ئەگەڕێتەوە بۆ ( وتارەکەی )ی یەکەم‌و پێویستی‌یەك بەمی دووەم ناهێڵێتەوە .

**(٥) « پێی‌گوتم نارەزایی بەرامبەر بەوە نیشان‌دابوو ، کە کاکە حەمە لە سەرەتای وتارەکەیدا باسی منی کردبوو [ سەرەتا ] » .**

ئەبوو لەجیاتیی ( کردبوو ) بینووسیایە : « کردووە » ، چونکە مەبەست گەیاندنی مەعنای هێنانە بەرچاوی باسکردنەکەیەو ( کردبوو )یش ئەوە ناگەیەنێ .

**(٦) « گەلێك لایەنی وتارەکەی کاکە حەمە پێویستی‌یان بە لێکدانەوەو ڕوون‌کردنەوەو وەلامدانەوە هەیە [ سەرەتا ] » .**

لێرەدا ئەبوو بینووسیایە : « پێویستی » چونکە لە کوردیی ڕەسەندا بۆ ئەم جۆرە مەرجەعە ناهوشیارە مەعنەوی‌یانە لەجیاتیی ضەمیری جەمع ضەمیری موفرەد ئەگەڕێتەوەو ، سیغەی مەرجەعەکە خۆیشی موفرەدە . دوکتۆر کەمال خۆیشی پاشتر ئەم هەڵەیەی ڕاست‌کردووەتەوەو نووسیویە : « چونکە شتی‌وای تێدایە »و نەینووسیوە : « چونکە شتی‌وایان تێدایە » .

**(٧) « بەنیازی دەرخستنی گەورەیی هەڵوەستی کەم‌هاوتای عەزیز نەسینەوە .. [ ستوونی یەکەم ، بڕگەی یەکەم ] » .**

پاشگری ( ەوە ) بەدوای ( عەزیز نەسین )ەوە زیادە . کورد ئەڵێ : بەنیازی فلان شت‌و ، ناڵێ : بەنیازی فلان شتەوە .

(٨) « **لەکاتێکدا ژیانی زوربەیان ٠٠** [ ستوونی یەکەم ، بڕگــەی دووەم ] » .

ئەبوو : بینووسیایە « لەکاتێکدا کە ژیانی زوربەیان » .

(٩) « **٠٠ کــە هەردوکیــان بە لای منــەوە وەك ڕووناکبیرێکی کوردو تەنانەت وەك مرۆڤێکی پێشــکەوتخوازی ئاسایش پەسەند نین** [ ستوونی یەکەم ، بڕگەی چوارەم ] » .

ئەبوو ئەم پارچە بەمجــۆرە بوایە : « کــە بە لای منەوە ، وەك ڕووناکبیرێکی کوردو تەنانەت وەك مرۆڤێکی پێشکەوتخوازی ئاسایش ، هیچیان پەسەند نین » چونکە داڕشــتنەکە وا تەواوەو ، نەفیــەکە بە ( هیچیان ) ئەکرێ نەك بە ( هەردوکیان ) ، ئەگینــا لەوانەیە وابگەیەنێ ( یەکێکیان ) پەسەند بێ‌و ، وایش نی‌یە .

(١٠) « **چونکە ئەو لــە ساڵی ١٩٢١وە** [ ستوونی یەکەم ، بڕگــەی دەیەم ] » .

ئەبوو دوکتۆر بینووسیایە : « .. لە ســاڵی ١٩٢١ەوە » ، وەك ئەگەر ژمارەکە بە نووسین بنووسرێ ئەنووسرێ : « .. لە ســاڵی هەزارو نۆسەدو بیستویەکەوە » . ئەم جۆرە هەڵەیە لە شــوێنی تریشا دووبارە بووەتــەوە .

(١١) « **وێڕای ئەوە لەو ماوەیەدا بە چــاوی دەیبینی** [ ســتوونی یەکەم ، بڕگەی دەیەم ] » .

ئەبوو دوکتۆر لێرەدا بینووسیایە : « بە چاوی خۆی دەیبینی » ، چونکە مەبەست دووپات کردنەوەی بینینەکەیە کە مرۆ ئەگەر شتێکی بــە چاوی خۆی بینی ، واتە بەتەنیا بە بیستن لە خەڵکەوە یا بە خوێندنەوەی لە کتێب‌و ڕۆژنامەو گۆڤارا نەبوو ، زۆر لە ڕاستیی ئەو شتە دڵنیا ئەبێ . ڕستەی ( بە چاوی دەیبینی ) نارەوایە ، چونکە خــۆ بە لووت یا بە دەم نایبینێ ، یا هەر هیچ نەبێ ئەبوو بینووسیایە : « بە چاو دەیبینی » .

(١٢) « **تێیدا گەلێك ستایشی ئەو بڕیارەی ئەنجــومەنی نەتەوەیی گەورەی تورکیای کردبوو ٠٠** [ ستوونی یەکەم ، بڕگەی دەیەم ] » .

ئەم پارچە دوو هەڵەی تیایە :

یەکەم : پێشخستنی وشەی ( تێیدا ) کە ئەبوو بیخاتە پاش ( گەلی تورکیای )و بیکا بە ( تیدا ) .

دووەم : پێشخستنی ( نەتەوەیی ) لە ( گەورە ) کە ئەبوو بیخـــاتە پاشی‌و بڵێ : « ئەنجومەنی گـەورەی نەتەوەیی » تا هەردوو سـیفەتەکە ببن بە سیفەتی ( ئەنجومەنی ) .

**(١٣) « شایانی باسە ئەم بەڵگە مێژووییە لە ژمارە ١٢٣ی ڕۆژی نۆی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٠ی ڕۆژنامەی ( ئیزفیستیا )دا بلاو کراوەتەوەو وەڵامی ئەو نامەیەیە ..** [ ستوونی دووەم ، بڕگەی یەکەم ] » .

لەبەرئەوەی ڕستەی سەرەکی لەم پارچەیەدا (ئەم بەڵگە مێژووییە)و ( وەڵامی ئـەو نامەیەیە )یە ، ئەبوو ئـەم پارچە بەمجـۆرە دابڕێژرێ : « شایانی باسە ئەم بەڵگە مێژووییە کـە لـە ژمارە ١٢٣ی ڕۆژی نۆی حەزیرانی ساڵی ١٩٢٠ی ڕۆژنامـەی ( ئیزڤێستیا )دا بلاو کراوەتەوە ، وەڵامی ئەو نامەیەیە ... » .

**(١٤) « دەربارەی هەمان باس نووسیویە دەڵێ** [ ستوونی دووەم ، بڕگەی شەشەم ] » .

ڕاستەکەی ، چ لــەم شــوێنەو چ لــە هەر شــوێنێکی‌ترا ، « نووسیویە »یە . سیفەکانی ئەم فیعلە بەمجـۆرەن : نووسـیویە ، نووسیویانە ، نووسیوتە ، نووسیوتانە ، نووسیومە ، نووسیومانە . کەواتە چی ئەو ( ی ) زیادەی لەو ناوەڕاستەدا قوت‌کردەوە ؟

**(١٥) « وەڵامی کـۆمەڵانی خەڵکی کوردســتان بووە بەرامبــەر چەوسانەوەی کۆلۆنیالی لە عێراق ..** [ ســتوونی سێهەم ، بڕگــەی نۆهـەم ] » .

وشەی ( چەوسانەوە ) لێرەدا هەڵـەیە ، چـونکە فیعلی تێنەپەڕە . ئەبوو بینووسـیایە : « چەوساندنەوە » کـە فیعلی تێپەڕە ، چـونکە کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا جەماوەری عێـراقی ، بە عەرەب‌و کـوردەوە ، چەوساندووەتەوە .

## لە بەشی دووەمدا

**(١٦) « کە دیارە مەبەستی‌یە بڵێ ..** [ ستوونی یەکـەم ، بڕگـەی یەکەم ] » .

ئەبوو بینووسیایە : « مەبەستیە » چونکە نیمچە ڕستەکە لە سێ وشەی ( مەبەست )و ( ی )ی ضەمیری غائیب‌و ( ە )ی پێوەندکـەری دوانی پێشوو بەیەکەوە ـ پێکهـاتووە .

**(١٧) « ساڵی ١٩٣٨ دیسان گیرایەوەو ئەمجاریان یەك فاسیلە تا ساڵی ١٩٥٠ لە بەندیخانەدا مایەوە** [ ستوونی یەکەم ، برگەی چوارەم ] » .

ئەبوو لەجیاتیی ( ئەمجاریان ) بینووسیایە « ئەمجارەیان » چونکە ( ئەمجاریان ) لە حالێکدا ئەوترێ کە جارەکان دوو جار بن ، ئەمجاریان‌و ئەو جاریان ..

**(١٨) « کەوابێ تا بەرپا بوونی دوا ڕاپەڕینی کورد** [ ستوونی یەکەم ، برگەی پێنجەم ] » .

ئەبوو بینووسیایە : « کەوابوو » چونکە ئەوەی پاشان دێ ئەنجامێکی ئیسپاتکراوە ، ئەنجامێکی ڕێ‌تێ‌چوو نییە .

**(١٩) « بە عەزیمەت‌و ئینیدیفاعێکی لە هەموو لایەنێکی‌تر زیاتر** [ ستوونی دووەم ، برگەی سێهەم ] » .

لەم نیمچە ڕستەدا دوو هەڵە هەیە :

یەکەم : ( لەهەموو ) کە ئەبوو ( لە هیی هەموو ) بوایە چونکە مەبەستی خاوەنی قسەکە ئەوەیە عەزیمەت‌و ئینیدیفاعی ئێمە لە عەزیمەت‌و ئینیدیفاعی هەر لایەکی‌تر زیاترە ، نەك لە خودی هەرلایەکی‌تر زیاترە .

دووەم : ( لایەن ) کە ئەبوو ( لا ) بوایە چونکە مەبەست تەرەفی ئینسانی‌یە ، نەك تەرەفی بەمەعنا شوێن .

**(٢٠) « جا کاکە حەمەی خۆشەویست ئەم قسانەی لەکوێ‌و ، هەڵوەستی نازم حیکمەت‌و هاوبیرانی‌و پاکانەکانی جەنابتان لەکوێ ؟** [ ستوونی دووەم ، برگەی سێهەم ] » .

ئەبوو دوکتۆر بینووسیایە : « ئەم قسانە لەکوێ » یا « ئەم قسانەی فلانکەس لەکوێ » ، چونکە ئیستا کە نووسیویە : « جا کاکە حەمەی خۆشەویست ئەم قسانەی لەکوێ »و ، نیشانەیەکی دانەناوە وابگەیەنێ ( کاکە حەمەی خۆشەویست ) لەم ڕستەدا موخاطەبەو ، دەریشی نەخستووە « ئەم قسانەی » قسەی کێن ، ضەمیری ( ی )ی « ئەم قسانەی » بۆ ( کاکە حەمەی خۆشەویست ) ئەگەڕێتەوە ، هەرچەند لەپاشانا بە « پاکانەکانی جەنابتان » کە مەبەستی کاکە حەمەی خۆشەویستە ، ئەوەیشی شێواندووە !

**(٢١) « هەزار جار خۆزگە ڕاستۆپچێن کۆچی دوایی نەدەکرد تاوەکو**

**بمتوانیایە نامەیەك بۆ ئەو بنووسم ..** [ ستوونی دووەم ، برگەی پێنجەم ] » .

لەم پارچەدا دوو هەڵە هەیە .

یەکەم : « نەدەکرد » کە ئەبوو « نەکردبوایە » بوایە ، چونکە شەخسی مەبەست کۆچی دوایی کردووەو براوەتەوە .

دووەم : « نامەیەك بۆ ئەو بنووسم » کە ئەبوو « نامەیەکی بۆ بنووسم » بوایە ، چونکە شوێنەکە شوێنی بەکارهێنانی ضەمیری ( ی )یە نەك ئیسمی ئیشارەی ( ئەو ) .

(٢٢) « **لە زانست بەولاوە شتێکی‌تر بەکوردی‌یەوە نەبەستبێ** [ ستوونی دووەم ، برگەی شەشەم ] » .

ئەبوو بینووسیایە : « بەکوردیەوەی » وەك ( بەمنیەوەی ، بەتۆیەوەی ، بەویەوەی ، بەوانیەوەی ) . ئەو ( ی ) سەربەخۆیەی پاش وشەی ( کورد ) زیادەو هەڵەیەو ( ی )کەی دوایی پێویستە .

(٢٣) « **دەبوو ئازەری‌و ئەرمەن‌و هەموو ئەو جۆرە گەلانە ڕۆژی نانێك بخۆن‌و نانێك بەدەوری سەری شۆڕشی ئوکتۆبەردا بگێرن** [ ستوونی دووەم ، برگەی نۆهەم ] » .

ئەمە وا ناوتریَ‌و ، قسە نەستەقە کوردی‌یەکەیش کە دوکتۆر ویستوویە ڕستەکەی خۆیی پێ برازێنێتەوە ، وا نی‌یە . دوکتۆر ئەبوو بینووسیایە : « نانێك بخۆن‌و نانێك بکەن بە سەدەقە سەری شۆڕشی ئوکتۆبەر » یا « نانێك بخۆن‌و نانێك بکەن بە خێری شۆڕشی ئوکتۆبەر » .

(٢٤) « **چونکە ئەو شۆڕشە لەڕووی مافی نەتەوەیی‌یەوە زۆری بۆ کردن** [ ستوونی دووەم ، برگەی نۆهەم ] » .

ڕاستەکەی « بۆ کردوون »ە .

(٢٥) « **هەموو ڕۆژێك دەستە دەستە زیندانی‌یە کوردەکانیان دەبردن‌و لەسەر قەراغ ڕووباری دیجلەی هەزار بەهەزار دەیانکوشتن‌و ..** [ ستوونی سێهەم ، برگەی نۆهەم ] » .

ئەم پارچە سێ هەڵەی تیایە .

یەکەم : ( دەبردن ) کە ئەبێ ( دەبرد ) بێ . ئەو دەورەی کە ( ن )ی ( دەبردن ) ئەیبینێ ، ( یان )ی ( کوردەکانیان ) بینیویە .

دووەم : ( لەسەر ) کە ( سەر )ەکەی زیادەیەو ڕاستەکەی ( لـــە قەراغ ڕووباری ••• )یە •

سێهەم : ( هەزار بەهەزار ) کە بۆ شاخی بەرزیوا بەکاردێ شیوی قوولی لە بەردەما بێو هەمووی تاشەبەردی ســـەختو ڕەقەن بێ مرۆ نەتوانێ پیا هەڵزنێ کە دیارە قەراغی دیجلە وا نیيە •

**(٢٦) « ســـەرتاپای لەشی لەتاو برین بۆنی کردبوو** [ ســـتوونی سێهەم ، بڕگەی سیانزەهەم ] » •

ئەبوو بینووسیایە : « بەهۆی برینـــەوە بۆگـــەنی کردبوو » • ( لەتاو برین ) واتە ( لەبەر سەختیی ئازاری برین ) • ( لەتـــاو ) بۆ شتێ مەعنەوی بەکار ئەهێنرێ • کورد ئەڵێ : لەتاو برسیيەتی ، لەتاو جەورو ستەمی زۆردار ، لەتاو دەردی دووریو شتیوا ••

**(٢٧) « بە ددان بەتوندی لێوی دەکرۆشت** [ ستوونی ســـێهەم ، بڕگەی سیانزەهەم ] » •

ئەگەر ئەم ڕستە بە کوردیيەکی کوردی بووترێ ، ئەوترێ : لێوەکانی خۆی ، توند ، بەددان دەکرۆشت •

**(٢٨) « کەوتبوە ســـەر قەراغی بەردەلانی دیجلەوە** [ ســـتوونی سێهەم ، بڕگەی پازدەهەم ] » •

ئەم وشەی ( سەر )ەیش هەر لە وەرگێڕانی زمانی بێگانەوە هاتووەو لە کوردیدا زیادە ، یا ئەبێ ( قەراغی )یەکە لابرێ • کورد ئەڵێ : فلانە ئاوایی لەسەر سیروانە ، واتە لە قەراغی سیروانایە •

**(٢٩) « شاری ماردین کەوتووەتە ســـەر لووتکەی شـــاخێکەوە** [ ستوونی چوارەم ، بڕگەی یەکەم ] » •

کورد ئەڵێ : شاری ماردین بەسەر لووتکەی شاخێکەوەیە •

**(٣٠) « جا نازانم کاکە حەمە لێرەدا ڕێگەی ئەوەم دەداتێ بە زمانی ئەو بڵێم ئافەرین نازم حیکمـــەتو هاوبیرانی نازم حیکمـــەت** [ ســـتوونی چوارەم ، بڕگەی دووەم ] » •

ئەبوو بینووسیایە : « بە زمانی ئەوەوە » ، چونکە کورد وائەڵێ •

**(٣١) « با ئەوەیش بڵێم لەسەر باووباپیرانی نازم حیکمەتو مستەفا کەمال چارەی نەوەی شێخ سەعیدی پیران لای بەشێکی زۆری یۆنانیيەکان وەك سیا ڕەش بووە** [ ستوونی چوارەم ، بڕگەی سێهەم ] » •

یانیچی « وەك سیا ڕەش بووە » ؟ سیا چییەو ڕەش چییە ؟ سیایش هەر ڕەش نییە ؟

**(٣٢) « ئەم بۆچوونەی کاکە حەمە نازم حیکمەتی گەورە دەخاتە ڕیزی ئەو ساکارانەوە کە بڕوایان بە فرمێسکی تیمساحەکانە** [ ستوونی چوارەم ، بڕگەی پێنجەم ] » .

کام تیمساح ؟ ئەو ( ك )ی ( تیمساحەکانە ) واتە ئەو تیمساحانەی لە زیهنماندان ، واتە جێی ( أل العهد )ی عەرەبی ئەگرێتەوە ، لەکاتێکا کە نە دوکتۆرو نە خوێندەوارانی وتارەکەی هیچ تیمساحێکی لەپێشەوە دەسنیشان کراویان لە زیهندا نییە . ئەبوو دوکتۆر لێرەدا لەجیاتیی وەرگێڕانی حەرفیی ( دموع التماسيح )ی عەرەبی بە هەڵە ، بە کوردییەکی ڕەوان‌و بێگەرد بینووسیایە : « ئەوانەی بە فرمێسکی نەهەنگ هەڵئەخەڵەتێن » بە بێ ( ك )ی عەهدو ( ان )ی جەمع ، چونکە عەهد لەم مەیدانەدا نییەو ، لە کوردییشدا لە زۆر شوێنا سیفەی موفرەد دەوری جەمع ئەبینێ ، بەتایبەتی لە جەمعی غەیرە عاقڵدا وەك ئەم نموونەیەی ئێمە .

### لە بەشی سێهەمدا

**(٣٣) « ئەو پاکانانەی کاکە حەمە بۆ نازم حیکمەت ئاراستەی کردوون .**

ئەم ( ئاراستە ) هەر لەئەسڵدا بێمەعنایە ، تەنانەت بە مەعنا دەسکردو ساختەکەیشیەوە ، چی لەم شوێنەدا قوتی کردووەتەوە ؟ یانیچی : ئەو پاکانانەی کاکە حەمە بۆ نازم حیکمەت ئاراستەی کردوون ؟ کورد لەم شوێنەدا ئەڵێ : ئەو پاکانەیەی فلانکەس بۆ فلانکەسی کردووەو ، تەواو . ئەنجا هەر نەبوو با بینووسیایە : ئەو پاکانانەی کاکە حەمە بۆ نازم حیکمەتی ئاراستە کردوون ، تۆزێ ڕستەکە باری خۆی وەرئەگرت .

**(٣٤) « هەموو جۆرو ستەمێك لە ناخی دەروونەوە دەیانئەهاژێنێ** [ ستوونی یەکەم ، بڕگەی دووەم ] » .

وشەی « دەیانئەهاژێنێ » لە زمانی کوردیدا نییە . وشەکە « دەیانهەژێنێ »یە .

(٣٥) « **بەتایبەتی لەبەرئەوەیش کـــە وەك کاکە حەمە بۆخۆی دانی پەوەدا ناوە ..** [ ستوونی یەکەم ، بڕگەی دووەم ] » .

ئەبوو دوکتـــۆر وشـــەی ( ئەوە )ی دووبارە نەکردایەتەوەو ، بینووسیایە : « دانی پێدا ناوە » .

(٣٦) « **بەشێك لە بۆچوونەکانی پێشووی کاکـــە حەمە دەسڕینەوە** [ ستوونی یەکەم ، بڕگەی سێهەم ] » .

لەم ڕستەدا دوو هەڵە هەیە .

یەکەم : ( بۆچـــوونەکانی پێشووی ) کـــە ئەبوو ( بۆچـــوونە پێشووەکانی ) بوایە .

دووەم : ( دەسڕینەوە ) کە ئەبوو ( دەسڕنەوە ) بوایەو دوور نی‌یە هەڵەی چاپ بێ . ئەگەر هەڵەی یەکەم لە ڕستەکەدا نەبوایە باسی ئـــەم هەڵەیەم نەئەکرد .

(٣٧) « **دەروونی هەژاندووەو کانیـــاوی ســـازگاری شـــیعری تەقاندۆتەوە** [ ستوونی یەکەم ، بڕگەی نۆهەم ] » .

( تەقاندۆتەوە ) لـــەم شـــوێنەدا هەڵـــەیە . ڕاســـتەکەی ( تەقاندووە )یە . کورد ئەڵێ : کانی تەقیوە ، بەهار کانیی تەقاندووە .

(٣٨) « **کە سەرنجی دەربارەی گەلێ شت گۆڕدراو ..** [ ستوونی چوارەم ، بڕگەی نۆهەم ] » .

ڕاستەکەی ( گۆڕاوە )یە ، چونکە یەکەم لێرەدا پێویستمان بە فیعلی تێنەپەڕە نەك تێپـــەڕو ، دووەمیش ( گۆڕدرا ) هێنـــانە پێش چاوو بەردەوامیی تیا نی‌یە .

(٣٩) « **بایەخ نەدرایە کۆچی دوایی** [ ستوونی چوارەم ، بڕگـــەی نۆهـــەم ] » .

ئەبوو بینووسیایە : « بایەخ بە کۆچی دوایی کردنی نەدرا » ، چونکە بەوجۆرە مەعنای ڕستەکە تەواو ئەبێ .

## لە بەشی چوارەمدا

(٤٠) « **بە نازم حیکمەت‌و هاوبیرەکانی‌یەوە** [ ستوونی یەکـــەم ، بڕگەی شەشەم ] » .

ئەبوو بینووسیایە : « هاوبیرەکانیەوە » ، وەك ( هاوبیرەکنمەوە ، هاوبیرەکانتەوە )و .. تاد .

**(٤١) « تۆلستۆی نیو ئەوەندەی نەکرد لای لێنین بۆتە نیمچە خوایەك** [ ستوونی یەکەم ، بڕگەی هەشتەم ] » .

یا ئەبوو لەجیاتیی ( نەکرد ) بینووسیایە : « نەکردووە » ، یا لەجیاتیی ( بۆتە ) بینووسیایە : « بوو بە » .

**(٤٢) « دوور نیی‌یە لە تەرازووی ئەدەبدا نازم حیکمەت پارسەنگی لە عەزیز نەسین زۆرتر بێ** [ ستوونی سێهەم ، بڕگەی سێهەم ] » .

بەکارهێنانی وشەی ( پارسەنگ ) لەم ڕستەدا لەجێی خۆیا نیی‌یە . (پارسەنگ) ئەو پارچە بەرد یا پارچە ئاسن یا هەر شتێکی‌ترەیە ئەخرێتە تای سووکی ترازوو بۆ هاوسەنگ کردنی لەگەڵ تاکەی‌تری . دوکتۆر کەمال ئەبوو ئەم ڕستەی بەمجۆرە دارشتبایە : « دوور نیی‌یە نازم حیکمەت لە ترازووی ئەدەبدا لە عەزیز نەسین قورستری بێنێ » .

**(٤٣) « بەڵام عەزیز نەسین بۆ کورد نزیکترە** [ ستوونی سێهەم ، بڕگەی سێهەم ] » .

ئەبوو دوکتۆر لەجیاتیی ( بۆکورد ) بینووسیایە : « لە کوردەوە » .

**(٤٤) « چونکە ئەویان ڕاستەوخۆ لەسەر کورد وەدەنگ هاتووە** [ ستوونی سێهەم ، بڕگەی سێهەم ] » .

ئەبوو بینووسیایە : « ئەمیان » چونکە ئەگەڕێتەوە بۆ عەزیز نەسین‌و شوێنی ناوی عەزیز نەسینیش لە تێکستەکەدا لە شوێنی ناوی نازم حیکمەت نزیکترەو ، یەکەمجار ناوی نازم حیکمەت لە تێکستەکەدا هاتووەو پاش ئەو ناوی عەزیز نەسین .

**(٤٥) « کەچی وەك خەونێکی چاوەڕوان نەکراوم دیبێ ، خۆم لە بەشی دووەمی وتارەکەی کاکە حەمەدا ، لەناو ڕیزی ئەوانەدا دەبینمەوە** کە ... [ ستوونی سێهەم ، بڕگەی شەشەم ] » .

ئەبوو دوکتۆر لەجیاتی ( دەبینمەوە ) بینووسیایە : « دی‌یەوە » تا لەگەڵ ( دیبێ )کەی پێشەوەی بگونجێ . هەروا ئەبوو وشەی ( خۆم )یشی لەو شوێنەی ئیستایا دانەنایەو بیخستایەتە پێش ( دەبینمەوە )وە . زیاد لەوەیش تا ئیستا نەبیسراوە کەس چاوەڕوانیی بینینی خەونێکی تایبەتی بکا .

**(٤٦) « لەتەرەف باوکی‌یەوە بە ڕەگەز کوردە** [ ستوونی سێهەم ، بڕگەی هەشتەم ] » .

ئەبوو بینووسیایە : « باوکیەوە » وەك ( باوکمەوە ، باوکتـەوە )و .. تاد . هەروا ئەبوو ڕستەکەی بەمجۆرە دارشتیایە : « بە ڕەگەز ، لـە باوکەوە ، کوردە » چونکە یەکەم ( تەرەف )ەکـەی ناویّو ، دووەمیش کە ( لە تەرەف باوکیەوە )کەی پێش‌خست ئیشی بە ( بەڕەگـەز )ەکە نامێنێ ، چونکە کە ( لە باوکەوە ) یـا ( لە دایکەوە )ی وت ، ئیتر ئەگەر ( بە ڕەگەز ) نەبێ ، ئەبێ بە چی کـورد بێ ؟ بەڵام کـە لەپێشا وتی ( بەڕەگەز ) ، هێشتا پێویستمان بەوە ئەبێ بزانین لـە باوکەوە یا لـە دایکەوە کوردە .

**(٤٧) « کەمکەس بەڕادەی من بەپەرۆشە بـۆ پێوەندی‌ی برایەتی‌ی نێوان کوردو گەلانی‌ترو ..** [ ستوونی چوارەم ، بڕگەی یەکەم ] » .

ئەبوو بینووسیایە : « بۆپێـوەندی »و ( ی )کەی پاشـەوەتری دانەنایە ، چونکە وشەکە خۆی ( پێوەند )ەو ( ی )کەی دوایشی ( ی )ی ئیزافەیەتی بۆ ( برایەتی )و ، پێوەندەکە خۆی برایەتی‌یەکەیە .

**(٤٨) « لەناو ئەو پێوەندی‌یە ڕەخنەی توندوتیژ لـە هاوڕەگەزو خوێنی خۆی بگرێ** [ ستوونی چوارەم ، بڕگەی یەکەم ] » .

لەم ڕستەدا دوو هەڵە هەیە .

یەکەم : ئەبوو لەجیاتیی ( لەناو ) بینووسیایە : « لەپێناوی » یـا « بۆخاتری » یـا « بەهۆی » یـا شتێکی‌تری بەممەعنایانە .

دووەم : ئەبوو وشەی ( هـاو )ی لەپێش ( خوێنی )یش دانایـە چونکە تەنها عەطف کردنەوەی ( خوێن ) بۆسەر ( ڕەگەز ) بەس نی‌یە .

**(٤٩) « کە بە ناونیشانی ( کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا ) بلاوم کردۆتەوەو کـە لەوە دەچوو بەوردی خوێنـدبێتیەوە** [ ستوونی چوارەم ، بڕگەی یەکەم ] » .

ئەم ( کە )یە زیادە ، چونکە ( کە )کەی پێشتر پێویستی بەم ( کە )یە ناهێڵێ .

**(٥٠) « لە هەمان ژمارەی هاوکاریدا کە بەشی یەکەمی وتارەکـەی کاکـە حەمەی تێـدا بلاوکراوەتەوە ، وتارێکی منیشی تێـدایە ..** [ ستوونی چوارەم ، بڕگەی دووەم ] » .

ئەبوو دوکتۆر یا بینووسیایە : « هەمان ژمارەی هاوکاری ... » ، یـا بینووسیایە : « وتارێکی منیش بڵاو کراوەتەوە » ، چـونکە پێکەوە گونجانی ناوخۆیی نێوان بەشەکانی ئەم ڕستەیە تەنها بە یەکێ لەم دوو دەسکاری‌یە پێکدێ .

**(٥١) « کاربەدەستانی بەلفارستان شۆڤێنی‌یانە ڕەفتـاری تورکی وڵاتەکەی خۆیان ئەکەن** [ ستوونی چوارەم ، بڕگەی سێهەم ] » .

ئەبوو بینووسیایە : « ڕەفتار لەگـەڵ تورکی وڵاتەکـەی خۆیان ئەکـەن » .

**(٥٢) « .. لەو جۆرە قسانەی ناو ئەو وتارەم کـە لەسەر عەزیز نەسینە دەربارەی دانتی‌و تۆماس مۆرو مەکیاڤێللی‌و ژمارەیەکی‌تر لـە نەمرانی جیهـان کـردوومن بێ‌ئەوەی کاکـە حەمـە بووروژێنن** [ ستوونی چوارەم ، بڕگەی دەهەم ] » .

ئەبوو لەجیاتیی ( کردوومن ) بینووسیایە : « کردووە »و ، لەجیاتیی ( بووروژێنن ) بینووسیایە : « بووروژێنێ » :

**لە بەشی پێنجەمدا**

**(٥٣) « لەبەرئەوەی هەڵەیەکی چاپی زەق‌و پەڕاندنێك کـەوتۆتە بڕگەیەکی ..** [ ستوونی یەکەم ، بڕگەی یەکەم ] » .

ڕاستەکەی ( هەڵەیەکی زەقی چاپ‌و پەڕینێك .. )ە ، چـونکە ، بەش‌بەحاڵی هەڵەی یەکەم ( زەق )ەکە سیفەتی ( هەڵەیەکی )یە نـەك سیفەتی ( چاپ )و ، بەش‌بەحاڵی هەڵـەی دووەمیش ( پەڕاندن ) کاری کابرای هەڵەکـەرەو نەکەوتووەتە تێکسـتەکەوە . ئەوەی کەوتووەتە تێکستەکەوە کەوتن‌و پەڕینی پارچـە پەڕیوەکـەیە ، لەبەرئەوە ئەبوو بووترێ « پەڕینێك » .

**(٥٤) « ئەویانەشیان کە لەپشتی‌یەوە وەستاوە** [ ستوونی یەکەم ، بڕگەی چواردەهەم ] » .

ئەبوو بینووسیایە : « لەپشـتیەوە » وەك ( لەپشـتمەوەو ، لەپشتتەوەو ، لەپشتیانەوەو ، لەپشـتتانەوەو ، لەپشـتمانەوە ) . جوانتریش بوو لەجیاتیی ( ئەویانەشیان ) بینووسیایە : « ئەوەشیان » .

**(٥٥) « چونکە ئەویش دەیتوانی‌و لەسەر کـورد هەڵێنـەداوەتێ** [ ستوونی دووەم ، بڕگەی شەشەم ] » .

ئەبوو بینووسیایە : « چونکە ئەویش دەیتـوانی لەسەر کـورد هەڵبداتێ‌و هەڵێنەداوەتێ » .

(٥٦) « گریمان هەڵسەنگاندنی یەکەمیان ڕاستەو ، ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیران لەپێناوی مافە ڕەواکانی کـوردا نەبوو ، بەڵکـو یاغیگەرییەکی دەرەبەگیی کۆنەپەرستی سەر بە دەوڵەتە ئیمپریالییەکان بوو ، بۆیەکا ناظم حیکمـەتو هاوبیرانی لەسـەری نەهاتوونەتە دەنگ [ ستوونی سێهەم ، بڕگەی دووەم ] » .

ئەبوو دوکتۆر بینووسیایە : « نەهاتنە دەنگ » تا لەگەڵ ( نەبوو )ی ڕستەی یەکەم‌و ( بوو )ی ڕستەی دووەم بگونجێ .

(٥٧) « چارەنووسی‌و چرچولۆچی دەموچـاوی هەریەکێکیـان داستانێکی هەڵدەڕشت [ ستوونی سێهەم ، بڕگەی شەشەم ] » .

ئەبوو لەجیاتیی ( هەڵدەڕشت ) بینووسیایە : « دەگێڕایەوە » . داستان دەگێڕدرێتەوە ، هەڵنارێژرێ . دیارە ( چارەنووسی )یش هەڵەی چاپە ، چونکە ڕاستەکەی ( چارەنووس )ە .

(٥٨) « بەپێودانی زانستی هەرگیز ناشێ لە زمان خەڵکەوە باسی بەرهەمی شاعیرێك یا هەرکەسـێك بکرێ ، لەکاتێکـدا بەشی زۆری بەرهەمەکانی ئەوکەسە بە زمانێك لە بەردەستدا بێ کە ئەو نووسـەرە بیزانێ [ ستوونی سێهەم ، بڕگەی حەوتەم ] » .

کام نووسەر ! باسی نووسەر لەکـوێ کراوە تا « ئەو »ی ( ئەو نووسەرە )ی بۆ بگەڕێتەوە ؟

(٥٩) « کاکـە حەمە یەکێـك نەبوایە لەوانەی لە نووسـین‌و هەڵوەستەکانیدا مەبەستی شاردراوەی نییە ... [ ستوونی سـێهەم ، بڕگەی سیانزەهەم ] » .

ئەبوو لەجیاتیی ( هەڵوەستەکانیدا ) بینووسیایە : « هەڵوەستەـ کانیاندا » چونکە ئەبێ بۆ ( ئەوانە )ی ( لەوانە ) بگەڕێتـەوە نەك بـۆ ( کاکە حەمە ) ، ئەگینا ( لەوانە )ی سیغەی جەمع بۆچی هێنراوەتە ئەم شوێنەوە ؟ هەروەها ئەبوو لەجیاتیی ( شـاردراوەی ) بینووسـیایە : « شاردراوەیان » چونکە ئەبێ ضەمیرەکەی ئەمیش هەر بۆ ( ئەوانە )ی ( لەوانە ) بگەڕێتەوە .

---

پەراوێز :

(١) ئەم بەشە پێوەندی بە بەشـێکی تایبەتی لە پێنج بەشـەکەی وتارەکەی دوکتۆر کەماڵەوە نییەو بۆ هەموویان ئەگەڕێتەوە .

«پاشبەندی یەکەم»

## هەردوکمان بەهەڵە چووین!

خوێندەواری ئازیز!

بێ گومان، کە لەم مشتومڕە دوورودرێژەی من و دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد ئاگادار بووی و، جارێك و دوان بەوردی و تێرامانەوە هەموو وتارەکانی هەردوولامانت خوێندەوەو جارێکی تریشت تاووتوو کردنەوەو، بە چاوی خۆت دیت نە دوکتۆر کەمال بڕگەیەکی لە کتێبەکەی عەزیز نەسین خستووەتە وتارەکەیەوە پاساوی ئەو هەموو پیاهەڵدان و بەباڵابڕینەی بدا کە بۆ عەزیز نەسین و کتێبەکەیی نووسیوەو، نە منیش هەروا بڕگەیێکم لێ کردووە بە بەڵگە ڕاستیی ڕەخنەکانی خۆمی لە چەند پارچەیەکی نووسینەکەی دوکتۆر کەمال و هەڵەیی بەراوردەکەی عەزیز نەسین بە خوێندەواران پێ بسەلمێنم و، زانییشت ئەم گشتە قسەی هەردوولامان لەم بارەوە تەنها لەسەر بنەمای ئەوە بینا نراوە کە عەزیز نەسین کتێبەکەی خۆی ناولێناوە (تورکی بولغاریاو کوردی تورکیا)و، دوکتۆر کەمال لەمەوە وای بۆچووە کە عەزیز نەسینی بنووسی تورك کوردی ئەوەندە خۆش ئەوێ و ئەوەندە دڵسۆزی کوردە وەك تورکی نەتەوەی خۆیان تەماشا ئەکاو، چەند بەزەیی بە تورکی ستەمدیدەی بولگاریای هاونەتەوەی خۆیا دێتەوەو، چۆن لە ڕوانگەی تورکێکی نەتەوە پەرستەوە تەماشای ستەمدیدەیی یان ئەکا، ئاوایش بەزەیی بە کوردی تورکیادا دێتەوەو بەوچاوە تەماشای ستەمدیدەیی یان ئەکاو، منیش هەر لەم ناونانەوە وای بۆ چووم کە ئەم بەرانبەر بەیەك دانانەی کوردی تورکیاو تورکی بولگاریا واتە هەردولا لە یەك ئاستدا ستەمدیدەن و، خۆ دیارە عەزیز نەسین نایەوێ بێ بایەخ و بە کەم تەماشای ستەمدیدەیی تورکی بولگاریا بکا، کەواتە ژیانیان ئەوەندە بە نارەحەت ئەداتە قەڵەم وەك

لەئاستی ژیانی کوردی تورکیادا بێ . لەولایشەوە خۆ دیارە ستەمدیدەییی تورکی بولگاریا هەرگیز نەگەیشتووەتە دەیەکی یەك لە دەی ستەمدیدەییی کوردی تورکیا ، کەواتە ئەنجامەکەی ئەبێتە بەکەمدانانی دەردو ئازاری کوردی تورکیا . کەچی دوکتۆر کەمال ئەو بەراوردەی بە شتێکی زۆر بەرزو بالآو بە نیشانەی مرۆڤایەتیی ڕاستەقینەی عەزیز نەسین داناو ، منیش بە ناهەقی ، چونکە تورکی بولگاریا چەند ستەمدیدە بن ستەمدیدەیی‌یان ناگاتە قولەپێی ڕادەی ستەمدیدەییی کوردی تورکیاو ، ئەگەر ستەمدیدەییی کوردی تورکیا لەئاستی ستەمدیدەییی تورکی بولگاریادا بوایە ، ئێمە هەرگیز شوکرانەبژێریی خوامان تەواو نەئەکرد .

بەڵێ ، خوێندەواری ئازیز ، کە ئەمەت دی‌و زانی ، هەقی ئەوەت ئەبێ بڵێیی چۆن ڕەوایە ئەم دوو « ڕۆشنبیرە » کە هەرکامیان بگری خۆی بە شتێك دائەنێ ، دێن لەسەر بنەمایەکی بۆش بڕیاری خۆیان ئەدەن‌و بێ‌ئەوەی کەسیان کتێبی عەزیز نەسینی خوێندبێتەوەو بزانێ چیی نووسیوەو چی‌ئەڵێ ، چەندین لاپەڕەی لەسەر بینا ئەکەن‌و ، ئەم هەموو خوێندەوارە کوردەی پێوە خەریك ئەکەن‌و ، بۆ چەند هەفتە سەریانی پێوە ئێشێنن‌و ، باس‌و خواسی خۆیان‌و عەزیز نەسین‌و نازم حیکمەت‌و پێشکەوتخوازی‌و کۆنەپەرستی‌و چەند بابەتی‌تری پێ ئەکەن بە بنێشتەخۆشەی بن‌دانی جەماوەرێکی فرەو فراوان .

ئەمە هەمووی ڕاست‌و بەجێ‌یەو ئێستایش کە مامۆستا شوکور مستەفا ئەو وتارەی عەزیز نەسینی بۆ کردین بە کوردی(١) کە بە ناوونیشانی ( تورك لە بولغارستان‌و کورد لە تورکیا ) ، لە گۆڤاری ( بەرەو دوو هەزارە )دا بلآوی کردووەتەوەو ، دوورکوژ دڵی دوکتۆر کەمالی پێکاوە ـ خوێندەواری کورد دە قات زیاتر هەقی ئەم پرسیارە گلەیی‌و بەڵکو سەرزەنشت ئامێزەی ئەبێ لێمانی بکا .

ڕاستەکەی ، من خۆیشم هەرچەند ، وەك وتم ، بەو هەڵەیە چووم کە دوکتۆر کەمالیش ، پێش من ، تووشی بووەو ، وەك ئەو لای وابووە وتارەکەی عەزیز نەسین هەمووی داکۆکی‌یە لە کورد ، منیش وام‌زانیوە هەمووی بەراوردە لەنێوان ستەمدیدەییی کوردی تورکیاو تورکی بولگاریاداو لەئاستی یەك دانانیانە ، کەچی ، کە وتاری بە مایەی ئاژاوەبووی عەزیز نەسین ئەخوێنینەوە ، سەیر ئەکەین لەوە زیاتری

لەم‌بارەوە تیا نی‌یە کە (( ئەم نەتەوەیە [ واتە : کورد ــ م ] ، ساڵەهای ساڵە ئینکار کراوەو بە نەبوو دانراوەو بە یاساو دەستوور ئینکار کراوە . هەمان کەڵەکو ئۆیین لە ئێمەیش کرا . بولغارەکان ، بە هەمان فەلسەفە ، تورکەکانی ئەوێ بە نەبوو دادەنێن . جا لەبەرئەوەی ئێمەش هەمان شت دەکەین ، بە بارێکی ڕوونو ئاشکرا خۆ بەدیار ناخەین . هیچ‌کەسێ هەقی ئەوەی نی‌یە بە نەتەوەیێکی‌تر بڵێ : ڕەگەزی تۆ ئەوە نی‌یەو ئەمەیە ، وە نابێ هەقیشی ببێ . با بەڕاشکاویو ئاشکرا ئەوە بڵێم کە نەتەوەی کورد هەیە(٢) )) . بەراوردی عەزیز نەسین لەنێوان کوردی تورکیاو تورکی بولگاریادا لەم سنوورە دەرنەچووەو ، ئەوەیش کە وتوویە قسەیەکی ڕاستو بەجێ‌یەو پڕبەپێستی هەقیقەتە ، بەڵام نە ئەو مەتحو سەنا هەڵئەگرێ کە دوکتۆر کەمال لێی کردووەو نە ئەو ڕەخنەیەیش کە من لێم گرتووە .

بەڵام ، لە لایەکی‌ترەوە وتارەکەی عەزیز نەسین گەلێ شتی‌وای تیایە هەڵەیی هەڵسەنگاندنەکەی دوکتۆر کەمالو ڕاستیی بۆچوونەکانی من بە هەموو ئەوانە ئەسەلمێنێ کە لە دڵی خۆیانا پێشەکیی بڕیاری ئەوەیان نەداوە هەمیشە لەئاستی ڕاستی کەللەڕەقو لووتەلا بن .

من ، لە وتارەکەما ، عەزیز نەسینم بە پیاوێکی دیموکراتو ئازادبیرو لیبراڵ داوەتە قەڵەم . خۆیشی هەر وا ئەڵێ . ئەوەتە لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە ئاخۆ (( ڕات لەبارەی مەسەلەی کوردەوە ــ کە ئەمڕۆ بووە بە مەسەلەیێکی گرینگو ڕۆژانە ــ چی‌یە ؟ )) ئەڵێ : (( تا ئەم یاساو دەستوورانە لەگۆڕێدا بن ، هەروا بە ڕاشکاویو لەڕوو ، قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە کارێکی هەستەمە . یاساو دەستوورێکی کە هەرگیز ڕێی ئەوە نادەن مەسەلەی کورد بێتە ئاراوەو باسی چارەسەر کردنی بکرێ ، بە لای منەوە یەکەم کار کە دەبێ بکرێ ئەوەیە لەپێشان باسی ڕزیویو لەکارکەوتوویی ئەو یاساو دەستوورانە بکرێو بگۆڕدرێن(٣) )) . ئەمە ئەگەر دیموکراسیو ئازادبیریو لیبراڵەتی نی‌یە ، چی‌یە ؟

من لە وتارەکەما ئەوەم بە زیادەڕەویو لەڕادەدەرچوون داناوە کە عەزیز نەسین بە (( نموونەی مرۆی ئازاو بوێرو چاونەترساوو خەباتگێڕ )) بدرێتە قەڵەم . دوکتۆر کەمال ئەمەی لە منەوە بە بێ‌وەفاییو بێ‌ئەمەکی ژماردبوو . بەڵام ئەوەتا عەزیز نەسین خۆی ئەڵێ : (( من هەروا بە ڕۆژی نیوەڕۆو بە بەرچاوەوە ، خۆ نامەوێ خۆم تاوانبار بکەم ... بەمەرجێ لە

**چوارچێوەی یاســا نەترازێم ، دەتوانم بڵێم : هەڵـەی گەورە ئەوەیە نەتەوەیێ سەرلەبەر ئینکار بکرێ‌و بە نەبوو دابندرێ(٤) ))** . کەواتە عەزیز نەسین نایەوێ لە چوارچێوەی قانوونی وڵاتەکەی دەرچێ‌و دەرفەت بـدا بەدەست حوکمڕانانەوە کە بە بێ‌قانوونی‌کردن گوناهباری بکەن‌و بیخـەنە بەر جەزرەبە .

عەزیز نەسـین داوای ڕەخساندنی هەلی دیموکراسی‌و ئازادیی بیر ئەکا بۆئەوەی بیری لیبرالآنەی خۆی لەمەڕ مەسەلەی کورد بخاتەڕوو .. من لەسەر ئەم ئەندازە لایەنگری‌یە ، کە بۆ هاونیشـــتمانێکی تورکیـاو لەســایەی ڕژێمێکی وەك ڕژێمی ئەوڕۆژەی تورکیـــادا ئەوەندەی لێ بووەشێتەوە ، زۆری لێ مەمنوونم . بەڵام ئەمە ، بە هیــچ ســەنگ‌و ترازوویەکی سیاسی ، شۆڕشگێڕێتی نی‌یە . شۆڕشگێڕ هەرگیز گوێی بەوە نەداوە ئەو قانوونەی نوێنەرانی ئەو دایان‌نەناوەو مافی ئازادیی بیری ئەوی پێشێل کردووەو ئەم ئەیەوێ بیرووخێنێ‌و قانوونێکی میللی‌و دیموکراتی لەشوێندا ڕاست کاتەوە ، ڕێگا بەو ئەدا ڕای خۆی دەرببڕێ یـا نە .. ئەو ، وەك شۆڕشگێڕ ، ڕای خۆی چۆن بێ دەری‌ئەبڕێ‌و ، سڵ لـەوە ناکاتەوە کاربەدەستان ئەڵێن چی‌و چۆنی لەئاستدا هەڵئەسوورێن .

ئەو عەزیز نەسینەی دوکتۆر کەمال لە نازم حیکمەتی خاوەن باوەڕ بە مافی گەلان لە دیاری‌کردنی ئازادی چارەنووسی خۆیاندا ــ زیاتر بـە دۆستی کوردی ئەزانێ‌و ، بەڵکو نازمی هەر هیچ بە دۆستی کورد دانەناو گەیاندیە ئاستی ناحەزان‌و دوژمنانی .. ئـەو عەزیز نەسـینە ، زەق‌و زۆپ‌و بێ‌پێچ‌وپەنا ، لەم وتارەیا کە تائیستا لێی‌دواین ، ئەڵێ : (( **من لـە مەسەلەی شەڕی سەربەخـۆیی‌و ئازادیی نەتەوەی کـورددا ، لەگـەڵ سەربەخۆیی‌و ئازادیی ڕۆشنبیریی کورددام ، لەگەڵ ئازادیی سیاسی‌یاندا نیم . ئەمەیش تەنها لەبەر قازانجی تورکیا ناڵێم . قازانجی کوردیش هەر لەوەدایە(٥) ))** . هەروا ئەڵێ : (( **من داوای گۆڕینی یاســاکانی ئەمڕۆی تورکیا دەکەم‌و لەگەڵ ئەوەدام بێ‌سێ‌ودوو و بنەبڕ دان بە بوونی نەتەوەی کوردا بنرێ‌و مافە ڕۆشنبیری‌یەکانیان سەرلەبەر بدرێن ، بـەڵام باوەڕم بەوەش نی‌یە کە کورد داوای ئازادیخوازی‌یان لەدڵـەوە بێ‌و بەڕاستیان بێ(٦) ))** . بەڵکو عەزیز نەسین مەسەلەی کـورد بە کاری ئیمپریالیزم دائەنێ ، واتــە ئەو دروســتی ئەکاو ئەیهێنێتە ئاراوە . ئەوەتا ئەڵێ : (( **بزووتنەوەکان** [ مەبەستی لە بزووتنەوەکانی کوردە ــ م ] **هەرچـەندە بەڕواڵەت زۆر بە نامووس‌و ڕاســت‌و ڕەوا بەدیار دەکـەون ، بەڵام**

لەبنەڕەتدا ، خۆ لەخۆدا ، بەو حاڵەشیانەوە ، هێزە ئیمپریالیستەکان ، کوتومت وەك لە یاری‌یەکانی دەودەوانێدا دەگرێ ، یاریی ئەوها بـۆ تورکیا سازدەکەن . هێنانە گۆڕێی بڕێ قسەی وەك نێوان ناخۆشیی یۆنانستان‌و تورکیا ، مەسەلەی ئەرمەنی‌یەکان ، ئازادیی کورد ، مەسەلەی ڕۆژهەڵاتی ناوەند ، مەسەلەی مافمان لە مووسڵ‌و کەرکووکدا ، ئەمانە هەریەکـــە کارێکی پیـــلانەکانی یــاریی دەودەوانێن ، بەپێی هـــەل‌و مەرج یاریی خـــۆیان دەکەن(٧) )) . عەزیز نەسین ، تەنانەتیش ئەم بزووتنەوانە بـــە سوودی گەلی کورد دانانێ : (( گەلی کورد ئەگەر ئەم بزووتنەوانە بە هیی خۆی بزانێ بەهەڵە چووە . بەڵێ بزووتنەوەی خۆیەتی ، بـــەڵام بڕواشم بەوە هەیە کە لەلایەن هێزە بیانی‌یەکانەوە تروسکەی بۆ هەڵکراوە(٨) )) ، بەڵکو داوای ئازادی هەر لەبنەڕەتەوە بە هەڵە دائەنێ : (( ئەوانەی داوای ئازادیی کورد دەکەن ، هەڵە دەکەن(٩) )) . دانیشـــــتووانی ناوچەکانی کوردەواری‌یش بە گومڕاو سەرلێشێواو دائەنێ‌و لای‌وایە هەردوو لـــەو دوو لایەی بە ناوی کوردو بە ناوی تورکیاوە بەرەوڕووی یەك وەستاون ، دوو بەرداشن گەلی کوردیان لەنێواندا دەهاڕێ . ئەو دەڵێ : (( ئینسانانی ئەو هەرێمە سەریان لێشێواوەو نازانن چیکەن . کەوتوونە نێـــوان دوو بەرداشـــەوە(١٠) )) .

ئیستا کـــە چەند پارچەمان لـــە وتارەکەی عەزیز نەسینی بنووسی گەورەی ڕیفۆرمیست‌و بۆرژوا ـ دیموکراتی لیبـــراڵی تورك گواستەوە ئێرە ، خوێندەواری ئەم باســـەی من بۆی دەرئەکەوێ کەوا تێکـــڕا هەڵســـەنگاندنەکەی دوکتۆر کەمال کە ئەم پیاوەی پێ هەڵســـەنگاند ، شوێن سۆزو خەیاڵ کەوتووانەیە ، نەك هەڵسەنگاندنێکی شوێن ڕاستی‌و واقیع کەوتوو . دوکتۆر کەمال کە لە وتاری یەکەمیا لەمەڕ کتێبەکـــەی عەزیز نەسین نووسیبووی : (( بەرهەمی نوێی عەزیز نەســـین بریتی‌یە لە پوختەی بیروڕای بەرانبەر کوردی تورکیا(١١) )) و ، مامۆستا شـــوکور مستەفایش بە وەرگێڕانی بەشی یەکەم لە کتێبەکەی عەزیز نەسین بۆی دەرخستین کە پوختەی بیروڕای عەزیز نەسین بەرانبەر کوردی تورکـــیا ئەمەیە لێرەدا خستمانەڕوو ، بەئاشکرا بۆمان دەرئەکەوێ دوکتۆر هـــەر لەخۆیەوە وەسفی عەزیز نەسینی وا کردووە کە ئەڵێ : (( ڕاستـــە لـــە سەرانسەری هەموو جیهاندا مرۆڤێکی ڕێکوپێك هەڵناکەوێ لە قووڵاییی دڵەوە ڕقی لە جەورو ستەم‌و زۆرداری نەبێ ، بەڵام ڕەنگ‌بێ

شەپۆلی ڕەوای ئەو ڕقە پیرۆزە لە دەروونی کەسدا بەڕادەی عەزیز نەسین پەنگی نەخواردبێتەوە(١٢) » ، یا کە با بە نەقل لە یەکێکی‌تریشەوە بێ ، وای وەسف ئەکا کە « دروشمی سەربەستیی بیروڕا » یــە « لە تورکیاو ، نموونەی نووسەری مرۆ پەروەری خەباتگێـڕ »ە « لە جیهاندا(١٣) » .
کەسێ ئەوەندە ڕقی لە زوردارو زۆرداری بێ هەڵوێستی بەرانبــەر بزووتنەوەی ئازادی‌بەخشی گەلێکی‌تر بەوجۆرە نابێ کــە عەزیز نەسین باسی خۆی ئەکاو ، نموونەی « نووسەری مرۆپەروەری خەباتگێـــڕ » کەسێ نی‌یە بەمەرجێ ڕای خۆی دەربڕێ لە سنووری قانوونی وڵاتەکەی نەترازێ ، لەکاتێکیشا کە قانوونی وڵاتەکــەی قانوونێ بێ لەناو هەموو ئازادی‌خوازانی جیهانا بە قانوونێکی زاڵم‌و ستەمکار لەقەڵەم درابێ .. کەسێ نی‌یە لەگەڵ ئازادیی سیاسیی گەلێکی‌تری ئازادی پێشێل کراوا نەبێ ، جا نەخوازەڵا ئەگەر لەگەڵ نازم حیکمەتێکیشی بەراورد بکا کــە تاوانی گەورەی لای حوکمــڕانانی وڵاتەکــەی ئەوە بووە بۆ برایەتی‌و چونیەکی‌و هاوسانیی گەلانی جیهان تێکۆشاوەو سەربازی جەنگی ئازادیی چارەنووس دیاری کردنی سەرانسەری میللەتانی دنیا بووە ..

من لام‌وایە دوکتــۆر کەمال کە یەکەمجــار وتاری « تورك لــە بولغارستان‌و کورد لە تورکیا »ی عەزیز نەسینی لــە ( هاوکاری )دا بەکوردی خوێندوەتەوە پەنجەی پەشیمانیی لەوە گەستووە کە چۆن بە درۆی کابرایەکی خــوا خراپ بۆکردووی لەئاژاوەگەڕ هەڵخــەڵەتاو کتێبەکەی عەزیز نەسینی بەوجۆرە وەسپ‌کرد کە کردی‌و بیری لــەوە نەکردەوە کــە ئەبێ بەر لــە نووسینی هەر هەڵســەنگاندن‌و بەباڵابڕینێ کارێکی بکردایە یەکێ کتێبــەکەی بۆ بکا بە کوردی تا بزانێ چیی تیــا نووسراوە .. نەئەبوو دوکتۆر کەمال ئەوەندە بەپەلە بێ بۆ نووســین لەســەر کتێبێ کــە نزیکەی سێ ساڵ بەســەر بڵاوکردنەوەی بابەتە سەرەکی‌یەکەیا تێپەڕ بووەو مەسەلەکە لە تورکیا خۆیشیا براوەتەوە . بەلای منەوە باشتر ئەوەبوو دوکتۆر خــۆی بە کارێکی گەرمە تەنووری وەك وەرگێڕانی کتێبەکەی ( لازارێڤ‌و حەسرەتی‌یان‌و ژیکالیناو جەلیل‌و مگۆیان )ەوە خەریك بکردایە کە لای کەمی ساڵێ پترە شەهیدی نیشتمان دوکتۆر قاســملوو ، بە پێ‌لێنانی دوکتــۆر کەمال خــۆی ، داوای لێ‌کردووە ، بۆ سوودی بزووتنەوەی ئازادی‌بەخشی کوردی ئێــران ، بیکا بە کوردی‌و ، وا تازە بەخێریەت ، بەبۆنەی یادی یەکەمی شــەهید

بوونی دوکتۆرەوە ، دەسی داوەتێ و ، ئەڵقە ئەڵقە لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا بڵاوی ئەکاتەوە(١٤) ، بە دووریشی نازانم مەسەلەی ئەم ڕوودا وەی نێوان من و ئەو لەم‌دواییەدا هێنابێتیەوە یادی و بیری کردبێتەوە کە مەسەلەکە لەوەندە زیاتر دواخستن هەڵنەگرێ .

لێرەدا ئەمەوێ تەنها بەراوردێ لەنێوان دواخستنی وەرگێڕانی ئەو کتێبەو حازربەدەستیی دوکتۆردا بۆ بەرپەرچدانەوەی من بکەم بەرانبەر بە دوو ڕەخنەی دۆستانەو بەجێ . کتێبەکە ، وەك وتم ، پتر لە ساڵێ لەمەوپێش ، دوکتۆر قاسملووی شەهید داوای وەرگێڕانی لێ کردووە ، کەچی ئێستا وا وردە وردە خەریکە ئەو داوایەیمان بۆ جێ‌بەجێ ئەکا کە خۆیشی گفتی داوەتێ .. کەچی بۆ پەرپەرچدانەوەی ناهەقی پڕ لە قسەی تاڵ و سوێری بەرانبەر بە نازم حیکمەت و هەموو پێشکەوتخوازانی تورکیا ، تا ئەگاتە منی « کاکە حەمەی بێ‌ئەمەکی بێ‌وەفای کورد » ، ئەوەندە لەسەرپێ بوو ، لە سەفەری پرسەیا بۆ هەولێر چی کەرەستەی پێویستی نووسینی پێویست بووبوو لەگەڵ خۆی بردبووی و هەر کە ئێواران لە کۆڕی پرسە هەڵئەستا ئەچووەوە ژوورەکەی لە ئوتێل و دەرگای لەسەر خۆی دائەخست و تا درەنگانێ بە هێنانەوەی بەڵگەوە لەسەر دوژمنایەتیی نازم حیکمەت و پێشکەوتخوازانی تورکیا لەگەڵ کوردو ، کورد دۆستیی عەزیز نەسین و « کوردایەتی !! »ی من خەریك ئەبوو .. دڵسۆزی بۆ کوردو بۆ زانست و بۆ پێشکەوتن و ، دوژمنایەتی لەگەڵ ئیمپریالیزم و فاشیزم و کۆنەپەرستی و شۆڤێنیەتی و کۆزمۆپۆلیتی‌یەتی ئاوا نەبێ ، ئەی ئەبێ چۆن بێ بەخێر !! خوا نەیبڕێ !..

من وای بۆ ئەچم ئەم مشتومڕەی نێوان من و دوکتۆر کارێکی دەروونیی کاریگەری تێ کردبێ و چاوی بە گەلێ شتا پێ گێڕابێتەوەو زۆر شتی هێنابێتەوە یادی و ، یەکێ لەوانەیش ئەو قسەیە بێ کە دۆستی خۆشەویستی هەردوولامان مەحموود زامدار بیست ساڵێ لەمەوبەر ، واتە لە سەرەتای دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کوردا ، لەبارەی ناکۆکیی کلاسیکی نێوان ڕۆشنبیرانی کوردەوە بۆی کردووەو ، ناوی لێ‌ناوە ( دەردە کورد ) . وەك گشتمان ئەزانین بەدرێژاییی ئەم ساڵانە چەند ناکۆکیی توندوتیژ لەنێوان گەلێ لە ڕۆشنبیرانی کوردا ڕوویداوەو زۆری گەیوەتە ڕادەی وتارو کتێب لەسەریەك نووسین و ، منیش و دوکتۆریش و زامداریش لە هەندێ لەم ناکۆکی‌یانەدا ، کەم و زۆر ، بەشدار بووین .

کەچی تائیستا دوکتۆر بیری لەوە نەکردوەتەوە وتاریٚ لەسـەر ئـەم ( دەردە کورد )ە بنووسیٚ ، تا ئەم ناکۆکی‌یەی دوایی کەوتە نێـوان من‌و ئەو ، بۆ ئەوەی وا لە خوێندەواران‌و گوێگرانی کورد بگەیەنیٚ کـە ئەو بەش‌بەحالّی خۆی ، لە گرفتـــاری بەم دەردەوە دوورەو ، هەموو تاوان‌و گۆتاوڕۆکەی بخاتە ئەستۆی من‌و ، هات بە دلّێکی پڕ لە خەم‌و کەسەرەوە لەسەری نووسی(١٥) .. جا نازانم کە لەسەریشی نووسی بۆ تەنها برایان ئەوڕەحمان مزووری‌و ڕەشید فندیی بەسەر کردەوەو کردنیە نموونەو ، بـۆ لایەکی بەلای خۆم‌و خۆیا نەکردەوە ؟ ئاخۆ برادەرایەتیی ئێمە لە هیی مزووری‌و فندی یا هەر دوانێکی‌تر کەمتر بوو ، یـا بۆیەی باس نەکرد چونکە ئەگەر باسی بکردایە ئەبوو بیشیوتایە کاممان ئـەم مەسەلەی وا زل‌کردو خەتای کاممان بوو وا تەنی‌یەوەو پەرەی سـەندو گەیشتە ئـەم ڕادەیەی ئیستا گەیشتوویەتیٚ‌و ، خوا خۆیشی ئەزانیٚ کەی‌و لەکـوێدا ئەبڕێتەوە !

بە هەرحالّ وا لای منەوە بڕایەوەو ، خوا نەکا ناچاربم بگەڕێمەوە سـەری ...

خستنه سەر نێت:- چالاک
chalakmuhamad@gmail.com

**پەراوێز :**

(١) شوکور مستەفا : تورك لە بولغارستان‌و کورد لـە تورکیا ، هاوکاری ، ژمارە ١١٨٣ ، ڕۆژی ١٩٩٠/٦/٤ ، لاپەڕە ٦ ، ستوونی ١ـ٤ .

(٢) سەرچاوەی پێشوو ، ستوونی ٢ .

(٣) سەرچاوەی پێشوو ، ستوونی ١ .

(٤) سەرچاوەی پێشوو ، ستوونی ١ـ٢ .

(٥) سەرچاوەی پێشوو ، ستوونی ٢ .

(٦) سەرچاوەی پێشوو ، ستوونی ٣

(٧) سەرچاوەی پێشوو .

(٨) سەرچاوەی پێشوو ، ستوونی ٤ .

(٩) سەرچاوەی پێشوو .

(١٠) سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە ١١ ، ستوونی ٤ .

(١١) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد : عەزیز نەسین نووسەری گەورەو مرۆڤی کەمهاوتاو دۆستی نزیکی گەلی کورد ، هاوکاری ، ژمارە ١١٢٣ ، ١٩٨٩/١١/٢ ، لاپەڕە ٦ ، ستوونی ٤ .

(١٢) سەرچاوەی پێشوو ، ستوونی ١ .

(١٣) سەرچاوەی پێشوو .

(١٤) بڕوانەرە : هاوکاری ، ژمارە ١١٨٩ ، ١٩٩٠/٦/٢٥ ، لاپەڕە ٤و ، ژمارە ١١٩١ ، ١٩٩٠/٧/٢ لاپەڕە ٧ .

(١٥) د. کەمال مەزهەر : دەردەکورد لە خاتو بێڵەوە تا مەحموود زامدار ، هاوکاری ، ژمارە ١١٨٦ ، ١٩٩٠/٦/١٤ ، لاپەڕە ٥ .

پاشـــبەندی دووەم

# بە داوێنی هەنـــدێ لـــە بۆچـــوونەکانی دوکتـــۆر کـــەمال مەزهەرەوە لـــە وتـــارە سێ ئەڵقـــەیی‌یەکـــەیا لەمـــەڕ عەزیز نەســـین[1]

لام‌وایە ئەگەر لە مەیدانی بیروڕادا دەرد هەبێ لـە دەردی نەبوونی ئازادی‌و دیموکراسی قورســـترو گرانتـــر بێ ، دەردی ژێرپێ‌خستن‌و شاردنەوەی ڕاستی‌یە لەبەر خاتری دۆستان‌و دڵنەیەشانیان ، لەکاتێکا کە ئەو دۆستەی ئەو ڕاستی‌یەی بە خەیاڵی خۆت بۆ سوودو مەسڵەحەتی ئـەو ژێر پێ ئەخەی ، مەسڵەحەتی ڕاستەقینەی – بەتایبەتی ئەگـەر لەو جۆرە کەسانە بێ بەدوای ڕاســتیدا ئەگەڕێن – لەوەدایە کـــە ڕاستی‌یەکەی پێ‌بڵێی ، هەر ئەوەندە تۆ خـــۆت بە باوەڕی خـــۆت لات ڕاست بێت . جا ئەگەر لەڕاستیدا ڕاست نەبوو ، ڕێگا لە ڕاستکردنەوەی هەڵەکەت نەگیراوەو ، ئەو خۆی یا ڕۆژگار ئەتوانن بۆت دەرخەن کە تـــۆ بۆخۆت بەهەڵە چووبووی نەك ئەو .

دوکتۆر کەمال مەزهەر دۆستێکی دێرینی گیانی بەگیـــانیمە . ناسیاویمان ئەگەڕێتەوە بۆ یەکەم ساڵی پاش شـــۆڕشی نەمری ١٤ی تەمووز ، کاتێ کە من بەرپرسی بەچاپ‌گەیاندنی گۆڤاری « هیوا » بووم ، وتارێکی بە ناوونیشانی « نەورۆزی ساڵی ١٩٥٩ لە بەغدا » هێنا بـــۆ هیواو بۆم بڵاوکردەوە(٢) . بەڵام چەسپانی ناســـیاویمان‌و وەرگەڕانی بـــە دۆستایەتی‌یەکی‌وا کە تا ئیستاش بە دڵ شـــانازیی پێوە ئەکـــەم پاش گەڕانەوەی لـــە یەکێتیی سۆڤیەت‌و پێکەوە کارکردنی هەردوکمان لـــە کۆڕی زانیاریی کوردەوە دەست پێ‌ئەکا .

ئەگەر دەربڕینی بیروڕاو بە خەیاڵی ئینسان خـۆی وتنی ڕاستی ئەرکێکی پێویستی سەرشانی هەموو مرۆیەکی بەشـەرەفو خاوەن هەستی دڵسـۆزی بەرانبەر بە گەلو نیشـتمانو مێژوو و ڕاستیی مێژوویی بێ ، ئەوە ، زیاد لەوەیش ، بەشبەحاڵی کەسـێکی وەك منو بەرانبەر بە هەموو دۆستانم ، نەخوازەڵا کەسێکی وەك دوکتۆر کەمال ، ئەرکێکی دووبارە ئەرکە .

دوکتۆر کەمال هەرچی ئەنووسێ من دەسبەجێ پاش بڵاوبوونەوەی ئەیخوێنمەوەو ، زۆر جاریش پێش بڵاوکردنەوەی خۆی پیشانم ئەدا . بیروڕا لەناو خۆمانا ئاڵوگۆڕ ئەکەینو منیش چیم بەلاوە ڕاسـت بێ لەوڕووەوە ، پێی ڕائەگەیەنم . وایشبووە مەسەلەکە گەیشتووەتە ڕادەی خستنە سەر قاقەزی ، وەك لە وەرگێـڕانی کتێبی ( کوردستان لـە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهـاندا )دا کە لـە کوردیەوە کردم بە عەرەبی ، لە شوێنێکیا هەندێ سەرنجی تایبەتیی خـۆمم بەرانبەر بـە بۆچـوونێکی ئەو دەربڕیوەو ، وەك ئەڵێن بەرپەرچی بیروڕایەکیم لـە پەراوێزا داوەتەوە(٣) . هەروا وەك پاش دەرچوونی کتێبی (مێژوو)ەکەی لـە گۆڤاری ( ڕۆژی کوردستان )ا لەسەریم نووسیو چەند ڕەخنەیەکم لـە یەك دوو بابەتی گرت(٤) . کـە وتارە سێ ئەڵقەییەکـەی ئـەم دواییەیشی نووسیو دای بە ڕۆژنامەی ( هاوکاری ) ، بە تەلەفـۆن لێیپرسیم : دیوتە ؟. ئەو ، چـونکە سروشتی کاری من لـە هاوکاریدا ئەزانێ(٥) ، لایوابوو پیشـانم دراوە . کـە بە ( نەء ) وەڵامم دایەوە ، پێیشمـوت : وەنەبێ هەموو جۆرە بابەتێکم بدرێتە دەست ، چـونکە سکرتێری نووسـین بە بیروڕای خـۆی ئەزانێ چبابەتێ پێویستی بـە هەڵسەنگاندنو پیاچوونەیەو چبابەتێ نەء ، کە بڵاوکرایەوە ئەیخوێنمەوە . بەمجۆرە ئەڵقەی یەکەمیم بە بڵاوکراوەییو ئەڵقەی دووەمیم بە پرۆڤەییو ، ئەڵقەی سێهەمیشیم هەر بە بڵاوکراوەیی خوێندەوە .

ئەڵقەی یەکەمو دووەمی وتارەکەم بێ گرێوگۆڵ بەسەرا تێپەڕی . بەڵام لە ئەڵقەی سێهەمیدا هەستمکرد هەندێ باری سەرنجی جیاوازم لەگەڵ هیی دوکتـۆر کەمال هەیەو ، ئەبێ بەپێی ئەو باوەڕەم کـە پێشتر باسم لێکردو ، بەگوێرەی ئەوەی د . کەمال دۆستێکی گیانی بەگیانیمەو ئەبێ هەرچی بەرانبەر بەو بە ڕاست بزانم ، لەوەی بەرانبەر بە کەسێکیتر بەڕاسـتی بزانم زووتر پێیبڵێم ، ئەم چەند دێڕە نووسینە سـەریان

هەڵداو ، ئەبێ ئەوەیش بڵێم کە کاك کەمال خۆیشیم لێ ئاگادار کردووەو ، ئەویش ، وەك هەر زانایەکی ڕاستەقینەو پێڕەوی کەری ڕێگای دەمەتەقێ بۆ گەڕان بەدوای ڕاستیدا بە سنگێکی فراوانەوە گوێی بۆ شل کردم .

* * *

بەر لە هەرچی لەم بەشی سێهەمەی وتارەکەی کاك کەمالدا هەست بە چەردەیەك جڵەو بەردان بۆ سۆزو تەراکەوتن لە ڕێبازی زانستی ئەکەم کە ئەوەیش بە زیادەڕەوی‌و دوورکەوتنەوە لەوە ئەزانم کە پێی‌ئەڵێن « مەوزووعیەتی زانستی » . کاك کەمال کە لە سەرەتای ئەم بەشە چڕوپڕەی وتارەکەیا [ یەکەم پارچەی وتارەکە لە لاپەڕە ( ٦ )ی ژمارە ( ١١٢٣ )ی ( هاوکاری )دا ] ئەڵێ : « **ڕاستە لە سەرانسەری هەموو جیهاندا مرۆڤێکی ڕێکوپێك هەڵناکەوێ لە قووڵاییی دڵەوە ڕقی لە جەورو ستەم‌و زۆردارو زۆرداری نەبێ ، بەڵام ڕەنگبێ شەپۆلی ڕەوای ئەو ڕقە پیرۆزە لە دەروونی کەسدا بەرادەی عەزیز نەسین پەنگی نەخواردبێتەوە ..** » ، بەر ئەمە ئەکەوێ کە ئیستا وتم . ڕاستە کاك کەمال سەرەتای ئەم حوکمەی بە « ڕەنگبێ .. » دەس‌پێ‌کردووەو ، هەروا ڕاستە ئەم جۆرە زیادەڕەوی‌یانە لە نووسینداو بەتایبەتی لە نووسینی ئەدەبیدا بووە بە باو ، بەڵام بە هەرحاڵ ئەوەیش ــ هەر هیچ نەبێ بەلای منەوە ــ ڕاستە کە ئەمە زیادەڕەوی‌یەو ، زیادەڕەوی‌یش کری زانای هیچ بوارێکی زانست نی‌یە . من لام‌وایە ئەبوو کاك کەمال لەم مەیدانەدا شتێکی وەك ئەم ڕستەیە بڵێ : عەزیز نەسین یەکێکە لەو بنووسانەی شەپۆلی ئەو ڕقە پیرۆزە بە شێوەیەکی زۆر بەگوڕ‌و توندو تیژ لە نووکی قەڵەمیانەوە سەرئەکا .

کاك کەمال لە وتارەکەیا برگەیەك لەبارەی عەزیز نەسینەوە لە سەرچاوەیەك ئەگێڕێتەوە [ برگەی حەوتەمی ستوونی یەکەم ] بە « **دروشمی سەربەستیی بیروڕا لە تورکیاو نموونەی نووسەری مرۆپەروەری خەباتگێڕ لە جیهاندا** »ی تیا ناوئەبا . ئەمە هەرچەند وەسفی یەکێکی‌ترە بۆ عەزیز نەسین ، بەڵام مادەم کاك کەمال خستوویەتیە ناو نووسینی خۆیەوە ، وائەگەیەنێ بە هەڵسەنگاندنی‌وا قایلە . من ئەمەیشم هەر بەلاوە زیادەڕەوی‌یەو زیادەڕەوی‌یەکی گەورەیشە . بێ‌گومان من عەزیز نەسینم لا زۆر خۆشەویست‌و پایەبڵندەو

هەر بەرهەمێکیم بە کـوردی یـا عەرەبی یـا فارسی دەسـگیر ببێ ئەیخوێنمەوە . هەر لە ڕێگای بەرهەمەکانیەوەو لە ڕێگای ئەو زانستەکەمەوە کە لەبارەی ژیانیـەوە هەمە ئەتوانم ئاوای هەڵسەنگێنم کـە « نموونەی بنووسی ڕەخنـەگری کـۆمەڵایەتی‌و سـیاسی‌یە لەدژی هەڵسوکەوتی ناڕاسـت‌و دروستی کاربەدەسـتانی وڵاتەکەی‌و دەس‌و پێوەندانیان ، کە هەر ئەمەیشە جاروبار ڕای‌کێشاوەو ڕای‌ئەکێشێ بـۆ بەشداری کردن لە سـیاسەتا بە واتا زەقەکـەی‌و تووشی گیروگرفتی کردووەو ئەکا . هەرچی دروشمی « نموونەی سەربەستیی بیروڕا لـە تورکیا »کەیە ئەتوانرێ لەگەڵ کەمێ چاوپۆشیدا بە باڵای عەزیز نەسین ببڕدرێ ، بەڵام « نموونەی نووسەری مرۆپەروەری خەباتگێڕ » گەلێك بە گەورەتر ئەزانم لەوەی بە بەری‌بکا . ئەمە بە باڵای ئەدیبێکە لـە ڕێگای نووسینەوە لە وڵاتێکی دیموکراسی بەتەواوی تیا پێشێل کراوی ، وەك تورکیای تا ئەم دوایی‌یەی عەزیز نەسینا ، ئازارو سزایەکی زۆرو بێ‌ئامانی دیبێ ، وەك ئەوەی نازم حیکمەت‌و ئەدیبە پێشکەوتخوازەکانی‌تری ئەوێ دی‌یان‌و ئەوەی خەباتگێڕە کوردەکان لەوێ دیویانەو ئەیبینن . بۆیە پێم خۆش نەبوو کاك کەمالی خۆشەویستم هەرچەند عەزیز نەسینیشی زۆر خۆش‌بوێ‌و ، بەتایبەتی کـە نیستا ئەرکی داکـۆکی لێ‌کردنی مافی مرۆوایەتیی کوردیشی خستووەتە ئەستۆی خۆی ، ئەم کاڵا بە قەدو باڵا نەشیاوە کە بەرگدرووبەکی زیادەڕەو بۆی دووربوە ، ئەویش بێ قۆڵی بۆ تێهەڵکێشێ ..

لە مەیدانی قەدرزانینی داکـۆکی کردنێکی ئەم دوایی‌یەی عەزیز نەسیندا لـە کوردی وڵاتەکەی ، کاك کەمال قسـە ئەگەیەنێتە بەراورد کردنێك لەنێوان عەزیز نەسین‌و نازم حیکمەت‌و بنووسە پێشـکەوت خوازەکانی تورکیادا [ بڕگەی حەوتەمی ستوونی یەکـەم ]و ، ئەڵێ : « ئێمە هەمیشە گلەییی ئەوە لە نازم حیکمەت‌و نووسەرە پێشـکەوت خوازەکانی تورکیا دەکەین کە دەردو ئازاری بێ‌ئەندازەی برا کوردەکانیان جارێك نەیبزواندوون ، هەرچەندە ئەو دەردو ئازارە کێـو لەبن‌دێنێ . نازم حیکمەتی خوالێخۆشبوو بەکـوڵ بۆ ڕەش‌پێستانی ئەمەریکاو زۆر لێکراوانی هەر چوار گۆشەی جیهان دەگریا لەکاتێکـدا ژیانی زوربەیـان گەلێك لە ژیانی کوردی تورکیا باشتر بوو . با ئەوەیش لەیاد نەکەین کـە دەرفەتی نازیم حیکمەت بۆ بزواندنی ئەو جـۆرە باسانە گەلێك لـە

دەرفەتی عەزیز نەسین لەبارترو زیاتر بوو ، چونکە ئەویان بەشی زۆری ژیانی لــە دەرەوەی وڵات بردەسەرو لــە زۆر لاوەو بە گەلێــك زمان دەرکەی بڵاوکردنەوەی بۆ ئاواڵە کرابوو بێئەوەی لە گرتن‌و ڕاوەدوونان بترسێ » .

بۆئەوەی ئەم مەسەلەیە بخەمە چوارچێوەی ڕاستەقینەی خۆیەوە ئەبێ بڵێیم دوو ڕوو هەیە بتــوانین نازم حیکمەتیان لێوە بخــەینە بەر لێپرســـینەوەو داوەری لەم‌بارەوە ، یــا لەوڕووەوە کــە ســەر بە ئایدیۆلۆژی‌یەکە ئیددیعای لایەنگریی گەلانی ژێردەستەو ستەم لێکراوی جیهان ئەکاو داوای یەکگــرتنی چەوساوانی گێتی دروشمیەتی ، کــە ئەمەیش واتە خستنە بەر لێپرسینەوەو داوەری کردنی ئایدیۆلۆژی‌یەکە ، یا لەوڕووەوە کــە هونەرمەندێکی مرۆڤایەتی‌یە کــە ئەمەیان خودی خۆی ئەگرێتەوە . ئەگەر لــە ڕووی یەکەمەوە بۆ مەسەلەکە بچین ئەبێ بڵێین بەم پێ‌یە نازم خۆی لە هیچ بەرپرس نی‌یەو هەڵوێست چاك بێ‌و خراپ بێ ئەو ڕێبازە بەرپرسە لێی کە گرتوویەتیەتە بەرو ئەو ئایدیۆلۆژی‌یەی بــۆ خۆیی پەسەند کردبوو لە ژیانا . لێرەدا پاش هێنانەوە بەرچاوی بارو دۆخی ئەو سەردەمەی کە کەم‌و زۆر ســەرانســـەری ماوەی ژیانی نازم ئەگرێتەوە ، ئەگەینە ئەوەی کە پێویستە چەند ڕاستی‌یەك ڕەچاو بکەین . یەکەم ئەوە کە بزووتنەوەی کورد لە تورکیادا بەرانبەر بە ڕژێمێــك بوو لەسەر بنەمای بەرەوڕووبوونەوەو بەگژاچوونی ئیمپریالیزم‌و داگیرکەرانی تورکیا هاتبوە ڕووی کارو لەسەر ئەمە پشتیوانیی سەرانسەری جیهانی ئازادیخوای بۆ خۆی دەستەبەر کردبوو . ئەمە لەلایەکەوە . لــە لایەکی تریشەوە ، لە سیاچارەیی کوردا ، سەرکردایەتیی بزووتنەوەکەی بــە دەستی کەسانێکەوە بوو هەندێکیان ئایدیۆلۆژی‌یەکی ئایینی‌و سۆفیانەی بە کۆنەپەرست دراوە قەڵەمیان هەبوو لــە تورکیای نوێی عەلمانیــداو تەنانەت بە لایەنگری خەلافەتی ڕزیوو کۆنەپەرستی عوســمانی دائەنران بەرانبەر بە ڕژێمێکی کۆماریی تــازە بابەت‌و ، هەندێکیشــیان دەرەبەگی پاشکەوتوو بوون لە بەرانبەری بۆرژواو وردە بۆرژوای شۆڕشــگێڕو ، بەهـــۆی بەرەوڕووبوونەوەی تورکیای نوێوە لەلایەن ئیمپریالیــزمی ئەورووپاوە کەم‌و زۆر جۆرە دەست تێوەردانێکی ئیمپریالیستەکان لــەو بزووتنەوەیەی کوردا لە بەرچاو بوو ، کە هەموو ئەمەیش کۆسپ بوو لە ڕێی تێگەیشتنی بەدادیی مەسەلەی کوردو لەسەرکردنەوەیا ، بەڵکــو ،

بەپێچەوانەوە ، ڕێگای بۆ گوناهبارکردنی تەختو ئاسان کرد . دووەمیش بزووتنەوەی کرێکاری بەهۆی داسەپانی سەرکردایەتیو بیروباوەڕی ئاسۆ تەسکو دیکتاتۆری‌یانەی ستالینیزمەوە ، چ لە یەکێتیی سۆڤیەتو چ لە هەر لایەکی جیهانا کە لقێکی تازە پەیدابووی ئەم بزووتنەوەیە بووبێ ، تووشی دەردی کپ‌کردنی بیری ئازادو داخستنی دەرگای لێکۆڵینەوەو تۆژینەوەو فەرمان سەپاندنو مەڵبەند پەرستی‌یەکی وشکی دوور لە هەموو وردبوونەوەو لێکدانەوەو دوگماتیزمێکی کوشندە بووبوو ، هەرکەس لەئاستیا سەری هەڵبڕی‌یایەو نارەزاییی پیشان دایە ، بە خۆفرۆشتوو نۆکەرو خەفیەو دوژمنو ناوو ناتۆرەی چەپەڵی لەم بابەتانە تاوانبار ئەکراو ، ئەگەر سەریشی تیا نەچوایە بەجۆرێ بەدناو ئەکرا لە هیچ کوڵانێکا گا بە دەنگی نەڕواو ، یا ئەبوو بیدایەتە پاڵ ئۆردووگای دوژمنو یا سەری خۆی کز کردایەو تا سەری یەکجاریی ئەنایەوە بێدەنگو کپ دانیشتایە . لەئەنجامی ئەم وەزعەوە بە چاوێکی دوگمایی‌یانەی قووڵ ڕۆنەچوە خوارەوە سەیری زۆر مەسەلە ئەکراو ، بارو دۆخێکیوا خوڵقابوو مەسەلەی کوردیش لەلایەن بزووتنەوەی پێشکەوتخوازی جیهانەوە ، وەک مەسەلەی گەلێکی ستەملێ‌کراو سەیری نەکرێو بە یاخی‌گەری‌یەکی کۆنەپەرستانەو ئایینی بناسرێ . ئەم بارە ناخۆشە بەش‌بەحاڵی نازم حیکمەت هەموو ساڵانی چوونی دووەمی بۆ مۆسکۆو گەڕانەوەی بۆ تورکیاو گیرانیو چوونە بەندیخانەیو پاشان بەرەڵلاکردنیو چوونی سەرلەنوێی بۆ مۆسکۆو تا مەرگی لەوێ ، کەمو زۆر ، ئەگرێتەوە . کەواتە لە حاڵی‌وادا کەس مافی گلەییی لە نازم نی‌یە ئەگەر لە بەدادیی مەسەلەی کورد نەگەیشتبێو لەسەری نەهاتبێتە دەنگ . ئەوێ کە لەژێر کەلەپچەی زیندانیشا تا ماوەیەکی زۆریش بەیتو باڵۆرەی نیشتمان‌پەروەریی ( باوکی گەلی وڵاتەکەی ) بدرێ بە گوێیا ، ئەبێ بەتەمای چیارمەتی‌یەک بین لێ‌یەوە بۆ گەلێک لە بارو دۆخێکی وەک ئەوەی ئێستا باسم‌کرددا لە ڕووی ئەو ( باوک )ەدا ڕاست بووبێتەوەو ئاڵای شۆڕشی هەڵگرتبێ ! لە دوا ساڵەکانی ژیانیشیا کە وردە وردە تەمی دوگماتیزمو وشکەدەروێشی لە بزووتنەوەی کرێکاریدا کەوتبووە ڕەوینەوەو تا چەردەیەک ئازادیی بیرکردنەوەو فرەڕاییی خەریک‌بوو تیا پەیدا ئەبوو ، زۆر لەوە بێ‌هێزتر بوو کۆتی ئەو بۆچوونە چەوتانەی کۆن بشکێنێو کاری ماوەیەکی گەلێ زۆرترو هەنگاوی

گەلێ بەتینتری ئەویست . بەڵکو ئیستایش پاش حەفتا ساڵ هێشتا ئەو جۆرە سەرنجە لە زۆر شوێن و لای زۆر لا هێشتا حوکم فەرمایە .

خۆ ئەگەر لە ڕووی دووەمیشەوە بۆ مەسەلەکە بچین واتە ڕووی دەمی لێپرسینەوە بکەینە نازمی شاعیرو هونەرمەندو خاوەن هەست کە مرۆی وا زۆر جار لە پیاوی سیاسی مرۆڤانەتر ئەڕوانێتە کاروبارو ، تەنانەت ئەگەر خاوەن ئیلتیزامی سیاسییش بێ زۆر جار ئەو لایەنەی ئەو لەگەلیەتی ناتوانێ زۆر توند ڕەخنەی لێ بگرێ و لێی بپرسێتەوەو چاو لە سەرکێشی یەکانی ئەپۆشێ ، ئەوە ئەبێ بڵێین لەم مەیدانەدا دوو شت هەیە یەکەم ئەوەتە نازم زۆر کەم ڕاستەوخۆ وەك سیاسی دواوەو ، لەگەڵ ئەوەیشا کە سەرجەمی کارە ئەدەبی یەکانی خزمەتی ئامانجە مرۆڤایەتی یە سیاسی یەکانی ئەکەن ، زۆر بەدەگمەن نەبێ ناوی هیچ کەسێ یا هیچ گەلێ ناهێنێ و کە داکۆکی ئەکا لە مرۆڤ و مرۆڤایەتی ئەکاو لەدژی خوێنمژین و چەوساندنەوە ئەدوێ و ، تەنانەت بەشدار بوونیشی لە سیاسەتدا چ بە قەڵەم و چ بە هاوکاری لەئاستی باڵای ئەنتەرناسیۆنالیستی یا هەر لەو چوارچێوە ئینسانی یە گشتی یەدا بووەو مەسەلەی هەر گەلێکی کردبێ بە بابەتی شیعرێکی لە دیدگای تراژیدیای یەك کەسی ئەو گەلەدا کردوویەتی و هەموو ئەمەیش لە قاڵبێکی ناسکی هونەریدا کە کەم کەس یەکەن دەردوو دەرك بەوە ئەکا لەودیو ئەم بابەتە هونەری یەوە مەبەستێکی سیاسی خۆی حەشارداوە .

لەبارەی کوردو نازم حیکمەتەوە مامۆستا شوکور مستەفا ئەڵێ لە حەوت بەرگ لە هەشت بەرگی تێکرای بەرهەمی لەچاپدراوی نازم حیکمەتدا کە خوێندوویەتیەوە تەنها لە دوو شوێنا ناوی کوردی بەرچاو کەوتووە . لە شوێنێکیانا کە باس لە بروبیانوو گرتنی دەوڵەتی وڵاتەکەی خۆی ئەکا بۆ گرتن و ڕاوەدوونانی خەڵك و ئەڵێ مەسەلەی شێخ سەعیدیان کردووە بە بیانوو بۆ هەرچی کە بیانەوێ دەرهەقی ئەم خەڵکەی بکەن . واتای ئەم قسەیە دیارە کە داکۆکی یە لە کوردی خاوەنی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران و لەو دیموکراتانەی وڵات کە دەنگی نارەزایی یان لە داپڵۆسین و سەرکوت کردنەوەی کورد کردووە لەوێ .

لە شوێنێکی تریشا لە چوارچێوەی گەشتنامەیەکی خۆیا باس ئەکا کە لەناو شەمەندەفەرا ژ فرەتێك ئەبینێ ژنە پۆلیس ئەبێ باسی ژیانی خۆی و مێردەکەی بۆ ئەکا ، ئەڵێ : ناردینیانە ناو خەڵکێ پێیان ئەڵێن

کورد ، پێشتر پێیان وتبووین کلکیان هەیە . کە چووین دیمان نە کلکیان هەیەو نە هیــچو ، ئەوانیش هەروەك ئێمــە وابوون . واتای ئەمەیش ئاشکرایە کە ڕسواکردنی شۆڤینی یەکانی وڵاتەکەیەتی کــە چۆن ناوو ناتۆرەی ناشیرین لەبارەی کوردەوە لەناو خەڵکەکەدا بڵاو ئەکەنەوەو ، چۆن زەشە خەڵکەکە تا سەر بەو درۆو دەلەسانە ناخەڵەتێن و ، چۆن هەر کە ڕاستی یان بۆ دەرئەکەوێ ئەچنەوە سەر ڕێی ڕاست .

کاك شوکور هەروا ئەیگێڕێتەوە کە لە میهرەجانی لاوان و قوتابی یانی وارشۆی ساڵی ١٩٥٥دا نازم حیکمەتی دیوەو ئەڵێ : یەکێ لە نوێنەرانی لاوانی کورد کە لە وەفدی عیراقدا ئەندام بوو ، داوای کرد دەعوەتێك بە ناوی کوردانی بەشداری میهرەجانەوە بۆ نازم ڕێك بخەن و لەلایەن سەرۆکی وەفدی عێراقیشەوە پێشوازی لەم داوایە کراو ، ئەو ــ واتە مامۆستا شوکور ــ نێررا بۆلای نازم بۆ بانگ کردنی . مامۆستا شوکور ئەڵێ : کە چووم بۆلای نازم ، نوسخەیەکم لە پارچە شیعرێکی عەبدوڕڕەحمانی شەرەفکەندی لەگەڵ خۆم بۆ برد کە بەبۆنەی میهرەجانەوە داینابوو . ئەڵێ کە دانیشتم لای ، شیعرەکەم بۆ خوێندەوەو بۆم کرد بە تورکی . سەرەتای شیعرەکە بەم جۆرەیە :

**کوردێکم ئەوێ چاپوك و پتەو**
**سەفەرێ بکا بە تاریکەشەو**
**نەیەڵێ تورك و عەجەم بزانن**
**داگیرکەرانن ، لە کوردستانن**

مامۆستا شوکور ئەڵێ : کە نازم گوێی لە تەرجەمەی ئەمــە بوو ، وتی : نەء ، تورك و عەجەم داگیرکەری کوردستان نین ، فاشیستەکان ( ی تورك و عەجەم ) داگیرکەرینی . ئەوجا دەعوەتەکــەی قوبووڵ کردو بــۆ ڕۆژی دووەم هات بۆلامان و قسەی بۆ کردین و لەناو قسەکانیا وتی : من میوان نیم ، من خاوەن ماڵم . من لەگــەڵ براکانمم . من شیری کوردم خواردوەو بە شیری کورد پەروەردە کراوم . هەروا وتی میللەتی کوردو میللەتی تورك لەناوخۆیانا هیچ گیروگرفتێکیان نی یە ، گیروگرفت لەگەڵ حوکمڕانانەو ، لەم جۆرە قسانەی زۆر بۆ کردین . دەمڕاستی کوردەکان لەناو وەفدی عێراقا بەوبۆنەیەوە قاتێ چۆغەو ڕانکی کوردیی پێشکەش کردو ، ئەویش بە پێخۆشحاڵی یەکی زۆرەوە وەری گرت .

کاك ئەحمەد موحەممەد ئیسماعیلیش کە یەکێکە لە چیرۆکنووسە کوردە تورکی‌زانە بەدەرەوەکانمان‌و تەنانەت یەکێ لە بەرهەمەکانی نازم حیکمەتیشی کردووە بە کوردی ، پێی‌وتم : کەوا جگە لەو هەشت بەرگە بەرهەمەی نازم حیکمەت کە لە بولگاریا بلاوکراوەتەوەو وادانراوە سەرجەمی بەرهەمیەتی ، پاشتریش هەندێ بەرهەمی‌تری تازە دۆزراوەی لە بەرگێکدا بلاوکراوەتەوە . لەو بەرگەیشا لە چەند شوێنێکا باسی کورد هاتووەتە ناو کە لە یەکێکیانا باسی نامەیەکی تێکۆشێکی کورد ئەکا کە بۆ نازمی ناردووەو شانازیی خۆی بە هەڵوێست‌و تێکۆشانی قارەمانانەیەوە تیا دەربڕیوە .

لەمەیش هەموو بایەخدارتر ئەو دەسنووسەی نازم حیکمەتە کە لە ئەرشیفی کامەران عالی بەدرخانا بووەو پاش مردنی بەدرخان کوردێکی تورکیا بە ناوی (کەندال) بە کورتە پێشەکی‌یەکەوە لەگەڵ فۆتۆکۆپی‌یەکەی لەژێر ناوونیشانی ( دەستنڤیساریکی نازم حیکمەت لسەر کوردان ) لە ژمارە (١)ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٣ی گۆڤاری (هیوا)ی پاریسیدا بلاوی کردووەتەوە . ئەو فایلەی بەدرخان کە ئەم دەسنووسەی تیا بووە . سالی ١٩٦١ی لەسەر نووسراوە . کەندال لە پێشەکی‌یەکەیا ئەلێ : ئیحتیمالە ئەم دەسنووسە لە سالی ١٩٦١دا نووسرابێ . ئەم دەسنووسە کە لە (٨) لاپەڕەی (١٣٫٥ × ٢١) سانتیمەتریدا نووسراوە ، هەڵوێستێکی ڕوونی پێشکەوتخوازانەو ئەنتەرناسیۆنالیستانەی بەرانبەر بە مەسەلەی گەلی کوردو پێوەندی بە گەلانی دراوسێ‌یەوە تیایە . هەمان بەلگە بەوجۆرەی لە گۆڤاری (هیوا)دا بلاو کراوەتەوە ، پاش وەرگێرانی بۆسەر تیپی عەرەبی ، لەگەڵ فۆتۆکۆپیی نووسراوەکەی نازمدا ، لەلایەن سەعید دێرەشی‌یەوە ، لە بەرگی دووەمی بلاوکراوەی (دەنگێ مە)ی سالی ١٩٨٥یشدا بلاوبووەتەوە .

ئەمەم هەر بۆئەوە نووسی‌یەوە کە زۆر کوردی‌تریش قسەی وەك قسەکەی کاك کەمال ئەکەن‌و تەنانەت زۆریشیان ئەیکەن بە بەلگە بۆ بەگژاچوونی سیاسیی دەستەو دائیرەی نازم‌و بۆ بانگهێشتنی دوورەپەرێزی لە گەلانی‌ترو بەتایبەتی گەلانی دراوسێ لەناو کوردا . ئەگینا ئەگەر هەر هیچ بەلگەو بەلگەکاری‌یەکیش نەبێ لەئارادا ، عەقلی هیچ لە سیاسەت گەیشتوویەك ئەوە ناگرێتە خۆی نازم حیکمەتی شاعیرو شانۆنامەنووس‌و هونەرمەندو تێکۆشی مرۆپەروەری سێزدە سال زیندانی لەپێناوی

گەلانی تورکیادا ، هەڵوێستی دۆستیو هاودەردیی بەرانبەر بە گەلی کوردی وڵاتەکەی خۆی نەبووبێ ، ئەگینا ئەبێ جیاوازیی چی بێ لەنێوان ئەوو ئەوانەدا کە زیندانیان کردبوو ؟!

ئەنجا ئاخۆ ڕاستە « دەرفەتی نازیم حیکمەت بۆ بزواندنی ئەوجۆرە باسانە گەلێك لە دەرفەتی عەزیز نەسین لەبارو زیاتر بوو ، چونکە ئەویان بەشی زۆری ژیانی لە دەرەوەی وڵات بردسەرو ، لە زۆر لاوەو بە گەلێك زمان دەرکەی بڵاو کردنەوەی بۆ ئاواڵە کرابوو بێئەوەی لە گرتنو ڕاوەدوونان بترسێ » ؟

بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم ڕستەیەی کاك کەمال ئەبێ بڵێم بەشبەحاڵی نازمو وەك نازمەکان مەسەلە مەسەلەی بوونی دەرفەتو بەئازادی ژیانو نەترسان لە گرتنو ڕاوەدوونان نی‌یە ، هەرچەند ئەمەیش بایەخێکی ئێجگار زۆری هەیە ، چونکە بوونی ئازادیو نەبوونی زەبرووزەنگ دەرفەتی لێکۆڵینەوەو باش لێ حاڵیبوونی بارو دۆخو کرۆکی ڕووداوەکان بەباشی دابین ئەکا ، بەپێچەوانەی بوونی ترسو لەرزو سەرکوت‌کردنو دەس‌بەستنو دەم‌دروونەوە . ئەگەر هەڵوێست دەربڕین لای نازم بە ئازادیی دەربڕینەوە بەند بوایە ، ئەبوو لە مەسەلەی گەلی وڵاتەکەیشی بێ‌دەنگ بوایەو خۆی نەخستایەتە بەر گیروگازی جەندرمەی ڕژێمو چەند جارو دواجاریان بۆ سیازدە ساڵ نەچوایەتە کونجی زیندانی تاریکەوە . ئەمانە چی‌یان باوەڕ پێ بووبێ وتوویانەو کە یەکێکی بەرپرسیشیان وتی ئەوە وەك ئەوە وایە هەموویان وتبێتیانو کەسیان نکوولیی لەو وتراوە نەکردووەو ، ئەگەر کردبێتی بە پاشگەز بوونەوەی لە ڕابوردووی تا ئەوکاتەی دانراوە .

کەواتە مەسەلە مەسەلەی باوەڕە . باوەڕیش لەم مەیدانەدا دوو لقی هەیە . باوەڕ بە شتێكو باوەڕ بەو تەکتیکانەی لەپێناوی هێنانەدیی ئەو شتەدا ئەگیرێنەبەر . نازم حیکمەت ، لام‌وایە کاك کەمالیش باوەڕی بەوە هەیە ، لەپێناوی گەلی تورکیادا تێکۆشاوە . گەلی تورکیایش ، وەك هەموو ئەزانین ، هەر تورك نی‌یە ، کوردیشە ، عەرەبیشە ، ئەرمەنیشە ، یۆنانی‌یشە ، لازیشەو لام‌وایە کەمایەتیی‌تریش هەن کە من پێیان نازانم . کەواتە تێکۆشانی نازم بۆ ڕزگاریی هەموو دانیشتوانی وڵاتەکەی بووە . ئەوەی کە ئەکرێ بەزەقی بە نازمو

هاوبیرەکانی بووتریَ ئەوەیە بۆ لەسەر شۆڕشەکانی کوردی تورکیایان نەکردووەتەوە ؟ ئەمە پرسیارێکی بەجێیەو وا من لێرەدا هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەدەم ، ئیتر نازانم تا چەند ڕاستی ئەپێکم .

نازم حیکمەت پێش گیرانە گەورەو دوورو درێژەکەی دوو ماوە لە یەکێتیی سۆڤیەت ژیاوە ، لە ۱۹۲۰ەوە تا ۱۹۲٤و لە ۱۹۲٥ەوە تا ۱۹۲۷ . لەم دوو ماوەیەداو تا ماوەیەکیش لەوەپاش تورکیا بە وڵاتێکی شۆڕشگێڕ دراوەتە قەڵەم و دۆستی سۆڤیەت بووەو هەموو ئازادیخواهانی جیهان لایەنگیری بوون و تەنانەت پێشکەوتنخوازانی یۆنانیش دژی ڕژێمی وڵاتەکەی خۆیان لایەنی ئەویان ئەگرت و لەسەری ئەچوونە زیندان . بزووتنەوەی ئەو سەردەمەی کوردی تورکیایش ـ وەك پێشتریش وتمان ـ هەر بەمپێیە لە ڕیزی ئەو تەقەلایانەدا دائەنرا کە ئیمپریالیزم ئەیاندا بۆ گێڕانەوەی ڕەوڕەوەی مێژوو لە تورکیادا بۆدواوە . جا کەسێکی وەك نازم حیکمەتیش ، لەو سەردەمەدا ، نە لە دەروونی خۆیا دەرفەتی لەسەر بزووتنەوەی کورد هاتنە دەنگ و ڕەخنەگرتن لە ڕژێمی وڵاتەکەی خۆیی شكبردووەو ، نە ئەگەر شکیشی بردبێ لە سۆڤیەتێکی ئەوتۆدا کە بە هاوسەنگەری تورکیا دائەنرا ئەیتوانی ئاڵای نارەزایی لە سیاسەتی وڵاتەکەی بەرزکاتەوە . پاشانیش کە ئیتر ورده ورده کۆنەپەرستیی ڕژێمی ئەو وڵاتە بۆ بزووتنەوەی پێشکەوتخوازی جیهانی دەرکەوت ، ئەم دیاردە تازەیە هەرگیز ئەوەندە دیالەکتیکییانە نەبوە چاوگێڕانەوەیەکی بە هەڵوێستی پێشوودا بەرانبەر بزووتنەوەی کوردی تورکیا بەدەمەوە بێ . ئەم ماوەیەیش بە شێوەیەکی خەست و خۆڵ سەرجەمی ساڵانی پێش گیرانە سیازدە ساڵییەکەی نازم و ساڵانی گیرانی و پاش بەربوونی و چوونی بۆ سۆڤیەت و ژیانی لەوێ و تا مردنیشی لە حوزەیرانی ۱۹٦۳دا ئەگرێتەوە . نازم لەم ساڵانەدا ، هەر چەند نیشانەی ئەوەیش هەیە کە لە دوا ساڵەکانیا تا چەردەیەك خۆی لە کۆتی دوگماتیزم و ڕێبازی ستالینی ڕزگار کردووە ، هەر چۆن بێ هەر لەژێر تەئسیری ، ئەگەر نەیشڵێین کوتەك ، مۆرفینی ئایدیۆلۆژیی ئەو وشکە دەرویشییەدا بووە کە تێکڕای بزووتنەوەی سۆشیالیزمی زانستییانەی گرتبووەوە . کەواتە دەرفەت بەشبەحاڵی نازم حیکمەت دەرفەتی ڕەهابوونی بیرە لە کۆت و زنجیری دوگماتیزم و سەرکوت کردنەوەی ناوخۆیی بیر ، نەك کۆت و زنجیری پۆلیس و بەندیخانە کە هەرگیز نەیتوانیوە ڕێی یەکجاری لە هیچ وڵاتێکا لە هیچ نازم حیکمەتێ بگرێ .

هەرچی عەزیز نەسینە ، کابرایەکە لیبراڵ . خۆی بە غەیری خۆیو بۆچوونی خۆیەوە بە هیچیترەوە نەبەستووەتەوە . بۆچوونو بەرژەوەندی خۆی ــ بە مانا گشتییەکەی ــ سەرچاوەی بیرکردنەوەیەتی . وڵاتەکەیشی لەم سێ چوار ساڵەی دواییدا کە ئەویان لەسەر کورد تیا هاتوەتە دەنگ ، هەرچۆن بێ چەردەیەك لیبرالیزمی هــەر تیا بووە . کەواتە دەرفەتی نازمو نەسین زۆر لێك جیانو ، ئەمەیش ــ سێبارە ــ ئەیڵێمەوە بــۆ داکۆکی نییە لــە کەس ئەوەندەی کــە بۆ داکۆکییە لەوە کــە هەرکەس ئەوەندەی تەکلیف لێ ئەکرێ کــە لــە دەسەڵاتیا بێ چ بە تێگەیشتنو چ بە کردن .

ئەنجا نازم حیکمەت بەکوڵ بۆ کەس نەگریاوە ، نە ڕەشپێستانی ئەمەریکاو نە زۆر لێکراوانی هەر چوار گۆشەی جیهان ــ کــە کوردیش ئەگرێتەوە ــ . ئەمە کاری ئەو نییە ، کاری ئەو شــاعیرانەیە هەر بە دروشمو دروشمکارییەوە خەریکنو بڵندگۆی سیاسیی حیزبەکانیانن . نازم حیکمەت وەك هونەرمەندێکی وردی ناسك مەسەلەکان دێنێتە پێشو ئاهێکی نەگرفتە ئەگەر جارێ ناوی کەسێ یا لایێ بێنێ ، مەگــەر ناوی موعەززەزی ژنیو موحەممەدی کوڕی . نازم مەگەر لە چوارچێوەیەکی بەربڵاوی مرۆڤانەی وەك باسی جەنگــدا ناوی گەلێکی جەنگزەدە یــا دەوڵەتێکی دەسدرێژیکەر لە شیعریا بێنێ . کارەکانی نازم حیکمــەت دیارە لە کرۆکا هەموو کاری سیاســـین ، بەڵام ئەوەندە هونەرمەندانەو مرۆڤانە نووسراون دووئاتەشەترین مرۆی کۆنەپەرســـت یارای ئەوەی نییە وەك شیعرو شانۆنامەی سیاسییان بداتە قەڵەمو لەو دیدگاوە بییانداتە دواوە ، مەگــەر لــە کۆنەپەرستیدا شــووڵی بێعاریی لێ هەڵکێشابێو بە ڕۆژی نیوەڕۆ جاری کۆنەپەرستیی خۆی دابێ .

بەڕاستی لە ناخی دڵمەوە پێم ناخۆشە خــۆم بە ناچار ئەزانم لەبارەی ئەم بڕگەیەی وتارەکەی کاك کەماڵەوە لەمەڕ هەڵوێستی نــازم حیکمەت بەرانبەر مەسەلەی کــورد بڵێم : ئەگەر چاو لــە ڕاستی نەپۆشین ، وائەگەیەنێ نازم حیکمەت ، بەدەسەنفەست ، نەك هەر دژی ئەو ئامانجە سیاسییانە بووە کە ڕێکخراوە کوردەکانی تورکیا بۆخۆیانیان داناوە ، بەڵکو تەنانەت دژی ڕەشە خەڵکەکــەی کوردیش بووە ، کــە هەرگیزاو هەرگیزیش ، وەك مرۆیەکی ئینسان دۆست ، لــە دۆستێکی دڵسۆزی گەلی کوردو هەموو گەلێ کەمتر نەبوە .

★ ★ ★

کاك کەمال کەرتێکیشی لە بەشی سێیەمی وتارەکەی تەرخان کردووە بۆ تورکەکانی بولگارستان . لەم مەیدانەدا چەند برگەیەك لە نووسینەکەی کاك کەمال ئەگوێزینەوە بۆ ئێرە :

کاك کەمال لە سەرەتای ئەم بەشەی وتارەکەیا [ برگەی دووەمی ستوونی چوارەم ] ئەڵێ : « سەرەتای ساڵی ١٩٨٩ عەزیز نەسین کتێبی بێئەندازە بەهاداری ( تورکی بەلغاریاو کوردی تورکیا )ی بڵاو کردەوە . بەرهەمی نوێی عەزیز نەسین بریتی‌یە لە پوختەی بیرو ڕای بەرامبەر کوردی تورکیاو ... تاد » . پاشان ئەڵێ : « جگە لە وتارە بڵاوکراوەکانی دەربارەی تورکی بەلغارستان ، وەك یەك ئاوڕدانەوە لە دوو لایەنی زۆر لێکراو ، یەکێکیان هاوخوێن‌و ڕەگەزو ئەوی‌تریان هاونیشتمان ، بەڵگەی گەورەیی‌و سەرورەری‌و بەرزی‌و دووربینی‌و وردبینی‌و عەقڵ‌و فامی ئەو مرۆڤە بەڕاستی دەگمەنەیە کە وا لە پیاو دەکات تاریك‌بین نەبێ‌و دڵنیا دڵی بە دوارۆژی دنیا خۆش بێ کە بەپێی بۆچوونی دانتی دەبێ جڵەوی کاری بەدەست پیاوی بەڕاستی زیرەك‌و لەخۆبووردووی وەك عەزیز نەسینەوە بێ » .

پێشەکی ئەبێ بڵێم کورد واتەنی لەم قوڕە ئەوەندە تۆز هەڵسێ‌و ، لە وڵاتێکی‌وادا کە تا ئەم دواییەیش بە کوردی تیا ئەوترا ( تورکی کێوی ) ، کورد لەئاستی تورکی بولگاریایشدا دابنرێ هەر شوکرانە بژێری ئەوێ . ئەمە لەکاتێکا کە هەڵوێستەکە لە تورکێکی تورکیاوە بێ هەرگیز بە بیروباوەڕی ئەنتەرناسیۆنالیستی ناوی دەرنەچووبێ . بەڵام کاك کەمالی کوردی بە بیروباوەڕی پێشکەوتخواز ناسراو بێ هەڵوێستێکی‌وا بە ناوونیشانی « گەورەیی‌و سەرورەری‌و بەرزی‌و دووربینی‌و عەقڵ‌و فام » دانێ‌و ، خاوەنی هەڵوێستی‌وا بە پیاوی « دەگمەن » بداتە قەڵەم‌و ، هەر لە بوونی پیاوێکی وا دەگمەنەوە دڵی بە دنیا ئەوەندە خۆش بێ بڵێ : « وا لە پیاو ئەکات تاریك‌بین نەبێ‌و دڵنیا دڵی بە دوارۆژی دنیا خۆش بێ » ، ئەوە لای من بە هیچ کلۆجێ مایەی شادمانی نی‌یە .

بەر لە هەرچی ئەزانم ئیستا هەندێ کەسی‌وا هەن ئەڵێن : من ئەم قسانەم تەنها بۆ داکۆکی‌یە لە ڕژێمی بولگاریاو هیچی‌تر . بەڵام با سوور بیخەمە مشتی ئەوانەوەو بڵێم من لەگەڵ ئەوەیشا کە لە ڕووی ڕاستی گیروگرفتی نێوان تورکەکانی بولگاریاو دەوڵەتی بولگاریا شارەزا نیم ،

بە هەموو هێزمەوە نارەزایی خۆم لـــە هەر زۆر بۆهێنانێکی ئایینی یـا نەتەوەیی یا بیروباوەڕی یا چینایەتی دەرئەبڕم کـــە دەوڵەتێك لەدژی کەسێك یا کۆمەڵە خەڵکێکی بەکاربێنێ ، بەوەی بولگاریایشەوەو ، بەڵکو لەوانەیە بڵێم ئەمەم لـــە وڵاتێکی سۆشیالیستدا کە ئیدیعای باوەڕ بە هاوسانیی گەلانی گەورەو بچووك ئەکا گەلێ پێ ناخۆشترە تا لە وڵاتێکی دەرەبەگی یا سەرمایەداریدا کە ئەگەر شتیوایش بکا لە سروشتی خۆی نەچووەتە دەرەوە .

بەڵام ئاخۆ بەڕاستی ئەم دوو تای ترازووە هاوسەنگن ؟ ئاخۆ تورکی بولگاریا لە بەکارهێنانی زمانی خۆیانو لە بڵاوکردنەوەی کتێبو گۆڤارو ڕۆژنامە بە تورکی بێبەشن ؟ ئاخۆ ڕێیان لێ گیراوە دابو نەریتی ئایینیی خۆیان لە مزگەوتا جێبەجێ بکەن ؟ ئاخـۆ لە سەرەتای دامەزرانی ڕژێمی سۆشیالیستییەوە لەژێر زەبروزەنگی حوکمـڕانانان ؟ ئاخۆ تائیســـتا سێدارە بۆ کەسیان هەڵخراوەو ، هەزارانیان ساڵەهای دوورو درێژ لە زیندانا ڕزیون هەر لەبەرئەوە کە تورکن ؟ ئاخۆ لەژێر نێڵەی دەرەبەگو کۆتی سەرمایەدارو پۆســـتاڵی ژەندرمەدا ئەژین ؟ دیسانەوە ئەڵێم من دژی هەر جەورو ستەمێکی ئایینیو نەتەوەییو چینـایەتیو بیروباوەڕیم لە هەرلایەکەوە بەرانبەر بە هەر لایەك .. باوەڕیشم بەوە هەیە دیموکراسی لـــە بولگاریا نە بەشبەحـــاڵی بولگارەکان خـــۆیانو نە بەش بەحاڵی کەمایەتییەکان ، بە تورکیشەوە ، بەوجۆرە نەبوە کـــە پێویستە لـــە وڵاتێکی سۆشیالیستیی ڕاستەقینەدا هەبێ مادەم سۆشیالیزم بۆ سوودی گەل هاتووەتە ئاراوە .

ئەنجا توخوا بەڕاست ئەم دنیـــا وا تاریك بووە کەسی تیا نەبێ لەسەر مافی گەلێکی ستەمدیدە بێتە دەنگو مرۆ دڵی بە دنیـــا خۆش نەبێو تەنها ئەم چەند پەڕە کتێبەی عەزیز نەسین هەبێ بێ بە دەسەچیلەی هەموو گەلانی جیهان بەرەو دواڕۆژی گەش ؟ ئەی ئەو هەموو پێغەمبەرو حەکیمو فەیلەسووفو خاوەنبیرو خێرخوازو بەیانی جیهـــانیی مافی ئادەمیزادو جاڕی مافی چارەنووسی گەلانو ناچاریی هەر بەرەو پێشەوە چوونی ڕەوڕەوەی مێژوو و ، ئەو هەزاران شۆڕشگێڕو لەخۆبووردوانەی ئەم ڕووی زەوییە چییان لێ هات کە چوونە کۆڕی خەباتو شۆڕشو چوونە سەر سێدارەو لە بەر ڕێزی گوللەی خوێنخۆرانا وەستانو چاوی ترسیان نەترووکاندو ، ساڵەهای ساڵ شەوو ڕۆژی ساردو سڕو تاریكو

شێداری زیندانەکانیان بە کەلەپچەی قورسی دەستو پێوە لەپێناوی دواڕۆژی مرۆڤایەتیدا بەسەربرد ؟ ئەشێ ئەمە هەمووی هیچ بێو تەنیا عەزیز نەسین پێغەمبەری ئاخر زەمانو بانگەوازی دادپەروەری بێ لە جیهانا .. ئەنجا لەگەڵ هەموو مەمنوونیو قەدرزانینێکما بۆ هەڵوێستی عەزیز نەسین لەئاست گەلی کوردی تورکیاو خستنە بەرچاوی مەسەلەی ئەم گەلە لە کتێبەکەیا ، ئەمەوێ بپرسم ئەم بنووسە کە چەند ساڵە خەڵك ئەیناسن ، لەکەیەوە کوردی بیرکەوتووەتەوەو بە دەرکەوتنی ئەو ئەم دەرووی خێرە لە مرۆڤایەتی کرایەوە ؟

کەواتە ئەبێ بێئەندازەیی بەهاداریی ئەم کتێبە لەکوێیدا بێ ؟ لەوەیدا کە ڕادەی چەوسانەوەی کوردی تورکیای ئەوەندە بە کەم پیشان داوە لەئاستی چەوسانەوەی تورکی بولگاریادا بێ کە پێیان ئەڵێن ئێوە بولگارینو ئەبێ ناوی بولگاری هەڵگرن ، یا لەوەدا کە چەوسانەوەی تورکی بولگاریای ئەوەندە بەرزکردوەتەوە گەیاندوویەتیە ڕادەی چەوسانەوەی کوردی تورکیاو وتوویە ئەوەی لە تورکیا بە کورد ئەکرێ هەر ئەوەیشە لە بولگاریا بە تورك ئەکرێ ؟

کاك کەمال لە بڕگەیەکی تری وتارەکەیا [ بڕگەی هەشتەمی ستوونی چوارەم ] ئەڵێ : **« زۆر بەداخەوە ماوەیەکە کاربەدەستانی ئەو وڵاتە ئەورووپاییە دەیانەوێ بە زۆری زۆردارەکی مافە ڕەوا مێژوویییەکانی ئەو تورکانە زەوت بکەن . کار گەیشتووە بەوەی بەزۆر دەستیان لە ناوی نەتەوەییی خۆیان بێ هەڵبگرن »** . پاشان ئەڵێ : **« سەیر ئەوەیە لە گێژاوی ئەم بێنەو بەرەیەدا بەلغارەکان کوردی تورکیایان بیرکەوتووەتەوەو بەکوڵ ( بۆ ) چاوی ڕەشیان دەگرین !! دەڵێن ئێزگەو چاپەمەنیی سۆفیا لەم بوارەدا تۆز دەکاتو پاش شەستو پێنج ساڵان بەخێری تازە کەوتۆتە شینو شەپۆڕو قوڕپێوان بۆ ئێسكو پرووسکی پیرۆزی شێخ سەعیدی پیرانو هاوبیرانی . هەر خوا بکات زوو دەست هەڵنەگرێ !! کوردی قوڕبەسەری تورکیا ئاتاجی هەڵوەستیوا هەلپەرستانە نییە ، عەوداڵی دوو کرداری پیاوانەو ڕەسەنی وەك کردارە بەرزەکانی عەزیز نەسینی گەورەو سەروەرە کە لە یەك کاتداو وەك یەك لە ( تورکی بەلغاریاو کوردی تورکیا )دا گاڵتە بە کورتبینیی فەرمانڕەوایانی هەردوو وڵات دەکات ، ئەوانەی لە دوو ڕێگەی جیاوازەوە لە یەك گەرووی تەنگەبەری پڕ لە شەرمەزاریدا یەکدەگرنەوە »** .

من لەکاتێکا کە هیچ پشت بەوە نابەستم لەم گەرمەی کێشەی نێوان بولگاریاو تورکیادا بولگاریا لەسەر کوردی تورکیا ئەکاتەوەو لەو هەلپەرستی‌یە سیاسی‌یە زۆر دلگرانم کە بە هیچ کلۆجێ لە سەرچاوەی باوەڕ بە مافی چارەنووس دیاری‌کردنی گەلانەوە هەلنەقولاوە ، لام‌وایە ئێمە ، وەك کورد ، هەر ئەوەندەمان بۆ ڕەوایە داوای دان‌نان بە مافی تورکی بولگاریادا لەلایەن بولگاریاوە بکەین‌و پێشێل‌کردنی مافە نەتەوەیی‌یەکانیان بە تاوان دابنێین‌و ، لەم جیهانەدا کە ، بەداخەوە ، تەنیا مەسلەحەت حوکم فەرمایە تیایا هەرگیز سوودو مەسلەحەتمان لەوەدا نی‌یە گاڵتە بەو هەلوێستەی بولگاریا بکەین کە لەئاست گەلی کوردی تورکیا گرتوویەتیە بەر ، چونکە مەبەستی هەرچی بێ‌و با بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ ، لایەنی مەسەلەیەکی دادپەروەری گرتووە کە قازانجی ئێمەی تیایەو ، وەك کەسانێکی پێشکەوت خوازیش تەنها ئەوەندەمان بۆ هەیە ئاواتی ئەوە بخوازین ئەم هەلوێستە بۆ ئێمە بەسوودەی لە سەرچاوە لێلە هەلپەرستانەکەیەوە بگوێزێتەوە بۆ سەرچاوەیەکی ئینسانی‌و ئەنتەرناسیۆنالیستی‌و ، لە هەموو مەسەلەیەکی بەدادی‌تریشا چ خۆی‌و چ ئاوەلەکانی ئۆردووگای سۆشیالیستی‌یشی هەلوێستیان هەلوێستێکی ئینسان دۆستانەو ئەنتەرناسیۆنالیستانە بێ‌و ، هەر ئەمەیشە ڕێگای ڕاستو ، هەر لەم ڕێگا ڕاستەیشەوە کارێك ئەکەن متمانە بە ڕاستگۆیی‌یان بکرێ‌و ، بۆخۆیشیان گەلێ لەو بارە قورسانەی سەرشانیان سووك ئەبێ کە زۆری لەئەنجامی هەلپەرستی‌و لە دادپەرستی لادانەوە پەیدا بووەو بووە بە تەوق‌و چووەتە گەردنیان .

بێ‌گومان منیش‌و كاك كەمالیش‌و هەموو مرۆیەکی نیازپاکیش حەزمان ئەکردو بەئاواتەوە بووین ئەم کۆمەلگای جیهانە ئەوەندە یەك ڕوو بوایە کەس ئاتاجی هەلوێستی هەلپەرستانەی کەسی‌تر نەبوایەو ، هەر دۆستێك بێ مەبەستو بێ ڕەچاوگرتنی قازانجی تایبەتیی خۆی دۆستایەتیی بکردایەو دوژمنیش زەق بیوتایە من دوژمنم‌و پەنای نەبردایەتە بەر چاوبەستو فرۆفێل‌و دەستبرین ، بەلام ئەفسووس جیهانەکە ئەو جیهانە نی‌یە ، جیهانی بەرژەوەندی تایبەتی پەرستنە . ڕاستە جیاوازی‌یەکی زۆرو گەورەو گران لەنێوان ڕەوشت‌و هەلوێستی لایەنەکانی کێشەی جیهانیدا لە گەلێ ڕووەوە هەیەو ڕەوشتو واقیع‌بینی‌یش ڕێگەی ئەوە نادەن مرۆ هەموو لایەنەکانی کێشەکە بە یەك چاو سەیر بکا ، بەلام لەگەل ئەوەیشا ئەوەی ڕەوڕەوەی پێوەندی

نێودەوڵەتان بەڕێوە ئەبا ڕاستی‌یە ڕووتوقووتەکە نی‌یە ، سوودی لایەنەکان خۆیانەو ئێمەمانان هەر ئەوەمان بۆ ئەمێنێتەوە کە سوودی ( مەوزووعی )مان لە هەڵوێستی لایەکا بێو ، لەمە بەولاوە هیچ شوێنێکی‌وامان لە حیسابی هیچ لایەکا نی‌یە . ئەمڕۆ ئاوایەو ، بۆ سبەینێ‌یش خوا خۆی ئەیزانێ چۆن ئەبێ .

هەرچی کرداری پیاوانەو ڕەسەنی مرۆیەکی ئەدیبو هونەرمەندو ئینسان دۆستی وەك عەزیز نەسینو ، کەسانێكو ڕێکخراوەو کۆمەڵانێکی تاكو تەراو دەسەلات نەبوویشە لەم گۆشەو لەو گۆشەی جیهاندا ، ئەوە بێ‌گومان پڕی دنیایەك مەمنوونینی ، بەڵام لەم جیهانە ئاڵۆزەدا کە مەسڵەحەت بەڕێوەی ئەباو هەر هێز ئەتوانێ باری لاری ڕاست‌کاتەوە ، ئەوە بەزەحمەت ئەگەر بتوانێ چەردەیەك حاڵی کەسێ خۆش بکاو هەر ئەوەندەی لەبارایە بە گوێی بەدبەختانی‌تری جیهانیدا بدا کە لە فلانە وڵاتیشدا کەسانێکی سیاچارەی وەك ئێوە هەن ، نەکەن دڵتان بۆ خۆتان دابمێنێ !

زۆری لەسەر ڕۆیشتم ، بەڵام بە بێهوودەیشی نازانم . عوزریشم ئەوەیە لەم بارو دۆخەی ئەمڕۆماندا کە زۆر شت ئاوەژوو کراوەتەوەو ، هەلو مەرجە پێویستەکانی ئاوەژوو بوونەوەی گەلێ شتی‌تریش لە ژیانی ڕۆژانەی خۆماندا گەرای داناوە .. بۆ ڕاگرتنی ئاستی هوشیاریی جەماوەر کە بۆ پاشەوە نەگەڕێتەوەو شتێك هەبێ پاڵێکی بۆپێشەوە پێوە بنێ ، هەر تەنها بزووتنەوە خودی‌یەکەی مێژوو پێویست نی‌یە ، کەسانی بزووتووی بزوێنیشمان پێویستە . جا ئەگەر یەکێ لەو کەڵەبنووسانەی مێژوومان کە هەم بزووتووی چالاكو هەم بزوێنی چالاکیش بێ وەك دوکتۆر کەمال مەزهەری دۆستی ئازیزو خۆشەویستمان، بیرو بۆچوونێکی‌وای خستە ئاراوە، بەش‌بەحاڵی ئەوەی ئەوی پێ ناسراوە، « تازەیی »یەکی تیابوو و پێویستی بە لێکۆڵینەوەو تاوتووکردن بوو ، ئەبێ چ لەبەر سوودی خۆیو چ لەبەر سوودی جەماوەری خوێنەرەوانێ کە بەپەرۆشەوە بەدوای نووسینەکانیا ئەگەڕێن،لەگەڵی بکەوینە دەمەتەقێو، ئەگەر ، خوانەکردە ، زەدەیی‌یەك لە شوێنێکیا هەبوو هەروا تێنەپەڕێو ڕاست بکرێتەوەو ، خۆ ئەگەر وایش نەبوو و ئێمە باش لە مەبەستی حاڵی نەبووبووین ، ئەو بتوانێ بیرەکەی خۆیمان بۆ ڕوون بکاتەوەو جەماوەری خوێنەرەوانی خۆی تێبگەیەنێ .

## پەراوێز :

(١) ئەم وتارە کە یەکەمجار لە دوو ژمارەی ١١٣٨ و ١١٣٩ی ڕۆژنامەی ( هاوکاری )ی ڕۆژانی ١٢/٢٥ و ١٩٨٩/١٢/٢٨دا بڵاوکراوەتەوە ، ئەوەیە کە دوکتۆر کەمال مەزهەر بە « وتارێکی بێناونیشان »ە پێنج ئەڵقەیی‌یەکەی وەڵامی داوەتەوە ، کە ئەم کتێبەی لە وەڵامدا نووسراوە .

(٢) کەمال مەزهەر ئەحمەد : نەورۆزی ساڵی ١٩٥٩ لە بەغدا ، گۆڤاری ( هیوا ) ، ژمارە ٨ ، ساڵی ٢ ، شوباتی ١٩٥٩ ، ل ٦٧-٨٢ .

(٣) الدکتور کمال مظهر احمد : کردستان فی سنوات الحرب العالمیة الاولی ، ترجمة محمد الملا عبدالکریم ، بغداد ، ١٩٧٧ ، مطبعة المجمع العلمی الکردی ص ٢٦٩-٢٧١ .

(٤) محمدی مەلا کریم : چەند تێڕامانێکی فەلسەفی لە کتێبی « مێژوو »ی دوکتۆر کەمال مەزهەردا ، گۆڤاری ( ڕۆژی کوردستان ) ، ژمارە ٦٥ ، شوباتی ١٩٨٤ ، ل ٣٥ - ٣٧ .

(٥) لەو سەردەمەدا ( محرری لغوی ) بووم لە ڕۆژنامەی ( هاوکاری ) .

خستنە سەر نێت:- چالاک
chalakmuhamad@gmail.com

« پاشبەندی سێهەم »

# نامەیەك لە فەرەنسەوە

ئەم کتێبەم بەم نامەیە دوایی دێنم کە لە قوتابی‌یەکی کوردەوە بۆم هاتووە لە سۆربۆن ئەخوێنێ لە فەرەنسە . ئەم نامەبە بەرەوڕووی دوکتۆر کەمال‌و هەموو خوێندەوارانی کورد ئەکەمەوە ، تا شان‌بەشانی وەڵامەکانی عەزیز نەسین خۆی بەرانبەر بە پرسیارەکانی گۆڤاری ( بەرەو دووهەزارە ) ، هەڵوێستی لیبراڵ‌و دۆستانەی لەئاست کوردو مافی گەلی کورد لە شوێنی ڕاستەقینەی خۆیا دەرکەوێ‌و مەیدانی ئەوە نەمێنێ بە ناهەق زیاد لە پێویست قەرزاری پیاوەتی‌یەکانی بکرێین .

ئەمەیش تەواوی نامەکە وەك خۆی :

« کاکە حەمە ..

« بەڕێکەوت ڕۆژێك ئەو ( هاوکاری )یانەم بینی کە بۆ برادەرێك هاتبوو ، کە دوکتۆر کەمال وتارێکی درێژی لەمەڕ عەزیز نەسین‌و کوردو .. نووسیوە ، بە چەند بەشێکیش . جا من بۆیە ئەمەت بۆ باس دەکەم ، چونکە زۆر بەلامەوە سەیر بوو . بەزەییم بە خۆمدا هاتەوە وەکوو ئادەمیزادێکی کورد . لە دڵی خۆم وتم : بێگانە لە دەهۆڵێك لێ‌دەدات ، کوردیش دەهۆڵی بێ‌خەبەری دەنگێوێ ..

« کاکە حەمە ..

« ساڵێك لەمەوبەر ، لەو ئەڵمانیایەی ڕۆژاوا ، عەزیز نەسین کۆڕێکی لەسەر ئەدەبی تورك‌و شتی دیکە گێڕا . جا دەنگوباسی ئەو کۆڕە بە مەقالەیەك لە گۆڤاری ( پەڕەنگ ) بڵاو کرایەوە . نووسەرانی گۆڤارەکە ویستبوویان هەڵوێستی عەزیز نەسین بزانن لەمەڕ کوردو مورد ، کەمێك گیانە کۆنەکەیان بەبیردا بێننەوە . بەڵام خۆزگە ئەو مەقالەیەت دەکەوتە

بەرچاو کە چۆن عەزیز ئەفەندی ········ باسمان دەکات . خۆزگە .. من ڕووی دەمم دەکەمە دوکتۆر کەمال . خۆزگە ئەو مەقالەیەی دەخوێندەوە کە لە گۆڤاری ناوبراو بلاو بۆتەوە ، تا هەندێك لەو ········ نەزەریەی خۆی کەم بکردایەتەوە . لەو بڕوایەدام ئەگەر ڕایەکانی عەزیز ئەفەندی بزانێ ، ئایە دەبێ بشێ نەقدی خۆی بکات ، یان جوێن بە عەزیز ئەفەندی بدات !! ئەم نووسەرە هەتا بلێی بێ ئەمەکانەو قسەلەڕوو باس لە کورد دەکات ، وەك ئەوەی کورد لەچاو ئادەمیزاد نموونەی پلە دوو بێت ، یان قورکێکی گێل بێت ..

« ئیتر نازانم چی بلێم ..

**موحسین »**

★ ★ ★

# ئـەم هەڵانـە ڕاسـت‌کەرەوە

| لاپەڕە | دێڕ | هەڵـە | ڕاسـت |
| --- | --- | --- | --- |
| ١٩ | ٦ | بیروبادەڕی | بیروباوەڕی |
| ٢١ | ٢٦ | سپاچارەییی | سیاچارەییی |
| ٢٤ | ٢٤ | پێوەندی‌یەکی | پێوەندێکی |
| ٢٨ | ١٦ | بێ هیچ گوێ‌دانە | بێ گوێ‌دانە هیچ |
| ٣٨ | ٣٢ | جەوهەردا | گەوهەردا |
| ٣٨ | ١ | بۆنەوەیش | بۆئەوەیش |
| ٤٠ | ١٥ | نیشتمان‌پەروەر | نیشتمان‌پەروەرانەیە |
| ٤٢ | ١٠ | ئەگورێ | ئەگۆڕێ |
| ٤٤ | ٢١ | لە سۆڤیەتدا تا ڕۆژی | تا ڕۆژی |
| ٤٨ | ٩ | بڕوانەوە | بڕوانەرە |
| ٦٦ | ٨ | ئوستیونکول | ئوستیونکول ئەیلێ |
| ٧٧ | ٢١ | تیۆدوۆ | تیۆدۆر |
| ٩٦ | ٦ | کە بەخەیاڵی خۆی | بەخەیاڵی خۆی |
| ٩٦ | ١٥ | هەرگیر | هەرگیز |
| ١١٠ | ٣٧ | ( دەبینمەوە )وە | ( لەناو ڕیزی )یەوە |

لــه گەنجینــەی بەڵگەو کتێبانداا لــه بەغــدا ،
ژمارە ١٨٣٤ی ســاڵی ١٩٩٠ی دراوەتێ

١٠

نرخی دوو دینــارە

چاپخانەی ( الزمان ) لە بەغدا

ژمارەی تەلــەفۆن ٤١٦٢١٨١